تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

ناکۆ عەبدولکەریم شوانی

شاری سلێمانی

١٩١٨ - ١٩٣٢

لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی / سیاسییە

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى اقرأ الثقافي

٢٧٠١ی کوردی

٢٠٠٢ زایینی

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

شاری سلێمانی

(١٩١٨-١٩٣٢)

" لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی/ سیاسی یە"

ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی

٢٠٠٢زایینی ٢٧٠١ کوردی

ناوی کتێب: شـــاری سلێمانی ١٩١٨ - ١٩٣٢ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی /سیاسییە

ناوی نووسـەر: ئاکـــۆ عەبدولکەریم شـوانی

چاپ: چاپی یەکـەم

شوێنی چاپ: سلێمانی

ساڵی چاپ: ٢٠٠٢

تیـــراژ: (١٠٠٠) دانە

چاپخانە: زانسـت

ژمارەی سپاردنی (٣٥٨) ساڵی ٢٠٠٢ی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی پێدراوە.

پێشکەشە بە:

* هەمــوو کوردێکــی نەتەوەپەروەر

* رووناکبیری شەهید "جەمال عیرفان"

* باوکم و دایکم

لــــەبیرم دێ سـلێمانی کــە دارولمولکی بابان بـــوو
نە مەحکومی عەجەم نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو

شێخ رەزای تاڵەبانی

پێشەكی

دوای كۆتایی هاتنی جەنگی یەكەمی جیهانی نێوچەكانی ژێر دەسەلاتی دەولەتی عوسمانی رووبەرووی قۆناغێكی نویٚ بونەوەو وێرای ئەهامەتیەكانی سالأنی جەنگ گەلانی نا توركی ژێر دەسەلاتیئەو دەولەتە بە پشت بەستن بە گفت وبەلێنەكانی ولآتانی هاوپەیمان، چاویان لەوە بوو لە ژێر دەستەیی ڕزگاریان بێت وببنە خاوەن قەوارەی سەربەخۆ، لەم نێوانەشدا گەلی كورد وەك میللەتێكی ژێر دەستەی عوسمانی هیوایەكی زۆری بە بەلێنەكانی ولآتانی سەركەوتوو هەبوو ،لەم پێناوەشدا كەوتبوونە چالاكی پەیوەندی بەستن لەگەلٚ ولآتانی وەك بەریتانیا و روسیای قەیسەری ، لە كوردستانی باشووریشدا جموجۆلٚ پەیدا ببوو، بەتایبەتی لە شاری سلێمانیدا كە ئەو كاتە شوێنێكی بەرچاوی هەبوو لە كوردستاندا، بۆیە مامەلەكردنی خەلكی ئەم شارە لەگەلٚ بارودۆخی نوێی دوای جەنگدا سیمایەكی تایبەتی هەبوو دانیشتوانەكەی بە چاوێكی جودا دەیان روانیە پێشهاتە سیاسییەكانی ناوچەكە ،بە حوكمی ئەوەی سلێمانی شوێن وپێگەی جیاواز وتایبەتی هەبووە لە چاو شارەكانی دیكەی كوردستانی باشوور.

ئەم شارە ماوەی شەست وحەوت سالٚ مەلبەند وپایتەختی میر نشینی بابان بووە (١٧٨٤-١٨٥١)وهەر لە سەرەتای بنیادنانیەوە چەندین زانای ئایینی ومەلا دەرسیان تێدا وتۆتەوە (مزگەوتی گەورە) پڕبووە لە فەقێ لە زۆر ناوچەی كوردستانەوە روویان تێكردووە بۆ خوێندن ،وێرای ئەمەش سلێمانی ململانێی هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی بە خۆوە بینیوە ،ئەمەش خۆی لە خۆیدا هۆكارێكی دیكەی پێشكەوتنی فیكری ئەم شارە بووە .

دواتریش مەسەلەی كردنەوەی قوتابخانەی (روشدیەی عەسكەری) بۆتە هۆكارێكی بەرچاوی تری پێشكەوتنی سلێمانی ،بە حوكمی ئەوەی ژمارەیەكی زۆر لە گەنجەكانی دوای تەواو كردنی روشدیەی عەسكەری رووپانكردۆتە شارەكانی بەغداو ئەستەمبولٚ بەمەبەستی تەواو كردنی خوێندن وگەیشتوونەتە پلەی ئەفسەری وزۆر شوێنیان بینیوەو چاویان

کراوەتەوەو ئەزموونێکی زۆریان لا کەڵەکە بووەو ، دوای گەڕانەوەیان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە پێشخستنی سلێمانیدا وشوێن دەستیان لە ململانێ سیاسیەکانی نێو شارەکەدا دیار بووە، خزمەتێکی زۆری بواری ڕۆشنبیری وخوێندەواری وڕۆژنامەگەریان کردووە لە سلێمانیدا.

ئەم هۆکارانەش هانیان دام شاری سلێمانی وەك بابەتی ماستەر نامەکەم هەڵبژێرم ،بەتایبەتی ڕەوشی سیاسی لە نێوان سالانی (١٩١٨-١٩٣٢) دا ، کە ئەو ماوەیە نەك هەر سلێمانی بەڵکو کوردستان بەگشتی ببووە شەرگەیەکی فراوان ،سلێمانیش بەهۆی تایبەتمەندی خۆیەوە وەك ئاماژەمان پێکرد ، ببووە مەکۆی ڕووداوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان ، بە تایبەتی لە شەش ساڵی دوای جەنگدا کەسایەتیەکی وەك شێخ مەحمود ، سێ حکومەتی پێك هێناو ،دواتریش تا کۆتایی ساڵی ١٩٣١ ، گەورەترین کێشەی بۆ هەردوو حکومەتی بەریتانیاو عێراق دروست کردبوو ، بێگومان سلێمانی تەوەری ئەو ڕووداو وجموجۆڵانەی پێك دەهێنا ،بەڵام تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بەم شارە ئەنجام نەدراوە، گەر شتێکیشی لەبارەوە نووسرابێت ، ئەوا لە ڕوانگەی ڕووداوە سیاسیەکانی دەوروبەرەوە لە ڕۆڵی سلێمانیان ڕوانیوە ،یا ئەوەتە زیاتر بە شۆڕشەکانی شێخ مەحمودەوە بەستراوەتەوە .

لەم توێژینەوەیەدا بە پێی توانا هەوڵمان داوە سەرجەم ڕووداو وپێشهاتە سیاسیەکان لە گۆشە نیگای تایبەتمەندێتی سلێمانییەوە وەربگرین و شارەکە بکەین بە تەوەری ڕووداوەکان .

ئەنجام دانی ئەم کارە بۆ توێژەر هێندە ئاسان نەبووە ، بە حوکمی ئەوەی ئەو ماوەیەی دەست نیشانم کردووە یەکجار چارەنووسسازو پڕ لە گۆڕانکاری بووە ، ئەمەش کارەکەی قورستر کردبوو ، جگە لەوەی بارودۆخی سیاسی کوردستان ڕێگربوو لەوەی دەستمان بگات بە زۆر سەرچاوەو بەڵگە نامەی گرنگ کە باسەکەی دەوڵەمەندتر دەکرد ، هەروەها ئەو کەسایەتیانەی لەو سەردەمەدا ژیاون بەشی هەرەزۆریان لە ژیاندا نەماون ژمارەیەکی کەم نەبێت، ئەوانەش دووربوون لێمانەوە .

ئەم تێزە لە چوار بەش پێك هاتووە هەر بەشێكیش بەسەر چەند باسێكدا دابەش كراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

بەشی یەكەم:

ئەم بەشە دەكەوێتە دەرەوەی ماوەی دەست نیشان كراو بۆ كارەكە زیاتر سالأنی(١٨٩٠-١٩١٨) دەگرێتەوە، بەلأم لەبەر گرنگی ئەو قۆناغە بەباشمان زانی بۆ دەولەمەند كردنی تێزەكە ئاورێك لە سەرجەم لایەنەكانی (جوگرافی ، كارگێڕی سیاسی ، ئابوری ، كۆمەلأیەتی ، خوێندن و خوێندەواری ، تەندروستی) ئەو سەردەمە بدرێتەوە، ئەم بەشەمان لە شەش باس پێك هاتووە بەم شێوەیە:

باسی یەكەم:

سەبارەت بە شوێنی جوگرافی وپێگەی شارەكەیە ،وێڕای ئاورێكی خێرا لە گرنگی مێژووی شوێنەكەی.

باسی دووەم:

دەربارەی رەگ وریشەی ناوی سلێمانیەو سەرجەم ئەو رایانەی تیادا هاتووە كە باس لەم مەسەلەیە دەكەن، چ بیروڕای بێگانەكان یا مێژوونووسان ولێكۆلەرانی كورد.

باسی سێیەم:

ئەم باسە تەرخان كراوە بۆ بارودۆخی كارگێڕی وسیاسی سلێمانی لە دوا سالەكانی دەسەلأتی عوسمانیدا وچۆنیەتی بەڕێوەبردنی دام ودەزگا ئیداریەكان وسیاسەتی عوسمانی ،هەروەها تێڕوانینی دانیشتوانی شارەكە بۆ دەسەلأتی عوسمانی ومامەلەكردنیان لەگەلیدا و هەلسوكەوتی كاربەدەستانی ئەو دەولەتە دەرهەق بە خەلكی.

باسی چوارەم:

هەلسەنگاندنێكی رەوشی كۆمەلأیەتی وئابووریە لەو ماوەیەدا و تیایدا باس لە دۆخی كۆمەلأیەتی وداب ونەریتی خەلكی سلێمانی دەكرێت ، كاریگەری ئەو نەریتانە بۆ سەر دواكەوتنی شارەكە خراونەتە روو ،جگە لەمەش رەوشی ئابووری وچالاكی بازرگانی وباری گوزەران لە سلێمانیدا لە

سایەی دەسەڵاتی عوسمانیدا لایەنێکی دیکەی ئەم باسەیە ، کە وێرای سیاسەتی داگیرکەرانەی عوسمانی سەردەمانێك سلێمانی گەشەکردنێکی ئابووری باشی بەخۆوە بینیوەو جۆرەها پیشەسازی دەست کرد لەم شارەدا برەوی هەبووە.

باسی پێنجەم:

بارودۆخی خوێندن وخوێندەواری وفێرکردن تەوەری ئەم باسە پێك دەهێنێت لە سەرەتایی دروست بوونی شارەکەوە ، کە جگە لە مزگەوت وتەکیە وخانەقاکان قوتابخانەی روشدیەی عەسکەری باسی لێوە کراوە و رۆڵی ئەم نێوەندە زانستیانە خراونەتە روو و هەوڵماندراوە سیاسەتی عوسمانی لە بواری خوێندن وفێرکردندا بخەیەنە روو، کە بە چ مەبەستێکی شۆڤێنیانە هەوڵی ئاراستەکردنی ئەم بوارەیان داوە .

باسی شەشەم:

دەربارەی باری تەندروستی وئاستی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانە لە سلێمانیدا،وتیایدا مەسەلەی پشت گوێخستنی ئەم بوارە خراوەتە روو کە چ کاریگەرییەکی خراپی بۆ سەر باری تەندروستی شارەکەو رێژەی مردن هەبووەو هەوڵمان داوە ئەم فەرامۆشکردنە پەیوەست بکەین بە سیاسەتی داگیرکەرانەی عوسمانی‌یەوە.

بەشی دووەم:

ئەم بەشە ماوەی نێوان سالانی(١٩١٨-١٩٢٢) دەگرێتە خۆ ،لەم سەردەمەدا سلێمانی بە گەلێك رووداو پێش هاتی نوێ ئاشنا دەبێت کە هاتنی ئینگلیزو دامەزراندنی یەکەمین حکومداریەتی شێخ مەحمود هەرە پێشینەکەیانە ئەم بەشە بەسەر سێ باسدا دابەشکراوە :

باسی یەکەم:

لە چۆنیەتی هاتنی ئینگلیزبۆسلێمانی دەدوێت و باس لە بەراییەکانی پەیوەندی شێخ مەحمود وخەڵکی سلێمانی دەکات لە گەڵ ئینگلیزەکاندا وێڕای باس کردنی باری ناهەمومواری شارەکە لەو سەرو بەندەدا و مامەڵەی ئینگلیز لەگەڵ دانیشتوانی‌دا.

باسی دووەم:

یەکەمین حکومداریەتی شێخ مەحمود تەوەری ئەم باسەیەو تیایدا هەیکەلی حکومەتەکەی شێخ مەحمود وکاروبارەکەی وپەیوەندییەکانمان باس کردووە ،جگە لە باسکردنی مامەڵەو هەڵسوکەوتی ئینگلیز دەرهەق بەم حکومەتە خراوەتە روو وقسەمان لە هۆکارەکانی تێکچوونی پەیوەندی شێخ مەحمود وئینگلیز کردووە کە بە رووخانی حکومەتەکە کۆتایی دێت.

باسی سێیەم:

ئەم باسە تایبەتە بە سەردەمی دەسەڵاتی راستەوخۆی ئینگلیز لە سلێمانیدا دوای دوورخستنەوەی شێخ مەحمود بۆ هندستان و چۆنیەتی مامەڵەو سیاسەتی ئیداری بەریتانیا لە سلێمانیدا، کە وێڕای هەموو توندوتیژی وفشارێك جەماوەری شارەکە هەڵوێستێکی توندیان هەبوو بەرامبەریان، جموجۆڵ وچالاکیەکی زۆریان دەست پێکردبوو بۆ دژایەتی کردنی ئینگلیز، ئەمەش سەرەتایی دەست پێکردنی چالاکی سیاسی نهێنیو پەیدا بوونی گروپ ورێکخراوی سیاسی بوو لە شارەکەدا بەمەبەستی گوشار خستنە سەر ئینگلیز بۆ هێنانەوەی شێخ مەحمود

<u>بەشی سێهەم :</u>

ئەم بەشە ماوەی نێوان کۆتایی سالآنی ١٩٢٢تا ناوەڕاستی ١٩٢٤ دەگرێتەوە، ئەم ماوەیەش سەردەمی حوکمداریەتی شێخ مەحمودە، کە تیایدا دوو کابینەی حکومەتی پێك هێناوە ، هەوڵمان داوە باس لە بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمە بکەین کە قۆناغێکی گرنگی شاری سلێمانی پێك دەهێنێت، بەشەکەشمان دابەش کردووە بۆ سێ باس بەم شێوەیەی خوارەوە-

باسی یەکەم :

دەربارەی هێنانەوەی شێخ مەحمود و سیاسەتی ئینگلیزە لەم هەنگاوەیدا ، وێڕای خەملێنی هەستی جوودا خوازانەی خەڵکی سلێمانی کە بە ئاراستەیەکی زۆر جیاواز لە ویست و مەبەستەکانی ئینگلیز هەڵسو کەوتیان دەکرد، خودی شێخ مەحمودیش دوای مانگێك لە گەڕانەوەی و پێکهێنانی دووەمین حوکمداریەتی خۆی بە پێچەوانەی ویستەکانی بەریتانیا

جولایەوە، بەڵام کەوتە نێو بەرداشی ئینگلیز و تورکە کەمالیەکان و سلێمانی دوو چاری گێژاوێکی سیاسی دژوار هات و پەیوەندییەکانی شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیزدا گەیشتە بن بەست .

باسی دووەم :

سەبارەت بە سەردانی سمکۆی شکاکە بۆ سلێمانی ، کەلەو ڕۆژگارەدا ڕووداوێکی سیاسی گرنگ بوو لە مێژووی شارەکەدا و بە ڕوونی هەست بە ویستە نەتەوەییەکانی خەڵکی سلێمانی دەکرێت، هەرچەندە سمکۆ لەسەر ڕاسپاردەی ئینگلیزەکان ئەم سەردانە دەکات ، کەچی خەڵکەکە تێڕوانینێکی جیاوازیان هەبوو بۆ سمکۆ و مەبەستی سەردانەکەی، بەڵام لە کۆتاییدا سمکۆ سلێمانی جێدەهێڵێ بێ ئەوەی سەردانەکەی هیچ ئاکامێکی لێبکەوێتەوە .

باسی سێیەم :

ئەم باسە تایبەتە بە ڕەوتە سیاسیە جیاوازەکانی ناو شاری سلێمانی و ململانێی نێوان تورکخواکان و لایەنگرانی ئینگلیز وێڕای بوونی ژمارەیەکی کەم لەو ڕۆشنبیرو نیشتمان پەروەرانەی بڕوایان نە بەتورك و نە بەئینگلیز هەبوو ،کە زۆر جار هەردوو دەستەی یەکەم دژ بە دەستەی سێیەم دەوەستانەوە، بەڵام لە سەردەمی دووەمین حوکمداریەتی شێخ مەحمود دا تورکخواکان لە هەموو کات زیاتر بە هێز بوون و فشاریان خستبووە سەر دەستەکانی تر .

<u>بەشی چوارەم :</u>

ناوەڕۆکی ئەم بەشە زیاتر لە شاری سلێمانی دەدوێت لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥ -١٩٣٢، ئەم سەردەمە سلێمانی لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ڕاستەو خۆی ئینگلیز و حکومەتی عێراق دابوو، لەم بەشەدا زیاتر لە چالاکیە سیاسیەکانی دانیشتوانی نێو شارەکە دەدوێین کە ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە لە بزاڤی سیاسیدا دوور لە دەسەڵاتی شێخ مەحمود و هێزەکەی، ئەم بەشەشمان بۆ سێ باس دابەش کردووە :

باسی یەکەم :

سەرتاپای ئەم باسە تەرخان کراوە بۆ ڕۆڵی سلێمانی لە کێشەی ویلایەتی موسڵدا، بە تایبەتی لە کاتی هاتنی لیژنەکەی (کۆمەڵەی گەلان) بۆ سلێمانی کە ئەو کاتانە بە شێکی زۆری خەڵکی بە ئاشکرا داوای جیا بوونەوەو سەربەخۆییان دەکرد، بەڵام ڕایەکانیان بە هەند وەنەگیراوە .

باسی دووەم :

لەم باسەدا ئەو گروپ و ڕێکخراوو کۆمەڵە نهێنی و ئاشکرایانەمان خستۆتە ڕوو کە وێڕای فشاری زۆری ئینگلیز و حکومەتی عێراق لە سلێمانی دا پێکهاتوون بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی گەلی کورد، لەم پێناوەشدا چالاکی زۆریان نواندووە ، وەك ڕێکخراوەکانی (کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان، جەمعیەتی زەردەشتی ، لقی خۆییبوون لە سلێمانی)، بەلام ئینگلیزەکان بە خێرایی ئاشکرایان کردوون و هەڵیان وەشاندونەتەوەو ئەندامە چالاکەکانیان دوور خستوونەتەوە .

باسی سێیەم :

ئەم باسەمان تەرخان کردووە بۆ چالاکیەکانی سلێمانی لە ڕۆژانی بەستنی پەیمانی عێراقی – بەریتانی ساڵی ١٩٣٠ کە هیچ ئاماژەیەکی بۆ مافەکانی کورد نەکرد بوو لەبەرامبەریشدا، جەماوەری سلێمانی کەوتنە دژایەتی کردنی ئەم پەیمانەو ڕۆشنبیران و پیاو ماقوڵانی شارەکە دەستەیەکیان پێکهێنا بە نێوی (هەیئەتی وە تەنیە) و کەوتنە هاندانی خەڵکی دژ بە پەیمانەکە ، لە ئاکامیشدا ئەو ململانێیەی نێوان حکومەتی بەریتانیو عێراقی و جەماوەری سلێمانی بە کارەساتی ڕۆژی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ کۆتایی هات، وێڕای هەموو نەهامەتی و قوربانیەکان ئەو ڕاپەڕینە بە خاڵی وەرچەرخان دەژمێردرێ لە گواستنەوەی قورسایی خەباتی سیاسی لە لادێیەوە بۆ شار .

بۆ نووسینی ئەم ماستەر نامەیە ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەمان بە کار هێناوە ، هەریەکە بەپێی گرنگی و سەنگ و قورسایی خۆی کە زیاتر بە

هەردوو زمانی کوردی وعەرەبی بوون، دەتوانین بەم شێوەیەی لای خوارەوە پۆلێنیان بکەین :

–یادداشتی ئەو کەسایەتیانەی کە لەو سەردەمەدا ژیاون و لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوو گۆڕانکاریەکان بوون و خۆیان تیایدا بەشدار بوونە ، جا چ بلاوکراوە بێت یا دەستنووس، وەك یادداشتەکانی (ڕەفیق حلمی ، ئەحمەد خواجە ، ئەحمەد تەقی ، مەلا عەبدوللای زێوەر ، شێخ لەتیفی حەفید ، شێخ قادری حەفید ، ڕەشید شەوقی ، ئەحمەدی حەمە ئاغای پشدەری ،......هتد).

–ئەو سەرچاوانەی سەبارەت بە شاری سلێمانی نووسراون لە لایەن نووسەران و مێژوونوسانی کوردەوە ، وەك نووسینەکانی (ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە و جەمال بابان) ئەم دوو سەرچاوەیە ویڕای گرنگیان زیاتر گێڕانەوەن و هیچ لێکدانەوەیەکیان تێدا بەدی ناکرێت، هەرچەندە لە ڕووی زانیاری تایبەت بە شارەکەوە زۆر دەوڵەمەندن .

–ئەو نووسینانەی لە شێخ مەحمود و ڕاپەرینەکانی دواون و لەو نێوانەشدا ئاوڕیان لە سلێمانی داوەتەوە ، بەڵام شێخ مەحمودیان کردۆتە تەوەری ڕووداوەکان، وەك بەرهەمەکانی (محەمەد ڕەسول هاوار) کە لە دووبەرگدا چاپکراون، نووسەر دەستی گەیشتۆتە زۆر بەڵگەنامەو سەرچاوە کە ئێمە پێیان ئاشنا نەبووین، هەروەها لە کەسانی وەك (تۆفیق وەهبی، شێخ بابا عەلی شێخ مەحمود و شێخ ڕەئووفی شێخ مەحمود) نزیك بووەو لە لایەکەوە سوودی لە یادداشتەکانیان وەرگرتووە لە لایەکی ترەوە زۆر مەسەلەی گرنگی لە زاری ئەوانەوە گێڕاوەتەوە کە خۆیان بۆیان باس کردووە، بەڵام هەست بە دووبارەبوونەوەیەکی زۆر دەکەین لە بابەتەکانیدا.

–ئەو ڕۆژنامەو بلاوکراوانەی لە ساڵانی دەستنیشان کراو بۆ ماوەی تێزەکە لە سلێمانی دا چاپ و بلاوکراونەتەوە ، جا چ لە سایەی ئینگلیز دابێت یا لە سایەی دەسەڵاتی حکومەتەکانی شێخ مەحمود دا دەرچووبن، وەك (پێشکەوتن، بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان ، بانگی هەق ، ئومێدی ئیستقلال، ژیانەوەو ژیان)، بابەتەکانی نێو دوو توێی ئەم ڕۆژنامانە

سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراون بۆ لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە وەك شایەتێکی حاڵی ڕۆژگاری خۆیان .

–ئەو نووسینانەی لە لایەن بێگانەکانەوە نووسراوە سەبارەت بە لایەنەکانی ئابووری ، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی کوردستان و تیایدا باسی سلێمانیشیان کردووە وەك بەرهەمەکانی (رێچ ، مێجەرسۆن ، ئەدمۆندز ، ویلسن ، لۆنگریك ... هتد).

–ئەو بەرهەمانەی بۆ لێکدانەوەو باسکردنی مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق تەرخان کراون و لە زۆر شوێندا ئاماژە بۆ شاری سلێمانی دەکەن و ڕۆڵی لە ڕووداوە سیاسیەکانی گۆڕەپانی عێراقدا دەخەنە ڕوو وەك بەرهەمەکانی (عبد الرزاق الحسنی) بەلام لەزۆر شوێندا گیانێکی نازانستیانە بەسەر نووسینەکانیاندا زاڵە ، ئەمەش بۆ بیری شۆڤێنیانەیان دەگەڕێتەوە .

–نووسین و لێکۆڵینەوەکانی (د.کەمال مەزهەر) سودێکی زۆر پێگەیاندوین ، بە تایبەتی ئەو بەڵگەنامانەی بە لێکۆڵینەوەوە لە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بلاوی کردونەتەوە ، زۆر لایەنی ئەم تێزەیان دەوڵەمەند کردووە .

–ژمارەیەك نامەی ماستەر و دکتۆراو چەندین بابەت و لێکۆڵینەوەی جیاوازی نێو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان سەرچاوەیەکی دیکەی نووسینی ئەم ماستەر نامەیە بوونە و سوودیان لێوەرگیراوە .

هیوادارم ئەو هەوڵەی بەردەستیشتان بەهەند وەرگرن ، دڵنیام بێکەم و کوڕی نیە ، بەلام هەر هێندەم لە تواناد ابوو کە لەماوەی دووساڵدا هەوڵمداوە بە شێوەیەکی زانستیانە دایبڕێژم.

بەشی یەکەم

سلێمانی لە دواساڵەکانی حوکمڕانیی دەوڵەتی عوسمانی دا

(۱۸۹۰ - ۱۹۱۸)

- باسی یەکەم: شوێنی جوگرافی شاری سلێمانی.

- باسی دووەم: ڕەگ و ڕیشەی ناوی (سلێمانی).

- باسی سێیەم: بارودۆخی کارگێڕی و سیاسی.

- باسی چوارەم: بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی.

- باسی پێنجەم: بارودۆخی خوێندن و خوێندەواری.

- باسی شەشەم: بارودۆخی تەندروستی.

باسی یەکەم:
شوێنی جوگرافی

ناوچەی سلێمانی سنوری لای باکووری ناوچەی هەولێرە ، و لای باشورییەوە ناوچەی دیالەیەو لای خۆرهەلاتی ولاتی ئێرانەو بەلای رۆژئاواشیدا ناوچەی کەرکوك‌و تکریتە.

پانتایی ناوچەکە (١٣٣٦٨)کم٢، ئەم شارە لەنێوچەکی شاخاوی سەخت دا شوێنی خۆی کردۆتەوە[١] و لای باکوورو باکووری خۆرهەلاتی بە زنجیرە شاخەکانی (سورداش، ئەزمڕ، پیرەمەگرون) دەوردراوە لای رۆژئاواشیەوە زنجیرە چیای قەرەداغ سنورەکەی پێك دەهێنێت‌و چیای گۆێژەش دەکەوێتە لای رۆژهەلات‌و باکووری رۆژهەلاتی سلێمانی.

شاری سلێمانی‌مەلبەندی بەرێوەبردنی پارێزگای سلێمانیە، کە یەکێکە لەپارێزگا گرنگەکانی کوردستانی گەورە بەگشتی‌و هەرێمی کوردستانی باشوور بەتایبەتی.[٢] ئەم شارە بەسەر دەشتی شارەزووردا دەڕوانێت کە لەڕووی کارگێڕییەوە ناوەندی لیواکەیە.[٣]

بەرزترین دوو لوتکە شاخی سلێمانی بریتین لە (تەختە)ی سەر سنوری ئێران کە بەرزاییەکەی (٢٦٢٦) مەترەو پیرەمەگرونی رۆژهەلاتی رێگای سلێمانی – کەرکوك کە (٢٦٧٠)م بەرزە[٤] خودی لیواکە لەنێوان (٩٤٠٠) کم٢ و (٩٥٠٠)کم٢ دا دەخەملێندرێت.[٥]

بەشێوەیەکی گشتیش وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد سلێمانی لەڕووی تۆبۆگرافیەوە بە بەشێك لەناوچەی شاخاوی دادەنرێت، تا لەخوارەوە بەرەو

---

[١] عبدالرزاق الحسنی: العراق قدیماً وحدیثاً، لبنان ١٩٥٦، ل ٢٢٧.

[٢] محمد هادی الدفتر: العراق الشمالی، بغداد، ١٩٥٠، ل ٣٧٣-٣٧٤، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردی سلێمانی و بەغدا لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانی‌دا، گۆڤاری پەیڤین، سالی ٢٠٠٠، ژ ٩ ل٢٠٤ .

[٣] د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردەکانی سلێمانی، پەیڤین -ژ-٩، ل ٢٠٤.

[٤] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٤-٢٠٥.

[٥] عبدالرزاق الحسني: العراق قدیماً وحدیثاً، ل٢٢٧.

ژوورتر بڕۆین یا لەڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا بڕۆین، زەوی ژێر پێمان بەرزتر دەبێتەوە.[٦] هەر بۆیە تەنانەت شارەکەش بریتیە لەگردۆڵکەو دۆڵی گەورەو بچوك و ئاوهەواکەشی، زیاتر لەئاوهەوای دەریای سپی ناوەڕاست دەچێت. لەزستاندا ساردو باراناویە، بەڵام بەهۆی دووری لەدەریاوە، شێدار نیە، هاوینانیش گەرمو وشکە.[٧]

ڕەشەباش بۆخۆی دیاردەیەکی شروشتی، ناخۆش و هەراسانکەری ئەم شارەیە، لەزستاندا دەبێتە هۆی دابەزینی پلەی گەرماو، لەهاوینیشدا بە پێچەوانەوە، جاری وا هەیە ماوەیەك درێژە ئەکێشی، ئەوەتا ریچ لەم بارەیەوە، ئەنووسێ: "هەموو دانیشتوانی سلێمانی ئەم ساڵ بەدەست ڕەشەباوە هاواریانە، کە هەوای ئەمساڵی ئەوەندە گەرم کردووە بۆتە مایەی سستی و تەمبەڵی و لەسەرەتای هاوینەوە لەوەتەی دەستی پێکردووە سێ ڕۆژ لەسەر یەك بێ ڕەشەبا نەبووە.[٨]

---

[٦] د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردی سلێمانی، ل ٢٠٤-٢٠٥.

[٧] جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی یەکەم ، بەغداد،١٩٩٢ل١٤.

[٨] کلۆدیوس جیمس ریچ: گەشتی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، وەرگێڕانی محمدی حەمە باقی،تەوریز ١٩٩٢، ل٢٧٧ .

باسی دووەم:
رەگ‌و ریشەی ناوی (سلێمانی)

سەبارەت بەناوی شاری(سلێمانی)و رەگ‌و ریشەی ئەم ناوە چەندین بیرو رای جیاواز هەیەن بەڵام رای ریچ لەهەمووان باوترە، ریچ پێی وایە کە ئیبراهیم پاشای بابان، بەناوی سلێمان پاشای والی بەغداوە ناوی ناوە.[9] ئەم بیرو بۆچوونەش دواتر لەنوسینی زۆربەی نوسەرو مێژونوسەکاندا دووبارە بۆتەوە. تەنانەت زۆربەی مێژوونوسانی کوردیش هەمان بیرو بۆچونیان پەسەند کردووەو لەنوسینەکانیاندا رەنگی داوەتەوە هەر بۆ نموونە ئەمین زەکی، لەم بارەیەو دەڵێت "ئیبراهیم پاشا هەر لەنزیك سەراکەی مەحمود پاشای مامیەوە کە لە ساڵی ١٧٨١ لەنزیك گوندی "مەڵکەندی"یەوە دروست کرابوو، دەستی کرد بە بینای شارێك لەدووری سەراکەداو، خانوو مزگەوت‌و حەمام‌و بازاڕو خانی دروست کردو لە ساڵی ١١٩٩ك — ١٧٨٤ز ئەم شارە تازەیەی تەواوکردو مەرکەزی ئەمارەتی لە (قەڵاچوالان)* ەوە، بردە ئەوێ‌و بەناوی سلێمان پاشای والی بەغدادەوە ناوی نا سلێمانی"[10].

هەروەها گەر ئاورێك لەنووسەرو مێژوونوسانی بێگانەش بدەینەوە دەبینین ئەوانیش بەهەمان شێوە هەمان بۆچونیان هەیە سەبارەت بەناونانی سلێمانی. ستیڤن همسلی لونگریك کاتێك دێتە سەر مەسەلەی ناوی شاری سلێمانی، لای خۆیەوە باس لەوە دەکات، کە هەڵبژاردنی ئەم ناوە، بەمەبەستی رێزگرتن‌و بەرزراگرتن‌و بەنەمری هێشتنەوەی ناوی (سلێمان

---

[9] گەشتی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، ل ١٣٧/١٣٨.

* قەڵاچوالان ناوی گوندێکە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی سلێمانی و (١٧) کم لێوەی دوورە ، ئەم گوندە لە ساڵی ١٦٦٩ ز تا ١٧٨٤ ز پایتەختی میرنشینی بابان بووە ، کاتی خۆی میر سلێمانی کوڕی (خان بۆداغ) دوای فراوان کردنی قەڵەم ڕەوی دەسەڵاتی خۆی پایتەختی لە دارەشمانەو ماوەت گواستەوە بۆ ئەم شوێنە .(تۆفیق وەهبی : اصل تسمیة قەلاچوالان ، جریدة التاخي ، عدد ١٤٥٤ ، ١٩٧٢/١٠/٨ ؛ تۆفیق قەفتان : مێژووی حوکم دارانی بابان لە قەڵاچوالان تا دروستکردنی شاری سلێمانی ، بەغدا ، ١٩٦٩ ، ل ١٩ .

[10] تاریخی سلێمانی‌و ووڵاتی، بەغداد، ١٩٣٩ ،ل ٨٩–٩٠

پاشای گەورەی)ی والی بەغدا بووە.[١١] بەم جۆرە نـاوی سـلێمانی بـۆ سـلێمان پاشـای والی بـەغدا دەگێڕێتـەوە[١٢] لـەنێو مێـژوو نووسـانی عەرەبیشـدا، عەبدولرەزاق حەسەنی لایەنگری ئەم بۆچووونەیە، هەر چەندە، ئاماژە بـەوەش دەکات، کە بۆی هەیە بەناوی (سلێمان پاشا)ی باپیرە گەورەی ناوی نابێت.[١٣]

بەڵام لەنێو مێژوونوسانی کورددا، جەمال بابان، پـێی وایـە، ئیـبراهیم پاشای بابان، بۆ ناونانی شاری سلێمانی لەیەك کاتدا، (سلێمانی) بۆ بەنـەمری هێشتنەوەی نـاوی (بابـا سـلێمان)ی باپـیریو سـتایش کـردنو رێـز لێنـانی (سلێمان پاشا)ی والی بەغدا، هەڵبژاردووە.[١٤]

هـەرچی (د. فوئـاد حەمـە خورشـید)ە، بـە هـەموو شـێوەیەك ئـەوە ڕەت دەکاتـەوە کە هیـچ پەیوەندیـەك لـەنێوان ناونـانی شـاری سـلێمانیو سـلێمان پاشای والی بەغدادا هەبێت، لەم بارەیەشەوە راشکاوانە دەڵێت " ئێمـە پێمـان وانیە کە ساویلکەییو ملکەچی ئیبراهیم پاشـا بگاتـە ئەندازەیـەك کـە نـاوی پێیتەختی نوێی میرنشینەکەی بەناوی پاشایەکی عوسمانیەوە ناو زەد بکات، کە بەواقیعیو لەراستیدا خۆی بەدوژمنی دەزانێت، بەڵام گوێڕایەڵیـەکی سەر زارەکی بۆی هەیە ".[١٥]

وێـرای ئـەم بۆچونە باوە، دوو بۆچوونی دیکەش لـەم بارەیـەوە هەیـە (یەکەمیان پێی وایەن ئەم شارە لەسەر شوێنەواری شارێکی کۆن بونیاد نـراوە ناوی (سیلۆنا) بووە، بۆچوونی دووەمیش، ئەوەیە کە کاتێك کرێکارەکان سـەرقاڵی هەڵکـەندنی بناغـەی ئـەم شـارە بـوون ئەموسـتیلەیەکی کۆنیـان[*]

[١١] اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، ترجمة جعفر الخياط، بغداد، ١٩٨٥. ل ٢٤٩

[١٢] س،ج، ادموندز: کورد، ترك، عرب، ترجمە، جرجيس فتح الله، اربيل ، ١٩٩٩، ل٥٦

[١٣] العراق قديماً وحديثاً، لبنان، ١٩٥٦، ل ٢٨٨.

[١٤] اصول اسماء المدن والمواقع العراقية، جزء الاول / بغداد، ١٩٨٥، ل ١٥٤-١٥٥

[١٥] مدينە السليمانيە، دراسة في جغرافيتها التأريخية، گوڤاری، کاروانن ژمارە ٥٤، ل١٥٤

* نەخشـەکانی سـەردەمی ئاشوورییەکان ئاماژە بۆ شوێنەواری شارێکی کۆن دەکەن کە لـە هەمان شوێنی ئێستای سلێمانی دابووە بە نێوی (ئاساری – Asari) . (د. فۆاد حەمـە خورشید : مدينة السليمانية دراسة ... ، گۆڤاری کاروان ، ژمارە ٥٤ ، ل ١٥٠).

دۆزیوەتەوە، ناوی سلێمانی لەسەر هەڵکۆڵراوە ئیدی ئیبراهیم پاشا بریاری داوە، کە ئەم شارە نوێیە ناو بنێت سلێمانی.[١٦]

رایەکی دیکە هەیە، پێی وایە کە ناونانی (سلێمانی) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کاتێك ئیبراهیم پاشا بریاری دروست کردنی ئەو شارە دەدات و کاری تێدا دەکەن، مژدەی بونی کوڕێکی پێدەدەن، ئەویش ناوی دەنێت (سلێمان)، دواتر شارەکەی بەناوی ئەو کوڕەیەوە ناو دەنێت سلێمانی،[١٧] بەلام جەمال بابان، ئەم رایە رەت دەکاتەوە، چونکە لەو کاتەدا ئیبراهیم پاشا هیچ کورێکی نەبووە، بەناوی (سلێمان). تا شاری سلێمانی، بەناوەوە بکات[١٨] جگە لەم بیرو رایانە، رایەکی دیکەی تاك و تەنها هەیە کەوای بۆچووە، ئیبراهیم پاشا شاری سلێمانی، بەنێوی (سلێمان پاشای جەلیلی) حوکمڕانی شاری موسڵەوە ناو ناوە، بەلام، ئەم بۆچوونە، لەلایەن (د. فوئاد حمە خورشید)و (جەمال بابان)ەوە رەت کراوەتەوەو هەردووکیان ئەم ڕایەیان بە رایەکی دوور لەڕاستی زانیوە، چونکە هیچ مانای نابێت، ئیبراهیم پاشان گوێ لەفەرمان و قسەی (سلێمان پاشای جەلیلی)بگرێت، کە خۆشی لەژێر فەرمان و دەسەلاتی والی بەغدا دابووە.[١٩] دوژمنی یەکتریش بوون.بەلام پێمان وایە لە ناونانی سلێمانیدا، برایم پاشا ناوی والی بەغدای بەسەر زارەکی و رواڵەتیش بووبیٚ رەچاوکردبیٚ، چونکە گوشاری بەغدا بۆ سەر ئەم میرنشینە زۆر بووە و ناچار بووە دڵی والی بەغدا رابگریٚ بەو ناو نانە.مێژووی ئەم دووسەد ساڵ زیاترەی لەمەو دوای کوردیش زیاتر ئەم رایە دەچەسپێنیٚ.پاشان ناونانی ئەم شارە بە ناوی (سلێمان بەبە)وە، واتە کورد شانازی بە مێژووی رابردوویەوە دەکات و هۆشێکی مێژوونووسیی هەیە، لە کاتێکدا کورد لە راستیدا ئەو هۆشەی نەبووە و ئەگەر وابووایە مێژووی خۆی دەنوسییەوەو ناوی سەرکردەکانی بە نەمری دەهێشتەوە.

---

[١٦] محمد هادي الدفتر: العراق الشمالي، ل ٣٧٩.

[١٧] جمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب١،ل ٢٧-٢٨

[١٨] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

[١٩] گۆڤاری کاروان، ژ ٥٤ ، اصول اسماء المدن والمواقع العراقية، ل ١٥٤-١٥٥

سەبارەت بەوەش، کە ئاخۆ ئیبراهیم پاشای بابان هۆی چیبوو پایتەختی میرنشینەکەی، لە قەڵاچوالانەوە گواستەوە بۆ سلێمانیو بۆچی ئەم شارە نوێیەی بونیاد نا، ئەوا لەم بارەیەوە، جەمال بابان، پیێ وایە، کە هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە قەڵاچوالان، شوێنێکی چەپەكو لاڕێو بەرتەسك و بووەو بواری پەرەسەندنو گەورەبوونی نەبووەو نزیك بەسنوری ئێران بووەو لەژێر مەترسیدا بووە[٢٠] ئەمەش خۆی لەخۆیدا هۆیەك بوو کە میرنشینی بابان بەردەوام لەنێو جەرگەی ململانێی (عوسمانی – سەفەوی) دابێت، بەتایبەت لەسەردەمی نادرشاو سوڵتان مەحمودی یەکەم، [٢١] ئەمە جگە لەوەی ئیبراهیم پاشا کە بنیات نەرو دروست کەری شاری سلێمانی بوو، سەردەمی منداڵی لەبەر چەند هۆیەکی رامیاری لەبەغدا بەسەر بردووە، میرنشینی بابانیش لەرێی والی بەغداوە هەر سەر بەدەوڵەتی عوسمانی بوو، بۆیە لە شوێنێکی دواکەوتووی وەك قەڵاچوالانی ئەو رۆژەدا هەڵی نەکرد.

جگە لەوەی وەك هەر میرو سەردارێك چاوی لەوەبوو کە بەهۆی دروست کردنی ئەم شارەوە، ناوو شورەتێك بۆخۆی و بنەماڵەکەی بەدەست بهێنێ[٢٢]، ئەم فاکتەرانەو چەند فاکتەرێکی دیکەی ئیداریو رامیاری رۆڵی سەرەکیان بینی لەبونیادنانی ئەم شارە، وێرای ئەوەی شوێنی ئێستای شاری سلێمانی، لەڕووی جوگرافیەوە یەکجار لەبارترو شیاو تربوو بۆ هاتو چۆو هەڵسوڕانو باری ئاسایشی شارەکە،[٢٣] هەروەها سلێمانی لەرۆژگاری عوسمانیدا، لەڕووی کشتوکاڵو بازرگانیەوە شوێنێکی بەرچاوی هەبووە[٢٤]. دەشتەکانی دەوروبەری سلێمانی باشترین شوێن بوون بۆ چاندنی دانەوێڵەی وەك (گەنمو

---

[٢٠] سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب١ ، ل٢٣.

[٢١] د. فوئاد حمه خورشید: مدینه السلیمانیه دراسه في جغرافیتها التأریخیه، مجله کاروان، ١٩٨٧ ژمارە، ٥٤،ل١٥١

[٢٢] جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی یەکەم ، ل ٢٣.

[٢٣] د. فوئاد حمه خورشید: مدینه السلیمانیه، مجله کاروان، ١٩٨٧ ، ژمارە ٥٤ ، ل ١٥٢.

[٢٤] عەلی سەیدۆ گۆرانی: لەعەممانەوە بۆ ئامێدی و: تاڵیب بەرزنجی، سلێمانی ، ٢٠٠٠، ل١٢٣.

جۆو نیسكو نۆك) و ناوچەیەكی ئاودار بووە كە ئەم مەسەلەیەش خۆی لەخۆیدا فاكتەرێكی بەهێزی گواستنەوەی پێیتەختی میرنیشنی (بابان) بووە، بۆ سلێمانی[25] هەر لەبارەی گرنگی شوێنی ستراتیژی سلێمانیەوە. نوسەرێك بەنێوی (ئیبراهیم حیلمی) لە ساڵی ١٩١٣ وتارێك سەبارەت بەلیوای سلێمانی دەنوسێت، لەوێدا دەڵێت " سلێمانی مەڵبەندێكی گرنگو خەتەر ناكە، لەسەرتاپای كوردستانی عوسمانیدا، شار نیە لەزۆربەی حاسلاتو بەرو بوومو فراوانی بازرگانی و گرنگی شوێنەكەیەوە بیگاتێ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە كە تاقە شوێنێكە بۆهاتو چۆو كاروانسەرای كاروانە بازرگانیەكان، ئەو كاروانانەی لەویلایەتەكانی بەغداو بەسرەوە دەهاتنو دەچونە تارانو كوردستان . درۆناكەم گەر بڵێم لەجێی عەمبارێكی بازرگانیە لەنێوان توركیاو ئێران[26]"

وێرای ئەوەی بەدرێژایی مێژوو نێوچەی سلێمانی سەرە رێگای، ئەو سوپایانە بووە، كە لە رۆژئاواوە بەرەو رۆژهەلات رۆیشتوون.[27]

ئیدی دەتوانین بڵێین شوێنی ئێستای شاری سلێمانیو سەرجەم هەرێمەكە گۆرەپانی شەرو ململانێی نەتەوەو هۆزە جیاوازەكان بووە لە زۆربەی سەردەمە مێژووییەكاندا .[28]

بەم شێوەیە برایم پاشای بابان لەساڵی ١٧٨٤ ز دا، پێیتەختی میرنشینەكەی لە قەلاچوالانەوە گواستەوە، بۆ شوێنێك كە (٢٠) میل لە باشوری خۆرئاوای زنجیرە چیای (ئەزمەر)ەوە دوورەو دەكەوێتە پشتیەوە، كە گوندی (مەڵكەندی) یەو لەوێدا شارە نوێیەكەی دروست كردو ناوی نا

---

[25] عباس العزاوی: شهرزور –السلیمانیة، اللواء والمدینة، مراجعة /محمد علی قرەداغی، ط١، بغداد، ٢٠٠٠،ل ٤٧.
جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەكەم، ب١،ل ٢٨.
[26] ئیبراهیم حیلمی: لیوای سلێمانی، رۆشنبیری نوێ، ١٩٨٨ ، ژمارە ١١٦، ل ٦٤.
[27] شاكیر خەسباك، لیوای سلێمانی، وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە، عەتا قەرەداخی، سلێمانی، ٢٠٠٠ ل ٨.
[28] عباس العزاوی، شهرزور–سلیمانیه، ل٥٠

(سلێمانی)[٢٩] فەرمانیشی دا بەخەڵکی قەڵاچوالان، کە بگوێزنەوە بۆ سلێمانیو لەگەڵ خۆیاندا دەرگاو پەنجەرەو دارو بەردی خانووەکانیشیان بگوێزنەوە تاوەکو لەوێ دووبارە لەدروست کردنەوەی خانوودا بەکاریان بهێننەوە[٣٠]

د. جەمال رەشیدو د. فەوزی رەشید، بەو پەڕی دڵنیایەوە، دەڵێن " ئێمە دڵنیاین لەوەی کە نێوچەی سلێمانی، دڵی ئەو شوێنە پێك دەهێنێت، کە لولوبییەکانی تێدا نیشتەجێبوونو لەهەمان کاتیشدا پێیتەختی شانشینێك بووە کە لەمێژوودا بە (خەمازی) ناسراوەو لەهەزارەی سێهەمی پ. ز دا بوونی هەبووە . کە لولوبییەکان بەتایبەتی لەنێوچەکانی دەوروبەری سلێمانیدا ژیاون، کە لەسەردەمی ئاشوریەکاندا بە وڵاتی (زاموا) ناسراوە ". [٣١]

بەڵام سەبارەت بەمێژووی نوێی سلێمانی، ئەوا ئەدمۆندز دەیگێڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی بابا سلێمان لەنیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەمدا[٣٢].

---

[٢٩] س. ج، ادموندز: کردو ترکو عرب، و/ جرجیس فتح الله، اربیل، ١٩٩٩ ، ل٥٦ .

[٣٠] عباس العزاوي: شهرزور – السلیمانیة، اللواء والمدینة ، ل ١١١

[٣١] تأریخ الکورد القدیم، اربیل، ١٩٩٠، ل٤٣

[٣٢] کرد وترك وعرب ،ل٥٥.

باسی سێیەم:
بارودۆخی كارگێڕیو رامیاری

ناوچە كوردیەكان، هەر لەدوای جەنگی (چاڵدێران)* ی ساڵی (١٥١٤)ز، ەوە جۆرە سەربەخۆییەكیان پێ درابوو، هەر بۆیە لە نێوچەی سلێمانیشدا میرنشینی بابان، ماوەیەكی زۆر حوكمڕانی كرد تا ئەوكاتەی لەئەنجامی ململانێی خۆبەخۆداو دەست تێوەردانو پلان گێڕی بەردەوامی عوسمانیەكانو ئێرانیەكان دەسەڵاتی ئەم میرنشینە كۆتایی هاتو لەساڵی ١٨٥٠ ز بەدواوە، شاری سلێمانی خرایەوە ژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی عوسمانیو عەبدوڵڵا پاشای بابان، كە دوامیری ئەم میرنشینە بوو لەلایەن حكومەتی عوسمانیەوە كرا بەقائیمقامو وەك موچەخۆرێكی دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵدا دەكرا. بەڵام دواتر لەكارخراو ماوەیەك لەبەغدا بەدەست بەسەری هێڵدرایەوە، دواتر رەوانەی ئەستەمبوڵ كراو[٣٣] ئیسماعیل پاشایەكی تورك كرا بەقایمقام. لەدوای ئەوەشەوە هەر قایمقامێك رووی كردبێتە ئەم شارە لەدووساڵ زیاتر حوكمڕانی نەكردووە و لابراوە، تەنانەت تا هاتنی ئینگلیز (٢٩) موتەسەڕیف رووی كردۆتە ئەم شارە[٣٤]. هەر بۆیە دەشێت بڵێین ساڵانی نێوان ١٨٥٠-١٩١٧ سەردەمی حوكمی راستەوخۆی عوسمانیەكان لەم

---

* ئەو جەنگە لە رێكەوتی ١٥١٤/٨/٢٣ لە دەشتی چاڵدێران رویدا لەنێوان هەردوو سوپای عوسمانی و سەفەوی ، سولتان سەلیم خودی خۆی فەرماندەی هێزەكانی عوسمانی بوو لە بەرامبەر شا ئیسماعیلی سەفەوی. لە ئاكامدا سەفەویەكان شكستێكی گەورەیان بەسەرهات و شا ئیسماعیل بە برینداری مەیدانی جەنگی جێهێشت.
كوردەكان لەم شەڕەدا رۆڵێكی بەرچاویان بینی لە پشتگیریكردن و سەرخستنی عوسمانیەكاندا. لە ئەنجامدا بەشێكی زۆری كوردستان كەوتە ژێر دەستی عوسمانیەكانەوە. (سعدى عثمان حسين: كوردستان والامبراطورية العثمانية، دراسة في تطورها السياسي ١٥١٤-١٨٥١ ، ل٢٨-٢٩)

[٣٣] نەوشیروان مستەفا ئەمین: میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی رۆمو عەجەمدا، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٢١٠

[٣٤] جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەكەم، ب٢،ل١٠
محمد امین زكی: تاريخ سلێمانی و وڵاتی، ل٢٠٢،٢٠٣،٢٠٤

شـارەداو رەشـترین رۆژگـاری ئـەم وڵاتـەش بـوو. شـاری سـلێمانیش وەك یەکەیـەکی کارگێڕی دەوڵـەتی عوسمانی، کـە لـە نیـوەی دووەهـەمی سـەدەی نۆزدەیەمەوە راستەوخۆ بە ویلایەتی موسڵ بەسترا بۆوە، ئەو کاتە مەڵبەندی قەزا (سنجق) بوو. ویلایەتی موسڵیش لەسێ لیوا پێك دەهات، کە بریتیبوون لـە موسـڵو سـلێمانی و شـارەزوور) کـە مەڵبـەندی کـەرکوك بـوو، قـەزای سلێمانیش بریتیبوو لە پێنج قەزاو یانزە ناحیەو ١٠٨٢ گوند بەڵام زۆرجار دەوڵـەتی عوسمـانی گۆرانکـاری ئیـداری زۆری لـە سـلێمانی و دەوروبـەریدا دەکرد. بەتایبەتی لەئەنجامی کێشـەو ئـاژاوەی خێڵـەکانی ئـەم ناوچانـە، بـۆ نموونە، لەساڵنامەکانی ١٩٠٧-١٩٠٨و ١٩١١-١٩١٢، ئاماژە بەوە دەکات کە قـەڵادزێ وەك قەزایـەکی نـوێ شـوێنی قـەزای (مەرگـە)ی گرتۆتـەوەو قـەزای (سورداش) خراوەتە سەر سلێمانی. ئەوکاتە دەوڵـەتانی عوسمـانی هـەندێك لەقەزاکانی بەپێی گرنگیو فراوانبونیان رێك خستووە، واتە هەندێك لەقەزاکان پلە سێ بوون، وەك قەڵادزێ، بەڵام بازیان پلە دوو بووەو دواتر گرنگی زیاتر پێدراوە کراوە بە پلە یەك....

حوکمڕانی عوسمانی لەم لیوایەشدا هیچ جیاوازیـەکی نـەبوو لەگـەڵ لیواکانی دیکەدا.ساڵنامەکانی دەوڵـەتی عوسمـانی زانیـاری زۆریـان تێدایـە سەبارەت بەکارگێڕی عوسمانی لە لیوای سلێمانیدا بەڵام زانیارییەکان زیاتر بریتین لـەباس کردنی پۆست و پلە ئیداریەکان، بێ ئـەوەی هیچ زانیاریـەکی تێدا بێت سەبارەت بە میکانیزمی کارکردنی ئەو فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیانە. تەنانـەت کاتێك دێتـە سـەر ناوهێنـانی ئـەو فەرمانبـەرو موچەخۆرانـەی کـە لـە سلێمانیدا کاریان کردووە، تەنها ناوی خۆیان دەباتو کـەم جار نـاوی باوكو باپیریانی تۆمارکردووە، ئەمەش بۆخۆی دەبێتـە هـۆی ئـەوەی هیچ یـەکێك لـەو فەرمانبەرانە نەناسرێن.

بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم ساڵنامەکانی عوسمـانی، هـەمان زانیـاری دووبـارە دەکەنـەوە سـەبارەت بـە بـارودۆخی کـارگێری لیـوای سـلێمانی کـە ناوەڕۆکەکانیان بریتین لەژماردنی، پلەو پایـەو نـاوی فەرمانبـەرو کاربەدەست، نـاوی فەرمانگـەو کارگێڕیـەکانی دەوڵـەت لـەناوی شـاری سـلێمانی و قـەزاو

ناحیەکانی دەوروبەریدا، ئەم شێوەیەی خوارەوە کە لەساڵنامەی ١٨٩٠-١٨٩١ دا هاتووە :-

١-بنەماڵەکانی لیوای سلێمانی (کاربەدەستە گەورەکان).

موتەسەڕیف، جێگری موتەسەڕیف، موفتی لیوا، بەرپرسی ژمێریاری لیوا، نەقیبی ئەشراف، بەڕێوەبەری موکاتەبات .

٢-ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی لیوا:- کە لەکاربەدەستە گەورەکانی لیواکە وچوار ئەندامی دیکەی هەڵبژێردراو دێت.

٣-فەرمانبەرانی لیوا (مەئمورەکان)، بریتن لە :-

أ-بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەلگراف.

ب-بەڕێوەبەری ئینحساری توتن (ڕێژی).

ج-بەڕێوەبەری باج

د-بەڕێوەبەری تەندروستی (کەرەنتینە)

وێڕای چەندین فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتی دیکە وەك (ژمێریاریو نفوسو شارەوانیو دامو دەزگای دادگاکانو یەکە سەربازیەکانو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس.

بەڵام لەساڵنامەکانی، ساڵانی ١٨٩٣-١٨٩٥، ناوی چەند فەرمانگەیەکی نوێمان بەرچاو دەکەوێت کە لە لیوای سلێمانیدا پەیدابوون وەك (فەرمانگەی قەرزە گشتیەکانو فەرمانگەی مەسحو لقێکی بانکی کشتوکاڵی... بەهەمان شێوە کاروباری کارگێری قەزاکانی دیکەی لیوای سلێمانی هیچ جیاوازیەکیان نەبوو لەگەڵ سەرجەم قەزاکانی لیوای موسڵو لیواکانی دیکەی هەر سێ ویلایەتەکە.[٣٥]

لەو ساڵانەدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەشێوەیەکی گشتی دووچاری داڕوخانو لاواز ببوو. سلێمانیش لەدوای نەمانی میرنشینی بابان، شیرازەی رامیاریو کارگێڕی لێك هەڵوەشابۆوە.[٣٦] فاکتەری سەرەکی دواکەوتنی هەر سێ ویلایەتەکەش بە پلەی یەکەم بۆ سیاسەتی نالەبارو بەڕێوەبردنی

---

[٣٥] د. عبد الفتاح علي يحى: السالنامات، ل٤٧،٤٨،٤٩.

[٣٦] رەمزی قەزاز: بزوتنەوەی سیاسیو رۆشنبیری کورد، سلێمانی ١٩١٧، ل٨٦، ٨٧

ئیفلیجی عوسمانی دەگەڕێتەوە، کە جگە لەرووتاندنەو باج کۆکردنەوە، کاربەدەستانی ئەم وڵاتە هیچ شتێکی دیکەیان نەدەزانی.[٣٧]

رژێمی باجگری لەدەوڵەتی عوسمانیدا بەری سەدەها ساڵانی ناتەواوی‌و کەم‌و کوڕی بوو، کە لەبنەڕەتدا رژێمی ئابوری‌و باجگری ئەو وڵاتە لەسەر بناغەی دەرەبەگایەتی خێڵایەتی دامەزرابوون کە لەشوێنێك بۆ شوێنێکی تر جیاواز بوو بەهۆی پەیوەندی خێڵەکیەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا یەك شت بوو، هەموو باجێك باجی تری بەدوادا ئەهات ئەم کردارە ناڕەوایەش بەزۆری ئەو موچەخۆرانەبوون کە ئەرکی باج کۆکردنەوەی دەخرایە ئەستۆیان تەنانەت کاتێك روویان دەکردە گوندێك، سێ ژەمە لەوێ نانیان دەخوارد. بەڵام دواتر بەبیانووی خراپی خواردنەکە، گوایە دانیانی ئازارداوە، باجێکی دیکەیان داهێنابوو بەناوی باجی ددان، کە دەبوایە جوتیار بیدایە پێیان. ئەم جۆرە باجانەو چەندین چەشنە باجی دیکەو دەردی بیرۆکراتیەت گیانی دەوڵەتی عوسمانی‌و گشت دەزگاکانی ئەو دەوڵەتەی پەك خست.[٣٨]

لەهەمان کاتدا بەحوکمی دوورە دەستی ئەم سێ لیوایە لەپایتەختەوە هێندەی دیکە پشت گوی خرابوون، تەنانەت لەئەستەمبۆل دا دووری ئەم ناوچانەیان بەنموونە دەهێنایەوە[٣٩]

لەراستیدا ئەم دووریە ببووە هۆی ئەوەی زیاتر بەدەست دواکەوتوویی و نائارامی و پێشێویەوە بناڵێنێت، ئەم فاکتەرە وای کردبوو کە هیچ فەرمانبەرو موچەخۆرێك ئامادە نەبوو روبکاتە ئەم وڵاتە دوورە دەستە، مەگەر بەزۆر بیان ناردایە، یا ئەوەتا وەك صدیق الدملوجی دەیگێڕێتەوەو دەڵێت "لەفەرمانبەرێکی گەورەم پرسی، بۆچی ئەستەمبۆڵ ئەم فەرمانبەرە نا شایستەو هیچ‌و پوچانە بۆ وڵاتی ئێمە دەنێرێت؟ لەوەڵامدا پێی وتم، وڵاتەکەی ئێوە ئەوەندە دوور بێت لەئەستەمبوڵ‌و ئارامی‌و ئاسایشی تێدا بەرقەرار نەبێت، ئەوا بێگومان خاوەن لێهاتووییەکان حەز بەوە ناکەن روو لەم

---

[٣٧] صديق الدملوجي: امارة بهدينان الكردية،ط٢، اربيل، ١٩٩٩، ل٧٩

[٣٨] د. کاوس قەفتان: وتاری مێژوویی، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٢٥-٢٦

[٣٩] لونگریك: العراق الحديث، ١٩٠٠-١٩٥٠، ج، ل١٩

ولاّته بكەن، هەر بۆیه ناچار ئەوانه ڕەوان دەكەن كه هیچ لەبارا نەبوون، یا دەیانەویّت دەستیان له پلەو پایه گیربیّت، یا بەنیازی خۆ دەوڵەمەند كردن ڕوودەكەنه ولاّتی ئیّوه"[٤٠]

هەر بۆیه سەرجەم ئەو كاربەدەستو موچەخۆرانەی ڕوویان لەم سێ ویلایەته دەكرد، هیچ سیفەتێكی لێپرسراویّتیان تیّدا نەبوو، بۆیه بارودۆخی ئەم ولاّته لەڕووی كارگێڕییەوه لەو پەڕی گەندەلیّدا بوو. فەرمانبەرانی عوسمانی لەكەسانیّك دەچوون كه لەخانیّكدا بژیّتو دڵنیا بیّت ماوەیەكی دیكه چۆڵی دەكاتو جیّی دەهیّڵیّت، ئیدی هیچ بەلایەوه گرنگ نیه ئەو شویّنه چی لیّدیّت یا چارەنووسی بەچی دەگات.[٤١]

هەر بۆیه بەردەوام دەسەلاّتی عوسمانی لەچاوی خەڵكدا بیّزارو بەدناو بووەو كەس خۆشی بەچارەیدا نەهاتووەو ئامادە نەبووە گوێڕایەڵی بیّت[٤٢]. بەڵكو بەردەوام خەڵكی پەیوەست بوون به سەرۆك خیّڵەكانی خۆیانەوەو ڕیّنماییەكانی ئەوانیان جیّبەجیّ كردووه نەك هی دەوڵەتی عوسمانی و كاربەدەستانی.[٤٣]

میّجرسۆن باس لەوه دەكات كه چۆن فەرمانبەره توركەكان له دەرەوەی شاره كوردیەكاندا شویّنییان نەبۆتەوەو ڕیّگەیان پیّنەداون هیچ پۆستیّكی ئیداری وەربگرن،[٤٤] هەرچەنده لەو سالاّنەدا ژمارەیەكی بەرچاو لەكاربەدەستو ئەفسەرو پۆلیسەكانی عوسمانی له نیّو شاری سلیّمانیدا كورد بوونو موچەخۆری عوسمانی بوون وەك بنەماڵەی غەواسو بنەماڵەی ئاغا تەها.[٤٥]

---

[٤٠] امارة بهدينان الكردية، ل٧٢

[٤١] سەرچاوەی پیّشوو، ل٧٩.

[٤٢] د. كمال مظهر احمد: كردستان في سنوات الحرب، ل١٢٧-١٢٨.

[٤٣] لونگريك: العراق الحديث ١٩٠٠-١٩٥٠ ج١، ل٢٩-٣٠

[٤٤] رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان، ج١، بغداد ١٩٧٠، ل٢٥٦

[٤٥] ڕەسوول هاوار: شیّخ مەحمودی قارەمان، دەوڵەتەكەی خواروی كوردستان، ب١، لەندەن١٩٩٠،ل٢٢٩،٢٣٢

بەڵام سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیو کارگێڕی شاری سلێمانی ئەوا، هەر لەدوای رووخانی میرنشینی بابانو نەمانی ئەو دەسەڵاتە کوردیە، بۆشاییەکی گەورەی سیاسیو کارگێڕی دروست بوو، ئەو کاتەش بنەماڵەی شێخان، خەریك بوو لەبنەماڵەیەکی ئایینیەوە دەبوون بەدەسەڵاتدارو خاوەن موڵكو زەویو زار، هەر بۆیە ئەو بۆشاییەیان پڕکردەوە کە نەمانی بابانیەکان دروستی کردبوو، کە بێگومان کارێکی هێندە ئاسان نەبوو.[٤٦]

دەسەڵات پەیداکردنو دەوڵەمەندبوونی ئەم بنەماڵەیە بۆ ئەو پلەو پایە ئاینیە دەگەڕێتەوە کە لەشێخ مارفی نۆدێی و بەتایبەتی کاکە ئەحمەدی شێخەوە بۆیان مابۆوە،[٤٧] وێڕای ئەوەی کاتێك دەوڵەتی عوسمانی توانای بەڕێوەبردنی وڵاتی نەمابوو زەویەکانی بەکرێ دەدا کە پێی دەووترا (لزمە)ن ئیدی شێخ سەعیدی کورەزای کاکە ئەحمەدی شێخ بڕێکی زۆری لەو زەویو زارانە بەکرێ گرتو هەندێکی کڕیو هەندێکیشی زەوت کرد، ناوبراو لە بنەماڵەی شێخاندا لەهەموان زیاتر ناوی دەرکردو دەسەڵاتی پەیدا کرد.[٤٨]

دەوڵەتی عوسمانی ئەو سەردەمانە نەریتێکی پەیرەو دەکرد کە بریتی بوو، لەگرنگی پێدانو لەخۆنزیك کردنەوەی ئەو بنەماڵەو خانەوادانەی خاوەن ناوناوبانگو پلەو پایەو دەسەڵاتن بەتایبەت پیاوانی ئاینو سەرۆك خێڵو دەرەبەگەکان.[٤٩]

هەر بۆیە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کاك ئەحمەدی شێخدا هەبوو، دواتریش بەهەمان شێوە لەگەڵ شێخ سەعیدی کورەزاشیدا پەیوەندیەکی بەتینیان هەبوو، شێخ قادری حەفید لە یاداشتەکانیدا سەبارەت بە پەیوەندی باوکی لەگەڵ سوڵتاندا باس لەوەدەکات

[٤٦] سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٦، عەلی سەیدۆ گەورانی، لەعەممانەوە بۆ ئامێدی، ل١٢٢.
[٤٧] رەمزی قەزاز، سەچاوەی پێشوو، ل٨٧
[٤٨] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، دهۆك، ١٩٩٥، ل١٦.
[٤٩] لونگریك: العراق الحدیث، ل٧٣

کە لە سەردەمی سولتان عبدالحمید دا نەوەکانی کاك ئەحمەدی شێخ زۆر جێی بایەخی سولتان بوونە بە تایبەتی شێخ سەعیدی حەفید.[٥٠]

جگە لەوەی لەو سالانەدا بنەماڵەی شێخان چەندین جار توانیویانە بەرگری لەشاری سلێمانی بکەن دژ بەهێرش و پەلاماری هەمەوەندەکان کە لەنێوان سالانی ١٨٧٩-١٩٠٨ ز دا چەندین جار هەڵیان کوتاوەتە سەر سلێمانی و جاری وا هەبووە چەند رۆژێك ئابلۆقەیان داوە،[٥١] پیرەمێردی شاعیریش لەیاداشتەکانیدا بەدرێژی باس لەیەکێك لەو هێرشانە دەکات و چۆن خەڵکی شار توانیویانە بەرەنگاری بکەن.[٥٢]

تا دەهات ناوو شۆرەتی شێخ سەعید زیادی دەکرد، ئەوەبوو لەسالی ١٩٠١-١٩٠٢ ز، لەلایەن سوڵتانەوە بەرەسمی بانگهێشت کرا بۆ ئەستەمبوڵ، ئەویش بەیاوەری هەرسێ کوڕەکەی (شێخ ئەحمەدو شێخ مەحمودو شێخ قادر) و دەستەیەك لەپیاوانی ناوداری سلێمانی رووەو ئەستەمبوڵ چوون[٥٣] کە زێوەری شاعیریشیان لەگەڵدابوو، کە خۆی لەگەنجینەی مەرداندا لەم بارەیەوە باس لەوە دەکات کە ئەوانەی بەشداری سەفەرەکەی ئەستەمبوڵیان کرد ، زیاتر کەسانی زانا و پیاوماقوڵان بوون، منیش بەهۆی نزیکی و هاورێیەتیم لەگەڵ شێخ مەحمود دا بەشداریم کرد.[٥٤] ئیدی ئەم دەسەڵات و ناوبانگەی شێخ سەعید بووە هۆی ئەوەی کە هەندێك لەئەندامانی بنەماڵەکەو دەست و پێوەندەکانیان ئەم بارە بقۆزنەوەو بکەونە خۆ دەرخستن و ئازاردانی خەڵکی، بەتایبەتی دوای گەڕانەوە شێخ سەعید لەسەفرەکەی ئەستەمبوڵ، دەست و پێوەندیەکانیان کەوتبوونە هەوای خۆیانەوەو لەهەموو کاروبارێکدا دەست درێژیان دەکردو سەر ئێشەیەکی زۆریان بۆ شێخان نایەوە. کە لەئاکامدا بووە هۆی ئەوەی ئەم خانوادەیە زیاترو زیاتر ناحەزو دوژمنیان بۆ

[٥٠] یاداشتەکانی شێخ قادری حەفید: دەستنوس، ل١.

[٥١] مێجرسۆن: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٩، ٢٣٠، ٢٤١، ٢٤٢

[٥٢] یاداشتەکانی پیرەمێرد: ل٢، ٣

[٥٣] عەلائەدین سجادی: شۆرشەکانی کوردو کۆماری عێراق، بغداد، ١٩٥٩، ل٧٩.

[٥٤] گەنجینەی مەردان، ل٥٧ .

پەیدا بێت، جا چ لەبنەماڵە بەنێوبانگەکانی ئەو رۆژگارەی سلێمانی، یا لەنێو بازرگان و پارەدارو ئەو تازە ئەفسەرانەی کە لەئەستەمبوڵ گەڕابوونەوە، تەنانەت دوژمنانی شێخ سەعید بۆ توانج پێیان دەوت "شێخی سوڵتان"[٥٥] بەتایبەتی کاتێك شێخ سەعید لەئەستەمبوڵ لەگەڵ (شوکت پاشا عابد"ی سەرەك وەزیراندا قسەیان کردبوو سەبارەت بەناردنی مەئموری تایبەتی سەرەك وەزیراندا بەمەبەستی زیادکردنی باج لەسەر بازرگانی، ئەم مەسەلەیەش بازرگانەکانی سلێمانی زیاتر برد بەقیندا،[٥٦] دوای گەڕانەوەی شێخ سەعید لەئەستەمبوڵ خۆی تاکە دەسەلاتداری سلێمانی بوو، رەفیق حیلمی لەم بارەیەوە دەڵێت: "دوای گەڕانەوەی شێخ سەعید بۆ سلێمانی، ئەو مەتەسەرێف و سەرەك لەشکرانەی لە سلێمانی بوون، یا بۆی ئەنێردران، بێگومان لە قارو غەزەبی شێخ سەعید خۆیان ئەپاراست ئەکەوتنە ژێر نفوزیەوە، هەندێك لەمانە ئەگەیشتنە رادەیەکی ئەو تۆکە بێ پرس و رای حەفید پەنجەیان نەکەن بە ئاوا"[٥٧]

خەڵکە رەشوکیەکەش بەشی زۆریان هاتنە ژێر سایەی شێخەوەو بوون بە پیاوی، ئیدی بازرگانەکانی سلێمانی تەواو لەشێخ پەست بوون و بۆ هەلێك دەگەڕان تۆڵەی لێ بکەنەوە، باشترین هەلیش هاتنە سەرکاری کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی بوو کە لەساڵی ١٩٠٩ دا سوڵتان عەبدولحەمیدیان ناچار کرد دەست لەکاربکێشێتەوە[٥٨] بەدروشمی سەرنج راکێش خەڵکیان بەلای خۆیاندا بەکێش کردوو کەوتنە تەنگ پێ هەڵچنینی هەموو ئەوانەی کە پێشتر نێوانیان لەگەڵ سوڵتاندا خۆش بوو یالێوەی نزیك بوون.[٥٩] کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی لەزۆربەی شارەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا لقیان کردەوە، وەهاش لەشاری

---

[٥٥] رەسول هاوار: سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل١٤٣-١٤٤-١٤٥

[٥٦] رەمزی قەزاز، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

[٥٧] یاداشت، ب١، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٨٨، ل٣٦.

[٥٨] د. ومیض جمال عمر نظمي ،د.شفيق عبدالرزاق،د.غانم محمد صالح: التطور السياسي في العراق المعاصر، ل٣٦-٣٧.

[٥٩] رەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان،ب١، ل١٤٦

لەیاداشتەكانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كەسەرانی ئەو كۆمەڵەیە داوایان لە شێخ سەعید كردووە، سەرۆكایەتی لقەكەی سلێمانی بكات، بەڵام شێخ سەعید قەبوڵی نەكردووەو وتویەتی "خیانەت لە سوڵتان ناكەم حقی لطف و نعمەتی زۆرە".[٦٠]

زۆربەی سەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە لقێكی كۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی لە سلێمانیدا بەسەرۆكایەتی (مەحمود پاشای جاف) دامەزراوە كە زۆربەی ئەندامەكانی لەناحەزانی بنەماڵەی شێخ سەعید بوون، بەتایبەتی بازرگان و دەوڵەمەندو ئەفسەرەكانی شاری سلێمانی لەم كۆمەڵەیەدا بوون بەئەندام.[٦١]

كەمال رەئووف محەمەد، بە بەڵگەوە ئەوەی سەلماندووە كە دەستەی یەكەمی ئەم رێكخراوە لە سلێمانیدا لەرێكەوتی ١٩٠٨/٨/١٧ دەست بەكاربوون، كە بریتی بوون لە (ئاغا فەتحولا چەلەبی،فائق توفیق، ئەحمەد دەروێش)، هەروەها دەستەی دووەمی هەمان رێكخراو لەسلێمانیدا بەفەرمانێكی هەرێمی موسڵی كۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی لە ١٩٠٨/١٢/٢٠ دەست بەكاربوون و چەند كەسێكی نوێی هاتۆتە ریزەوە، كە ئەمانە بوون (عەزمی بەگ، موسڵی محەمەد جار كوڕی حاجی ئەمین ئاغا، ئیبراهیم بەگ زادە فەتاح و فەهمی ئەفەندی وەكیلی تابور ئاغی‌سی، موحاسیبی بانق عەبدولرەحمان بەگ كوڕی ئەحمەد ئاغا، ئەدیب ئەفەندی مودیری تەلەگرافی)، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو سەرچاوەكان كەمال رەئووف محەمەد پێی وایە كە (مەحمەد پاشای جاف) هیچ پەیوەندیەكی بەلقی سلێمانی ئەم رێكخراوەوە نەبووە.[٦٢] لەكاتێكدا هەریەك لەشێخ قادری برای شێخ مەحمودو هەرسێ كوڕانی شێخ مەحمود جەخت لەسەر ئەوە دەكەن كە مەحمود پاشای جاف سەرۆكی بووە.

---

[٦٠] یاداشتەكانی شێخ قادری حفید، ل١.

[٦١] رەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان،ب١، ل١٤٧، رەفیق حیلمی: یاداشت، ب١، ل٣٨.

[٦٢] جەمعیەتی ئیتحادو تەرەقی عوسمانی– لقی سلێمانی – ١٩٠٨، رۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارەكانی (١٤٨٦)،١٩٩٧/١٠/٣٠، (١٤٨٧)١٩٩٧/١١/٢،(١٦٠٦)١٩٩٨/٥/٥.

هەر بۆیە ناشێت مەحمود پاشا لەم مەسەلەیدا بەشدار نەبووبێت، لەکاتێکدا پەیوەندی نێوان بنەماڵەی شێخ سەعیدو عەشیرەتی جاف زۆر ئاڵۆز گرژبووەو ئەو ساردیەی نێوانیشیان زۆری خایاند.[٦٣]

ناحەزانی شێخ سەعید لەپەنای ئەم ڕێکخراوەوە کەوتنە هەوڵدان بۆ لێدانی شێخ سەعیدو کەم کردنەوەی دەسەڵات، شێخ قادری حەفید لەم بارەیەوە لە یاداشتەکانی‌دا نوسیویەتی: کەوا ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە لە سلێمانی هەموو هەوڵ و کۆششێکیان خستەگەڕ بۆ لێدانی بنەماڵەی شێخان، لە بەرەی بازرگانەکانیش مەحمود پاشای جاف درێخی ی نەکرد، کەلە ئاکامدا شێخ سەعید و ژمارەیەك لە برا و کوڕەکانی دوورخرانەوە بۆ موسل.[٦٤]

هەر بەو جۆرە شێخ سەعیدو بەشێك لەبنەماڵەکەی بەدەست بەسەری ڕەوانەی موسڵ کران[٦٥] شێخ مەحمود خۆی لەم بارەیەوە باس لەوە دەکات کە بڕی سێ هەزار لیرەی زێر وەك بەرتیل دراوە بەکاربەدەستان تا ئەو پلانەیان لەدژ بکرێت.[٦٦]

دوای ناردنی شێخ سەعید و بنەماڵەکەی بۆ موسڵ، بەپێی پیلانێکی بەرنامە بۆداڕێژراو لەلایەن کاربەدەستانەوە لەرێکەوتی ١٩٠٩/١/٥ دا لەئاژاوەیەکی دروست کراودا، شێخ سەعید و شێخ ئەحمەدی کوڕی و ژمارەیەکی زۆر لەدەست و پێوەندەکانی کوژران و شێخ مەحمود بە بریندا‌ری خۆی دەشارێتەوە.[٦٧*]

•

[٦٣] ڕەسول هاوار: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٢،٢٠٣

[٦٤] یادداشتەکانی شێخ قادری حەفید، دەستنووس، ل١.

[٦٥] یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، ل١٨.

[٦٦] گۆڤاری کاروان، ژمارە٢٦، چاوپێکەوتن جزبوز لەگەڵ شێخ محمود.

[٦٧] ڕەسول هاوار: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢

* لە موسڵ، ئاژاوەیەکی دەست کرد نرایەوە لە دووەم ڕۆژی جەژنی قوربانداا ،کە گوایە یەکێ لە پیاوەکانی شێخ سەعید کە ناوی (بەها ئەفەندی کوڕی عەبدوڵڵای حاجی ئیبراهیم ئەفەندی)ە توانجی گرتۆتە ئافرەتێك لە ناوبازاردا بەم شێوەیە ئاژاوەکە پەرەدەستێنێ‌و خەڵکی موسڵ هەڵدەکوتنە سەر ماڵی شێخ سەعید و ئەو کوشتارە ڕوودەدات.(ڕەفیق حلمی : یاداشت ، ب١، ل٤٠-٤١)

دواتر شێخ مەحمود لەژێر فشاری عەشایەری کورددا کە هەڕەشەی ئەوە دەکەن گەر شێخ مەحمود ئازاد نەکرێت هێرش دەکەنەسەر موسڵ ڕێگا بەشێخ مەحمود دەدەرێت بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و لەگەڕانەوەیدا خەڵکێکی زۆر دەچن بەپیریەوە، ماتەمێکی گەورەی بۆ دەگێڕن[٦٨] تەنانەت ڕەشید پاشا کە دوابەدوای ئەو روداوەی موسڵ دەیکەن بەوالی (موسڵ)، لەکەرکوك خۆی دەگەیەنێتە شێخ مەحمود بە مەبەستی دڵدانەوەی، لەوێ لەگەڵ خۆیدا بەهێزێکی زۆرەوە دەیباتەوە بۆ سلێمانی.[٦٩]

دوابەدوای ئەم کارەساتە شێخ مەحمود ناوبانگێکی زۆرتر پەیدا دەکا، هەرچەندە بەر لەو مەسەلەیەش کەسێکی ناسراوو لێهاتوو بووە، هەروەك خۆی باسی دەکات لەسالانی ١٩٠٥-١٩٠٦ دا لەگەڵ پیاوەکانیدا لەسەردەشت خۆی شاردۆتەوە، دواتریش دووبارە ماوەیەك لە گوندەکانی خۆیان لەدەوروبەری سلێمانی لەچاوی کاربەدەستان ون بووە.[٧٠]

دوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، شێخ مەحمود، پرسەیەکی گەورە بۆ کوژرانی باوك و براو خزم و کەسەکەی دادەنێت، کە بەشی هەرە زۆری خەڵکە ڕەشۆکیەکەو لایەنگرانی خانوادەی شێخ بەشداری ئەو پرسەیە دەکەن، بەڵام بازرگان و ئەفسەرو ناحەزانی بنەماڵەکەیان بەلای پرسەکەدا ناچن.[٧١] بەڵکو بەئەنقەست خەڵکیان هانداوە کە لەچایخانەکاندا دەنگی (گرامافۆن) هەڵبڕن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پیاوانی بنەماڵەی شێخان هەڵ کوتنە سەر ئەو شوێنانەو گرامافۆنەکان بشکێنن.[٧٢]

کە دواتر وەك محمد ڕەسول هاوار لەزمانیەوە دەیگێڕێتەوە شێخ مەحمود خۆی باسی ئەو کردەوانەی ناحەزانیانی کردووە، ئەو روداوەی موسڵ نەبووە هۆی ئەوەی کە شێخان دەسەلاتیان کەم بێتەوە، بەڵکو بە

---

[٦٨] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، کە لە ٢٠٠٠/٢/١٧ کە لەبەغدا لەگەڵی ساز کراوە.

[٦٩] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، ل٤٧.

[٧٠] کەمال ڕەئوف محمد: مقابلە صحافیە فریدە مع الشیخ محمود ، گۆڤاری کاروان ژمارە ٢٦، ١٩٨٤،ل ١٢٠-١٢١.

[٧١] ڕەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ب١، ل١٧٠.

[٧٢] میجرسۆن: هەمان سەرچاوە، ج١، ل٢٧١.

پێچەوانەوە زۆری پێنەچوو خەڵکێکی زۆریان لەدەوروبەر کۆبۆوە[٧٣] رەفیق حیلمی سەبارەت بەدەسەلاتی شێخ مەحمود دەڵێت "نفوزی شێخ مەحمود رۆژ بەرۆژ بەرەو زیادیو ئەستێرەی بەختی سەر لەنوێ روو لەسەرکەوتنو بروزدا بوو، لەبەرئەمە حکومەت وردە وردە شکی لێ پەیدا ئەکردو ترسی ئەوەی لێ هەبوو کەبەهۆی عەشایەرەوە (کەینو بەین)ێك رێك بخاتو تۆڵەی کارەساتی موسڵ بسەنێتەوە"[٧٤].

بۆچوونەکانی حکومەت تا ئەندازەیەك راست بوو، هێندەی نەبرد لە سلێمانیدا ئاژاوەو پشێوی پەیدابوو، پاش ماوەیەك لەهاتنەوەی شێخ مەحمود، (عەبدوڵڵا ئەفەندی) باوکی(بەهائەفەندی)کوژرا و لەم مەسەلەیەدا ، شێخ مەحمود تاوانبار کرا بەکوشتنی، ئیدی ناچار ماوەی ساڵێك خۆی شاردەوە، لەم ماوەیەدا دەسەلاتدارانی عوسمانیش مەسەلەکەیان پشت گوێ خست.[٧٥]

باسیل نیکتین، باس لەوە دەکات کە شێخ قادری حەفیدی کوڕی شێخ سەعیددوای کوژرانی باوکی ڕووی کردۆتە نیو خێڵی هەمەوەند بەمەبەستی بەرپاکردنی راپەرینێك لەدژی تورکەکان، بە قسەی نیکتین دەسەلاتدارانی تورك زۆر بەزەحمەت توانیویانە کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەنەوە، ناچار بوون پلەو پایەی نەقیبیو ئەو موڵکانەی لەشێخ سەعیدیان سەندبوو هەمووی بدەنەوە بەشێخ مارفی برای.[٧٤] هەر لەهەمان ماوەدا محەمەد پاشای فەرماندەی هێزی عوسمانی بۆ چاوترساندنی شێخ مەحمودو لایەنگرانی، چەند گوندێکی سوتاندوەو تالانی کردوون، بەڵام نەیتوانیوە بەوەش جڵەوی بارودۆخی سلێمانی بگرێتەوە دەست.[٧٥]

---

[٧٣] شێخ مەحمودی قارەمان، ب١ ، ل١٦٩-١٧٠

[٧٤] سەرچاوەی پێشوو ،ب١،ل١٧٠

[٧٥] یاداشت، ب١، ل٤٨.

[٧٤] کوردو کوردستان، و/هێدی، هەولێر ١٩٩٨،ل٦٢١

[٧٥] د. صادقی شەرەفکەندی: کورتە مێژووی بزوتنەوە نەتەوایەتیەکانی کورد، سوید، ١٩٩٥، ل٥٦-٥٧؛ جليلي جليل واخرون، الحركة الكردية، ل٦٩.

دەولەتی عوسمانی لەو کاتانەدا تا دەهات لاواز ترو بی دەسەلاَت تر دەبوو، زیوەری شاعیر لەم بارەیەوە دەلیت:

"حکومەت بەناو هەبوو، زۆر لەمەئموران خۆیان دەهاویشتە باوەش شیخ مەحمود بۆ مەحفوز بوون لەبەلاَی ناگەهانی عەزل بوون، چونکە ئەو ئەیتوانی لای والی یا موتەسەریف ئەو مەئمورە ویقایە بکام"[٧٦] ئەمە جگە لەوەی رووسەکانیش هەولیان ئەدا ئەو بارودۆخە بقۆزنەوەو پەیوەندی لەگەل کوردەکاندا ببەستن، لەو هەلو مەرجەشدا کەس لەشیخ مەحمود دیارو بەرچاوتر نەبوو، هەر بۆیە وەك شیخ لەتیف باسی لیوە دەکات جەنرال (باراتۆف) ناویك نامەی بۆ شیخ مەحمود ناردووەو داوای لیکردووە، شۆرش دژی دەولەتی عوسمانی بکات، بەلاَم شیخ مەحمود رازی نەبووە.[٧٧]

بەر لەجەنگی جیهانی یەکەم شیخ مەحمود لەسلیمانی تەواو کەتبووە جموجوڵ وپەیوەندی لەگەڵ بەدرخانیەکانیشدا پەیداکردبوو، لەسالی ١٩١٣ هەولی پەیوەندی کردنی دا لەگەڵ (کامیل بەگو حۆسین بەگ) کورانی بەدرخان پاشا بەمەبەستی یاخی بوون لەدەولەتی عوسمانی،[٧٨] هەرچەندە کوردستانی باشوور لەسالاَنی پیش جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا کۆتایی جەنگیش هیچ کۆمەلەو ریکخراویکی سیاسی تیدا دروست نەبووە،[٧٩] بەلاَم هەستی نەتەوایەتی لەنیو کوردەکانی باشووردا لەجۆشو خرۆشو گۆراندابوو.[٨٠]

ئەم بارودۆخەش سەرجەم کوردستانی گرتبۆوە، هەر بۆیە د. کەمال مەزهەر دەلیت "گەر جەنگی جیهانی هەلنەگیرسایە کورستان دەبوو بە بەلقانیکی نویَ بۆ دەولەتی عوسمانی"[٨١]

---

[٧٦] گەنجینەی مەردان، ل١٣٠-١٣١.

[٧٧] یاداشتەکانی شیخ لەتیفی حەفید، ل٢١.

[٧٨] د. کەمال مظهر احمد: کردستان في سنوات، ل١٠٧.

[٧٩] د. کەمال مەزهەر: چەند لاپەرەیەك لەمیژووی گەلی کورد، بغداد،١٩٨٥، ل١٤٦.

[٨٠] د. کەمال مظهر احمد: کردستان في سنوات، ل١٠٧.

[٨١] سەرچاوەی پیشوو، ل١٢٧-١٢٨

میجرسۆنیش باس لەوە دەکات کە خەلکی سلیمانی لەو سالانەدا بە ئاشکرا بیرو باوەری خۆیان دەردەبری و گالتەیان بەتورکەکان دەکرد، لە چایخانەکان دادەنشین لەبەر بی شەکری چایان نەدەخواردەوە جگەرەیان دەکیشاو باسی سیاسەتیان دەکرد.[٨٢] بەلام هیشتا کوردستانی باشور ئەو جمو جۆلەی پیوەدیار نەبوو کە لەکوردستانی تورکیاو ئیران دا هەستی پیدەکرا،[٨٣] ئیدی بەرە بەرە گۆرانکاری گەورەی بەسەردا دەهات. دواتر کوردستانی باشور بوو بە مەلبەندی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، چونکە شوینو پیگەی تورك لەم پارچەیەدا لاوازو دوورە دەست بوو.[٨٤] کاتیکیش دەولەتی عوسمانی بریاری دا بەشداری بکات لەجەنگی جیهانی یەکەمدا، وەك لەباسی بارودۆخی ئابووریو کۆمەلایەتیدا ئامارەی پیدەکەین ،کوردستان بەگشتیو سلیمانی بەتایبەتی راپیچی نیو ئەو شەرە کرانو نەهامەتی زۆریان بەسەرهات، ئەوەبوو دەولەتی عوسمانی لەریکەوتی ٢٨/ی تەمموزی /١٩١٤ جاری (نەفیری عام)ی داو دژ بە هاوپەیمانان چووە جەنگەوە، لەمەشدا سیاسەتمەدارانو ئەفسەرانی ئەلمانیا رۆلی بەرچاویان بینی بۆ هاندانی دەولەتی عوسمانی.

ئیدی جەنگ لەنیوان دەولەتی عوسمانیو بەریتانیادا هەلگیرساو، لەریکەوتی ١٩١٤/١١/٦ هیزەکانی بەریتانیا لە فاو دابەزینو سوپای عوسمانی شکستی خواردو بەرەو دواوە کشایەوە،[٨٥] لیرەوە شەر لەنیوان هەردوو سوپای ئینگلیزیو عوسمانی گەرم بوو، لەو کاتانەدا کە دەولەتی عوسمانی سەرقالی شەربوو، لەنیو شاری سلیمانیدا هەر بەناو دەسەلاتی هەبوو، شیخ مەحمود دەسەلاتیکی زۆری پەیداکردبوو، عوسمانیەکانیش ئەو کاتە دەیانوویست بەهەر شیوەیەك بیت کاریکی وەها بکەن کە شیخ مەحمود بەشداری شەر بکات و سوپا کۆبکاتەوە، هەر بۆیە (خەلیل پاشا)ی والی لەو

٨٢ رحلة المتنكر، ج٢، ل٣١-٣٥

[٨٣] د. کەمال مظهر احمد: کردستان في سنوات، ل١٠٤

[٨٤] جلیلی جلیل واخرون: الحرکة الکردیة في عصر الحدیث، ل٩٣

[٨٥] شکری محمود ندیم: حرب العراق، ١٩١٤-١٩١٨ ، ط٧، بغداد، ١٩٦٨، ل٢١

رۆژانەدا دێت بۆ سلێمانی و چاوی بەشێخ مەحمود دەکەوێت و پاش گفتوگۆیەکی چەند سەعاتی لەگەڵ شێخ مەحمودا، گەڕایەوە.[٨٦] لێرەدا پێدەچێت ئەم (خەلیل پاشا)یە بەمەبەستی پلان دانان هاتبێت بۆ لای شێخ مەحمود، تەنانەت شێخ مەحمود خۆشی دان بەو راستیەدا دەنێت کە بەشداری کردنی ئەو لەشەڕی (شوعەیبە) دا ئەرکێکی سەرشانی بووە وەك موسڵمانێك، شێخ مەحمود، دەکەوێتە خۆ ئامادەکردن و ژمارەیەکی زۆر لەکوردەکانی سلێمانی و دەوروبەری لەگەڵ خۆیدا دەبات.[*] عوسمانیەکان لەم شەڕەشدا شکستیان خواردوو ژمارەیەکی زۆر کوژراو بریندلریان هەبوو، لەنێویاندا چەندین چەکداری کوردیش نەگەڕانەوە، بەڵام کە شێخ مەحمود زانی عوسمانیەکان توانای شەڕیان نیە بەخۆی و چەکدارەکانیەوە پاشەکشەی کردو گەڕایەوە بۆ سلێمانی.[٨٧] کە لەو سەردەمانەدا لەوپەڕی ناهەمواریدا بووە خەڵکی وێڕای برسێتی و هەژاری، بەردەوام لەچاوەڕوانی هەواڵێکدا بوون کە مانگی جارێك یا دوو جار (ئاژانسی حەربی) دەگەیشتە شارو دایك و باوکی لاوە بێ سەرو شوێنەکان دەچوون بەپیریەوە، بەڵکو هەواڵێکی منداڵەکانیانی تێدا بێت.[٨٨]

لەسایەی ئەو بارە نالەبارو دژوارەدا، هیچ جموجۆڵێك لەسلێمانیدا نەبوو، تەنانەت هیچ کۆمەڵ و گروپێکیش پێك نەهات، چونکە حکومەتی عوسمانی، رۆشنبیرو منەوەرەکانیشی ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ کردبوو، یا بارودۆخی ژیانیانی شێواندبوو، سەرەڕای ئەوەی رۆشنبیری ئەو سەردەمە

---

[٨٦] ئەحمەد خواجە: چەند بیرەوەریەکی مێژوویی، رۆشنبیری نوێ ژ١١١، ل٨٤.

[*] سەبارەت بەژمارەی کوردانی بەشدار بوو لەو شەڕەدا جیاوازی لەنێوان نوسەران و سیاسەتمەداراندا هەیە، بۆ نموونە مس بێل، ئەم کوردە چەکدارانە بە هەزار کەس دەخەملێنێت، لەکاتێکدا عبدالرزاق الحسێنی، مێژوونوس (١٥٠٠) کەس مەزەندەی کردوون، بەڵام (شکری محمود ندیم)ی ئەفسەری عێراقی، پێی وایە (٢) هەزار چەکدار بوون، بەشداری شەڕی شوعەیبەیان کردووە، لەکاتێکدا د. کەمال مەزهەر ئەم ژمارەیە بەزیاتر دەخەملێنێت و ئەوەش بەپشت بەستن بە بەڵگەنامەیەکی جەنگی بەریتانیا.(د.کەمال مەزهەر : کورد و شەڕی شوعەیبە ، گۆڤاری رۆشنبیریی‌نوێ، ژ١٢٥، ١٩٩٠، ل٣٦-٣٧).

[٨٧] د. کمال مظهر احمد: کردستان في سنوات، ل١٧٨-١٧٩

[٨٨] ئەحمەد خواجە: چەند بیرەوەریەکی مێژوو، رۆشنبیری نوێ، ژمارە١١١، ل٨٣-٨٤.

کەسێکی ئاسایی و خاوەن تواناو لێهاتوویەکی بەرچاوو نەبوو. رۆشنبیر لەسایەی دەوڵەتی عوسمانیدا، مرۆڤێکی چەوساوەبوو، لەگەڵ خەڵك و کۆمەڵی خۆی تا رادەیەك نامۆبوو، هەر ئەوەندە لەکەلتورو فەرهەنگی ئەوروپا گەیشتبوو کە هۆکاری مێژوویی و ئابووری دواکەوتوویی وڵاتەکەی بزانێت، هەرگیز پشت ئەستوور نەبوو بەخۆی"[٨٩] هەر بۆیە بەردەوام بوار لەبەردەم کەسایەتیەکی وەك شێخ سەعیدو شێخ مەحمودا فراوان بوو، هەلی دەرکەوتن هەر بۆ ئەوان دەرەخسا. بەر لەکۆتایی هاتنی جەنگیش، شێخ مەحمود هەر لەجموجوڵدا بوو، دوای گەڕانەوەی لە (شوعەیبە)، جارێکی تر لەسەر داوای تورك، شێخ مەحمود بەخۆیی و هێزەکەیەوە بەرەو ناوچەی مەریوان و پێنجوێن ملی ناو رۆڵێکی بەرچاوی بینی لەبەر بەستکردن و شکاندنی هێزی رووس،[٩٠] وەك ئەحمەد خواجە لەزاری شێخ مەحمودەوە دەگێڕێتەوە "شێخ مەحمود وتی بۆیە بەڵێنم دابوو بەخەلیل پاشای والی کەشان بەشانی تورك بوەستم بە ئومێدی ئەوەی کە شەڕ بڕایەوە تورکەکان (ئۆتۆنومی) ئەدەن بەکورد".[٩١] بەڵام بە پێچەوانە، پیاوانی شێخ مەحمودیان، بەتاڵانچی و دز تاوانبار کردو ژمارەیەکیان لێ گوللە باران کردن، هەر ئەمەش وای کرد کە شێخ مەحمود زۆر لەجاران زیاتر لێیان بەداخ بێت ئیدی شێخ گەڕایەوە بۆ سلێمانی، لێرەوە لاپەڕەیەکی نوێ لەهەوڵەکانی شێخ مەحمود بۆ پەیوەندی کردن بە ئینگلیزو هاتنی ئەوان بۆ شاری سلێمانی دەست پێدەکات.

---

[٨٩] د. سادقی شەرەفکەندی: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣-٦٤.

[٩٠] عەلائەدین سجادی: سەرچاوەی پێشوو: ل٨٠: ئەحمەد خواجە: چیم دی، بغداد، ١٩٦٨،ل١٠

[٩١] چیم دی،ب١، بغداد ١٩٦٨، ل١٤.

باسی چوارەم:
بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری

شاری سلێمانی لەسەرەتای دروست بوونیەوە، خەڵکانێکی زۆر روویان تێکردووەو تێیدا نیشتەجێبوون، وێڕای دانیشتوانی قەڵاچوالان و گوندەکانی دەوروبەری، خەڵکێکی زۆر لەکوردستانی رۆژهەڵاتەوە روویان تێکردووە، بەتایبەتی لەشاری هەمەدان وسنەوە، ژمارەیەك كورد بەرەو سلێمانی هاتوون و گەڕەکێکیان بەناوی (دەرگەزێن) لەسلێمانیدا ئاوەدان کردۆتەوە.[٩٢]

کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی، لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا هیچ ئامارو سەرژمێرێکی دانیشتوانی تێدا ئەنجام نەدراوە، تا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم لەساڵی ١٨٣١ ز دا یەکەم سەرژمێری بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ئەم سەرژمێرەش تەنها هەنگاوێکی سەرپێی بووەو جۆرێك بووە لەکاری خەمڵاندن و مەزەندەکاری، بەمەبەستی باج سەندن و سەربازگرتن ئەنجام دراوە .[٩٣]

وێڕای ئەم پشت گوێ خستنە، گەریدەو بێگانەکان و پیاوانی سەر بەدامو دەزگاکانی بەریتانیا لەم وڵاتەدا، باسیان لە ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی، کردووە، پێدەچێت ریچ لەم بوارە دەست پێشخەر بووبێت، نێوبراو دەڵێت " بەپێی باشترین زانیاری کە چنگم کەوتووە، (٢٠٠٠) دوو هەزار خانووی موسڵمان و (١٣٠) خانووی جولەکەو (٩) نۆ خانووی دیانی کلدانی و (٥) پێنج خانووی ئەرمەنیشی تێدایە[٩٤].

(مێجرسۆن)یش ساڵی ١٩١٩ لەراپۆرتی ساڵانەدا باس لەژمارەی دانیشتوانی سلێمانی دەکات و لەساڵی ١٨٣٠ دا بە (١٠) هەزار کەس دەیخەمڵێنێت، بەڵام لەهەمان راپۆرتدا ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی لە ساڵی

---

[٩٢] ئەدمۆندز: هەمان سەرچاوە، ل٧٨.

[٩٣] عەبدوڵلا غەفور: جوگرافیای کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٤٧-١٤٨.

[٩٤] گەشتی ریچ١٨٢٠ ، ل١٣٨.

١٩١٤ دا بە (٢٠) هەزار كەس مەزەندە دەكات،[٩٥] ئەم ژمارەیە تا ئەندازەیەك لەراستیەوە نزیكە، چونكە ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانی ساڵی ١٩١١-١٩١٢، دانیشتوانی سلێمانی بە (١٥) هەزار دادەنێت، بەڵام وادیارە ئەم سەرژمێرە، رەگەزی مێینەی لەخۆنەگرتبێت، لەم ژمارەیەشدا هەزاریان جولەكەن و (١٧٠) كلدانیشی تێدابووە، ئاماژە بەوەش دەكات كە زۆرینەی خەڵكی سلێمانی موسڵمانن و پەیڕەوی مەزهەبی شافیعی دەكەن.[٩٦]

ئەوەی لێرەدا مایەی سەرنج و تێڕامانە، ئەو جیاوازیەیە كە لەنێوان ژمارەی، جولەكەكان و گاورەكاندا هەیە، كە ژمارەی جولەكە شەش هێندەی گاورەكان دەبێت،[٩٧] ئەمەش زیاتر بۆ شوێنی ستراتیژی سلێمانی دەگەڕێتەوە لەڕووی بازرگانیەوە، كە جولەكە بەردەوام بەدوای شوێنی وەهادا دەگەڕێن،[٩٨] وێڕای مامەڵەی باش و دۆستانەی كورد لەگەڵ خەڵكانی ناموسڵماندا، كە لەسلێمانیدا كاك ئەحمەدی شێخ خۆی یەكێك بووە لەوانەی تا دوا ئەندازە رێزی لەو خەڵكانە گرتووە،[٩٩] هەرچەندە سۆن هەوڵیداوە وانیشان بدات كە خەڵكی سلێمانی زۆریان لە جولەكەو دیانەكان كردووە كە بەرگی كوردی بپۆشن، بەڵام ئەم بۆچوونە لەڕاستیەوە دوورە.[١٠٠]

سلێمانی تاهەڵایسانی جەنگی جیهانی یەكەم رێژەی دانیشتوانی بەرز بوو، دەگەیشتە (٢٠) هەزار كەسن بەڵام لەئەنجامی قات و قڕی و برسێتی و مەرگی بەردەوامی خەڵكی، ژمارەی دانیشتوانی یەكجار كەمی كردوو تەنها یەك لەسەر سێی خەڵكەكەی مایەوە، كە وەك ئەدمۆندز لەساڵی ١٩١٨-١٩١٩دا باسی لێكردوە، (١٠) هەزار كەس بوون، بێگومان ئەم ژمارەیەش

---

[٩٥] رەسول هاوار:شێخ مەحمودی قارەمان،ب١،ل١٠٦.

٩٦ د. عبد الفتاح علی یحیي : السالنامات موصل العثمانیة مصدرا لتاریخ السلیمانیة، گۆڤاری زانكۆی دهۆك، ژ٢، ساڵی ٢٠٠٠، ل٥٠-٥١ .

[٩٧] المقدم منذر الموصلي: عرب والاكراد، ط١، بیروت، ١٩٨٦، ل١٨١.

[٩٨] سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١.

[٩٩] رەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان. ب١، ل١٢٦ .

[١٠٠] سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠.

دوای ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی ژیان بووە، هەروەها ڕێژەی جولەکەی بە (٧٥٠) کەس و دیانەکانیشی بە (١٢٠) کەس داناوە.[١٠١]

سلێمانی لەو ساڵانەدا بەسەر حەوت گەڕەکدا دابەش دەبوو کە بریتیبوون لە (گۆیژە، مەڵکەندی، کانی ئاسکان، دەرگەزێن، سەرشەقام، چوارباغ و جولەکان)[١٠٢]

وەك ئاماژەمان پێکرد جولەکەکانی سلێمانی گەڕەکێکی تایبەت بەخۆیان هەبووەو، لەوێدا خەریکی کارو پیشەی خۆیان بوونن وزیاتر بە بازرگانیو وردە واڵەفرۆشو دەباغیو چەرم ڕەنگ کردنەوە خەریك بوون، هەروەها ئارەقیشیان دروست کردووە.[١٠٣]

ئەدمۆندز ئەم پیشانە بەچاوێکی نزم تەماشا دەکاو بەپیشەی سوكو نزم لەڕووی کۆمەلایەتیەوە تێیان دەڕوانی.[١٠٤]

زۆربەی نوسەرانی بێگانە لەسەر ئەوە کۆك بوون، کەخەڵکی سلێمانی لەڕووی دەرونیەوە ئامادەباشیان تێدایە بۆ وەرگرتنی هەموو شتێکی نوێو تازە بابەت،[١٠٥] لەڕووی گەشەسەندنو پێشکەوتنەوە هەنگاوی خێرا هەڵدەنێت، (منذر الموصلي) ئەم شارە بە پایتەختی زانستیو کەلتوری کورد ناو دەبات.[١٠٦]

(مینۆرسکی)ش دەڵێت : " کوردەکانی ناوچەی سلێمانی بەگشتی شەخسیەتی ئاریایی خۆیان پاراستووە چونکە دوور لەگەلانی تر ژیاونو بەوە دەناسرێنەوە کە ناسكو دڵپاکن"[١٠٧] (ئیبراهیم حیلمی)ش کە خۆی خەڵکی سلێمانیە، لەبارەی خووڕەوشتی خەڵکی سلێمانیەوە دەڵێت: " خوو ڕەوشتی دانیشتوانەکەی بەچاکەو بەناسکیو دۆستو خۆش مەشرەبی

[١٠١] کرد وترك وعرب ، ل٧٨.

[١٠٢] ڕەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان. ب١، ل١٠٦.

[١٠٣] ا.م. منتشاشفیلی: کورد، وەرگێڕانی، عیزەدین مستەفا ڕەسول، سلێمانی، ١٩٩٩،ل٥٢.

[١٠٤] کرد وترك وعەرەب ، ل٧٩.

[١٠٥] د. کەمال مەزهەر: کوردەکانی سلێمانی، گۆڤاری پەیڤین، ژ٩، ل٢٠٩.

[١٠٦] عرب والاکراد ، ل١٨١.

[١٠٧] کورد، وەرگێڕانی، حمە سعید حمە کریم، هەولێر، ١٩٨٤، ل٧٦.

بەناوبانگن، مرۆڤ حەز بەدواندنو شەوچەرەیان دەکات، زۆربەشیان لەکوردی جۆربەجۆر تێکەڵاون، عەرەب لەوێدا زۆر کەمن، ئەوانەش بۆ بازرگانی کردنو ئازوقە چوونەتە ئەویَ" [١٠٨]

وێڕای ئەوەی لەنێوی شاری سلێمانیدا، کۆمەڵێك خوو نەریتی کۆمەڵایەتی باوو هەیە، کە بەزاندنو شکاندنی، ناو زڕاندنو بەسوك سەیرکردنی بەدواوە بووە، هەر بۆیە سۆن دەڵێت " ژنی بەدڕەوشت لەسلێمانیدا دەگمەن بووە "[١٠٩] هەر بۆیە عەباو پەچە لەنێو ژنانی شاردا باوی نەبووەو کەس نەیپۆشیوە، بەڵام لەسەردەمی (سوڵتان ڕەشاد)ەوە ئەم باوە لەسلێمانی داکەوت، کە یەکەم کەس (توفیق بەگی تابور ئاغاسی) ناسراو بە (توفۆق بەگی دارەکە بێنە) ئەم نەریتەی بەسەر ژناندا سەپاندو ئەوەی نەیپۆشیایە سزا دەدرا[١١٠] کە پێشتر هەرگیز نەبوو بەڵام لەساڵی ١٩٠٩ بەدواوە داکەوت.

لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا عارەق خواردنەوە، بەئاشکرانەبوو، ماڵە جولەکەو دیانەکان بەدزیەوە فرۆشتویانە، تاساڵی ١٩٢٥، یەکەم مەیخانە لەشاری سلێمانیدا لای سەرا کرایەوە[١١١] لەکاتێکدا پێکهاتەو قاوغی کۆمەڵایەتی دانیشتوان بەردەوام سیماو روخساری دەرەکی پێکهاتە ئابووریەکەیان پیشان دەدات هەر بۆیە تێگەیشتنی تەواو لەبارودۆخی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەچالاکیە ئابووریەکانی دانیشتوان دەبەستێت.[١١٢] سەبارەت بەباری ئابووری شاری سلێمانی، ئەوا کشتوکاڵو ئاژەڵداری لەسەردەمانێکی زۆر کۆنەوە سەرچاوەی بژێوی ژیانی خەڵك بوونو بڕبڕەی پشتی ژیانی ئابووری شارەکەش بوون ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی شارەکە هاوشانی کشتوکاڵ سەرقاڵی بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتیش بوونو

---

[١٠٨] لیوای سلێمانی، گۆڤاری رۆشنبیری نویَ، ژ١١٦،ل٦٣.

[١٠٩] رحله المتنكر، ب١، ل٢٥٣.

[١١٠] رەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان،ب١، ل٥٢.

[١١١] ئەکرەمی ساڵحی رەشە:شاری سلێمانی،ب١، ل٥٠٠

[١١٢] هاشم جواد: مقدمة في كيان العراق الاجتماعي، بغداد،١٩٦٤،ل٢٧.

بەتایبەتی گەڕەکەکانی قەراغی شار گاجوتیان هەبووە.[113] تەنانەت د. کەمال مەزهەر ڕێژەی ئەو خەڵکانە بەچوار لەسەر پێنجی دانیشتوان دادەنێت کە بژێوی ژیانیان لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە،[114] بەلام وێڕای ئەوەش کشتوکاڵ هێندە گەشەی نەکردووە، کە لە پێداویستی ناوخۆ زیاتر بێت و بچێتە بواری بازرگانییەوە، کە زیاتر ئەمەش بۆ بارودۆخی نائارام و پشێوی ناوچەکە دەگەڕایەوە[115]

وێڕای ئەوەی هۆزەکانی دەوروبەری سلێمانی بەردەوام هەلیان دەکوتایە سەری و تالانیان دەکرد، بەتایبەتی هۆزی (هەمەوەند)،[116] لەراستیشدا خاوەن زەویەکانی سلێمانی بەوە ناسراون کە هێندە گوێ بەزەویەکانیان نادەن و زیاتر بەکرێی دەیدەن بەجوتیارەکان.[117]

سۆن، لەساڵی ۱۹۰۸-۱۹۰۹ دا باس لەوە دەکات کە دەوورو بەری شار، ڕەزوو باخی لێ نەماوە، پێشی وایە هۆی ئەم بارودۆخە نالەبارە بۆ ئەو باجە زۆرە دەگەڕێتەوە کە حکومەت و شێخەکان دەیخەنە سەر بەروبومی کشتوکاڵ کە وەرزێرەکانی ناچار دەکرد هیچ بەروبومێك دانەچێنن. تەنانەت چەند جارێك جوتیارەکان وەك ناڕەزایی دەربڕین دەکەوتنە سوتاندنی ڕەزو باخەکانیان و شاریان جێ دەهێشت و بەماڵ و منالەوە بەرەو ئێران دەچوون لەوێ توتنەوانیان دەکرد[118]

ئەو سەردەمە جگە لەباج و سەرانەی دەوڵەت، سەربازو موچەخۆرو فەرمانبەرانیشن کەموچەکەیان بەچەند مانگ دوا دەکەوت، مەفرەزەی سەربازی بۆ دابینکردنی موچە دەچوون بۆ کۆکردنەوەی بەروبومی

---

[113] ا. هەوری: شاری سلێمانی، بەیان، ژ۲۸، ۱۹۷۵، ل۲۶،۲۷،۲۸.

[114] کوردی سلێمانی، ل۲۰۷.

[115] شاکر خصباك: الاکراد، ل۷۰.

[116] عباس العزاوی: عشائر العراق -۲- الکردیه، بغداد، ۱۹٤۷، ل٤۸.

[117] شاکر حصباك: لیوای سلێمانی، و/عەتا قەرەداغی، سلێمانی، ۱۹۹۹، ل۱۱

[118] رحله متنکر، ج۲،ل٤۱؛ ڕەمزی قەزاز: بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد، سلێمانی ۱۹۷۱، ل۹۱.

کشتوکاڵی، جارو بار لەبری پارە مەڕو بزنیان دەدا بەفەرمانبەران[١١٩] وێڕای ئەمانەش کشتوکاڵ کردن لەم نێوچەیەدا هەر لەسەر شێوازە کۆنەکەی خۆی مابوو، هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆوە نەبینی بوو، بەروبومی سەرەکیش لەم نێوچەیەدا گەنمو جۆو برنج بوون.[١٢٠] جگە لەم سێ بەرهەمەش دواتر توتنیش وەك بەروبومێکی سەرەکی تەشەنەی سەندوو بڕێکی زۆری دەچووە بواری بازرگانییەوە.[١٢١]

لیوای سلێمانی لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم بەدواوە ماوەیەکی باش جۆرێکی لەئارامی بەخۆوە بینی، لەسایەی دەسەڵاتی عوسمانیدا، ئەم رەوشە تا سالانی پێش جەنگ لە هەڵکشان و داکشاندا بوو، بەڵام تا ئەندازەیەك هێمنی بۆ ناوچەکە گێڕایەوە، کە کاردانەوەی باشی لێکەوتەوە[١٢٢] سەبارەت بە چالاکی بازرگانیش، دەشێت بڵێین لەسەدەی نۆزدەهەمدا چالاکی بازرگانی لەهەرسێ ویلایەتەکەدا، تا ئەندازەیەکی بەرچاو سست بوو، بەتایبەتی لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، ئەوەش کە هەبوو لەم سێ ویلایەتەدا، زیاتر (ترانزێت) بوو، واتە تەنها رۆڵی وێستگەیەکی بازرگانی بەم ویلایەتانە بڕابوو، خۆیان هیچ بەشداریەکی بەرچاویان نەبوو، تەنانەت لەو ساڵانەدا بازرگانی هێندە کەمو سنوردار بوو، تێکڕای قەوارەی ساڵانەی لە (١٠٠) هەزار دینار تێپەڕی نەدەکرد، کە زۆربەشی سەرچاوەکەی بێگانە بوو نەك خۆماڵی. بەڵام لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، بازرگانی ئەم سێ ویلایەتە فراوانبونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، بەتایبەت لەئەنجامی بەستنەوەی هەرسێ ویلایەتەکەو چەسپاندنی سیستمی ویلایاتی عوسمانی لەساڵی ١٨٧٠دا، وێڕای ریفۆڕمە ئابووری و کارگێڕیەکانی مدحت پاشا[١٢٣] هەر بۆیە شاری سلێمانیش، لەسالانی پێش جەنگدا چالاکی بازرگانی تەواو

---

[١١٩] بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یامولکی:ئامادەو پەراوێز بۆ کردن، صدیق صالح، گۆڤاری هەزار مێرد، ژ-٩-٢٠٠٠ ، ل٧٢-٧٣.

[١٢٠] ئیبراهیم حیلمی: هەمان سەرچاوە، ل٦٥.

[١٢١] د. کەمال مەزهەر: کوردی سلێمانی، ل٢٠٨.

[١٢٢] شاکر خصباك: الاکراد، ل٦٨.

[١٢٣] د. ومیض جمال عمرواخرون: هەمان سەرچاوە. ل١٤،٨.

پێشکەوتبوو، بەڵام ژمارەیەکی کەمی خەڵکی سلێمانی ئەو کاتە خەریکی بازرگانی بوون محەمەد روسول هاوار لەم بارەیەوە دەڵێت " بەر لەشەڕی یەکەمی جیهانی لەکوردستانی خواروودا چەند خێزان و بنەماڵەیەکی کەم هەبوون کە پارەدارو ناسراو بن، تەنانەت هەر پارەدارو بازرگانی کورد کەم بوون یا پەیوەندیان بە پارەدارو بازرگانی دەرەوە نەبوو"[١٢٤] د. کاوس قەفتانیش لەم بارەیەوە دەڵێت "لەهەموو کورستاندا دەوڵەمەندێك نەبوو شان لەشانی دەوڵەمەندێکی ئەرمەنی بدات، هەموو ئەوانەی دەستیان بەسەر بازاڕدا گرتبوو ئەرمەن یا تورك بوون یەك دانە کوردیان تیا نەبوو"[١٢٥]

جگە لەوەش لەسلێمانیدا بەتایبەتی سالانی پێش جەنگ پارە بۆخۆی کەم بووەو نارەحەت دەست کەوتووە[١٢٦] ،لەنێو بازاڕی شاریشدا تاکۆتایی دەسەلاتی عوسمانی لەکوردستاندا پارەی تورکی بەکار دەهات، قرۆشی مەعدەن، مەجیدی زیو، لیرەی زێڕ هەبووە، دواتر لە کوردستانی ئێرانەوە پارەی ئێرانیش هاتۆتە ئەم دیو[١٢٧]

سەبارەت بەدەوڵەمەندو بازرگانی سلێمانی، سۆن باس لەوە دەکات کە زۆربەیان، کلدانی موسڵو ئێرانیو جولەکەکانی سلێمانی، تەنانەت گوزەری زەڕنگەرەکان هەموویان جولەکەبوون، کلدانیەکانی موسڵیش بەشێوەیەکی سەرنج راکێش لەبواری بازرگانیدا لە سلێمانیدا هەڵدەسوڕان بەتایبەتی بازرگانی قوماشو کەلو پەلی ئەورووپیان کردووە، ئەم بەرهەمانەیان یا لەسلێمانی ساغ دەکردەوە یا ئەوەتا رەوانەی بازاڕەکانی هەمەدانیان دەکرد، سۆن لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت (پێیان راگەیاندم کە لەساڵی ١٨٨٠دا پەنجا کلدانی موسڵو بیست بازرگانی هەمەدانی بەردەوام لە سلێمانیدا نیشتەجێ ببوونو خانێکی تایبەتیان هەبوو بە (خانی عەجەم) ناسرابوو ،

[١٢٤] شێخ مەحمودی قارەمان، ب١، ل٤١،٤٢.

[١٢٥] وتاری مێژوویین سلێمانی، ٢٠٠١، ل٣٢.

[١٢٦] ئەکرەمی ساڵحی رەشە: هەمان سەرچاوە، پ٢، ل٣٤٦.

[١٢٧] منتشاشفیلی: کورد، ل٢٥.

بەڵام هەرخۆی باس لەوە دەکات کە دواتر ئەم بازرگانیە رووی لەکزی کردووە.[١٢٨]

سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی لەناخی گوڕوتینی بازرگانیدا بەردەوام هاموشۆی لەگەڵ (ئێران و ئەوروپا و تورکیا و موسڵ و بەغداو چەندین شاری دیکەی کوردستانی ئێران ناردووە وەك سەقز و بانە، هەناردەی سلێمانی ئەوکاتە زیاتر بەروبومی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بووە، وێڕای ناردنی مازوو کە تیرە بەڵام توتن لەهەموو بەروبومەکانی دیکە زیاتر نێردراوەتە دەرەوە، لەبەرامبەریشدا، پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیانیان هێناوە بۆ سلێمانی وەك شەکرو چاو قوماش و پیڵاوو گەڵێ کاڵای تر، ئەمەش ئەو راستیە دەردەخات کە سلێمانی لە ڕووی پیشەسازیەوە لاواز بووە.[١٢٩]

هەر لەساڵانی ١٨٩٢-١٨٩٣، (٤٠٠) دوکان لەنێو بازاڕی سلێمانیدا هەبووە، وێڕای ٨ خان و نۆ گەرماو، کە ئەم ژمارەیە لەساڵانی ١٩١١-١٩١٢، گەشە دەکات و ژمارەی دوکانەکان دەگەنە (١١٥٥)و ژمارەی خانەکان دەگاتە ١٣ خان، جگە لە ١٠ شوێنی پێستە خۆشکردن و ٨ گەرماوو ١٧ چایخانە.[١٣٠]

سلێمانی، تا ئەندازەیەکی بەرچاوو لەڕووی بازرگانیەوە پێشکەوتوو بوو، بەڵام لەڕووی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوخۆدا زیاتر پشتی بە لادێکانی کوردستانی دەبەست.[١٣١]

زۆرجار هەمەوەندەکان رێگای (سلێمانی – کەرکوك) یان دەبڕی و کاروانە بازرگانیەکانیان تاڵان دەکرد، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی گرنگیەکی زۆری بە بنەماڵەی شێخان دا تاوەکو بەهاوکاری ئەوان بتوانی بەسەر هەمەوەندەکاندا زاڵ بێت، کە زۆرجار بنەماڵەی شێخ سەعید خۆیان باجێکی زۆریان دەخستە سەر بازرگانی و هێندەی دیکە بازاڕەکەیان لاواز دەکرد.[١٣٢]

---

[١٢٨] رحلە متنكر، ب١، ل٢٤١.

[١٢٩] منتشاشفيلي: كورد، ل٥٠: شاكر خصباك: الاكراد: ل٢٢٣-٢٢٤.

[١٣٠] عبد الفتاح يحى، السالنامات، ل٥٦.

[١٣١] د. کەمال مەزهەر: کوردی سلێمانی، ل٢٠٨.

[١٣٢] لونگريك: تاريخ العراق الحديث ١٩٠٠،١٩٥٠، ل١٠٣

سەبارەت بەجموجوڵی پیشەسازیش لەشاری سلێمانیدا ئەوا بێگومان، پیشەسازی ناوخۆیی لەسلێمانیدا کزو لاواز بووە، کە ئەم رەوشەش بەهەمان شێوەی بارودۆخی بازرگانی، مەسەلەیەکی تایبەت نەبووە بە سلێمانی، بەڵکو گشتی بووەو هەرسێ ویلایەتەکە هەمان گرفتیان هەبووە، تەنانەت لەساڵی ١٩١٠دا ئابوریناسێکی ئیتاڵی روو دەکاتە ناوچەکەو پیشەسازی ئەم هەرێمە بە پیشەسازیەکی سەرەتایی و داروخاو لەقەڵەم دەدات، لەکاتێکدا پیشەسازی لەسایەی حوکمی مدحت پاشا کەمێك پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی بوو ئینجا لەو حاڵەشدا بووە،[١٣٣] هەر بۆیە دەتوانین بڵێین لەسایەی ئەو دەسەڵاتە کۆنە خوازو دواکەوتووەدا سلێمانی لەچاو پێشکەوتن و ژمارەی دانیشتوانیەوە هێشتا پیشەسازیە نێو خۆییەکەی دڵخۆشکەر بووە. پیشەوەرانی سلێمانی زیاتر لە بوارەکانی جۆلایی و پێستە خۆشکردن و زەرەنگەری و موتابچێتی و سەراجی و کەوش دورین،[١٣٤] وێرای ئەو بارودۆخەش سلێمانی هەر لەگەڵ بونیادنانیدا ناوبانێگێکی باشی لە پیشەسازی سابون دروست کردندا هەبووەو ئەهلی ئەو پیشەیە گەرەکێکی تایبەت بەخۆیان هەبووە کە تا ئەمرۆش بە (سابونکەران) بەنێوبانگە بەرهەمی سابون لەم شارەدا ماوەیەك بەر لەهەڵایسانی جەنگ گەیشتە (٥٠٠) تەن لە ساڵێکدا،[١٣٥] بەڵام پێدەچێت ئەم ژمارەیە زیادە رۆیی تێدابێت.

جگە لەم پیشەیە، بەشی زۆری سەرچاوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە سلێمانی لەبواری دروست کردنی تفەنگدا نێوبانگێکی زۆری هەبووە، ئەم پیشەیە بە (چەخماخسازی) نێو براوە، ئەحمەد خواجە لەم بارەیەوە دەڵێت "ئەم پیشەیە بەبێ ئەوەی هیچ پێویستیەك لەهەندەرانەوە بهێنێت تفەنگی حسکەو دەمانچەی شەش ئاگرەیان دروست دەکردو بە

[١٣٣] د. ومیض جمال عمر نظمي واخرون: هەمان سەرچاوە، ل٨-١٤.

[١٣٤] ئیبراهیم حیلمی: هەمان سەرچاوە، ل٦٤.

[١٣٥] د. کەمال مەزهەر: کوردی سلێمانی، ل٢٠٨-٢٠٩.

(وەرندەڵو قپاقلی) ناو دەبران". [١٣٦] هەر لەسلێمانیشەوە بۆ هەموو نێوچەکانی کوردستان دەنێردرا. [١٣٧]

مارك سایكس ساڵی ١٩٠٥ هاتۆتە سلێمانیو باس لەوە دەكات كە (١٥٠) كەسی لەسلێمانیدا لەم پیشەیەدا زۆر شارەزانو تفەنگی جۆری (مارتینو بیبۆدی) دروست دەكەن، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئینگلیزو روخانی یەكەمین حوكمداریەتی شێخ مەحمودا ئەم پیشەیە لەلایەن ئینگلیزەكانەوە قەدەغەكرا. [١٣٨]

جموجۆڵی پیشەسازی لەكۆتایی ساڵانی حومكڕانی عوسمانیدا كەمێك پێشكەوتی بەخۆوە بینی، ئەمەش بەشێوەیەكی گشتی بۆ ئەو چەند فێرگە پیشەسازیە دەگەڕێتەوە كە لەسەر دەستی مدحت پاشا لەنێوان ساڵانی ١٨٦٩-١٨٧٢ دا كرانەوە، بەڵام پیشەسازی نێوخۆیی و پیشەی دەستی لەسلێمانیدا وەك شوێنەكانی دیكەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەكۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە لەئاكامی پەیدابوونو فرەبوونی كاڵای باشترو هەرزانتری ئەوروپا توشی قەیرانێكی راستەقینە هات. [١٣٩]

دەشێت بڵێین تا ساتە وەختی بەرپابوونی جەنگی یەكەمی جیهانی تا ئەندازەیەك بارودۆخی ئابووری لەشاری سلێمانیدا بەتایبەتیو لەكوردستاندا بەگشتی، باش بووە هەرچەندە وەك پێویستیش نەبووە، بەڵام لەگەڵ هەڵایسانی جەنگدا، سەرجەم بوارەكانی چالاكی ئابوری توشی ئیفلیجی بوو، بەتایبەت كاتێك دەوڵەتی عوسمانی لەسەر دەستی، سەرانی ئیتحیادو تەرەقی بڕیاریدا جاڕی شەڕبدا دژ بەبەرەی هاوپەیمانەكانو بچێتە سەنگەری ئەڵمانیاو وڵاتی بەرەی ناوەند. [١٤٠]

---

[١٣٦] گۆشتی بۆتۆ ئێسقانی بۆمن، دەفتەری كوردەواری، ل٤٧.

[١٣٧] لونگریك: العراق الحديث ١٩٠٠-١٩٥٠، ل٥٦.

[١٣٨] ادموندز، هەمان سەرچاوە، ل٧٦.

[١٣٩] د. كەمال مەزهەر: كوردی سلێمانی..، ل٢٠٨.

[١٤٠] جليلی جليلو واخرون، الحركة الكردية في عصر الحديث، ل٨٧.

کوردستانیش لەم شەڕەوەگلا بێ ئەوەی هیچ بەرژەوەندییەکی تێدا هەبێت، چونکە خاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆ نەبوو تاوەکو بەرگری لێ بکا، بەڵام سەرباری ئەوەش هێندەی زانی رووداوەکانی جەنگ کوردستانیشی پەلکێش کردو ناچاری کرد کە لەچەند بەرەیەکی جیاوازدا شان بەشانی تورک بجەنگن دژ بەوڵاتانی هاوپەیمان[١٤١].

کوردستانی باشور کە دورترین شوێن بوو لەشەڕەوە لەئاکامی ئەو شەڕەدا تووشی نەهامەتیو ئاستەنگی زۆرهات،[١٤٢] هەر لەیەکەم رۆژەکانی شەڕەوە، دەوڵەتی عوسمانی دەستی کرد بەپیادەکردنی دزێوترین سیاسەت لەنێوچە کوردیەکاندا، تەنانەت رەفتارو هەڵسو کەوتی جەندرمەو (زەفتی)کانی عوسمانی لەشارەکانی کوردستاندا زیاتر لەکارو کردەوەی دەوڵەتێك دەچوو کە لەخاکی دوژمندا ئەنجامی دەدات[١٤٣]، ئەو رۆژگارە دەوڵەتی عوسمانی هەرچی لەدەست هات دریغی نەکرد لەئەنجام دانی، لەیەکەم هەنگاویدا بانگەوازی (جیهاد)ی کردو داوای لەهەموو خەڵکی نێوچوارچێوەی دەوڵەتەکەی کرد کە بەشداری غەزا بکەن دژ بەکافرەکان، بەڵام لەنێو گەلانی ناتورکی نێو دەوڵەتی عوسمانیدا دەنگدانەوەیەکی وەهای نەبوو،[١٤٤] هەربۆیە دەوڵەت دەستی کرد بەپیادەکردنی سەربازگرتنو رەشبگیری، کە سالانی بەر لەدەست پێکردنی شەڕ دائیرەی تەجنید، بۆ کارترینو پەك کەوتەترین دەزگا بوو لەنێوچە کوردیەکاندا، کە جار هەبووە بەساڵیش نەیتوانیووە تەنها یەك کەسیش ناونوس بکات بۆ سەربازی[١٤٥]، بەڵام لەگەڵ دەست پێکردنی شەڕدا بەهەموو توانای خۆی سەرقاڵی راپێچ

---

[١٤١] حامد محمود عیسی: المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، منذ بدايتها حتى سنه ١٩٩١، قاهره، ١٩٩٢،ل٢٧.

[١٤٢] د. كمال مظهر احمد: كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، بغداد، ١٩٨٤، ل٢٢٦.

[١٤٣] جليلى جليل واخرون: هەمان سەرچاوە، ل٩٠.

[١٤٤] مس بيل: فصول من تاريخ العراق القريب، ترجمة جعفر الخياط، بيروت، ١٩٤٩،ل٥٨-٥٩.

[١٤٥] صديق الدملوجي، امارة بهدينان الكردية او امارة العمادية،ط٢، اربيل ١٩٩٠،ل٧٥.

کردنی هەموو ئەو کەسانە بوو کە توانای چەك هەڵگرتنیان هەیەو دەیبردن بۆ بەرەکانی جەنگ[١٤٦].

تەنانەت لەشارێکی وەك سلێمانیدا تەنها پیرەمێردو پیرەژن مابوونەوە لەشاردا[١٤٧] هەر بۆیە خەڵك دەستیان کرد بەخۆ دزینەوە لەسەربازی و لەسلێمانیدا زۆر کەس خۆی دەدایە پاڵ بنەماڵەی شێخان تاوەکو سەربازی نەکات،[١٤٨] بەمە جگە لەوەی رۆژانە چەندین لاو لەنێو شاردا گوللەباران دەکران بەتۆمەتی خۆ دزینەوە[١٤٩].

هێندەی نەبرد وشەی (سەفەر بەرلك) کەوتە سەر زاری خەڵکی و د. کەمال مەزهەر وەسفی دەکات و دەڵێت " ئەم وشەیە ئەو رۆژانە گوزارشتی لەچارە رەشی و سەفەری بێ گەڕانەوە دەکرد[١٥٠] ، مەلا حەمدون کە نابینا بووەو هیچیشی نەبینیووە، بەڵام بگرەو بەردەو کارەساتی شەڕ وا کاری لێ کردبوو، وەك بلیمەتێکی چاو ساغ باسی شتی وا وردی شەڕ ئەکات، کە سەر لەئاستیدا سوڕ دەمێنێ[١٥١].

نەهامەتی شەڕ سەبارەت بەسلێمانی لەوەدا بوو، کە لەئەنجامی رەفتارەکانی دەوڵەتی عوسمانیەوەدا، ئەم شارە دووچاری گەورەترین داڕمانی ئابوری هات، گرانی و قات‌و قڕی وڵاتی گرتەوە، بەجۆرێك ئەو کەل‌وپەل‌و خواردەمەنیانەشی گرتەوە کە بەرهەمی نێوەخۆی کوردستان بوون‌و بەر لەجەنگ لەپێداویستی خەڵك زیاتر بوون، لە کوردستانی باشووردا نرخی گەنم حەوت هێندەی جاران زیادی کردبوو بەبەراورد لەگەڵ ناخۆشترین رۆژانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا[١٥٢].

[١٤٦] ئەحمەد خواجە، چەند بیرەوەریەکی مێژوویی، رۆشنبیری نوێ، ژ١١١، ١٩٨٦،ل٨٤.

[١٤٧] رەفیق حیلمی: هەمان سەچاوە،ب١،ل٣٠.

[١٤٨] حەمەبۆر: حاجی عەلی بەسێی قارەمان، کوردستانی نوێ، ژ١٧١٩،١٤/١٠/١٩٩٨.

[١٤٩] ئەحمەد خواجە: چەند بیرەوەریەکی مێژوویی، رۆشنبیری نوێ، ژ١١١، ل٨٤.

[١٥٠] کردستان فی سنوات الحرب...ل١٥٠.

[١٥١] جمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب٢،ل٣١.

[١٥٢] محەمەد ئەمین زەکی: خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی٢٠٠٠، ل١٨٠-١٨١؛ د. کمال مظهر احمد: کردستان فی سنوات،ل٢٧٧.

تەنانەت لەشاری سلێمانیدا هۆقەی ئارد گەیشتە یەك لیرەی زێڕ جگە لەوەی لەئەنجامی نەمانی دەستی ئیشکەر، کەس نەمابوو کشتوکاڵ بکاتو زەوی وزار پشت گوێ خرابوونو لەنیوەی زیاتری زەویەکان نەچێنترابوون،[153] بەشێوەیەك تا ماوەی دووساڵ هیچ کەسێك نەیتوانی بوو نەهیچ تۆوبکات و نەهیچ بەروبومێکیش کۆکاتەوە[154]، کەچی حکومەت هەر رۆژەو بەناوێکەوە خواردنو دانەوێڵەی خەڵکی تاڵان دەکرد، جارێ بەناوی (مبایعە)و گاهێك بەناوی (اعانە)، کە بەشی زۆری ئەمانە تاڵان دەکراو نەدزراو کەمی دەگەیشتە عەمارەکانی میری[155]، لەسەرتاوە کە گەنمو دانەوێڵەی خەڵکیان دەبرد پسولەیەکیان پێدەدان کە هیچ نرخێکی نەبوو،[156] تەنانەت جەندرمەی عوسمانی بەپاچو خاکەنازەوە ماڵان دەگەڕاو ئەو برە خۆراکەی لەژێر خاکدا حەشاریان دەبوو ئەوەشی دەردەمێناو دەیان برد، چونکە تا سوپای عوسمانی هەبوایە، هاوڵاتی ئاسایی بۆی نەبوو هیچ بەروبومێك کۆبکاتەوە دەبوایە یا بیبەخشێ یا بەبڕێك پارەی بێ نرخ بیفرۆشێت[157].

تاڵانو بڕۆی عوسمانی تەنها بەگەنمو جۆو خۆراك نەوەستا بەڵکو کەوتنە کۆکردنەوەو بردنی سەرجەم رەشەوڵاخ و ئەسپو گوێ درێژێکیش کە لەسلێمانیدا هەبوو، کە ئەمەش هێندەی دیکە باری سەرشانی خەڵکی قورس کرد، چونکە هەموو کارێکیان لەسەر ئەوانەوەستابوو، بەڵام ئەوان گەنمو جۆی دزراوی خەڵکیان پێ دەگواستەوە، لەنێو شاری سلێمانیدا (تۆفیق حمە خێل) ئەم کارەی پێ سپێردرابوو کە ئەو ئاژەڵانە بەسوخرە ببات[158].

کار گەیشتە ئەندازەیەك خەڵك سوتەمەنیشی چنگ نەدەکەوت، زۆر ماڵ هەبوون، کۆڵەکەی بن میچی خانووەکانیان دەردەمێناو بۆ خۆ گەرم کردنەوە

---

[153] د. کمال مظهر احمد: کردستان ق سنوات: ل٢٢٨-٢٢٩.

[154] جلیلی جلیل واخرون: هەمان سەرچاوە،٩٢.

[155] رەفیق حیلمی: هەمان سەرچاوە،ب١،ل٢٩-٣٠.

[156] جلیلی جلیل واخرون: هەمان سەرچاوە،ل٩٠، محمد امین زکی:خولاصە،ل١٨٠.

[157] د. کمال مظهر احمد: کردستان فی سنوات:ل٢٢٨-٢٢٩.

[158] رەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان،ب١،ل٧٠-٧١.

ئەحمەد خواجە: چەند بیرەوەریەکی مێژوویی، رۆشنبیری نوێ، ژ١١١،ل٨٤.

بەکاریان دەهێناو، هەندێك ماڵ خانووەکانیان بەسەردا دەڕماو دەبوون بەژێریەوە.[١٥٩]

برسێتی و نەبوونی بەئەندازەیەك کاری لەخەڵك کرد، کە ژمارەیەکیان دابوویانە دەشت و کێوەکان و لەسەر گژوگیا دەژیان، سەرباری نەبوونی و نەداریی خەڵکەکەی نێو سلێمانی، لەکوردستانی ئێرانیشەوە خەڵکی کۆمەڵ کۆمەڵ روویان دەکردە سلێمانی و چادریان لەنێو شاردا هەڵدابوو[١٦٠].

دەوڵەتی عوسمانی زێواڵە چەرمێکی دابوو بەسەربازەکانی بۆ پێڵاو لەسلێمانی کەچی ئەوان لەبرساندا ئەوەشیان خوساندووەو خواردوویانە[١٦١]. خەڵکیش کەوتبوونە خواردنی ئاردە بەڕوو پەمودانە، ئەمەش وای کرد دەیان نەخۆشی بڵاوبێتەوەو ژمارەی قوربانیانی برسێتی رۆژانە روو لەزیادبوون بوو، بەتایبەتی لە ئاکامی خواردنی لاشەی تۆپیوی ئاژەڵ و پەلەوەڕ، تەنانەت گۆشتی مرۆڤیش[١٦٢].

ئەم حاڵە ناجۆرو نالەبارە، گەیشتە ئاستێك لەشاری سلێمانیدا خەڵکی لەتاو برسێتی بەتەنگ بەهاو نەریتە کۆمەڵایەتیەکانیش نەبن و پەنا بۆ لەش فرۆشی بەرن، بەمەبەستی تێرکردنی سکی برسیان بەتایبەت ئەوانەی لەئێرانەوە هاتبوون و روویان کردبۆوە سلێمانی.

رێژەی مردن تا دەهات زیاتر دەبوو، لاشەکانیان لەسەر شەقام و لاکۆڵانەکان دەکەوت و یا لەنێو کەلاوەو مزگەوتەکاندا بۆگەنی دەکردو کەس نەبوو بیان شارێتەوە، لەتوانای شارەوانیش دا نەمابوو،[١٦٣] دانیشتوانی سلێمانی وەك لەسەرەتادا ئاماژەمان پێکرد لەئەنجامی ئەم قات و قڕیەدا دوو لەسەر سێی بوون بە قوربانی، ئەم حاڵەتە تەنها لە سلێمانیدا روویندەدابوو،

---

[١٥٩] ئەحمەد خواجە:چەند بیرەوەریەکی مێژووی، رۆشنبیری نوێ، ل٨٥.

[١٦٠] رەسوڵ هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان،ب١،ل٦٩.

[١٦١] ئەحمەد خواجە، چەند بیرەوەریەکی مێژوویی، رۆشنبیری نوێ، ژ١١١.

[١٦٢] رەفیق حیلمی: هەمان سەرچاوە، ب١،ل٣٢-٣٣.
طاهر ئەحمەد حەوێزی: مێژووی کۆیە، بەشی یەکەم، بەرگی دووەم، بغداد،١٩٨٤،ل١٣٤.

[١٦٣] رەفیق حیلمی: ، ب١، ل٣٢.

بگرە دەوروبەریشی گرتبۆوە، بۆ نموونە لەشوێنێکی وەك (چوارتا)دا لە کۆیی سەد خێزان تەنها بیست خێزان مابوونەوە.[164]

ئەم برسێتی و قات‌و قڕیە لە ساڵی (١٩١٦)ەوە ئەم نێوچەیەی گرتەوەو تاکۆتـایی سـاڵی ١٩١٨ درێـژەی کێشـا[165]، سـەرەڕای هـەموو ناخۆشـی و نەهامـەتیش، لەشـاری سـلێمانیدا، کەسایەتیەکی وەك کـەریمی عەلەکـە بـەو پەڕی لەخۆبروویییەوە بەهانای خەڵکەوە چووەو رۆژانە نـانی سـەدان کەسـی داوەو ئاشەکەی خۆشـی خستۆتە خزمـەت خەڵکیـەوە، ئەوانـەش کـە روویـان نـەهاتووە بچن بەشـە نـانی خۆیـان وەرگـرن، بەپیاوەکانی خۆیدا بـۆی رەوانـە کردوون[166].

ئیدی بەدرێژایی سالانی جەنگ، سلێمانی تا دەهـات وێرانتر دەبـوو، هیچ چالاکیـەکی تێدانـەمابوو، هـەموو بوارەکانی ژیان بـەرەو رمـان‌و داتـەپین چووبوون، کە پێش هـەموو لایـەنێك ئابوری ئـەم شـارە لەگرێژەنـەوە هەڵتـەکاو رووخا، بەم شێوەیەش لەهەموو حاڵـەتێکدا، دواکـەوتنی باری ئابوری دۆخـە کۆمەلایەتیەکەشی لەگەڵ خۆیدا بەرەو پاش دەبات[167].

هـەر بۆیـە دەتوانین بڵێین "کۆتـایی هـاتنی جەنگی یەکـەمی جیهـانی‌و نەمانی دەسەلاتی عوسمـانی لـەم بەشـەی کوردسـتاندا بەڕاسـتی بەگـەورەترین خاڵی وەرچەرخان دەژمێردرێت، کـە بەهۆیـەوە چەندین ئاسۆی نوێ بـەڕووی ئەم ولاتەدا کرایەوەو لەو دابڕان‌و بێ ئاگاییە رزگاری بوو"[168].

---

[164] أ.م . منتشا شفيلى، العراق في سنوات الانتداب البريطاني، ترجمة من الروسية، د. هاشم صالح التكريتى، بغداد، ١٩٧٨،ل٣٠٢.

[165] ئەکرەمی ساڵحی رەشە، هەمان سەرچاوە،ب٢، ل٣٤٩.

[166] جەمال بابان: بنەماڵەی عەلەکە لە سلێمانی، گۆڤاری رەنگین، ژمارە،١٤٠.ساڵی ٢٠٠٠،ل٧.

[167] د. کاوس قەفتان: بابان، سۆران، بۆتان، بەغداد،١٩٨٥،ل١٧.

[168] فـاروق علـى عمـر: الصحافـه الكرديـه فى العـراق، البدايـات ١٩١٤-١٩٣٩، رسالة ماجسـتير غـير منشورة، جامعة بغداد – كلية الاداب،١٩٩٩، ل١٤.

باسی پێنجەم:
بارودۆخی خوێندنو خوێندەواری

لەدوا ساڵەکانی کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانیدا، بارودۆخی خوێندنو خوێندەواری لەکوردستاندا بەگشتی و لەشاری سلێمانیدا بەتایبەتی لەو پەڕی خراپی و ناهەمواریدا بوو، چونکە حکومەتی عوسمانی بەر لەهەموو شتێك بەهیچ شێوەیەك گرنگی بەبواری خوێندنو فێرکردن نەدەدا، بەڵکو پێی وابوو، خوێندنو فێرکردن ناچێتە خانەی ئەرکو چالاکیەکانی حکومەتەوە، بەڵکو کارێکی تایبەتەو دەکەوێتە ئەستۆی تاکە کەسو کۆمەڵەوە، نەك حکومەت لەسایەی بۆچونێکی ئاوەهاشدا، ناتوانین چاوەڕوانی هیچ پێشکەوتنێك بین لەم بوارەدا، بەتایبەت کە هەرسێ ویلایەتەکانی (بەغدا – موسڵ – بەسرە) لە ناوەڕاستی سەدەی شانزەهەمەوە لەبارودخێکی یەکجار پڕ لەکێشەو گیروگرفتدا بوو، ئەم بارودۆخەش تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم درێژەی کێشا.[١٦٩]

لەو رۆژگارەدا ناوەندی دەسەڵات لەدەوڵەتی عوسمانیدا تا دوا ئەندازە لەخوێندەواری و رۆشنبیری دەترساو ئامادە نەبوو، بەهیچ شێوەیەك لای لێ بکاتەوە، چونکە ئەو کاتە پیاوانی ئاینی خاوەن دەسەڵاتو دەست رۆیشتوو بوونو لەناوەندەکانی بڕیارەوە نزیك بوونو رۆڵی گەورەیان لەدەرکردنی بڕیاری سیاسیدا هەبوو، کە زۆر جار سوڵتانەکانی عوسمانی خۆیان پێشڕەوی ئەو رەوتە کۆنە پەرستانەیەیان دەکرد، د. کەمال مەزهەر لەم بارەیەوە دەڵێت (سیاسەتی کوێرانەی سوڵتانەکانو دواکەوتوویی خەڵك لەمەدا دەوری گەورەیان بینی، سوڵتانەکان چاپ کردنی کتێبیان بەکفر دادەنا) تەنانەت ئەو سەردەمە پیشەی فێرکردنو خوێندەواری خۆی لەخۆیدا وەك پیشەیەکی بەدناوو بێزراو تەماشا دەکرا[١٧٠].

---

[١٦٩] د. ابراهيم خليل احمد: تطور التعليم الوطني في العراق ١٨٦٩-١٩٣٢، ط١، ١٩٨٢، البصرة، ل٢٥-٢٦.

[١٧٠] تێگەیشتنی راستی و شوێنی لەرۆژنامەنووسی کوردیدا، بغداد، ١٩٨٧ ل٤٤-٤٥، ستيفن هسلي لونكريك: العراق الحديث، في سنة ١٩٠٠ – ١٩٥٠، بغداد، ١٩٨٨، ل٧١.

هەر بۆیە لەهیچ کونجێکی دەوڵەتی عوسمانیدا تا ساڵانێکی درەنگ شتێك نەبوو نێوی خوێندنگای میری و رەسمی بێت[١٧١]، ئەم بارودۆخە پشت گوێ خستنەی خوێندن لەهەرسێ ویلایەتەکەدا، تا ساتەوەختی هاتن و دەسەڵات گرتنە دەستی (مدحت پاشا ١٨٦٩-١٨٧٢) وەك والی بەغدا بەردەوام بوو، بەڵام نێوبراو لەگەڵ هاتنیدا دەستی دایە ریفۆرم و چاکسازی، کە چمکێکی چاکسازیەکانی ئاوڕدانەوە بوو لەخوێندن وخوێندەواری[١٧٢]، کە ئەمەش بەهۆی چەند گۆڕانێکی گرنگی بارودۆخی نێودەوڵەتی عوسمانیەوە، هاتۆتە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و عێراقی عوسمانیەوە، کارتێکردنی ئەمەش لەئەنجامی کارتێکردنی سیاسەت و رۆشنبیری ئەوروپا بوو، بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی[١٧٣]، هەرچەندە ئەو برە ئیسلاحاتە سەرزاریانەی دەوڵەتی عوسمانی ئەنجامی دەدا، بەتەمای ئەوەبوو وڵاتەکە لەدواکەوتن و خۆشیان لەڕووخاندن رزگار بکەن، بەڵام ئیسلاحاتەکانی مدحت پاشا بۆی نەکرا، ئەو بناغە سیاسی و ئابوری‌یەی لەماوەی سەدەها ساڵدا دروست بوو بوو ئەو دەوڵەتەی لەسەر وەستابوو بگۆڕێت، دەوڵەتی عوسمانی نیازی لەم ئیسلاحاتە رووکەشانە ئەوەبوو دەسەڵاتی خۆیان بەسەر میللەتەکانی تردا قایم بکەن و روخسارێکی نوێتر بدەن بەئیمپراتۆریەتەکەیان[١٧٤].

ریفۆرمەکانی مدحت پاشا، کاریگەری باشی هەبوو بۆ سەر رەوتی خوێندەواری و فێرکردن لەم وڵاتەدا چونکە بەر لەهاتنی ئەو هیچ خوێندنگایەکی مۆدێرن لە سێ ویلایەتەکەدا نەبوو، جگە لەچەند خوێندنگایەکی مسینێرەکان لەهەردوو شاری بەغداو موسڵدا، کە تایبەت بوو

---

[١٧١] رەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان،ب١،ل١٠٦.

[١٧٢] د. عبدالعزيز سليمان نوار: تأريخ العراق الحديث، القاهرة، ١٩٦٨،ل٣٨٢.

[١٧٣] کەمال رەئوف محەمەد: یەکەم قوتابخانەی کیژانی سلێمانی،کوردستانی نوێ، ژمارە١٠٣٧،ساڵی١٩٩٦.

[١٧٤] م.س لازاریف: کێشەی کورد/ بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی، د. کاوس قەفتان، بغداد، ٩٨٩، ل٨٢.

بەمەسیحیەکان هەر بۆیە لونگریك بەمەزندە، ڕێژەی خوێندەوار لە دوا ساڵەکانی دەسەڵاتی عوسمانیدا بە ٠,٥٪ دادەنێت.

ئەو کاتەش حکومەتی عوسمانی بەو پێکهاتەیەوە، هێندە پێویستی بە خەڵکانی پێگەیشتوو خوێندەوار نەبوو، ئەوەش کە پێویستی بوو بێت، لە مزگەوت و حوجرەکاندا پێگەیەندرابوون و ئەو بۆ شاییەیان بۆ حکومەت پڕکردبۆوەو وبڕی پێویستی فەرمانبەرو کارگێڕیان بۆ دەستەبەر کردبوون[١٧٥]

سەبارەت بەڕەوشی خوێندن و خوێندەواریش لەکوردستاندا ئەوا بەشێوەیەکی گشتی. باری ڕۆشنبیری لەخواروی کورستاندا لەپاش رووخانی میرنشینی بابان، تاوەکو جەنگی یەکەمی جیهان، وەکو بەشەکانی تری کوردستان، لەچاو وڵاتانی تردا، زۆر دواکەوتوو بوو، حکومەتی عوسمانی کە دەستی گرتبوو بەسەر کوردستاندا هیچ بایەخێکی نەدەدا بەخوێندەواری هەوڵی دەدا هەر تەقەلایەك لەو ڕووەوە بدرێ هەمووی پووچەڵ بکاتەوە.[١٧٦] جگە لەوەش خراپی باری ئابووری و بژێوی ژیانی خەڵك هۆکارێکی دیکەبوو بۆ دواکەوتوویی و نەخوێندەواری، زێوەر سەبارەت بەم خاڵە دەڵێت "زەمانەکە ئەوەندە پەرێشان و موشەوەش بوو، کەس بەلای تەحسیلدا نەدەچوو[١٧٧] بەم شێوەیەش، تەنها ژمارەیەکی کەمی منداڵە دەوڵەمەندو خواپێداوەکان توانای خوێندن و تەواوکردنی مەکتەبیان هەبوو"[١٧٨]

بەڵام وێڕای ئەو بارە ناهەموارو دژوارە، خەڵکی سلێمانی تا ئەندازەیەکی باش، چاویان لەخۆپێگەیاندن و ڕۆشنبیری بووە. تەنانەت لەسەردەمی بابانەکانەوەو بەر لەوەی لەقەڵاچوالانەوە بگوێزرێنەوە بۆ سلێمانی، پێیتەختەکەیان ژمارەیەکی بەرچاو مزگەوت و حوجرەو خوێندنگای ئاینی تێدابوو ئەو سەردەمەش مزگەوتەکان وێڕای ئەوەی شوێنی

---

[١٧٥] د. ابراهیم خلیل احمد: هەمان سەرچاوە، ل٢٨-٣٢٢.

لونگریك: اربعة قرون من تأریخ العراق الحدیث، بغداد، ط٥، ل٣٨٢.

[١٧٦] ڕەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان،ب١، ل٨٣-٨٤.

[١٧٧] گەنجینەی مەردان و یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، بەغداد، ١٩٨٥، ل١٣٠.

[١٧٨] هاشم جواد: مقدمه فی کتاب العراق الاجتماعی، بغداد، ١٩٤٦، ل١٠٩.

خواپەرستی و نوێژکردن بوون، لەهەمان کاتدا رۆڵێکی گەورەیان لەژیانی خەڵکدا بینیوەو شوێنی خوێندن و کۆبوونەوەی خەڵکی بوون، وەك مزگەوتی گەورە، بن تەبەق، حاجی حان.[179] ئەو رۆژگارەی کۆتایی حوکمی عوسمانی، نەك تەنها لەسلێمانیدا بەڵکو لەهەرسێ ویلایەتەکەی ئەوسادا، تەنها حوجرەو خوێندنگا ئاینیەکان بڵاوبوون، تەنانەت هەندێ سەرچاوە ژمارەی حوجرەو خوێندنگا ئاینیەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەزیاتر لە (٤٠٠) شوێن و بنکە دەخەمڵێنن،[180] حکومەتیش زۆر گرنگی پێداون، چونکە لەزۆر رووەوە دەچووە خزمەت سیاسەتی دواکەوتوانەی دەوڵەتی عوسمانیەوە،[181] سلێمانیش وەك لیوایەکی زانستی ئایینی تێدابوو، کە ژمارەی قوتابییەکانی (٢١٠) قوتابی بوو[182].

ئەم شێوازی خوێندنەش تا بڵێی شێوازێکی دواکەوتوو بێ بەرنامە بووەو کۆنترین رێبازی وانە وتنەوەی تێدا پەیرەو کراوەو لەرووی تەندروستیشەوە، هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدانەبووەو قوتابیەکان یا لەدوکانێکی تاریکدا یا لەژوورێکی شێداردا کۆکراونەتەوەو دەرسیان پێ وتراوە[183].

لەلایەکی دیکەشەوە، وانە زانستیەکان پشت گوێ خرابوون و ئاوڕدانەوە تەنها بۆ وانەو مێژوویيەکان بوو، وەك (مەنتیق، مێژوو، رەوانبێژی، زمان)[184].

لە سلێمانیشدا ئەم رەوتە باوبووەو، هەر مزگەوت و حوجرەیەك بەپێی ئەندازەی زانینی مەلاکەی فەقێی هەبووەو بەیاریدەی خەڵکی ژیاون[185]،

---

[179] ئەکرەمی سالحی رەشە: هەمان سەرچاوە، ب٢،ل١١١؛ مکرم طالباني: ابراهيم خان ثائر في كردستان بغداد ١٩٧١، ل٣٤-٣٥.

[180] د. ابراهيم خليل احمد :، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦

[181] مکرم طالبانی، هەمان سەرچاوە، ل٣٤. ١٩٦-د. ابراهيم خليل احمد: هەمان سەرچاوە. ل٢٦.

[182] محمد امين زكى، تأريخى سلێمانی، بغداد، ١٩٣٩، ل٢٠٧.

[183] د. ابراهيم خليل احمد: هەمان سەرچاوە ،ل٢٦.

[184] سەرچاوەی پێشوو،ل٦١.

[185] ا.ب. هەوری: شاری سلێمانی، لە سالانی ١٩٢٥ -- ١٩٢٦دا، گۆڤاری بەیان، ژ٢٨، سالی ١٩٧٥،ل٢٩.

لەزۆربەی گەڕەکەکانی سلێمانیدا حوجرەیەك یا دوو حوجرەی تێدابووە،[١٨٦] بابەتو وانەکانیشیان جگە لەقورئان بریتی بوون، لەپەندی عەتتارو گوڵستانو بوستانی سەعدی شیرازی و جگە لەمانەش زانایانو هەڵکەوتوانی شارەکەش دەستیان هەبووە لەڕەنگ ڕێژکردنی بەرنامەو پرۆگرامی خوێندنی ئەو حوجرانە، وەك ئەو فەرهەنگە، عەرەبی - کوردییەی، شێخ مارفی نۆدیی بۆ کاك ئەحمەدی شێخی کوڕی داناوەو ناوی ناوە (ئەحمەدی)[١٨٧].

خوێندنیش لەم حوجرانەدا بەزمانی فارسی بووە،[١٨٨] پیرەمێرد لەو بارەیەوە دەڵێت (تەحسیلمان بەدەستوری کۆنی حاکمانی (بەبە) فارسی بوو)[١٨٩]، محەمەد ڕەسوڵ هاواریش سەبارەت بەهەمان مەسەلە دەڵێت "نوسینی زۆربەی خەڵكو خوێندەواری هەر بەفارسی بووە"[١٩٠].

ئەو حوجرەو خوێندنگا ئاینیانە، تا ئەندازەیەك باش بوون، بەڵام وەك پێویست نەبوون،[١٩١] ئیدی کە حکومەتی عوسمانی هەستی بەوەکرد کە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی خۆی لەفەرمانبەرو کادیری ئیداری پێویستی بەوەیە ناوەندێك بۆ پێگەیاندنی ئەو خەڵکانە دروست بکات[١٩٢]، ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٦٥ نیزامی تەشکیلاتی ویلایاتی ڕاگەیاندو بەماوەیەکی کەم دوای ڕاگەیاندنی ئەم تەشکیلاتە کەوتە کردنەوەی چەند خوێندنگایەكو سلێمانیش هەر ئەو ڕۆژگارە، بەهەوڵو کۆششی پیاوانی وەك، ئەحمەد پاشای بابانو سلێمان غەواس، هەلی بۆ هەڵکەوتو ساڵی ١٨٦٨ز یەکەم قوتابخانەی ڕوشدیەی مولکی تێدا کرایەوە[١٩٣]، دواتریش، وەك ئاماژەمان پێکرد لەگەڵ

---

[١٨٦] ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە: هەمان سەرچاوە،ب٢/ل١٣٤-١٣٥.

[١٨٧] جەمال بابان: قوتابخانەی ڕوشدیەی عەسکەری، گۆڤاری ڕەنگین، ژ١٤١،ل٧.

[١٨٨] ڕەفیق حیلمی: یادداشت،ب١، بەغداد، ١٩٨٨،ل٢٢٨.

[١٨٩] ئومێد ئاشنا: یادداشتەکانی پیرەمێرد، ل١٩-٢٠.

[١٩٠] شێخ مەحمودی قارەمان، ب٢، ل٩٦.

[١٩١] ابراهیم خلیل: احمد، تطور التعلیم، ل٢٧.

[١٩٢] سەرچاوەی پێشوو،ل٣٦.

[١٩٣] کەمال ڕەئووف محەمەد:یەکەم قوتابخانەی کیژانی سلێمانی، کوردستانی نوێ، ژمارە/١٠٣٧، ١٩٩٦.

هاتنی (مدحت پاشا)دا کەمێك خوێندەواری پێشکەوتنی بەخۆوە بینی و مدحت پاشا لەیەکەم هەنگاویدا چەند خوێندنگایەکی روشدیەی سەربازی لەچەند شارێکی سێ ویلایەتەکەدا کردەوە، یەکەمیان ساڵی ١٨٦٩ لەبەغدا کرایەوە[١٩٤]، پاشانیش، بەهەوڵ و ماندووبنی (سەعید پاشا خەندان) کە وەزیری بابی عالی و خەڵکی شاری سلێمانی بوو توانرا لە ساڵی ١٨٩٣، یەکەم روشدیەی عەسکەری لە سلێمانیش بکرێتەوە[١٩٥].

ئاستی خوێندن لەروشدیەی سەربازیدا، بەرامبەر بەخوێندنی ناوەندی بوو[١٩٦]، زمانی خوێندنیش تورکی بوو[١٩٧]، چونکە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە بەڕێوە دەبراو زیاتر منداڵانی مەئموورو فەرمانبەرە تورکەکانی سلێمانی و منداڵانی کوردیش روویان تێدەکرد بەتایبەت ئەوانەی لەدام و دەزگای دەوڵەتدا کاریان دەکرد[١٩٨].

ئەم خوێندنگایە زوو پەرەی سەند بەڵام تا ساڵانێکی درەنگ نەیتوانی شوێن بەمزگەوتەکان لەق بکات[١٩٩]، تەنانەت ململانێیەکی زۆر هەبوو لەنێوان فەقێی حوجرەکان و منداڵە مەکتەبلیەکان، زۆرجار توشی دەمەقاڵەش دەبوون، فەقێکان خۆیان و مامۆستاکانیان زۆریان رق لەمنداڵە مەکتەبلیەکان و لاوە خوێندەوارەکان دەبۆوە، بەمامۆستای مەکتەبەکانیان دەووت (فەرمەسۆن) و ناو و ناتۆرەی ناشیرینیان ئەدانەپاڵ[٢٠٠].

---

[١٩٤] د. ابراهیم خلیل احمد: هەمان سەرچاوە، ل٣٦.

[١٩٥] د. جەمال بابان: قوتابخانەی روشدیەی عەسکەری لە سلێمانی، گۆڤاری رەنگین ژمارە/١٤١، ساڵی ٢٠٠٠،ل٦.

[١٩٦] ئەکرەم ساڵحی رەشە: هەمان سەرچاوە،ب٢،ل٢٤-٢٥.

[١٩٧] مکرم طالباني: هەمان سەرچاوە، ل٣٤.

[١٩٨] سۆن: هەمان سەرچاوە،ل١٤.

[١٩٩] ئەکرەمی ساڵحی رەشە: هەمان سەرچاوە،ب٢،ل٤٤٦.

[٢٠٠] ا.ب. هەوری: شاری سلێمانی لە ساڵانی ١٩٢٥-١٩٢٦،دا گۆڤاری بەیان، ژمارە٢٨، ١٩٧٥.

لای خەڵکیش خوێندنی فەقێیەتی ڕەواجی زۆر بوو ، حکومەتی عوسمانی پشتیوانی لێدەکرد هەروەك (ڕەشید شەوقی)* لە یاداشتەکانیدا باسی لێوە دەکات و دەڵێت " تورکی ئیستعمار لەو دەمەدا ڕەواجی دابوو بە فەقێ و مەلا ، هەرچی کەسێك ببوایە بە فەقێ لە عەسکەری ڕزگاری ئەبوو ، ئەگەر یەکێ بە ناویش فەقێ بوایە ، بەمەرجێك مەلای مزگەوتەکەی بۆی بنوسیایە نە ئەکرا بە عەسکەر جگە لەوەی فەقێیەتی بێئەرك و مەسرەف بوو"[٢٠١]

مەکتەبی روشدیەی سەربازی بەدیهێنەری ئاواتی خەڵکی سلێمانی نەبوو، بەڵام بۆ ئەو رۆژگارە باش بوو، نەك تەنها خەڵکی نێو شاری سلێمانی، بەڵکو قەزاو ناحیەکانیش رویان تێدەکرد[٢٠٢]، هەرچەندە زۆر دەگمەن بوو.

تاکردنەوەی، ئەم مەکتەبە، خوێندن و خوێندەواری لەسلێمانیدا کزو لاواز بوو، تەنانەت بۆ نوسین یا خوێندنەوەی نامەیەك، خەڵکی دۆش دادەماو دەبوایە گەڕەکاو گەڕەك بە شوێن خوێندەوارێکدا بگەڕێت[٢٠٣].

لە ساڵنامەی عوسمانیەکاندا، بەکەمی باس لەخوێندن و خوێندنگای شاری سلێمانی کراوە، یەکەم ساڵنامە کە ئاماژەی بەبوونی خوێندنگا کردبێت، ساڵنامەی ویلایەتی موسڵی ساڵی (١٨٩٠-١٨٩١)ە، لەوێدا باس لەخوێندنگایەکی روشدیەی مولکی دەکات، کە ژمارەی خوێندکارەکانی (١٠٣) خوێندکارەو سێ مامۆستاشیان هەیە، هەمان زانیاری لەساڵنامەی

---

* ڕەشید شەوقی کوڕی سەعید شەوقی قادر ئەفەندی گەورەیە ، ئەفسەر بووە لە سوپای عوسمانیداو دواتریش لە دووەهەمین حکومەتی شێخ مەحمود دا ئەفسەری (عەسکەری کوردستان) بووە ، پاشانیش بەڕێوەبەری ئیدارە خانەی گۆڤاری (دیاری کوردستان ١٩٢٥ – ١٩٢٦) بووە ، لە سەردەمی پاشایەتیدا ئەفسەر بووە لە سوپای عێراقدا ، ناوبراو یادگارێکی گران بە های دەستخەتی خۆی بۆ بەجێهێشتووین کە بیرەوەریەکانیەتی بە ناوی (بەسەر هاتووی کاکە ڕەشید شەوقی – سەرگوزشتە) . (سدیق سالح : ڕەشید شەوقی یەکەمین یادداشت نووسی کوردی ، کوردستانی نوێ ، ژمارە (٢٥٩٢) ، ٢٤/١٠/٢٠٠١) .

[٢٠١] ڕەشید شەوقی : بەسەرهاتووی کاکە ڕەشید شەوقی _ سەرگوزشتە ، دەست نووس

[٢٠٢] عبدالرقیب یوسف، صدیق صالح: بیرەوەرییەکانی ئەحمەدی حەمە ئاغای پشدەری، سلێمانی، ٢٠٠١،ل١١.

[٢٠٣] ڕەسوڵ هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان،ب١، ل٩٤.

ساڵی (١٨٩٢-١٨٩٣) دوبارە دەبێتەوە، بەڵام لەساڵنامەی (١٨٩٤-١٨٩٥)دا، لەپاڵ روشدیەی موڵکی‌دا، باس لە روشدیەی سەربازیش دەکات، کەژمارەی خوێندکارەکانی (١٣٠) خوێندکارەو ستافی خوێندنگاکە لەدە کەس پێك دێت‌و بەڕێوەبەرو دوو مامۆستایان پلەی سەربازیان هەیە، بەڵام مامۆستاکانی دیکە، خەڵکی مەدەنین‌و کوردیشیان تێدابووە، وەك عیرفانە فەنی، ئەو وانانەش کە لەو خوێندنگایەدا خوێندراون بریتی بوون لە (زمانی عەرەبی، فارسی، رێزمان‌و ماتماتیك‌و وێنەو رێنوس)[٢٠٤].

بەم شێوەیە سلێمانی دەبێتە خاوەنی دوو خوێندنگای موڵکی و سەربازی، وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد خوێندنی ئەم خوێندنگایانە بەرامبەر بەقۆناغی ناوەندی بوو، کە تا ئەم کاتە، خوێندنگای سەرەتایی نەبوو، خەڵکی لەسەرەتادا منداڵیان دەنارده حوجرەو کە زیاتر شوێنی قۆناغی سەرەتایی دەگرتەوە، چونکە حکومەتی عوسمانی تا ساڵانێکی درەنگ خوێندنی سەرەتایی پشت گوێ خستبوو[٢٠٥].

پاش کردنەوەی روشدیەی سەربازی، وەك محەمەد رەسوڵ هاوار لەزاری (تۆفیق وەهبی) دەگێڕێتەوە، روشدیەی موڵکی باوی نامێنێت و کەم کەس رووی تێدەکات[٢٠٦]، راستی ئەم قسەیەش لەو ئامارانەوە بەدەردەکەوێت کە ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەیخەنە روو، بۆ نموونە لەکاتێکدا لە ساڵی (١٨٩١-١٨٩٢)ز ژمارەی خوێندکارانی روشدیەی موڵکی (١٠٣) خوێندکار بووە، دەبینین لە ساڵنامەی (١٨٩٩-١٩٠٠) ژمارەی خوێندکارانی هەمان خوێندنگا دابەزیوە بۆ تەنها (٣٠) خوێندکار، لەکاتێکدا هەر هەمان ساڵنامە ژمارەی خوێندکارانی روشدیەی سەربازی بە(١٠٦) خوێندکار دادەنێت[٢٠٧]، لە ساڵانی پێش جەنگی جیهانی یەکەم دا، ژمارەی خوێندکارانی

---

[٢٠٤] عبدالفتاح علی یحیی: سالنامات، ل٥٣-٥٤ ؛ سلێمانی: بڵاوکراوەی شاری سلێمانی، ١٩٦٩، ژمارە١٢،ل٥٣.

[٢٠٥] د. ابراهیم خلیل: تطور التعلیم، ل٣٩.

[٢٠٦] شێخ مەحمودی قارەمان،ب١،ل١١٠-١١١.

[٢٠٧] د. عبدالفتاح علی یحیی، ساڵنامات ،ل٥٤.

ڕوشدیەی سەربازی دەگاتە (١١٠) خوێندکار، بەڵام ڕوشدیەی مولکی ژمارەی خوێندکارەکانی لە(٧٠) خوێندکار تێپەڕ ناکەن[٢٠٨]

فاکتەری کەم بوونەوەی ژمارەی خوێندکارانی ڕوشدیەی مولکیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خوێندنگای ڕوشدیەی سەربازی ئەو کاتە بەشی ناوەخۆیی هەبووەو خوێندن تێیدا بەخۆرایی بووە، وێڕای دەرچووانی ڕوشدیەی سەربازی دەبوون بەئەفسەرو، ئەفسەریش ئەو زەمانە پلەو پایەکی کۆمەلایەتی دیارو بەرچاوی هەبوو لەنێو خەلکیدا، خوێندکارانی ئەم دوو خوێندنگایە زیاتر منداڵی کورد بوون‌و خوێندنگایەکی کلدانی‌و یەکێکی جولەکەکانیش لەنێو سلێمانیدا هەبووە.[٢٠٩]*

بەڵام دەوڵەتی عوسمانی، وەك پێویست بەتەنگ خەرجی و پێداویستی ئەم دوو خوێندنگا ڕەسمیەی سلێمانیەوە نەهاتووە، هەروەك ئەمین زەکی بەگ باسی لێوە دەکات، لە ساڵی ١٣٠٧ ڕۆمیدا، خەرجی مەعاریفی لیوای سلێمانی تەنها (١٥٠) لیرە بووەو دراوە بەموچەی مامۆستایانی ڕوشدیەی مولکی، لەکاتێکدا داهاتی لیواکە دە هەزار لیرەی لەو پارەیە زیاتر بووە، بەلام یا نێردراوە بۆ ئەستەمبول یا چۆتە باخەڵی مەئمورەکانەوە[٢١٠].

خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی لەم دوو قوتابخانەیەو ئاستی خوێندنیان ڕازی نەبوون، بەلام لەچاو حوجرەو مزگەوتەکاندا زۆر باش بوون بۆیە خەلکی ڕووی تێکردوون، ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی زۆر لەحوجرەو خوێندنگا ئاینیەکان بێزاربوون، بۆ نموونە دەبینین، ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) بەم شێوەیە باس لەپرۆسەی خوێندن دەکات لەنێو حوجرەکانداو دەڵێت: " ئەو منداڵە مەزلوومە چوار پێنج ساڵ لەحوجرە دەخوێنێت، بەنیوەچڵ (انا انزلناه...) تەواو دەکات، هەموو هەفتەیەکیش سەرقەڵەمانە

---

[٢٠٨] د. کەمال مەزهەر ئەحمەد : کوردی سلێمانی ، ل ٢١٠ .

[٢٠٩] د. عبالفتاح علی یحیی، ساڵنامات ،ل٥٤.

* ڕەشید شەوقی لە یاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات کە خوێندکارانی ڕوشدیەی سەربازی هەموویان سەرو وێنەیەکی ئاڵای تورکیان لە بەرۆکیان داوەو ووتویانە خەلیفە بۆ ناردووین و ئێمەی کردووە بە کوڕی خۆی .

[٢١٠] تاریخ سلێمانی و ولاتی،ل٢٠٦.

کەلەیەك شەکر بۆ مامۆستا ئەبات، بەلام ٧ لەگەڵ ٨ دەکاتە چەندو ناوی باوکی خۆی نازانێت بنوسێت سمایل نامەو گوڵستان وەکو بلبل پێی رەوان دەکەن، قوەی مفکرەو دەماغو حیاتی ئەو منداڵە عادەتەن دەرمان خوار ئەکەن[٢١١].

بەلام بەکردنەوەی ئەو دوو خوێندنگایە، وەك رەسوڵ هاوار دەڵێت هیچ نەبێت منداڵانیان لە(ئەرێ بابە)ی نێو مزگەوتەکان رزگار کرد[٢١٢].

رۆژنامەی (پێشکەوتن) توانج دەگرێتە خوێندنی نێو حوجرەو مزگەوتو دەڵێت: "فەقێیەك دوو کتێبو نیو دەخوێنێ وپێی دەڵێن مامۆستای دوانزە عیلم) کەچی لە (قل هو الله) ساتمە دەکات، خوێندن هەر بەنحو صرف – منطق – کلام کە دەخوێندرێت تەواو نابێت، وەك ئەوانە علیمیان پێ دەڵێن، جغرافیا، تاریخ، اخلاق، حکمت، ریاضة، ماتماتیك، هەموو بحرێکی علیمن، خوێندن تەنها خوێندنی مزگەوت نیە، خوێندن بۆ زانین و تێگەیشتنی هەموو شتێکە کە زانینو تێگەیشتن لەهەموو شتێکدا بوو ئەوا عالم ئەو کەسەیە "[٢١٣].

بەلام وێڕای ئەو گلەییانەی لەحوجرەو ئاستی زانستی مامۆستاکانی کراوە، چەند حوجرەیەك هەبوون کە ئاستی زانستی مامۆستاکانیو بابەت و پرۆگرامەکانی زۆر لەحوجرەکانی دیکەی سلێمانی بەرزتر بوون، بەتایبەت حوجرەکەی خواجە فەنی و حوجرەکەی مەلا سەعیدی زلزلەیی[٢١٤].

پێدەچێت حوجرەکەی خواجە فەنی لەهەموویان زیاتر پەرەی سەندبێت، چونکە بەرنامەکانی خوێندنی زۆر پێشکەوتوو بووە تەنانەت مێژووی دەوڵەتی عوسمانی و راپەرینی ئەوروپا و زمانی تورکی تێدا گوتراوەتەوە، هەفتانەش دووجار وانەی زمانی فەرەنسی بەقوتابیان گوتراوە،

[٢١١] رۆژی کوردستان: ژمارە(١١) ٣/شوباتی/ ١٩٢٣،ل٣، کۆکردنەوەی جەمال خەزنەدار، بغداد، ١٩٧٣.

[٢١٢] شێخ مەحمودی قارەمان،،ب١،ل٨٤.

[٢١٣] رۆژنامەی (پێشکەوتن) : ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٢٠، کۆکردنەوەی، عەلی ناجی کاکە حەمە ئەمین عەتار، سیروان بکر سامی، هەولێر،١٩٩٨.

[٢١٤] جەمال بابان: قوتابخانەی روشدیەی عەسکەری، رەنگین ژ١٤١،ل٦.

دواتر خواجه فەنی جگە لەکوڕ، کچیشی هێناوەتە حوجرەکەیو بۆ ئەوەی چاوی خەڵك بکاتەوە لەپێش هەموو کەسێکدا (حەپسە)ی کچی کردە قوتابی حوجرەکە، لەم حوجرەیەدا دەیان گەورەپیاوی وەك (سەعید پاشای خەندان و شێخ مەحمودی حەفیدو حاجی مستەفا پاشای یامولکی) خوێندویانە[٢١٥].

هەر لەروانگەی بۆچوونی خراپی رۆشنبیران سەبارەت بەخوێندنی ئاینی نێو حوجرەو مزگەوت، خەڵکی روویان کردۆتە هەردوو خوێندنگای روشدیەی مولکی و سەربازی. بەڵام تا ساڵانێکی درەنگ بەهیچ شێوەیەك باس لە کردنەوەی خوێندنگای کچان لە سلێمانیدا نەکراوە، کچانیش ژمارەیەکی کەمیان لەحوجرەدا خوێندویانە، وەك حوجرەکەی (مەلا ئامینە)* کە لەوێدا فێری سورەتی (یاسین) کراون، پیرەمێردی شاعیر لەم بارەیەوە دەڵێت "لەم وڵاتەی ئێمەدا خوێندنی کچ بەزۆری لای (مەلا ئامینە) تا (یاسین) بوو، ئەویش بۆ ئەوە بوو کە لە ماڵەوە نەیەتە دەرەوەو بەقورئان خوێندنەوە رابوێرێ، نەیان دەهێشت کچ فێری نووسین بێت، نەك کاغەزی عەشق بازی بۆ کوڕان بخوێنێتەوەو جواب بنوسێتەوە"[٢١٦].

جگە لەمەلا ئامینە، هەریەك لە (مەلا فاتمو ناجیەخانو مەلا رەعنا)دەرسیان بەکچانی سلێمانی وتۆتەوە،[٢١٧] بەڵام وێڕای ئەم چەند کەسەش، خوێندنی کچان زۆر کزو لاواز بووەو تەنها کچی پیاوە دەوڵەمەندو خۆشگوزەرانەکان ئەو هەلەیان بۆ رەخساوە[٢١٨].

بەڵام لەو بارودۆخە نالەبارەی عوسمانیدا، لە ساڵانی ١٩١٤-١٩١٥ یەکەمین قوتابخانەی کچانیان لە سلێمانی کردەوە، تا بڵێی قوتابخانەیەکی پەڕپوت بوو، عیرفان ئەفەدیان کردە بەڕێوەبەری، بۆ ماوەیەك تەنیا مامۆستای

---

[٢١٥] جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب١، بغداد،١٩٩٢،ل١٥٥.

* مەلا ئامینە ژنێکی کوێری دەموچاو ئاوڵاوی بوو حوجرەی لە ژێرخانێکی تەڕو شێداردا کردبووەو لەوێدا بە حونجە قورئانی فێری کوڕان و کچانی سلێمانی دەکرد، (پاکیزە رفیق حلمی: کورد و ژیانێکی پڕ ئەندێشە.. یادداشت، هەولێر، ٢٠٠٠، ل١٧)

[٢١٦] ئومێد ئاشنا: یادداشتەکانی پیرەمێرد، سلێمانی، ١٩٩٦،ل٣٠.

[٢١٧] جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم،ب١،ل١٥٥.

[٢١٨] یەکەم قوتابخانەی کیژانی سلێمانی، کوردستانی نوێ، ژ١٣٠٧.

کچیش لەوێدا، (مەلیحەخانی قازی) بوو، دەوڵەت هیچ بایەخی پێنەدابوو، چونکە عوسمانیەکان لەکاتی روخانیاندا بوون لە شەڕی جیهانی یەکەمدا[219].

کەمال رەئووف محەمەدیش، سەبارەت بەیەکەمین مەکتەبی کچانی سلێمانی دەڵێت "بەبەڵگەنامەی رەسمیەوە بۆم ساغ بۆتەوە، کە بەڵێ لەسەردەمی عوسمانیدا، تەنانەت لەگەرمەی جەنگدا، یەکەم قوتابخانەی کیژان دامەزراوە یەکەم ئافرەتی کوردی سلێمانی (مەلیحەخانی نەزهەت ئەفەندی . رێبەری بووە، نوسەری ئەم بابەتە دامەزراندنی ئەم قوتابخانەیە دەگێڕێتەوە بۆ هەوڵ و کۆششی، لقی سلێمانی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی، چونکە مەلیحەخان خێزانی (عەبدوڵلا نور موهتەدی) بووە، کە نێوبراو بەر لەهاتنی بۆ سلێمانی لەموسڵ سەر بەو رێکخراوە بووە، هەروەها دەڵێت لە بەغداش لقی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی قوتابخانە کیژانی بەغدایان کردۆتەوە"[220].

لە راستیشدا کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی گرنگیەکی زۆری بەمەسەلەی خوێندن داوەو، لەبەرنامەی سیاسی خۆیدا کە لە ساڵی (١٩٠٩) دا بڵاوی کردۆتەوە، سەبارەت بەخوێندن و فێرکردن، باس لەوە دەکات کە پێویستە دەوڵەت سیاسەتێکی تایبەت لەبواری فێرکردندا بگرێتەبەر بەمەبەستی پێگەیاندنێکی یەکگرتووی تازە پێگەیشتوانی نێو دەوڵەتی عوسمانی و کردنەوەی خوێندنگا تاوەکو خەڵکانی نەتەوە جیاوازو جۆراوجۆری نێو دەوڵەتەکە بگرێتە خۆی و لەتوانادابێت پەروەردەیەکی یەکگرتوویان بکەن و زمانی تورکی وەك زمانی رەسمی بهێڵدرێتەوە[221].

هەرچەندە حکومەت وەك پێویست ئاوڕی لەخوێندن و فێرکردن نەداوەتەوە، بەڵام خەڵکی شارەکە خۆیان بەتەنگ خوێندن و خوێندەواریەوە بوون و ویستویانە پەرە بەو بوارە بدەن. پیرەمێردی شاعیر باس لەناهەمواری

---

[219] درەخشان جلال حەفید: حەپسەخانی نەقیب، ژیان و تێکۆشانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩،ل٧٣.

[220] یەکەم قوتابخانەی کیژانی سلێمانی، کوردستانی نوێ، ژمارە/١٠٣٧.

[221] ابراهیم خلیل احمد: هەمان سەرچاوە،ل٤٧.

بارودۆخی سلێمانی دەکات کاتێك لەئەستەمبۆل گەڕاوەتەوە، کەچی دەڵێت "زێوەر و مەلا سەعید، بێ پارەو پول دە دوانزە منداڵیان کۆکردبۆوەو دەرسیان پێ ئەوتن"[٢٢٢].

پێدەچێت بەهۆی تێوەگلانی دەوڵەتی عوسمانی لەجەنگی یەکەمی جیهاندا، ئەو بارودۆخە زیاتر بەرەو خراپ بوون چوبێت، چونکە قوتابخانەی روشدیەی سەربازی کە زۆرترین ژمارەی خوێندکاری هەبووە، ساڵی ١٩١٤ هەڵوەشاوەتەوە، مامۆستا (سەعید سدقی کابان) لەم بارەیەوە دەڵێت (روشدیەی سەربازی لە ١٩١٤/١١/٢٦ دا هەڵوەشایەوەو خرایە سەر مەعاریفی گشتی) و مامۆستا (عەبدولرەحمان نسیبە)ش ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم قوتابخانەیە هەڵوەشاوەتەوەو تێکەڵ بە قوتابخانەی نموونەیی سەرەتایی کراوەو نێو نراوە (تەشویقیە) ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە حکومەتی عوسمانی لەدوای خۆی سێ خوێندنگای لەشاری سلێمانیدا جێ هێشتووە، کە بریتی بوون لە (ئامادەیی موڵکی و نمونەیی سەرەتایی و تەشویقیە)[٢٢٣] کە بێگومان هەرگیز تەنها سێ خوێندنگا ناتوانێت سەرجەم منداڵانی شارێك لەخۆ بگرێت، کە ژمارەی دانیشتوانی بەر لەجەنگی یەکەم ٢٠ هەزار کەس بووە[٢٢٤].

هەر بۆیە کاتێك جەنگی جیهانی یەکەم کۆتایی هات رێژەی خوێندەوار لە هەر سێ ویلایەتەکەدا تەنها ١٪ ی دانیشتوانی پێك دەهێنا[٢٢٥]

---

[٢٢٢] غەفوری میرزا کەریم: کۆمەڵی زانستی سلێمانی، بغداد ١٩٨٥،ل١٤.

[٢٢٣] کەمال رەئوف محەمەد : یەکەم قوتابخانەی کیژانی سلێمانی ،کوردستانی نوێ، ژمارە١٣٠٧.

[٢٢٤] رەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان،ب١،ل١٠٦.

[٢٢٥] هاشم جواد: هەمان سەرچاوە ،ل١٠٤. د. ابراهیم خلیل احمد: هەمان سەرچاوە ،ل٦٤.

باسی شەشەم:
بارودۆخی تەندروستی

لەکۆتایی سالانی حوکمڕانی دەوڵەتی عوسمانیدا، ئەم وڵاتە بەدەست خراپی ڕەوشی تەندروستیەوە گرفتار ببوو، چونکە ئەم بوارەش ڕەنگدانەوەی لایەنو بوارەکانی دیکە بوو، کە حکومەتی عوسمانی هیچ بایەخێکی پێنەدەدا، ناشێت لەسایەی داتەپیوی بارودۆخی ئابووریو دواکەتوویی کۆمەلایەتیو نزمی ئاستی خوێندنو خوێندەواریو ڕۆشنبیریدا چاوەڕوانی بارێکی شیاوو باشی تەندروستی بکەین.

تەنانەت گرنگی نەدانی دەوڵەتی عوسمانی بەتەندوستی گەیشتبووە ئاستێك کەلەساڵی ١٨٩١ دا حکومەتی عوسمانی لەماوەی یەك ساڵدا تەنها (٦٠٠) قرۆشی بۆ خەرجی تەندروستی تەرخانکردبوو، بەلام هەر لەهەمان ساڵدا بڕی (٨٨٦٠١٤) قرۆشی بۆ خەرجیو پێداویستی جەندرمەو پۆلیس تەرخان کردبوو.[٢٢٦]

لەکاتێکدا باری تەندروستی کۆمەلایەتی خەڵك کێشەیەکی یەکجار گرنگو هەستیارە، چونکە تەندروستیو نەخۆشی هاوشانی مرۆڤن لە سەرجەم قۆناغەکانیدا، باشیو لەباری ئەم دۆخە ڕۆڵی گەورە دەبینێ لەگەشەکردنی کۆمەڵدا، لەهەمان کاتیشدا خراپی ئەم بارە گەورەترین کاریگەری هەبووە لەسەر داڕمانی کۆمەڵ.[٢٢٧]

سلێمانیش وەك نێوچەیەکی ژێر دەسەلاتی عوسمانی لەهیچ سیاسەتێکی ئەم حکومەتە بەدەر نەبووە ، هەر بۆیە بارودۆخی تەندروستی لەوپەڕی خراپیدا بووە، تەنانەت هەڵکەوتەی جوگرافی شارەکەش بۆخۆی، کاردانەوەیەکی خراپی هەبووە بۆسەر باری تەندروستی .[٢٢٨]

جگە لەمەش کوردستان بەگشتی بەدەست دەیانو سەدان تەرزە نەخۆشیو پەتاوە دەینالاند، وەك مەلاریاو بەلهارزیاو گرانە تاو ڕشانەوەو

---

[٢٢٦] ئەمین زەکی: تاریخی سلێمانی، ل٢٠٦.
[٢٢٧] هاشم جواد: هەمان سەرچاوە ، ل٨٤.
[٢٢٨] ریچ: هەمان سەرچاوە ، ل٢٧٧.

دیزانتەری[٢٢٩]، بەڵام هیچ نەخۆشیەك هێندەی مەلاریا لە كوردستاندا بڵاو نەبووە، بەتایبەتی گوندنیشەكان بەدەست مەلاریاوە هەراسان ببوون و ساڵانە ١٠٪ دانیشتوانیان بەم نەخۆشیە دەمردن[٢٣٠] لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا لەشاری سلێمانیدا نەخۆشی (گولی) بڵاو بۆوە هەر یەكێك توشی ئەم نەخۆشیە ببوایە یەك پارچە لەشی گەڕو گول دەبوو و دائەڕزا،[٢٣١] كەس نەیدەوێرا هەتا بەلای مردوەكانیشدا بچێت، لەترسا خەڵكی ئەو مردوانەی لەگردێكی تایبەتی دەناشت، پێیان دەوت (گردی گولان) * كە دواتر بوو بە (گردی مامە یارە)[٢٣٢].

وێرای ئەمەش ساڵانە هەزاران كەس لەكوردستاندا دەبوون قوربانی نەخۆشی ئاولە،[٢٣٣] چونكە حكومەت هیچ هەنگاوێكی بۆ بەرگرتن لەم نەخۆشیانە هەڵنەدەنا، هەرچەندە بەناو لەشارە گەورەكانی هەرسێ ویلایەتەكەدا خەستەخانەیەكی بیست جێگەیی هەبوو، بەڵام راستیدا ئەمانە تەنها مەرەكەبی سەر كاغەز بوون، گەر هەر شتێكی بچوكیش هەبووبێت ئەوا لەساڵانی جەنگدا نەماو داخرا،[٢٣٤] لەشارەكانی كوردستانیشدا مەگەر دەگمەن نەخۆشخانەو تیمارگە هەبووبێت ، ئەگەر هەشبوبێت لەڕووی كەرەسەو

[٢٢٩] ڕەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ب١، ل٥٩.

[٢٣٠] د. شاكر خصباك: العراق الشمالي، بغداد، ١٩٧٣، ل٢٦٥.

[٢٣١] ڕەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ب١، ل٥٩.

* د . عیزەددین مستەفا ڕەسول باس لەوە دەكات كە لە چاپخانەكەی كاكەی فەلاح دا باسیان لەوە كردووە كە ئایا ئەم گردە (گردی گوڵان) ە یان (گردی گولان) ، مامۆستای شاعیر عەلی عارف ئاغا لەم بارەیەوە وتویەتی (گردی گولان) ە ، تەنانەت بیرمە ئەوانەی توشی نەخۆشی گولی دەبوون لە بانەو سەقزو ئەو دەورەوە دەرئەكران ، ڕووەو سلێمانی ئەهاتن لێرە نەیان ئەهێشت بێنە شارەوە لەو دەشتە چادریان بۆ هەڵدابوون و خەڵك خۆراكی بە خێر بۆ ئەبردن ، كە ئەمردن لەو گردە ئەنێژران ، لەبەر ئەوە بە گردەكە ئەوترا گردی گولان . (ئەكرەمی ساڵحی ڕەشە : شاری سلێمانی ، ب٢ ، ل ١٠٧) .

[٢٣٢] غەفوری میرزا كریم: كێوماڵێ بە بیرەوەریەكانمدا، ل١٨٨.

[٢٣٣] ریچ : هەمان سەرچاوە ، ل٣٧٩.

[٢٣٤] هنری فوستر: نشأة العراق الحديث، ترجمة، سليم طه التكريتي، ج٢، بغداد ١٩٨٩، ل٤٣٤.

خزمەتگوزارییەوە کەم و کورتی زۆری هەبووە، ئەم دیاردەیەش نەك تەنها دێهاتەکان بگرە شارەکانیشی گرتبۆوە.[٢٣٥]

لەو رۆژانەدا کاروباری پزیشکی لە سەر بنچینەو شێوازی زانستی نەبووە بەڵکو شێوازێکی سەرەتایی و فۆلکلۆری تێدا پەیرەو کراوە، کەسانێك نەبوون نێویان پزیشك بێت و پسپۆر بن لەوبوارەدا، دەلاکەکان وێڕای سەرو ریش تاشین، منداڵانیان خەتەنە کردووەو برین و سوتاویان تیمار کردووە، وێڕای ئەمانیش پیاوە ئاینیەکان رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لەو بوارەداو خەڵکی نەخۆشیان بردۆتە لایان، ئەوانیش بەدوعاو نوشتە یاخود بە بەکارهێنانی هەندێك داوو دەرمانی کوردەواری چارەیان بۆ نەخۆشەکان داناوە،[٢٣٦] هنری فۆستر، هۆکاری پەنابردن بۆ پیاوانی ئاینی و بە پیرەوە نەچوونی چارەسەری پزیشکی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە دانیشتوانی ئەم وڵاتە لەبنەڕەتەوە پێیان وابوو کە هەموو نەخۆشیە جەستەییەکانیان کاری خوادیەو بە ئیرادەی ئەو نەبێت چاك نابنەوە ، هەر بۆیە زۆر کەم باوەڕیان بەچارەسەری پزیشکی هەبووە.[٢٣٧]

جگە لە کەمی خزمەتگوزاری پزیشکی، بەدخۆراکی هۆکارێکی دیکەی نەخۆشی و خراپی تەندروستی خەڵکی بوو، کە بەهۆیەوە چەندین نەخۆشی کوشندەو درم پەرەی سەندبوو، تەنانەت رێژەی ٨٠ / ٩٠٪ دانیشتوان خۆراکیان زۆر خراپ بوو، هیچ سودێکی پێویستی لێ نەدەبینرا، بۆ وەدەست هێنانی وزەی پێویست بۆ لەش، ئەمەش وای کردبوو جەستەی خەڵکی هیچ توانایەکی سروشتی تێدا نەبێت دژ بەنەخۆشی.[٢٣٨]

لەهەمان کاتدا نزمی ئاستی وشیاری بەڵای نەخوێندەواری رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەوەدا کە خەڵکی ئاوڕ لەتەندروستیان نەدەنەوەو خەڵکانی

---

[٢٣٥] عزیز شەمزینی: جولانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستانی ، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٧١.

[٢٣٦] د. قادر شاڵی: مێژووی تەندروستی و کاری پزیشکی لەسلێمانیدا، گۆڤاری سلێمانی، ژمارە ١٣، ل١٢-١٣.

[٢٣٧] هنری فۆستر: هەمان سەرچاوە ، ل٤٣٣.

[٢٣٨] لونگریك: تأریخ العراق الحدیث: ، ل٤٣: هاشم جواد: هەمان سەرچاوە ، ل١٠١.

کۆنە خوازیش دژی زانستی پزیکشی هاوچەرخ بوونو هانی خەڵکیان دەدا توخنی نەکەون،[٢٣٩] ئەم دیاردەیەش زیاتر بۆ دواکەوتوویی بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە، سۆن لەم بارەیە باس لەوە دەکات کە چۆن دکتۆرێك روو دەکاتە سلێمانیو پێی وابووە بە حوکمی ئەوەی یەکەم دکتۆرە روو دەکاتە سلێمانی، کە پڕ بووە لەنەخۆشیو دەردوو پەتا، ئیدی بواری پارە کۆکردنەوەی بۆ دەرەخسێت بەڵام دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ بارو بارگەی کۆکردۆتەوەو بەرەو کوردستانی رۆژهەڵات رۆیشتووە.[٢٤٠] هەر ئەمەش وای کردووە سلێمانی لەو بارە ناهەموارەوە دابێت لە رووی تەندروستیەوە هەر لەسەردەمی بابانیەکانەوە دەیان نەخۆشیو پەتای درم رووی تێبکات، کە بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٨٣١ز دا نەخۆشی رشانەوە رووی لەم شارە کردووە خەڵکێکی زۆری کوشتو بە (رشانەوە گەورەکە) ناسرا.[٢٤١]

دوای ئەمجارەش وەك مەلا محەمەدی چروستانی لەیاداشتەکانیدا باسی دەکات، لەساڵی ١٩٠٤-١٩٠٥ دووبارە نەخۆشی رشانەوە تەنگی بەخەڵك هەڵچنیوەو لەنێو شاری سلێمانیدا بۆتە هۆی مردنی زیاتر لە (٧٧٠٠) کەسو خەڵك پێیان وتووە (چاوە قوڵە)، ئەم نەخۆشیە هێندە کوشندە بووە کەس نەیوێراوە (یاسین) لەسەر نەخۆش بخوێنێت لەترسا.[٢٤٢]

ئەم بارودۆخە تا ساڵانێکی درەنگ لەسلێمانیدا گەواهی دواکەووتویی باری تەندروستی بووە، لەو ساڵانەدا (حەکیم)ەکان، پشتاو پشت کاری پزیشکیان بۆ جێماوەو بەگژوگیا خەڵکیان چارەسەرکردووە، کە زۆرجار خەڵکی ناچاربوون شارەو شارو گونداو گوند بۆ دەست گرەوەیەك یا قاچ گرەوەیەك بگەڕێن.[٢٤٣]

---

[٢٣٩] سۆن: هەمان سەرچاوە ، ج٢، ل٤١.

[٢٤٠] سەرچاوەی پێشوو، ج١، ل٢٥٤.

[٢٤١] جەمال بابان، شارە گەشاوەکەم،ب١، ل٤٧.

[٢٤٢] یادداشتەکانی منالی بەشێکی سەردەمی فەقێیەتی مامۆستا مەلا محەمەدی چروستانی: یادداشت، بەغدا، ١٩٨٤، ل٣١-٣٢.

[٢٤٣] رەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان،ب١، ل٥٩.

ئەم حەكيمو پزيشكە ميللييانە زياتر كوردبوون يا جولەكەبوون وەك (عەزەى حەكيم برايم) كە خۆىو ژنەكەى سەرو سەوداى پزيشكيان هەبووەو جولەكەبوون، هيچ دكتۆريكى تورك لەسليمانيدا نەبووە، گەر دكتۆريكى كورديش هەلكەوتايە ئەوا دەولەتى عوسمانى لينەدەگەران لەشارەكەى خۆياندا كاربكەن، بۆ نموونە (د. حوسين ئەفەندى باباجان كورى بەديع ئەفەندى باباجان) كەدكتۆريكى ليهاتوو بووە، دەولەتى عوسمانى كردوويەتى بەدكتۆرى سوپاو جاروبار توانيويەتى بگەريتەوە بۆ سليمانىو چاوى بەنەخۆش بكەويت تا دواجار لەيەكيك لەو سەفەرانەيدا لەسەر ئەسپەكەى دەكەويتە خوارەوەو دەمريت،[٢٤٤] ئەمەش ئەو راستيەمان بۆ دەردەخات كە حكومەتى عوسمانى نەك هەر خۆى لاى لەبارى تەندروستى خەلك نەكردۆتەوە، بەلكو بۆتە بارگرانيش بەسەر خەلكەوە. مس بيل لەم بارەيەوە دەليت " لەرۆژگارى حوكمرانى توركى عوسمانيدا فەرمانگەى شارەوانى لەهەموو گوندو قەزاو ناحيەكاندا دامەزرابوو كە بەرچاوترين مەبەستى ئەم فەرمانگانە چاوديريكردنى كاروبارى تەندروستىو پاك راگرتنى شاربوو، جگە لەپاسەوانىو رووناك كردنەوەى كوچەو كۆنەلانەكان، بەلام لەراستيدا ببوون بە ئامرازيك بۆ كۆكردنەوەى پارەو موچەى بەريوەبەرو فەرمانبەرانو هەروەها پاشەكەوت كردنى بريك پارە بۆ مەبەستى خەرج كردنى لەميوانداريو هاتو چۆى فەرمانبەراندا.[٢٤٥]

مس بيل هەر لەدريژەى قسەكانيدا باس لەوە دەكات كە چۆن مەلاريا لەنيوچە شاخاويەكاندا پرزەى لەخەلك بريوەو حكومەتى عوسمانيش دەستە پاچە وەستاوە لەئاست ئەو گرفتە ئالۆزەداو هيچ هەنگاويك نانيت بۆ بەرگرتن لەم نەهامەتيە، ئەوە نەبيت هەنديك جار بريك (ئەليكنين)ى بەخۆرايى بەسەر دانيشتواندا دابەش كردووە وەك هەنگاويك بۆ خۆپاريزىو چارەسەركردن.[٢٤٦]

---

[٢٤٤] سەرچاوەى پيشوو، ل٥٩

[٢٤٥] فصول من تاريخ العراق القريب ، ل١٢٦.

[٢٤٦] سەرچاوەى پيشوو، ل٨٥.

سالنامەکانی دەولەتی عوسمانی زۆر بەروونی ئەم راستیانە دەسەلمینن، تەنانەت لەهیچ سالنامەیەکی ویلایەتی موسلدا باس لەخزمەتگوزاری تەندروستی نەکراوە کە لەسلیمانیدا ئەنجام درابیت تەنها لەسالنامەکانی، سالانی، (١٩١١-١٩١٢). دانەبیت ئاماژەیەکی سەرپیی کراوە بۆ تەنها خەستەخانەیەك لەشاری سلیمانیدا، ئەگینا بەهیچ شیوەیەك باس لەپەیروکردنی تاکە شیوازیکی تەندروستیش ناکات لەم شارەدا.[٢٤٧]

لەسالانی جەنگی یەکەمی جیهانی، دەولەتی عوسمانی تەواو شپرزە ببوو، شیرازەی کاروباری ئیمپراتۆریەتەکە تیك چوو بوو، کە ئەم حالەتەش رەنگدانەوەیەکی دوو چەندانەی دەبیت بۆ سەر باری تەندروستی خەلك شاری سلیمانی لەرۆژگاری جەنگی یەکەمی جیهانی‌دا بەحوکمی ئەو بارە ناهەموارەی ولاتەکەو برسیتی‌و سەرماو سۆلەدا هیندەی دیکە نەخۆشی‌و پەتا رووی تیکردبوو، حکومەت دوای ئەوەی مەکتەبی روشدیەی عەسکەری داخست بوو، بینای مەکتەبەکەی لەسالانی جەنگدا کردبوو بەخەستەخانە،[٢٤٨] بەلام هیچ سەرچاوەیەك ئاماژە بەخزمەتگوزاری ئەو خەستەخانەیە ناکات، ئەحمەد خواجە لەم بارەیەوە دەنوسیت " لەسالانی جەنگی جیهانی یەکەمدا هەناسەی خۆشی نەما، هەموو چەشنە پەتایەك ولاتی داگیرکرد، دەرمان‌و پزیشك‌و چارەسەر نەبوو"[٢٤٩] ئاشکرایە دوای کۆتایی هەمان جەنگ، تەنها سێ‌یەکی دانشتوانی شارەکە لەمردن رزگاریان ببوو، ئەمە جگە لەوەی، کە پیسی‌و ویرانی ئەم ولاتە بۆخۆی هۆکاریکی نەخۆشی‌و دەردو پەتا بوو، تەنانەت تا سالی ١٩٢٦ هیچ شیوو چال‌و زیرابیکی سلیمانی سەری نەگیرابوو، لەم میژووە بەدواوە شارەوانی دەستی کرد بەداپۆشینی ئاوو ئاوەرۆکانی ناو شار.[٢٥٠] دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، شاری سلیمانی لەخراپترین بارودۆخدابوو، کاتیك ئینگلیزەکان روویان کردە ئەم شارە هیشتا

---

[٢٤٧] عبد الفتاح علي يحي: سالنامات، ل٥٤.

[٢٤٨] قادر شالی: هەمان سەرچاوە، ل١٢-١٣.

[٢٤٩] چیم دی، ب١، ل٨.

[٢٥٠] ئەکرەمی سالحی رەشە: هەمان سەرچاوە، ب١، ل٢٩٧.

لاشەی مردوو لەسەر شەقامەکان مابوو،[٢٥١] بەڵام ویڕای ئەوەش ئینگلیزەکان ئاوڕی بەرچاویان لەم لایەنە نەداوە، ئەوە نەبێت هەنگاوی زۆریان نا، کە دەچوونە خانەی خۆپاریزیو چارەسەری تەندروستیەوە، هەر لە دابین کردنی خۆراكو نەهێشتنی برسیەتیو پاك کردنەوەی شارو ڕێکخستنەوەی، تەنانەت کاتێك نۆئیل گەیشتە سلێمانی یەکێك لەهاوەڵەکانی دکتۆر بوو، هەر بۆیە ئینگلیزەکان لەگەڵ هاتنیاندا کەوتنە کۆکردنەوەی ئەو دەلاکانەی بەکاری پزیشکی خەریك بوونو خەڵکیان چارەسەر دەکرد، ئەو کاتە ئینگلیزەکان ڕەوانەی بەغدایان دەکردنو لەژێر چاودێری دکتۆرە ئینگلیزەکاندا تاقی دەکرانەوەو موڵەتی ڕەسمیان پێدەدرا،[٢٥٢] جگە لەوەی لەگەڵ هاتنی خۆشیاندا چەند دکتۆرێکیان هێناو بینای مەکتەبی روشدیەی سەربازیان وەك خەستەخانە هێشتەوەو تا ساڵانێکی درەنگ خەڵکی ئەم شارە لەگەڵ ئەو پزیشکە ئنگلیزانەدا کاریان دەکردوو ژمارەیەکی زۆریان بەشداری خولی پزیشکیان دەکردوو مۆڵەتیان وەر دەگرت.[٢٥٣]

خەڵکی هێندە هەستیان بەکەم تەرخەرمی کردبوو، تاماوەیەکی زۆریش دوای هاتنی ئینگلیزەکان، هێندە بە پیر نەخۆشخانەوە نەدەچوون چونکە دڵنیا نەبوون لەوەی وەك پێویست سودی هەبێت، چونکە هێشتا بەچاوی رۆژگاری دەسەڵاتی عوسمانی لەم داموو دەزگا پزیشکیانەیان دەڕوانی، (سندرسن پاشای) پزیشکی تایبەتی شا فەیسەڵ، باس لەوە دەکات کە نێوچەکانی کوردستان لەهەموو شوێنێك زیاتر پێویستیان بەچاودێری پزیشکیو تەندروستی هەیە، هەر بۆیە دڵ خۆشی خۆی دەردەبڕێت بەوەی یەکەم خوێندکاری کوردی خەڵکی سلێمانی لەکۆلیچی پزیشکی بەغدا وەرگیراوە.[٢٥٤] هەرچەندە وەك پێشتر ئامارەمان پێکرد سلێمانی لەدوای جەنگی جیهانی تا ئەندازەیەك بەرەو باشتربوونی دۆخی تەندروستی

---

[٢٥١] ئەدموندز: کوردو ترکو عرب، ل٧٩.

[٢٥٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی سەید خدر: گۆڤاری سلێمانی، ژمارە ١٢، ل٣٠.

[٢٥٣] قادر شاڵی: هەمان سەرچاوە ، ل١٢-١٣.

[٢٥٤] مذكرات سندرسن پاشا: ترجمة سليم طه تكريتي، ط٢، بغداد ١٩٨٢، ل٣٩.

هەنگاوی نا، بەڵام ئەو نەخۆشیە درمو نیشتەجێیانەی خەڵکی ئاشنایان ببوون وازوو بەرۆکیان بەرنەدان، هەر بۆ نموونە تا ساڵانی حوکمی راستەوخۆی ئینگلیزیش، هەر لەبرەو دابوون، کە زۆر بەروونی لەچاپنامەکانی سەر لاپەرەکانی رۆژنامەی پێشکەوتنیدا بەرچاو دەکەون رۆژنامەی نێوبراو لەژمارە (٩٦)یدا خەڵکی ئاگادار دەکاتەوە کە نەخۆشی ئاوڵە لەدەوروبەری شاری قەڵادزێ و رانیە بڵاوبۆتەوەو بۆتە هۆی مردنی چەند کەسێك، هەر بۆیە داوا لەدانیشتوانی سلێمانی دەکات کە بەپیر بانگەوازی خۆکوتانەوە بچن کە رۆژانە بەخۆرایی ئەنجام دەدرێت، بەڵام لەژمارە (٩٧)ی هەمان هەفتەنامەدا، هەواڵی ئەوە بڵاوکراوەتەوە کە ئەو نەخۆشیە تەنیوەتەوە بۆ نێو شاری سلێمانی و گلەیی لەدانیشتوانی شارەکە دەکات کە وەك پێویست نەچوون بەپیر بانگەوازی خۆکوتانەوەو دووبارە داوایان لێدەکات کە خۆیان بکوتن، بەڵام بەهۆی نزمی ئاستی هۆشیاری تەندروستیەوە، خەڵکێکی کەم بەپیر ئەو بانگەوازەوە دەچن، تەنانەت بۆ جاری سێیەم لەژمارە (٩٩)ی پێشکەوتندا خەڵکی لەوە ئاگادار دەکەنەوە کە ئەم نەخۆشیە لەسلێمانیدا زۆر تەشەنەی سەندووە، بەڵام لەتێکرای (١٥) هەزار کەسی تەنها (٥٠٠-٦٠٠) کەس خۆیان کوتاوە.[٢٥٥]

هەڵوەستە کردن لەئاست نێوەرۆکی ئەم بانگەوازو هەواڵانەی هەفتەنامەی (پێشکەوتن) ئەو راستیەمان بۆ روون دەکاتەوە کە هێشتا دانیشتوانی سلێمانی ژیانیان لەمەترسیدایەو وەك پێویستیش لەگرنگی ئەو هەنگاوە خۆپارێزیانە نەگەیشتون و لەرووی کۆمەڵایەتیەوە دواکەوتوون.

چارەسەری ئەم بارەش هێندە ئاسان نەبووە و زووش ئەنجام نەدراوە، تا ساڵانێکی درەنگ سلێمانی بەدەست خراپی و ناهەمواری باری تەندروستیەوە گرفتار بووە، هەر ئەم حاڵەتەش وای لەئەمین زەکی بەگ

[٢٥٥] رۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە ٩٦، ٢٣/شوبات/١٩٢٢، ل٤.
رۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە ٩٧، ٢/ئازار/١٩٢٢، ل٦.
رۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە ٩٩ /١٦ئازار/١٩٢٢، ل٥.

کردووه بڵێت " نەبوونی تەشکیلاتی صحییە موسیبەتێکی گەورە بوو". [256] لەکاتێکدا ئاشکرایە کە هیچ دەسکەوت و خزمەتگوزاریەك هێندەی خزمەتگوزاری تەندروستی بەلای دانیشتوانەوە مایەی دڵ خۆشی نیە، کە حکومەت بۆیان دەستەبەر بکات، کە بێگومان بەر ئەنجامی سیاسی بەرچاویشی لێدەکەوێتەوە، گەر بێتو وەك پێویست لای لێ بکرێتەوەو پشت گوێ نەخرێت، [257]

لەهەمان کاتدا هەوڵی چاککردنی باری ئابوری و بژێوی دانیشتوانی گەورەترین رەنگدانەوە دەبێت بۆ سەر باری تەندروستی، خەڵکی وێڕای، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵك و نەهێشتنی نەریتە کۆمەڵایەتیە دواکەوتووەکان و، دابین کردنی ئاوی پاك بۆ خواردنەوەو گرنگی دان بەچاك کردنەوەی شارو نەهێشتنی فاکتەرەکانی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، کە بەدەوام شاری سلێمانی لەم رووەوە بە بەراورد لەگەڵ سەرجەم شارەکانی دیکەداکەمترین گرنگی پێدراوەو رێژەی خزمەتگوزاری تەندروستی و خەستەخانەو پزیشك و دەرمانخانەی لەهەموان کەمتر بووە. [258]

---

[256] موحاسەبەی نیابەت، بغداد، ١٩٢٨، ل٧.

[257] مس بیل: هەمان سەرچاوە ، ل٨٥.

[258] د. شاكر خصباك: العراق الشمالي، ل٢٦٤، ٢٦٥، ٢٦٦.

بەشی دووەم
سلێمانی لە رۆژگاری حوکمڕانی ئینگلیزدا(١٩١٨-١٩٢٢)

باسی یەکەم: سلێمانی و هاتنی ئینگلیز.

باسی دووەم:سلێمانی لەسەردەمی یەکەمین حوکمداریەتی شێخ مەحموددا.

باسی سێیەم : دەسەڵاتی راستەوخۆی ئینگلیز لە سلێمانیدا

باسی یەکەم:
هاتنی ئینگلیز بۆ سلێمانی

هاتنی ئینگلیز بەرەو کوردستانی باشوور بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی پێشینەیەکی مێژوویی کۆنی هەیە، ئینگلیزەکان سالانێکی زۆر بەر لەجەنگی یەکەمی جیهانی سەرجەم نێوچەی کەنداویان بەنێوچەکانی نێو بازنەی دەسەلاتی دەریایی خۆیان لەقەڵەم دەدا، بەردەوام چاودێری وردی ئەو هەرێمەیان دەکردو لەهەلێك دەگەڕان زیاتر شوێن پێی خۆیان بە درێژایی کەنارەکانی کەنداو قایم بکەن، تەنانەت لەسەردەمی دەسەلاتی شا ئیسماعیلی سەفەویداو لەسەرەتای سەدەی شانزەهەمی زایینیدا، بەریتانیا هەوڵی ئەوەی دەدا شوێن بە پورتوگالیەکان لەق بکات و خۆیان بچنە شوێنیان.[1]

هەر بۆیە لەسەردەمانێکی زووەوە دەسەلاتی بەریتانیا گەیشتبووە کەنداو تا دەهات دەسەلاتیان فراوانتریش دەبوو، بەتایبەت دوای ئەوەی سالی ١٦٠٠ بەریتانیا "کۆمپانیای هیندی رۆژهەلاتی" پێك هێنا، هێندەی دی لەم نێوچەیە نزیك بۆوەو بەهاوکاری ئێرانیەکان سالی (١٦٢٢) ز دەستیان بەسەر گەروی (هورمز)و گرتو لەدەست پورتوگالییەکانی دەرهێنا، کە ئەم کارە بەیەکەم هەنگاوی ئاشکرای ئینگلیزەکان دەژمێردرێت بەمەبەستی وەدەست هێنانی بارێکی سیاسی بۆ خۆی لەکەنداوداو دواتریش هەوڵێکی رێگە خۆشکەر بوو بۆ دەست گرتن بەسەر ئێران وسێ ویلایەتەکەی دەوڵەتی عوسمانیدا.[2] (سێرپێرسی کۆکس) زۆر بەئاشکرایی لەو لێکۆڵنیەوەیەیدا کە لەبەردەم ئەندامانی کۆمەڵەی، مەلەکی ئاسایدا خوێندییەوە ئاماژە بەویستی بەریتانیا دەکات و دەڵێت " لەوکاتانەدا کە تادەهات بەرژەوەندییەکانی، لەنێوچەکەدا پەرەی دەسەندو گرنگتر دەبوو، بە ئەندازەیەك هەنگاوێکی هەرە لەپێشی سیاسەتی ئێمە ئەوەبوو کە بوار بەهیچ هێزێکی ئەوروپی نەدەین،

---

[1] منذر الموصلي: الحياة السياسية والحزبية في كوردستان، لندن، ١٩٩١، ل١٣٨.

[2] هنری فوستر: هەمان سە رچاوە، ل٥٥-٥٦.

شوێن پێیەك لە سەر دەروازەی كەنداو بۆخۆی داگیربكات ".[٣] سەبارەت بە وسێ ویلایەتەی ژێر دەسەلاتی دەولەتیعوسمانی ، ئەوا هەر دوابەدوای هەلكەندنی نۆكەندی سوێس هێندەی دیكە بایەخیان لەدیدی بەریتانیادا زیاتر بوو، بەتایبەت كە بەریتانیا دواتر توانی ئیمتیازێك بۆ كۆمپانیای (ستیڤن لینج) بەمەبەستی دەریاوانی بەدەست بهێنێت.[٤]

لەو سەردەمەدا، دوای فراوانبوونی كۆمپانیای هیندی رۆژهەلاتو پەرەسەندنی چالاكی بازرگانی بەریتانیا، كۆمپانیای نێوبراو گەورەترین رۆلی لەهەلسووراندنی سیاسەتی بەریتانیادا دەگێڕا لەناوچەكەداو ببووە گەورەترینو چالاكترین مەكۆی سیخوری و هەوالگریو بەشێكی زۆری كردەی بازرگانی ئەم كۆمپانیایە. لەراستیدا روپۆشێك بوو بۆ هەولی دەست بەسەراگرتنی نێوچەكە، ئەم هەنگاوانەشی بە رێگای دزەكردن بۆ نێو بازارەكانی ئێران دەستی پێكرد ،[٥] هەر لەوكاتانەدا كە هێشتا ئەم سێ ویلایەتەی ژێر دەسەلاتی دەولەتی عوسمانی لەنێوەندە رامیاریەكانی بەریتانیادا بە "میزۆپۆتامیا" ناسرابوو، سیاسەتمەدارانی ئەو ولاتە چاویان بریبووە نێوچە كوردنشینەكانی نێو قەلەمڕەوی ئێرانو دەولەتی عوسمانیو هەر لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەوە گرنیەكی تایبەتیان بەكوردستان دەداو پیاوانی كۆمپانیای هیندی رۆژهەلات هەر جارە بەناوێكەوە لەنێوچە كوردیەكاندا دەگەڕان . بۆ نموونە لەسالی ١٨٥٧ دا دكتۆرێكی سەر بەم كۆمپانیایە، بەرێگای كەركوكدا تا ناوچەی ماردین چوو دوابەدوای ئەوەش چەند فەرمانبەرێكی دیكەی ئەم كۆمپانیایە رووەو چەند ناوچەیەكی دیكەی كوردستان دەستیان بەگەشتو گەڕان كرد، لەوانە د. كامپیل وت. هاول،[٦] دواتریش هەم لەدرێژەی ئەم هەنگاوانەی بەریتانیادا، وەك پیشەی

---

[٣] فؤاد القزانچي: العراق في الوثائق البريطانية، ١٩٠٥-١٩٣٠، بغداد، ١٩٨٩، ل٢١-٢٢

[٤] احمد رفيق البرقاوي: العلاقات السياسية بين العراق وبريطانيا، ١٩٢٢-١٩٢٣، بغداد، ١٩٨٠، ل١٣.

[٥] د. كمال مظهر احمد: كردستان في سنوات، ل٣٣.

[٦] د. كمال مظهر احمد: كردستان في سنوات، ل٣٣.

بەردەوامیان کەلەسەرەتادا بەنێوی ئاینەوەو پاشانیش بە گەشت و گەڕانەوە ڕوو لەوڵاتان دەکەن، تا لەدوا ئەنجامدا دەگەنە مەبەستی راستەقینەی خۆیان، کە داگیرکردنی وڵاتەکەیە، ئەمجارە نوێنەری کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات لەبەغداد، کلۆدیوس جیمس ریچ لە ساڵی ١٨٢٠، ڕووی کردە نێوچەکانی سلێمانی لەسەر بانگهێشتی مەحمود پاشای بابان ماوەی چوار مانگ لەهەرێمەکانی نێو قەڵەمڕەوی هەردوو میرنشینی بابان و ئەردەڵاندا مایەوەو لەنزیکەوە پەیوەندیی لەگەڵ هەندێك لەسەرۆکە ناسراوەکانی کوردا بەست، بەتایبەت لە (سلێمانی و سنە) و بۆ یەکەم جار نەخشەی چەند ناوچەیەکی کوردستانی کێشا، دوای ریچ، گەشتیارێکی دیکە لەساڵی ١٨٣٠ بەنێوی (مینیان) سەردانی سلێمانی کردو ماوەیەك لای سلێمان پاشای بابان مایەوە. پاشان لەساڵی ١٨٣٤ دا (جیمس بیلی فرایزر) گەشتە بەنێو بانگەکەی خۆی کرد بۆ کوردستان و بەهەمان شێوە، ماوەیەك لەسلێمانی لایداو بەدرێژیی باسی بارودۆخی ناهەمواری ئەم شارە دەکات، جگە لەمانەش لە لەساڵی ١٨٣٧ دا (ئینزە رۆس) سەردانی سلێمانی کردووەو بە هەمان شێوە باس لەمیوانداریێتی و دڵفراوانی سلێمان پاشای بابان دەکات و ستایشێکی باشی هێزی سەربازی ئەم میرنشینە دەکات.

لەدوا ساڵەکانی حوکمڕانی میرنیشنی بابانیشدا (فلیکس جۆنز) رایەکی بێ وێنەی سەبارەت بە ئەحمەد پاشای بابان و هێزی سەربازی ئەم میرە تۆمارکردووەو و دەڵێت " ئەحمەد پاشای بابان دوای تێپەڕبوونی تەنها ساڵێك بەسەر دەسەڵات گرتنە دەستیدا، توانی هێزێکی سەربازی باش رێکبخات و لەسەر شێوازی ئەورووپایی مەشقی پێ بکات "[٧]

لێرەدا ئەو راستیەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئینگلیزەکان بێ جیاوازی کردن، لەسەردەمانێکی زووەوە هەوڵیان داوە پەیوەندی بەگەلانی ناتورکی نێو چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی بکەن،وەك چۆن گرنگییان بەعەرەب و ئەرمەنی دەدا، بەهەمان شێوەش داویانە بە گەلی کوردیش ، هەر بۆیە تا

---

[٧] نەدمۆندز: هەمان سەرچاوە، ل٥٦-٥٧؛ د. کمال مظهر احمد: کردستان في سنوات، ل٣٣-٣٤.

دەهات زیاتر جموجۆڵیان لە نێوچەکانی کوردستاندا پەیدا دەکردوو، بەنزیك بوونەوەی سەدەی بیستەم زیاتر لەجاران دەکەوتنە خەمی کوردستانو زیاتر مەبەستیان روون دەبۆوە. فاکتەری راستەقینەی ئەم گرنگیپێدانە لە ئەندازە بەدەرەش بۆ دۆزینەوەی نەوت دەگەڕێتەوە لەکوردستاندا، هەروەها گرنگی پێدانی بێ ئەندازەی بەریتانیا بە میزیۆپۆتامیا بۆ ئەوەدەگەڕایەوە کە بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بوون ئەم وڵاتە بکەن بە بنکەیەك و لەوێوە دەسەڵاتی خۆیان بگوێزنەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دوورو لەهەمان کاتیشدا پارێزگاری لەو بەرژەوەندیانەیان بکەن،[8] هەر بۆیە بەریتانیا بەر لەهەڵایسانی جەنگی جیهانی یەکەم کەوتبووە خۆ ئامادەکردن و پلان دانان بۆ داگیرکردنی میزوپۆتامیا.[9] ئەم راستەیش زۆر بەڕوونو ئاشکرایی لەو رایەی، (لۆرد کیرزۆن) دا ئاشکرا دەبێت کە لەساڵی ١٩١١ دا لەبەردەم ئەنجومەنی لۆردانی بەریتانیادا دەری بڕیو وتی "هەڵەیەکی گەورەیە گەر وابزانرێت بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا تەنها لەنێوچەی کەنداودا قەتیسە، یا لەنێوچەکانی نێوان بەغداو بەسرەدا کۆتایی دێت، بەڵکو زۆر لەوە دوورتر تێپەڕ دەبێت" کە بێگومان لێرەدا مەبەستی (ویلایەتی موسڵ)ە کە (کوردستانیعێراقی) ئەمڕۆیە، ئاشکرایە کوردستان لەنەخشەی سیاسەتی بەریتانیادا شوێنێکی دیارو بەرچاوی هەبووە، هەر چەندە کوردستانی باشوو زیاتر مایەی گرنگی پێدان بوو لای بەریتانیا لە چاو پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە.[10]

کرۆکی سیاسەتی بەریتانیا لەئاست میزۆپۆتامیادا بەشێوەیەکی گشتی بریتی بوو لەداگیرکردنی ناوچەکە، بەڵام سەبارەت بەپیادەکردنو گرتنە بەری باشترین شێواز بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە لەنێو سیاسەتمەدارانی

---

[8] حامد محمود عیسی، المشکلة الکردیة في الشرق الاوسط، منذ بدایتها حتی سنة ١٩٩١، قاهرة، ١٩٩٢، ل٣٠.

[9] احمد رفیق البرقاوي: هەمان سەرچاوە، ل١٤.

[10] د. کمال مظهر احمد: کردستان في سنوات، ل٣٨-٤٠.

بەریتانیادا بۆچوونی جیاواز هەبوو ،[11] ئیدی مەسەلەی پاشەڕۆژی ئەو سێ ویلایەتە لەنێوەندە سیاسی و پەرلەمانیەکانی بەریتانیادا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردبوو چونکە عێراق هەرێمێکی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بوو.[12]

لەبەر ئەوە بەریتانیا هەڵایسانی جەنگی یەکەمی جیهانیی بە باشترین هەل زانی بۆ داگیرکردنی میزۆپۆتامیا، بەتایبەتی دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی چووە پاڵ ئەڵمانیاو وڵاتانی بەرەی ناوەند، ئیدی بەریتانیا دوای مشتومڕێکی زۆری نێوان کەناڵە جیاوازیەکانی سیاسەتی ئەو وڵاتە، بەتایبەت هەردوو قوتابخانەی هندی- ئینگلیزی و میسری- ئینگلیزی، بڕیاری راگەیاندنی جەنگی‌دا دژ بەدەوڵەتی عوسمانی و هێزێکی گەورەی بەریتانیا بەسەرکردایەتی جەنراڵ (دیلامین) لەهندستانەوە بەرەو کەنارەکانی کەنداو کشاو لەرێکەوتی ١٩١٤/١١/٦ دا شارۆچکەی (فاو)ی گرت.[13]

بەم شێوەیە بەریتانیا پەیتا پەیتا پێشڕەوی دەکردو لەهەوڵی ئەوەدابوو هێندەی لەتوانایدایە زیاتر بەنێو قوڵایی میزۆپۆتامیادا بێتە پێشەوە، هەرچەندە تا ئەو کاتەش کە لەگەرمەی هێرش کرندا بوو، سیاسەتێکی روون و ئاشکرای نەبوو لەئاستیدا، بەڵام (ئارثە ر هرتزل) لەحکومەتی هیند یەکەم سیاسەتمەداری ئینگلیزبوو کە هەوڵی داڕشتنی سیاسەتێکی بەریتانی داوە لەو ، وڵاتەدا، ئەوەش لەو بیرخەرەوەیەدا کە لە ١٤ی ئازاری١٩١٥ دا پێشکەشی دەکات و لەوێدا بەدرێژی باسی لە دوا رۆژی میزۆپۆتامیا کردووە.[14] بەریتانیا سوور بوو لەسەر کۆنترۆڵکردنی عێراق، بۆیە دوای

[11] جلال الطالباني: كردستان والحركة القومية الكردية، ط٢، بيروت، ١٩٧١، ل٢٠٥.

[12] لونگریك: تاريخ العراق الحديث، ل١٦٨.

[13] احمد رفيق البرقاوی: هەمان سەرچاوە ،ل١٤.

[14] د. حامد محمود عيسى: هەمان سەرچاوە، ل٣١.

ئەوەی (٩٨) هەزار قوربانی دا، توانی لەمانگی ئازاری ١٩١٧ دا بەسەرکردایەتی جەنراڵ (مۆد) شاری بەغدا داگیر بکات.[١٥]

بەڵام وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ویستەکانی بەریتانیا تەنها لە سنووری بەغدادا کۆتاییان نەدەهات. کاتێك مۆد گەیشتە بەغدا، راگەیاندنێکی بەناوبانگی بڵاوکردەوەو ئەوەی تێدا ئاشکرا کرد کە ئەوان وەك داگیرکەر روویان نەکردۆتە ئەم وڵاتە، بەڵکو وەك رزگارکەرێك بەهانای گەلانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەوە هاتوون.[١٦]

بێگومان لەگەڵ گەیشتنی سوپای بەریتانی بە عێراق گەلەك لەپیاوانی ناوداری عەرەب پەیوەندییان لەگەڵ سەرکردە سەربازییەکان و سیاسەتمەدارانی بەریتانیادا بەستبوو بەنیازی رزگاربوون لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی. بۆ ئەم مەبەستەش پێشوازی زۆریان لەو هێزانە کردبوو وە رێزێکی زۆریان لێنابوون و خۆشحاڵی خۆشیان دەربڕیبوو بە هاتنیان.[١٧] هەرچەندە حکومەتی عوسمانی بانگەوازی (جهاد)یشی راگەیاندبوو بەلام کاردانەوەیەکی بەرچاوی نەبوو، لێرەدا وەك ئاشکرایە ژمارەیەکی زۆر لەچەکدارانی کورد بەرابەرایەتی (شێخ مەحمودی بەرزنجی) هاوشانی سوپای عوسمانی دژ بە ئینگلیزەکان جەنگابوون لەشەڕی (شوعەیبە)دا، دواتریش لەبەرەی (پێنجوێن) دژ بەسوپای رووس جەنگابوون، بەڵام لەهەردووجاردا دەسەڵاتدارانی عوسمانی هێندە کاری ناشایستەیان دژ بە شێخ مەحمودو چەکدارەکانی نواندبوو، ئیدی شێخ و هاوەڵەکانی بڕیاری خۆیان دابوو، محەمەد رەسول هاوار لەزاری تۆفیق وەهبی دەگێڕێتەوە، کە کاتێك سوپای عوسمانی لەشەڕی شوعەیبەدا بەو شێوەیە شکا، سوپاکەی شێخ مەحمود لەگەڕانەوەیدا لە (ناسریە) لای دابوو، عیزەتی تۆپچی کە خۆی لەگەڵ شێخ مەحمودا لەو شەڕەدا بەشدار ببوو، ئەوەی گێڕابوەوە کە بەئامادەبوونی خودی شێخ

---

[١٥] کمال مجید: النفط والاكراد، لندن، ١٩٩٧، ل١٣.

[١٦] السيد عبدالرزاق الحسيني: تأريخ العراق السياسي الحديث، ج١،ط٧، بغداد، ١٩٨٩، ل٤٢

[١٧] م. س لازاريف و اخرون : الحركة الكردية في عصر الحديث، ل١١٩.

لەئاسریە باسیان لەوە کردووە لیژنەیەك پێك بهێنن بۆ ئەوەی پەیوەندی بە ئینگلیزەوە بکات، بە ئومێدی ئەوە کە گەیشتنە کوردستان گەلی کورد پشت گوێ نەخەن و مافی میللەتی کوردیش لەبەرچاو بگرن. بۆیە لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون نامەیەك بنێرن بۆ ئینگلیزەکان و عیزەت نامەکە بنووسێت و لەرێگەی یەکێك لەو کوردانەی خەڵکی سلێمانی کە ماوەیەك بوو لەئاسریە دەژیا، بیگەیەننە دەست ئینگلیزەکان.[18]

لێرەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە شێخ مەحموودو هاوەڵانی هەر لەسەرتاوە خۆیان یەکلاکردۆتەوەو بڕیاری پەیوەندی کردنیان داوە بەهێزەکانی بەریتانیا. کاتێکیش شێخ مەحمود لەناوچەی پێنجوێن بەشداری شەڕی روسیای دەکرد شان بەشانی عوسمانی وەك شێخ مەحمود خۆی لێی دوواوە، لەسەر ئەو بنەمایە بووە کە دوای کۆتایی هاتنی شەڕ تورکەکان مافی گەلی کورد بدەن، بەڵام تورك هەر هەمان هەڵس و کەوتی جارانی نواند.[19] بۆیە شێخ مەحمود لەگەرمەی ئەو شەڕەدا گەورە پیاوانی نێو چەکدارەکانی خۆی کۆکردۆتەوەو پێی وتون "چاوتان لێیە چ ناپیاویەکیان لەگەڵ کوردا کرد ئیتر بەسیەتی لەوە زیاتر خۆم پێ ناگیرێ، پێویستە کورد لەبرسیەتی و سەر شۆڕکردن بۆ تورکەکان رزگار بکەین، ئەبێ هەمووەمان هەوڵ بدەین سەربەخۆیی بۆ کورد مسۆگەر بکەین".[20]

ئەمەش باشترین گەواهیە کە شێخ مەحمود، لای خۆیەوە لەمێژەوە بەرنامەی دارشتووە کە بەچ مەبەستێك لەگەڵ دەوروبەریدا مامەڵە بکات. وەك د. کەمال مەزهەر باسی لێوە دەکات شێخ مەحمود بەر لە هەڵایسانی جەنگی جیهانی، بەغداو موسڵ پەیوەندیی بە ئینگلیزەکانەوە کردووە[21] ئینگلیزیش ئەو رۆژگارە هێندەی بۆی کرابێت هەوڵی داوە سوود لە کردەوەو رەفتارەکانی

---

[18] رەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ل٢٤٦.

[19] یادداشتەکانی شێخ لەتیف حەفید،ل٣١.

[20] رەسول هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان، ب١، ل٢٥٠.

[21] د.کمال مظهر احمد : وثائق وحقائق عن حرکات الشیخ محمود،جریدة التآخي: ژمارە (١٤٥٤)، ٨/١٠/١٩٧٢.

عوسمانیەکان رابگرێت، و بەهۆیەوە گەلانی ناتورک لەدژی ئەو حکومەتە هان بدات. بەتایبەتی باس کردنی سەربەخۆیی و ئازادی لەهەموو دەستەواژەیەک زیاتر دووبارە کراوەتەوەو کاریگەری زۆری لەسەر کورد هەبووە. لوید جۆرجی سەرەك وەزیرانی بەریتانیا دەڵێت " ئێمە دەمان زانی باسی ئازادی وەك یەکێ لەمەبەستەکانمان یاریدەمان دەدات بۆ تێك دانی شیرازەی یەکێتی وڵاتە ناحەزەکانمان لەوەشدا بەهەڵە نەچووین"[٢٢]، چونکە پڕوپاگندە لەساڵانی جەنگی جیهانی یەکەمدا رۆڵی زۆر لەجاران زیاتر بوو، بۆیە ئینگلیزەکان بایەخێکی زۆریان بەم مەسەلەیەدا. لوید جۆرج لەم بارەیەوە دەڵێت "زانیمان دەتوانین توانای دوژمن لەرێگەی کەڵك وەرگرتن لەناڕەزایی گەلانی ژێر دەستیەوە هەڵتەکێنین، هەر بۆ نموونە سەدان ساڵی چەوساندنەوە ژیانی پێکەوەی عەرەب و تورکی کردبووە مەحاڵ".[٢٣]

ئەم قسەیەی لوید جۆرج، پەرۆشی ئینگلیز دەخاتە روو کە چەندیان مەبەست بووە گەلانی نێو چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی بەلای خۆیاندا بەکێش بکەن، گەلی کوردیش یەکێك بوو لەگەلانی نێو ئەو دەوڵەتە.

سوپای ئینگلیز لەگەڵ داگیرکردنی بەغدادا کەوتە هەوڵ و تەقەلای ئەوەی کە بەهەر شێوەیەك بێت خۆیان لەکورد نزیك بخەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش، لەیەکەم تەقەللایاندا سەرەتای ساڵی ١٩١٨ کەوتنە دەرکردنی رۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) کە ئەم رۆژنامەیە بەسەرپەرشتی و چاودێری مێجەرسۆن دەردەچوو، بەهاوکاری شوکری فەزلی شاعیر کە هەموو هەوڵێکی دروست کردنی پەیوەندی بوو لەنێوان سەرۆکە کوردەکان و بەریتانیادا، و بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم ژمارەکانی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردبوو.[٢٤]

دوا بەدوای براندەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی لەباشووری کوردستانیشدا، شاری سلێمانی وەك شارێکی دیارو بەرچاوی باشووری

---

[٢٢] تێگەیشتنی راستی، ل٩٩-١٠٠.

[٢٣] سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩-١٠٠.

[٢٤] د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: تێگەیشتنی راستی، ل١١٧.

کوردستان یەکجار بایەخی پەیدا کردبوو،[٢٥] بەتایبەتی بەحوکمی توانـاو دەسەڵاتی شێخ مەحمود و لەو شارەدا. ئینگلیزەکانیش ئەم راستیەیان باش دەزانی، بۆیە هەوڵی ئەوەیان دەدا خۆیان لەشێخ مەحمودی نزیك بکەنەوە، بۆ ئـەم مەبەسـتەش تێگەیشـتنی راسـتی لـەژمارە یـەکیدا، نـاودارانی کـورد دەژمێرێتو لـە شـێخانەوە دەسـت پێدەکـاتو زۆرتریـش بەشـانو باهویـاندا هەڵدەداتو دەڵێت " شێخان لەهەموو کوردستاندا شۆڕەتی ئازایەتییان هەیەو هیچ وەختێ لەحکومەتی تورك نەترساون" و داوایـان لێدەکـات سـلێمانی و دەوروبەری رزگار بکەن لەدەست تورکان، ئەمە جگە لەوە، هەر هـەمان رۆژنامـە بـەردەوام هـەوڵی داوە باوەڕی ئـەوە لای کـورد دروسـت بکـات کـە چارەسـەری گرفتەکانیان لای ئینگلیزە، بۆیە هەقە کوردیش وەك عەرەب پشت بە ئینگلیز ببەستن، تەنانەت تێگەیشـتنی راسـتی زۆر بەگـەرمی بـاس لـەوە دەکـات کـە حکومـەتی بـەریتانیا چـەند کـوردی خۆشـدەوێتو دەڵێـت:- "ئینگلیزەکـان لەهەموو قەومێك زیاتر دۆستی کوردانن، عاشـقی شـەجاعەتی ئـەوانن، دلێری کوردانیان چاك بیستووە لەبەر ئەمە زۆریان خۆش ئەوێن".[٢٦]

ئینگلیز ئـەو کاتـە لەکوردسـتاندا، لەهـەموان زیـاتر چـاوی لـە کوردەکـانی ناوچـەی سـلێمانیو دەوروبـەری بـوو، بـە حوکمـی ئـەوەی شـێخ مـەحمود لـەو نێوچەیەدا جموجۆڵێکی زۆری هەبوو، یەکێك لەخاسیەتەکانی شێخ مەحمودو بزاڤـەکانی ئـەوەبوو، بـەردەوام هـەوڵی ئـەوەی دەدا لـەچوارچێوەی جوڵانەوەیەکی ناوچەیی خۆی دەرباز بکاتو هـەر لەسـەرەتاوە هـەوڵی ئـەوەی دەدا کـە پـەیوەندیی لەگـەڵ هـێزە سیاسـیەکانی دەوروبـەریدا ببەسـتێ. بـۆ نموونە لەگەرمەی سالانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا شێخ مەحمود نامـەی بۆ (شـەریف حوسـەین)ی شـەریفی مەککـەو کوڕانـی ڕەوان کـردووە، پێشـنیازی ئەوەی بۆ کردوون کە بەهاوئاهەنگی دژ بەدەوڵەتی عوسمانی کاربکەن.[٢٧]

[٢٥] منتشاشفیلی: کورد، ل٥٠.

[٢٦] د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: تێگەیشتنی ڕاستی، ل١١٧، ١١٨، ١٢٢.

[٢٧] د. كمال مظهر احمد: جريدة التآخي، عدد، ١٤٥٤، ١٩٧٣/١٠/٨.

هەر بۆیە ئینگلیز بەمەبەستی پەیوەندی بەستن لەگەڵ کورددا دوای داگیرکردنی بەغدا، سەرقاڵی ئەوەبوو کەسانێك رەوانەی نێوچە کوردیەکان بکات کە پێشتر بەباشی شارەزایی ئەو ناوچەیە بووبن، بۆ ئەم مەبەستەش سۆنی رەوانە کرد، د. کەمال مەزهەر لەم بارەیە دەڵێت " سۆن لە هەموو ئینگلیزی ئەو سەردەمەو بگرە پێش ئەو سەردەمەش زیاتر شارەزای کوردو وڵاتی کوردو زمانی کوردی بوو، بەر لەشەڕی یەکەم بەچەند ساڵێ هاتبووە ناو کوردو لەنزیکەوە لە نیشتمانو نەریتی کۆڵیبۆوەو پەیوەندی لەگەڵ زۆری ناوداریان بەستبوو، بەنێوی میرزا غوڵام حوسەینی شیرازییەوە".[٢٨]

لەسلێمانیشدا شێخ مەحمود و گەورە پیاوانی شارەکە بڕیاری ئەوەیان دابوو پەیوەندی بە ئنگلیزەوە بکەن چونکە خەڵك تەواو هیوابڕاو بوو بوون لەعوسمانیەکان، پێیان وابوو پشتگیری کردن لەعوسمانی وەك ئەوەیە پەیمان لەگەڵ کەسێکی دۆڕاودا ببەستن.

لەهەمان کاتدا ئەو رۆژگارە خەڵك وای لێهاتبوو بەهەموو شتێك رازی ببێت، بەمەرجێك لەترسی مەرگ رزگاری بێت. بەتایبەتی لەو رۆژانەدا پەیتا پەیتا هەواڵ دەگەیشتە سلێمانی کە ئینگلیزەکان چۆن خەڵکی ناوچەکانی باشووریان لەبرسێتیو نەهامەتی رزگارکرووەو وەك فریشتە بەهانای خەڵکەوە دەچن. بۆیە وەك رەسول هاوار باسی لێوە دەکات هەوڵنەدان بۆ پەیوەندی کردنو هاوکاری نەکردنی ئینگلیزەکان چ بەلای شێخ مەحمودەو چ لای خەڵك، بەشتێکی زۆر نەزانانەو گێلانە دادەنرا،[٢٩] چونکە لەو سەردەمەدا دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، سلێمانی تەواو پەرێشان و کاول بوو بوو هیچی بەسەر هیچەوە نەمابوو، بازرگانیوکرینو فرۆشتن لەشارەکەدا وەستابوو، دوو لەسەرسێی خەڵکەکە لەبرساناو لەسەرمانا مردبوون، هیچ هیواو ئومێدێك لەژیاندا بەدی نەدەکرا.[٣٠]

---

[٢٨] د. کمال مظهر احمد: کردستان في سنوات، ل١٨٥-١٨٧

[٢٩] شێخ مەحمودی قارەمان،ب١، ل٣٥٩-٣٦٠.

[٣٠] ویلسون: بلاد مابين النهرين بين ولاءين، ل١٦.

بێگومان ئەم خەڵکە هەژارو نەدارەش چاوەڕوانی کەسێك بوو بەفریای بگات. خەڵکی هەڵبژاردەو تێگەیشتوان‌و پیاو ماقوڵەکانی شارەکەش، تەواو هاتبوونە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێت ئینگلیز بگاتە سلێمانی بۆ ئەوەی ئەم شارەش لەو گۆڕانکاریانە بێ بەش نەبێت کە لەدوای جەنگی جیهانی دێتە کایەوە.

کاتێك ئینگلیزەکان گەیشتنە کفری‌و توزخورماتوو لەمانگی نیسانی ١٩١٨ داو لەرێکەوتی ٧ی‌مایسی١٩١٨ هێزەکانی جەنراڵ مارشاڵ کەرکوکیشیان داگیرکرد، ئەو کاتە شێخ مەحمود نامەیەکی نوسی‌و بەدزیەوە ناردی بۆ کەرکوك بۆ (ویلسن)ی حاکمی گشتی عێراق‌و خۆشحاڵی خۆی تیایدا دەربڕیبوو سەبارەت بەسەرکەوتنەکانی سوپای بەریتانیا،و داوای لێکردبوو بەرەو سلێمانی بێن‌و حکومەتێك بۆ کورد پێك بهێنن لەژێر چاودێری خۆیاندا، شێخ مەحمود لەم نامەیەدا خۆی وەك نوێنەری نەك هەر کوردستانی باشوور، بەڵکو هی رۆژهەڵاتیش تا دەگاتە شاری (سنە) خۆی بە ئینگلیز ناساندو داوای ئەوەی لێکردبوون وەك نوێنەری ئەوان حوکمڕانی بکات،[*][٣١] ئەو نامەیەی کەرکوکی بەدەستی عبدوڵلا سافی‌دا رەوانە کردبوو، نامەیەکی دیکەش بەدەستی عیزەت مەدفەعی لەرێگای کۆیەوە بەمۆی موحسین ئاغاوە ناردبوو. سەبارەت بەناوەڕۆکی ئەم دوو نامەیە، ئەوا هەریەك لە (رەفیق حیلمی، ئەحمەد خواجە، رەمزی قەزاز) بەجیاواز ناواخنی نامەکە دەخەنە روو، بەڵام وێڕای ئەو جیاوازییەش، سەرجەمیان گوزارشت لەخۆشحاڵی کورد دەکەن بەگەیشتن‌و سەرکەوتنی ئینگلیز. (ویلسن) خۆی زۆر بەروونی باس لەو پێشوازیە گەرمە دەکات کە دانیشتوانی ئەم وڵاتە لێیان کردووە، بەڵام کاتێك ئینگلیزەکان پاش چەند رۆژێك (کەرکوك) چۆڵ دەکەن،

---

[*] هۆکاری خۆناساندنی شێخ مەحمود وەك نوێنەری کوردستانی ئێران تا شاری سنە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە سەردەمی حوکمڕانی بابانەکاندا ئەم ناوچانەش دەکەوتنە قەڵەمڕەوی میرنشینی بابانەوە هەر بۆیە ئەو لێك نزیکی و پەیوەستی‌یە لە ئارادا بوو لە نێوانیاندا.

[٣١] رەفیق حیلمی: یادداشت،ب١، ل٥٧-٥٨.

ئەوا دانیشتوانی نێوچە کوردیەکان دووچاری ناخۆشی و نەهامەتیەکی زۆر دێن. بەتایبەتی کاتێك دووبارە لەگەڵ توندوتیژی تورکەکاندا رووبەروو دەبنەوە، تەنانەت نامەکەی شێخ مەحمود کە بەدەستی عەبدوڵڵا سافیدا رەوانەی کردبوو ناگاتە دەست ئینگلیزو ناوبراو یەکسەر نامەکە دەداتە دەست خەلیل پاشای فەرماندەی هێزی عوسمانیەکان لە عێراق، هەر بۆیە لەسەر بڕیاری خەلیل پاشا بە فرت و فێڵ شێخ مەحمود لەسلێمانی دەستگیر دەکەن و رەوانەی (کەرکوك)ی دەکەن، لەوێش شێخ دەدەنە دادگاو حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا دەدەن.[٣٢] پاشەکشەی هێزەکانی بەریتانیا لەشاری کەرکوك کاردانەوەیەکی خراپی هەبوو بۆ سەر ناوو بانگی هێزەکەیان و لەپێش چاوی خەڵك شان و شکۆی جارانیان نەما ، تەنانەت هەمەوندەکان، کە پێشتر نامەی پشتگیریان بۆ هێزەکانی ئینگلیز رەوانە کردبوو و ئامادەیی هاوکارییان دەربڕیبوو، دوای ئەم پاشەکشەیە، لێیان هەڵگەڕانەوەو کەوتنە دژایەتی کردنیان.[٣٣]

لەلایەکی دیکەوە دوای ئەوەی شێخ مەحمود حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا دراو رەوانەی (موسڵ) کرا، بەهۆی هاتنی (عەلی ئیحسان پاشا)وە ئەم حوکمەی لەسەر لابراو جێبەجێ نەکرا، کە عەلی ئیحسان پاشا خۆی لەم بارەیەوە باسی لەوە کردووە ،کەوا زانیویەتی ئەوان هەر شەڕەکەیان دۆڕاندوە و لەو بارودۆخەشدا خنکاندنی شێخ مەحمود هیچ سودێکی پێ نەگەیاندوون، بۆیە وای بە چاك زانیوە بیکات بە فەرماندەی دەستەیەکی چەکدار و بەهۆیەوە دژایەتی هێزەکانی بەریتانیا بکات و هیچ نەبێت ماوەیەکی تر پێشڕەوی هێزەکانیان دوابخات، هەر بۆیە بانگی کردوتە لای خۆی و رێزێکی زۆری لێناو

---

[٣٢] وەلید حمدی: کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیا، سلێمانی -١٩٩٩، ل٣٥ ؛ پێ رەش: العراق دولة بالعنف، مطبوعات کوردولوجیا ، ١٩٨٦، ل١٤،١٥.

[٣٣] ویلسون: بلاد مابین النهرین، ل١٤-١٥.

بەناوی حکومەتی عوسمانیەوە دووبارە رەوانەی کردەوە بۆ سلێمانی و کردی بەفەرمان رەوای شارەکەو بڕی پێنج هەزار لیرەشی پێدا .[*][٢٤]

هێزەکانی بەریتانیا دووبارە لە ١٩١٨/١٠/٢٥ شاری کەرکوکیان کۆنترۆڵ کردوەو لە ٣١ی هەمان مانگدا ئاگر بەستی مۆدرۆس مۆرکراو جەنگ راوەستا، لەو کاتەدا عەلی ئیحسان پاشا بەتەلگراف فەرمانی دا بە (عەلی رەزا بەگ)ی موتەسەریفی لیوای سلێمانی کە ئیدارەی شارەکە بداتە دەست شێخ مەحمود، جگە لەوەش نازناوی (نەقیب)یش بەشێخ مەحمود بەخشراو، لە سلێمانیدا تەنها ئەو فەوجە سەربازە تورکیە مایەوە کە (سالح بەگی تابوور ئاغاسی) فەرماندەی بوو.[٢٥]

بەم شێوەیە شێخ مەحمود بوو بەموتەسەریفی سلێمانی و بەناوی حکومەتی عوسمانیەوە ئیدارەی گرتە دەست، بەڵام پیاوانی تورك و عەلی رەزا بەگی موتەسەریفی عوسمانی شاری سلێمانیان جێهێشت و روویان کردە موسڵ .شێخ مەحمود دووبارە ئەم بارودۆخە تازەیەی سلێمانی بەهەل زانی و لەرێگای (عیزەت تۆپچی و فایەقی تاپۆ)وە، نامەیەکی دیکەی بۆ ئینگلیزەکان رەوانە کردوو دووبارە داوای لێکردن کەبەرەو سلێمانی بێن بەرامبەر بەهەندێك پەیمان و بەڵێن کە وەك مەرج بۆ ئینگلیزەکانی دانابوو.

تا گەیشتنی ئەم نامەیە هێزەکانی ئینگلیز لەخۆیان رانەدەبینی هێندە بەئاسانی بچنە نێو سلێمانیەوە، بۆیە ئەو نامەیە زۆر دڵخۆشی‌کردن و

---

[*] شێخ رەئوفی کوری شێخ مەحمود لە یاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات کە حکومەتی عوسمانی هیچ پارەو پولێکییان بە شێخ مەحمود نەداوە ، بەڵکو ئەو کاتەی لە موسڵ بووە باری دارایی زۆر خراپ بووە کاتی گەڕانەوەشی بۆ سلێمانی بە قەرز پارەی لەو ئەفسەرە کوردانەی موسڵ وەرگرتووە بۆ خەرجی رێگا (رەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ل٣٥٥.)

[٢٤] ئەحمەد خواجە: چیم دی،ب١، ل١٩.

[٢٥] رەفیق حیلمی: یادداشت، ب١، ل٥٧ ؛ وەلید حمدی: کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، سلێمانی ، ١٩٩٩-،ل٣٥

بەڵێنیان بەشێخ مەحمود دا کە بەرەو سلێمانی بچن.[٣٦] لەسەر راسپاردەی (ولسن)ی حاکمی گشتی، مێجەر (نۆئیل) کرا بەحاکمی سیاسی لیوای کەرکوك و لەرێکەوتی ١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨، میجر نۆئیل خۆی و گروپێکی بچوك کە لەدکتۆرێك و ئەندازیارێك و مێجەر (دانلێس) و چێشت لێنەرێك و چەند خزمەتکارێکی لەگەڵدا بوو، ئەمانە بەرێگای چیاکانی نێوان کفری و چەمچەماڵدا هاتنە داریکەلی، شێخ مەحمودیش لای خۆیەوە دەستەیەك لەپیاو ماقوڵانی نارد بۆ پێشوازیان و بەپیریانەوە چوون، کاتێك دەستەکەی مێجەر نۆئیل ئەم پێشوازییەیان بینی بێ ترس و سڵەمینەوە بەرەو سلێمانی چوون.[٣٧]

نوئێل خۆی باس لەوە دەکات کە چۆن پێشوازیەکی شاهانەی لێکراوەو ئەم بەرو ئەوبەری رێگا خەڵکی لادێکان بۆ پێشوازی وەستاون و بەو هاتنەی خۆشحاڵ بوو،[٣٨] لەنێو شاریشدا شێخ مەحمود خۆی بەدوای پیاو ماقوڵانی سلێمانی و سەرانی تیرەو خێڵەکانی دانارد کەهەموویان لەسلێمانیدا کۆببنەوەو لەپێشوزای (نۆئیل) دابن،[٣٩] بەم شێوەیە نۆئیل لەرێکەوتی ١٩١٨/١١/١٦ گەیشتە سلێمانی.[٤٠]

کاتێك نۆئێل گەیشتە سلێمانی هێشتا بارودۆخی شار یەکجار پەرێشان بوو، لاشەی مردوو لەسەر شەقامەکانی کەوتبوو، تەنها سێ‌یەکی دانیشتوانی شارەکە مابوونەوەو ئەوانیش لەوپەڕی برسێتی و نەهامەتیدا بوون، چاوەڕوانی ئەوەبوون بەهەر شێوەیەك بێت کەمێك مەینەتیەکانی سەرشانیان

---

[٣٦] عبد المنعم الغلامی: ثورتنا في شمال العراق، ج١، بغداد، ١٩٦٦، ل٩٣ ؛ رەفیق حیلمی: یادداشت، ب١، ل٥٦،٥٧،٥٨.

[٣٧] رەفیق حلیمی: یادداشت، ب١، ل٥٨-٥٩.

[٣٨] عبد المنعم الغلامي: هەمان سەرچاوە، ل٩٣؛ احمد عثمان ابو بكر: كردستان في عهد اسلام، مجلة الثقافة، ق١٢، ع (١١-١٢) ١٩٨٠، ل٧٣.

[٣٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا جەمیل رۆژبەیانی ٢٠٠١/٢/١٧، بەغداد.

[٤٠] د. احمد عثمان ابو بكر: مقترحات لادارة المناطق كردية بعد الحرب العالمية الاولى، مجلة كاروان، عدد، ٤٨، ١٩٨٦، ل١٣٩.

سووك بێت. خەڵكی هێندە پەرێشان بوون تەنانەت بنەتۆویشیان نەمابوو كە كەمێك دەغڵو دان تۆو بكەن،[٤١] بۆیە نۆئیل لەیەكەم هەنگاودا دەبوایە هەوڵی چاككردنی ئەو بارە بدات، لەم پێناوەشدا بەپەلە كەوتە هێنانی خۆراكو ئازوخەو دابەشكردنی بەسەر خەڵكیداو دووبارە وەگەڕخستنەوەی بازاڕەكانی سلێمانی. تەنانەت بڕێكی زۆر پارەشیان خستە بازاڕەوە، چونكە وەك ئەدمۆندز باسی لێوە دەكات لەدوو ساڵی كۆتایی جەنگدا بازاڕو بازرگانی سلێمانی تەواو نابوت ببوون،[٤٢] بەم شێوەیە نۆئیل، بڕێكی باش خۆراكو ئازوخەی بەسەر دانیشتواندا دابەش كرد، هەرچەندە (ئەحمەد خواجە) باس لەوە دەكات كە ئەو ئازوخەیە بەخۆڕایی نەبووە بە پارە فرۆشراوە بەخەڵكو خەڵكە هەژارەكە هەر لەپەرێشانیدا بوون، بەڵام بەهەر حاڵ ئینگلیزەكان بەهۆی ئەم بڕە خۆراكەوە توانیان تا ئەندازەیەكی باش دانیشتوانی شارەكە بناسنو سودێكی باش لەبرسیەتی خەڵكەكە وەربگرن.[٤٣]

وێڕای ناهەمواری بارودۆخی سلێمانی لەو رۆژگارەدا، بەڵام هێشتا دەستەیەكی هەڵبژاردەو رۆشنبیر لەشارەكەدا هەبوون بە بەرچاو رونیەوە كاریان دەكرد، لەمەشدا بەپلەی یەكەم كاریگەری ئەو شەپۆلی بەئاگاهاتنەوەیەیان لەسەر بوو كەسەرجەم گەلە ناتوركەكانی دەوڵەتی عوسمانی گرتبۆوە.[٤٤]

بەتایبەتی ئەو ئەفسەرە كوردانەی خەڵكی سلێمانی بوون لە ئەستەمبوڵ گەڕابوونەوەو بەشداریی جەنگی یەكەمی جیهانییان كردبوو، دەستیان كردبوو بەجموجۆڵو لەنێو خۆیاندا دەستە دەستەو گروپ گروپ كۆبوونەوەو زیاتر نیمچە رێكخراوی سیاسی سادەو ساكاریان پێك هێنابوو كە لەگەڵ ئەو

---

[٤١] ولسن: بلاد مابین النهرین، ج٣، ل١٦ ؛ رەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ب١، ل٣٥٩-٣٦٠ ؛ ادموندز: هەمان سەرچاوە، ل٧٩.

[٤٢] كرد و ترك و عرب ، ل٧٩.

[٤٣] ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب١، ل٤٢ ؛ مس بیل: فصول من تاریخ العراق القریب، ل٣٩.

[٤٤] صلاح الخرسان: التیارات السیاسة في كردستان العراق،قراءة في ملفات الحركات والاحزاب الكوردیة في العراق ١٩٤٦-٢٠٠٠. ط، بیروت،٢٠٠١، ل١٥-١٦.

سەردەمە مێژووییەدا دەگونجا.[٤٥] ئەمانە کەسانی دڵسۆزو نیشتمان پەروەر بوون و لەو رۆژگارە ناسکەدا هەر ئەمانە بەدەوری شێخ مەحمودەوە بوون کە شتێکیان لە باسی نیشتمانپەروەری و مافی میللەتی کوردو سیاسەتیان زانیووە، بەڵام بەرامبەر بەم توێژە نیشتمانپەروەرو رۆشنبیرە، هێشتا دەستەو تاقمێکی زۆر لەپیاوی ئاینی و مەلاکان لەسلێمانیدا دەست رۆیشتوو بوون ، بەهیچ شێوەیەك ئامادەنەبوون جگە لە تێڕاونینی تەسکی خۆیان هیچ بیروبۆچونێکی دیکە قەبوڵ بکەن، هەتا لەنێو خۆیاندا لیستێکیان ئامادە کردبوو بەناوی کۆمەڵێك لەو رۆشنبیرو منەوەرانەی کە بە (فەرمەسۆن)و (بۆینباغ لەمل) ناویان دەبردن بەمەبەستی کوشتنیان، بەپاساوی ئەوەی کە بیروباوەڕی کوفرو خوانە ناسی بڵاو دەکەنەوە .[*][٤٦]

تەنانەت ئەو ساتەش کە شێخ مەحمود و پیاو ماقوڵانی سلێمانی بڕیاری بانگهێشت کردنی ئینگلیزیان دابوو ئەم دەستەو تاقمانە تا دوا ئەندازە نیگەران بوون، بەبیانووی ئەوەی کە ئینگلیز کافرەو چۆن دەبێت شوێنی خەلیفەو دەوڵەتی عوسمانی موسڵمان بگرێتەوەو بەپیرەوەچوونی ئینگلیزیان پێ خۆش نەبوو.[٤٧] بەڵام روناکبیرانی کورد بەشێوەیەکی گشتی پێیان وابوو رزگاری کوردستان پەیوەندی بەنیازپاکی بەریتانیاوە هەیە.[٤٨] هەرچەندە ژمارەیەکیشیان هێشتا رارابوون لەوەی کە ئاخۆ ئینگلیز خاوەنی بەڵێنەکانی

---

[٤٥] نوری شاوەیس: من مذکراتي، ط١، ١٩٨٥، ل٨.

[*] تۆفیق وەهبی باس لەوە دەکات کە لە نێو شاری سلێمانیدا مەلا ڕەسولی دێلێژە پەلاماری داوەو بۆینباغەکەی لە ملی توند کردووەو بە کافر لە قەڵەمی داوەو خەریك بووە بیخنکێنێ ، بەڵام شێخ مستەفای کوردی کە مامۆستای تۆفیق وەهبی بووە بە فریای گەیشتووەو ڕزگاری کردووە .(ڕەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ل٢٣٩-٢٤٠).

[٤٦] ڕەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ل٢٣٩-٢٤٠.

[٤٧] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨١.

[٤٨] جلال الطالباني: هەمان سەرچاوە، ل٩٨ ؛ دکتۆر سادقی شەرەفکەندی: هەمان سەرچاوە، ل٦٤.

خۆی دەبێت و یا ئەوانیش بەهەمان شێوەی عوسمانیەکان مامەڵە لەگەڵ کورد دا دەکەن.

بەهەر حاڵ ئەو رۆژگارە شاری سلێمانی پایتەختی روحی و نیشتماپەروەری کوردستان بوو،[٤٩] هەر بۆیە ئەو سەردەمە رەوتێکی کوردایەتی تەواو لەم شارەدا باڵا دەست بوو، ئەدمۆندز لەم بارەیەوە دەڵێت "ماوەی نێوان داگیرکردنی سلێمانی لەلایەن بەریتانیاوەو نەمانی میرنشینی بابان، کە لەحەفتا ساڵ زیاتر نییە، بێ گومان بەشێکی زۆری پیاوانی ئەم شارە یەکەم مەسەلەو باس و خواسێك لە باوکیانەوە بەرگوێیان کەوتبێ مەسەلەی خۆش و سەرنج راکێشی سەردەمی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بووە لەسەردەمی بابانەکاندا ،** [٥٠] هەر بۆیە ئەو کاتە سلێمانی بەمەڵبەندی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد دەژمێردرا،[٥١] تەنانەت دانیشتوانی ئەم شارە بەشێوەیەك بەسەرجەم چین و توێژەکانیانەوە، بڕوایەکی پتەو لەمێژوویاندا رەگی داکوتاوەو پێیان وایە سلێمانی مەکۆی بوژاندنەوەی بیری نەتەوەییەو یەکەم کۆرپەلەی دەوڵەتێکی کوردی بەرفراوانە کە دەبێت ئەم شارە پایتەختی بێت، تەنانەت پیاوانی ئینگلیز هەستیان بەوەکردبوو کە

---

[٤٩] دانا ادمز شمدت: رحلة الى رجال الشجعان في كوردستان، ترجمة: جرجيس فتح الله، ط٢، اربیل –١٩٩٩، ل١٤٧.

** (عارف صائب) ی سکرتێری تایبەتی شێخ مەحمود کە خۆی شاعیرێکی بە توانا بووە چەندین شیعری جوانی هەیە بە تایبەتی ئەو کاتانەی کە لە سوپای عوسمانی دا بووەو لە شاری سلێمانی دوور بووە لە کۆپلە شعرێکیدا دەڵێت :–

" دڵم نایە دوعای مەحوی بکەم چونکە سلێمانی
بەنیسبەت یادگاری خاڵصی ئەولادی بابانە "

(جەمیل صائب : لە خەوما ، پێشکەش کردن و لێکۆڵینەوەی جەمال بابان ، بەغداد ، ١٩٧٥ ، ل ٨).

[٥٠] ادموندز: هەمان سەرچاوە: ل٥٨.

[٥١] منتشاشفیلی: العراق في سنوات الانتداب، ل٣٠٩.

کەش و هەوای سلێمانی لێوان لێوە بەوەی کە شارەکەیان بەردی بناغەی سەربەخۆیی کوردستان.[٥٢]

هەر بۆیە لێرەدا ئەو راستیە ئاشکرا دەبێت کە کاتێك هێزەکانی بەریتانیا بێ تەقەو بەرهەڵستی گەیشتنە ناو شاری سلێمانی خەڵکی ئەم شارە چاوەڕوانی سەربەخۆیی و ئازادی بوون و لەگەڵ ئینگلیزدا هەر دوولا یەك ئامانجیان هەبوو لەدەرکردن و دور خستنەوەی تورك لەم وڵاتەدا خۆی دەبینیەوە، ئەو سەردەمە خەڵك تەواو گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو چونکە جەنگی یەکەمی جیهانی بەزۆر مەسەلە ئاشنای کردبوون و رووبەڕووی سەردەمێکی یەکجار دەگمەن و کەم وێنەی کردبوونەوە، تەنانەت رەوشی رۆژگاری دوای جەنگ وای لەهەندێك مێژوونووس و لێکۆڵەر کردووە کە پێیان وابێت مێژووی سیاسی و نیشتمانپەروەری کوردی راستەقینە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەست پێدەکات،[٥٣] بەتایبەتی لەشاری سلێمانیدا، تادەهات زیاتر بیروباوەری سیاسیش پێ دەگەیشت. دوای کۆتایی هاتنی جەنگ ژمارەیەك لەئەفسەرەکانی سلێمانی گەڕابوونەوە، لەنێو خەڵکیدا بە (بۆڵشەویك) ناسرابوون، خەریکی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوون، بێ ئەوەی هیچ لەمارکسیزم – لینینیزم و بیری کۆمۆنیستی گەیشتبن، بەڵکو دەستەیەك بوون کە زۆربەیان لەو دیلانە بوون کە بۆڵشەویکەکان ئازادیان کردبوون.[٥٤] راستی ئەم مەسەلەیەش لەو گرنگی پێدانەی رۆژنامەی (پێشکەوتن) بەدەردەکەوێت کە لەچەندین ژمارەدا تانەو تەشەر دەگرێتە سۆڤیەت و بەلشەویك و هەوڵی ناوزڕاندنیان دەدات لەپێش چاوی خەڵکی.[٥٥]

بەڵام وێڕای لاوازی فیکری و سیاسی جوڵانەوەی رزگاری کورد لەسەردەمی جەنگی جیهانی و دوای ئەو جەنگەش، رۆشنبیرانی سلێمانی

---

[٥٢] ادموندز: هەمان سەرچاوە، ل٦٠؛ منتشاشفیلی: العراق في سنوات:ل٣٠٩.

[٥٣] د. احمد عثمان ابو بکر: کردستان في عهد السلام، مجلة الثقافة، عدد، ١١-١٢، ١٩٧٩، ل٣٥.

[٥٤] جلال الطالباني: هەمان سەرچاوە، ل١٠٥.

[٥٥] پێشکەوتن: رۆژنامە، ژمارە ١،٢، نیسانی -١٩٢٠.

تەواو لەبارودۆخی سالانی پێشوو گەیشتبوون، بڕوای تەواویان لادروست ببوو کە کورد لەئەنجامی سیاسەتی عوسمانیدا چەند نەهامەتیو ناخۆشیان توش هاتووەو سالانی جەنگی جیهانی کوردی توشی چ رۆژگارێك کردووە. دواتر ئەم راستیانەیان بەئاشکرا دەربڕیوەو لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکانی ئەوسەردەمە لێی دواون. بۆ نمونە عەزیز قەزاز، لەژمارە چواردەی (رۆژی کوردستان)دا، وتارێکی بلاوکردۆتەوەو تیایدا باس لەنەهامەتیەکانی کورد دەکات کە لە سەرەتای جەنگی جیهانیەوە توشی چەندین نەهامەتیو گیرو گرفت هاتووە ،کە بەشێکی زۆری کێشەی دوژمنان بووە و بەرۆکی کوردی گرتووە و هیچ سودێکی خۆی تێدا نەبووە جگە لە ژێر دەستەیی. هەر لەژمارە پانزەی هەمان رۆژنامەدا (خواجە ئەفەندی زادە) کەهەر دەبێ (ئەحمەد خواجە)بێ،وتارێکی بەناونیشانی (عیبرت) بلاوکرۆدتەوەو تیایدا دەلێت:-

"لەمازیدا چ نەوعە حەیاتێکمان رابواردووە، ئەلبەتە هەموو ئەیزانین، ئیفنای حەیات، تەرکی سەعادەتو مەنافیعی خۆمانمان کرد بۆ موحافەزەو مەنعی تەعەروزی ئەجانیب لەحدودو خاکی خەلق بەناوی دیانەتەوە چەند کەسانمان لەحەربی عمومیدا شەهیدو فەوت بوون، حالی حازریش هێشتا زۆرمان لەبەر تەعزیە تەبدیلی قیافەتمان نەکردووە".[٥٦]

وردبونەوەو تێڕامان لەناوەرۆکی ئەم بابەتو وتارانە، ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە بۆچی رۆشنبیرانی سلێمانیو خەلکە رەشۆکیەکەش هێندەیان مەبەست بووە، رۆژێك زووتر ئینگلیز بگاتە سلێمانیو لەژێر دەستی تورك رزگاریان بێت، بە ئەندازەیەك کە شێخ مەحمود داوای لە ئنگلیزەکان کردووە نەهێلن جارێکی دیکە تورك بگەڕێتەوە بۆ ئەم ناوچانە.[٥٧]

کاتێکیش ئنگلیزەکان هاتنە سلێمانی زۆر بەوردی ئەم هەلو مەرجەی ئەوسای سلێمانیان لێکدابوەوە، بۆیە لەسەرەتادا هەولی دەدا بەهەر شێوەیەك بێت، دلی شێخ مەحمودو دانیشتوانی ئەم شارە رابگرێت، ولسن، میجەر

---

[٥٦] رۆژی کوردستان، ژمارە (١٤، ١٥) ٢٤/شوبات/١٩٢٣، ٣/مارت، ١٩٢٣.

[٥٧] پێ رەش: هەمان سەرچاوە، ل١٤.

نۆئیلی راسپاردبوو کەچی بەپێویستی زانی لەسلێمانیدا ئەنجامی بداتو چەندیش پارەی پێویست بوو خەرجی بکات بۆ پێداویستیەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی بەریتانیا، ئەوە بوو لەرێکەوتی ١٩١٨/١١/١٧ دا واتە دوای تێپەربوونی تەنها یەك رۆژ بەسەر گەیشتنیدا نۆئیل لەسەر راسپاردەی (ولسن) جاڕی دامەزراندنی یەکەمین حکومداریەتی شێخ مەحمودی دا.[٥٨]

باسی دووەم:

سلێمانی لەسەردەمی یەکەمین حوکمداریەتی شێخ مەحمودا

پاش ئەوەی نۆئێل لەرێکەوتی ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ دا گەیشتە سلێمانی وەك نێردراوێکی حکومەتی بەریتانیا، بەخۆیی و کۆمەلێك بڕیارو راسپاردەی حکومەتەکەیەوە هاتبوو، ئەوەبوو بۆ رۆژی دوایی لەبەردەرکی سەرا، بەرامبەر بە ئاپۆرەیەك خەلکی سلێمانی و کوردستانی ئێران وتارێکی بەزمانی فارسی پێشکەش کردو، تێیدا شێخ مەحمودی وەك حوکمدار بەخەلك ناساند کە لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە کراوە بەحکومداری ئەم ناوچەیەو[٥٩] خودی (مێجەر نۆئێل)ش کرا بەراوێژکاری سیاسی شێخ مەحمودو (مێجەر دانلێس)یش وەك راوێژکاری سەربازی دانرا[٦٠] ئینگلیزەکان هەولیان دا، لایەنگیری خەلکی سلێمانی و دەوروبەری بۆ شێخ مەحمود و حکومەتەکەی بەدەست بهێنن. بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاریاندا (بەیعەت) بۆ شێخ مەحمود بکەن، رەفیق حیلمی کە خۆی لەو رێو رەسمەدا بەشداربووە، لەو بارەیەوە دەلێت (هەر ئەو رۆژە بۆ ئێوارێ) لەمالی شێخ مەحمود ئەهالی و پیاوە گەورەو ناودارەکانی سلێمانی کۆکرانەوەو (بەیعەت) بەحوکمدار درا، خۆم لەگەل ئەحمەد ئاغای کەرکوکی زادە لەم بەیعەتەدا حازربوم، جگە لەمەش بڕیاردرا نۆئێل لەشارەکانی تری کوردستانا دەست بکات بەتەشکیلات بۆ رێکخستن و

---

[٥٨] ولسن: بلاد مابين النهرين. ل١٥.

[٥٩] رەفیق حیلمی: یاداشت، ب١، ل٦٢.

[٦٠] عەلائەدینی سجادی: شۆڕشەکانی کوردو کوردو کۆماری عێراق، بەغداد ، ١٩٥٩ ل ٨١-٨٢.

یەکخستنی ئەو شارانە چی پێویست بوو بیکات، مانگی (١٥) هەزار روپیە مەواجب بۆ حوکمدار بڕایەوە"[٦١].

ئەو رۆژانە سلێمانی وەك مەڵبەندێکی چالاکی کوردستان بەدەرکەوتبوو بەحوکمی ئەو جموجۆڵو هەڵوێستانەی لەکۆتایی سالانی دەسەڵاتی عوسمانیەکانەوە ئەم شارە بەخۆیەوە بینی بوون، بۆیە وەك لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد، کۆمەڵێك سەرەك هۆزو پیاوانی ناوداری کوردستانی ئێران روویان کردبووە سلێمانیو بەنیازی ئەوەبوون کە نێوچەکانی ئەوانیش بچێتە ژێر قەڵەمڕەوی حکومەتەکەی شێخ مەحمودەوە.[٦٢] بەڵام لەسالانی جەنگی یەکەمی جیهانیوە هەردوو حکومەتی ئێرانیو بەریتانی زۆر لێك نزیك بوو بوونەوەو پەیوەندییەکی بەتینیان هەبوو، بەئەندازەیەك لەکۆتاییدا پەیمانێکی دۆستایەتیان بەست، بەمەبەستی هاوکاری کردنی یەکتر لەساڵی ١٩١٩ دا .[٦٣]

کاتێك ئیگلیزەکان (نۆئێل) یان رەوانەکرد بۆ سلێمانی، خاوەنی سیاسەتێکی دیارو ئاشکرا نەبوون لەئاست کوردستاندا، هەروەك بەروونی لەنوسینەکانی ویلسنو مس بێل دەردەکەوێت کە چۆن ئەوان بە (نۆئێل) یان راگەیاندووە کە ئەو راستیە لەخەڵکی سلێمانی بگەیەنێت کەوا هەرچی بڕیارو هەنگاوێك دەنرێت لەم رۆژگارەدا بڕیاری کۆتایی نیەو بەڵکو مەسەلەیەکی کاتیەو لەهەموو کاتێکدا دەشێت چاوی پێدا بگێڕدرێتەوە، هەروەها ویلسن لەهەمان کاتدا ئەوەی بە نۆئێل راگەیاندووە تاکو بەسەرەك هۆزە کوردەکان رابگەیەنێت حکومەتی بەریتانیا بەنیاز نیە هیچ دەسەڵاتێکی نامۆیان بەسەردا بسەپێنێت.[٦٤]

---

[٦١] یاداشت، ب١، ل٦٢.

[٦٢] رەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ب١، ل

[٦٣] د. احمد عثمان ابوبكر: كردستان في عهد السلام، مجلة الثقافة، عدد٧، ل٤٧.

[٦٤] بلاد مابين النهرين، ل١٥-١٦.

بەم شێوەیە نۆئێل لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاسپاردانەدا کاری دەکردو، هەر لەسەرەتاوە ئیگلیزەکان نیازیان باش نەبوو، تەنانەت وەك عەلائەدین سجادی باسی دەکات ، هەر لەرۆژی جاڕدانی حکومداریەتی شێخ مەحموددا دانلێس لەژێر لێوەوە ئامـاژەی بـەوە کـردووە، کـە مەبەسـت لـەم کـارە دامـەزراندنی حکومـەتی کـوردی نیـە، بـەڵکو تەنـها مەبەسـت حوکمداریـە[٦٥] لـەکاتێکدا لـەو رۆژانـەدا بەشێکی هـەرە زۆری خـەڵکی سلێمانی بڕوای تـەواویان بـە ئینگلـیز هەبووەو پێیان وابووە ئەم دامو دەزگایەی شێخ مەحمود دەبێتە بنکەو بناغەی حکومەتێکی کوردی[٦٦] ئەو کاتە بزوتنەوەی هەستی نەتەوایەتی لەسلێمانیدا زۆر بەهێز بوو، خەڵکی لایان وابوو کە حکومەتی بەریتانیا لێپرسـراوییەتی ئـەوەی گرتۆتـە ئەستۆ کە ئاورێك لەکوردیش بداتـەوە، تەنانـەت خـودی شـێخ مـەحمودیش لەسـەرەتادا هـەمان بیرو بـاوەڕی لا دروسـت ببـوو کـە ئینگلـیز لەهەوڵی ئەوەدایە سەرجەم هۆزەکانی کوردستانی باشور لـەژێر سـەرکردایەتی ئـەودا یـەکبخات.[٦٧] ئینگلیزەکـانیش کـە لەسـەرەتادا هاتنـە سـلێمانی، لـەوە دڵنیـابوون کـە شـێخ مـەحمود بـەهێزترین و بـەرچاوترین کەسـایەتی ئـەم ناوچەیەیە بۆیە ناشێت بێ هاوکاری و هاریکاری ئەو ئاسایش و ئارامی لەم ناوچەیەدا بەرقـەرار بێـت، تەنانـەت نۆئێـل لـەو راپۆرتـەیدا کـە لـە رێکـەوتی ٨کانونی یەکەمی ١٩١٨ دا پێشکەشی سەروی خۆی کـردووە بەئاشکرا دان بەو راستیەدا دەنێت.

لـێرەدا وێـرای ئـەوەی کـە (نۆئێـل) ئەفسـەرێکی سیاسـی حکومـەتی بەریتانیا بووەو سیاسەتی حکومەتەکەی خۆشی لەم ناوچانەدا سەپاندووە، بەڵام لەهەمان کاتدا خاوەنی بیرو باوەڕوو بۆچوونـی تایبـەتی خـۆی بـووەو تێروانینـەکانی تـا ئەندازەیـەکی بـەرچاوو جیـاواز بـووە لەتێروانینـەکانی ویلسن و مس بێل، بۆیە هەر لەسەرەتاوە بەراپۆرتێك چەند جارێك بۆچوون و

[٦٥] عەلائەدین سجادی: هەمان سەرچاوە، ل٨٢-٨٣.

[٦٦] رەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ب١، ل٤٠٨.

[٦٧] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٢.

تێڕوانینە ئیجابیەكانی خۆی لەمەڕ ئیدارەی حكومەتەكەی شێخ مەحمودەوە بۆ سەروو خۆی ڕەوانەكردووە.[٦٨]

لەبەر ئەوە (نۆئێل) لای خەڵكی سلێمانی وەك فریشتە تەماشا كراوە ئەم هەستە تەنها لای خەڵكە ڕەشۆكیەكە نەبوو كە لەئەنجامی ئەو یارمەتیدان و باربووكردن و ئازوخە بەخشینەدا لایان دروست بووبوو، بەڵكو ڕۆشنبیران و مونەوەرانی سلێمانیش بەچاوێكی زۆر بەڕێزەوە تەماشای (نۆئێل)یان دەكرد، لەم ڕووەوە (ڕەفیق حیلمی) لەهەموان زیاتر كەوتۆتە ژێر كاریگەری نۆئێلەوەو پێی وابووە، گەر بهاتایەو نۆئێل سلێمانی جێنەهێشتایە چارەنوسی كورد بەلایەكی دیكەدا دەشكایەوە.[٦٩] بەم شێوەیە نۆئێل تاخۆی لەسلێمانیدا بوو هەوڵیدا هیچ بەركەوتنێك و بەگژاچوونەوەیەك لەنێوان خۆی و شێخ مەحمودا ڕوونەدات، شێخ مەحمود وەك حوكمدار كەوتە كارو جۆرێك لە دام و دەزگای سیاسی لەسەر شێوازی دام و دەزگای كۆنی عوسمانیەكان لەسلێمانیدا دامەزراند.[٧٠]

بەڵام شێخ مەحمود وەك پێویست لەئاست ئەم بارودۆخەدا مامەڵەی نەكرد، ئەوەبوو سەرجەم پۆست و كارگێڕیەكانی ئەو حوكمداریەی بەخزم و كەس و كاری خۆی پڕكردەوە بێ گوێدانە لێوەشاوەیی و پسپۆڕیەك، ئەوەبوو لەسلێمانیدا تەشكیلاتێكی وەك تەشكیلاتی پێشووی لیوا دامەزرا، (سەید عومەر)ی مامی شێخ مەحمود كرا بە موتەسەریف و (حاجی سەید حەسەن)ی مامی دووەمی بوو بە حاكم، (شێخ قادر)ی براشی بوو بەسوپا سالار (فەرماندەی هێزی لیڤی)*. بەم جۆرە زۆربەی خزم و كەس و كاری شێخ

[٦٨] د. احمد عثمان ابوبكر: مقترحات لأدراة المناطق الكردية بعد الحرب العالمية الاولى، گۆڤاری كاروان، ژ، ٤٨، ئەیلول، ١٩٨٦، ل١٣٩.

[٦٩] یادداشت،ب١، ل٧٠.

[٧٠] ڕەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ل٤٠٨.

* ئینگلیزەكان دوای ئەوەی عیراقیان داگیركرد، لەخەڵكی نێوچەكان هێزێكی خۆجێیی یان پێكهێنا، كە لەسلێمانیدا ئەم هێزە لەلایەن ئەفسەرانی خۆیانەوە سەرپەرشتی دەكرا ، بەڵام وەك ڕواڵەت جەمال عیرفان فەرماندەی دەستەی سوارەی ئەم هێزە بوو، ڕەمزا بەگیش فەرماندەی هێزی پیادە بوو، بەڵام لە ناوچەكانی دیكەی عیراقدا ئەو ئاسوریانەی لە نێوچەكانی كوردستانی باكور رایان كردبوو هاتبوونە ئەم دیو بەریتانیا گرنگی پێدەدان و كۆڵەكەی ئەم هێزەیان پێكدەهێنا.

مەحمودو دەستەو دایەرەیەکەی هەریەکەو• بەجۆرێك دامەزرابوون.[٧١]

بێگومان ئەم مەسەلەیە هەر لەسەرەتاوە بووە مایەی نیگەرانی خەڵك و کەسانێکی زۆر لەم روانگەیەوە گلەییان لەشێخ مەحمود دەکرد، تەنانەت وەك باس دەکرێت (موشیری حەمەی سلێمان) لەم هەڵوێستەوە کەوتۆتە دژایەتی کردنی شێخ مەحمود، خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت (هەموو کەس و کاری شێخ مەحمود پلەو پایەی، ئەفسەری و وەزیریان وەرگرت لەوانە شێخ قادری برای، خزمی وای هەبوو، لولەی تفەنگ و ماوزەری باروت لەشی پیس نەکردبوو تەقەی نەکردبوو، بەڵام بوو بە ئەفسەرو مێجەرو وەزیر منیش هیچ! تورە نەبووم، وتم قوربان شێخ مەحمود ئەمە ناحەقیە، ئەگەر وابێت لەم رۆژەوە لەگەڵت نیم و لەپشتی تفەنگەوە نەبێت نامبینێت)[٧٢] ئەم مەسەلەیە لەنێو خەڵکی دیکەشدا رەنگی دابۆوە، تەنانەت رەفیق حیلمی کە دڵسۆزی شێخ مەحمود بووەو زۆر لێوەی نزیك بووە گلەیی و گازاندەیەکی زۆر لەم حاڵە دەکات، بەتایبەت باسی لە (تایەر فەرخەی) مودیری پۆلیس دەکات کە هیچ خوێندەواری‌یەکی نەبووەو لەو شوێنە دانراوە.[٧٣]

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد لەو رۆژانەدا دوای کۆتایی هاتنی جەنگ شاری سلێمانی بایەخێکی یەکجار زۆری پەیداکردبوو، وەك مەڵبەندێکی رامیاری تەماشا دەکرا. تەنانەت دوای جاڕدان و راگەیاندنی ئەو حوکمداریەتەی شێخ مەحمود ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی دێهاتی دەوروبەری سلێمانی دێیەکانی شێخ مەحمود، بەسواری و پیادە خۆیان دەکرد بەنێو شارداو سلێمانی وروژابوو. ئەم مەسەلەیەش خۆی لەخۆیدا باشترین گەواهیە بۆ هێوربوونەوەی خەڵکی و باوەڕ دروستبوونەوە لایان بەوەی کە بارودۆخی شاری سلێمانی و کوردستان بەرەو باشی دەچێت.

---

[٧١] عبد المنعم الغلامي: ثورتنا في شمال العراق، ل٩٣: رەفیق حیلمی: یاداشت، ل٦٢.

[٧٢] ئازاد هەمەوەندی: بۆ جاری سێیەم موشیری حەمەی سلێمان، گۆڤاری رەنگین، ژ، ١٠٩.سالی١٩٩٧.

[٧٣] رەفیق حیلمی: یاداشت،ب١، ل٨٦.

لەسەرەتاى دامەزراندنى ئەو دەسەلاتە سياسيەدا شێخ مەحمود پەيتا پەيتا پێشوازى لەسەرەك هۆزو ميوانەكانى دەكردو سلێمانى جموجوڵێكى بەرچاوى پێوە ديار بوو، ماڵى شێخ مەحمودو ماڵە دەوڵەمەندەكانى سلێمانى پڕ بوو لەم ميوانانەو مەسرەفێكى زۆريان لێدەكرد.

ئينگليزەكان لەهەنگاوى يەكەمدا لاى خۆيانەوە بۆ زياتر هێوركردنەوەى بارودۆخ، لەرێگاى سەرۆكى شارەوانيەوە بڕێكى زۆر ئازوخەو كەل و پەلى خۆراكيان دابەش كردوو، پارە و پوليان خستە بازاڕەوە خەڵكانێكى زۆريش ئەو بارو دۆخەيان قۆستەوە بۆ خۆو دەوڵەمەند كردن و سوود وەرگرتن لەو حاڵەتە بەتايبەتى دەست و پێوەندو پياوانى بنەماڵەى شێخان.[٧٤]

شێخ مەحمود لەم حكومەتەيدا هيچ رۆژنامەو ئۆرگانێكى نەبوو، بەلام وێڕاى ئەوەش هەندێك كارو كردەوەى جێ بايەخى ئەنجامدا كە گوزارشتيان لە ويست و داخوازيە راستەقينەكانى شێخ مەحمود دەكرد، بەتايبەت هەر لەسەرەتاوە ئەو راستيە ئاشكرابوو كە شێخ مەحمود كار بۆ فراوانكردنى قەڵەمرەوى خۆى دەكات و دەيەوێت هەردوو شارى (كەركوك و كفرى)ش بخاتە سەر دەسەلاتەكەى خۆى[٧٥] جگە لەوەش شێخ مەحمود لەيەكەم كاريدا زمانى كوردى كردە زمانى رەسمى دام و دەزگاكانى حكومەتەكەيى، و رۆژى ١٩١٨/١١/٩ دوايين رۆژى بەكارهێنانى زمانى توركى عوسمان بووە لەسلێمانيدا بەپێى تۆمارێكى توركى دادگا، بەلام تا رۆژى ١٩١٨/١١/٢٨ كە دوانزەهەمين رۆژى حوكمدارێتى شێخ مەحمود بووە پێدەچێت زمانى فارسى بەكار هاتبێت، بەلام لەرێكەوتى ١٩١٨/١١/٢٨ەوە زمانى كوردى بەرەسمى بۆتە زمانى بەكارهاتوو لە كاروبارى حكومداريەتەكەى شێخ مەحمود داو بڕيارى رەسمى حكومدار بۆ ئەم مەبەستە گەيشتۆتە دادگا، تەنانەت خودى شێخ مەحمود خۆى زۆر بەتەنگ ئەو مەسەلەيەوە بووەو پابەندى بەكارهێنانى

---

[٧٤] سەرچاوەى پێشوو ، ل٦٤.

[٧٥] سديق سالح: يەكەم حكومەتى كوردستانى جنووبى كوردستانى نوێ، ژمارە، ٢٣٥٦،سالى ٢٠٠٠.

زمانی کوردی بووه لەنوسراوه تایبەتیەکانی خۆشیدا [٧٦]* . سەبارەت بەکاروباری ئیداری ناوچەکەش ئەوا شێخ مەحمود بەتەنها خۆی لەم ناوچەیەدا فەرمانی دەرنەدەکرد، چونکە ئینگلیزەکان سەرپەرشتی کارەکانیان دەکرد، تەنانەت کاتێك نۆئیل هاتە سلێمانی ولسن ئەو رێنماییەی پێ راگەیاندبوو، وا پێویستی دەکرد کە نۆئیل لەخەڵکی بگەیەنێت، پێویستە بەردەوام بن لەسەر بەخشینی ئەو باجە یاساییانەی لەرۆژگاری دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا دەیاندا، بەڵام بەمەرجێك هەوڵی گونجاندنییان بدرێت لەگەڵ بارودۆخە نوێکەدا.[٧٨] دواتر ویلسن لەرێکەوتی ١٩١٨/١٢/١ دا بەفرۆکە گەیشتە سلێمانی و لەنزیکەوە چاوی بەشێخ مەحمود و سەرەك هۆزە کوردەکان کەوت و گفتوگۆیان کرد، وەك خۆی باسی لێوە دەکات لەگەڵ شێخ مەحموددا بەدوورو درێژی گفتوگۆیان کردووەو خەڵکی دەوروبەری سلێمانی (ویلسن) یان تەواو دڵنیا کردووە کە بەزەبری هێز دژی هاتنەوەی تورك دەوەستن، لەهەمان کاتیشدا ئامادەیان بەوە کردووە کە پێویستیان بەجۆرێك لەپارێزگاریی و چاودێریی بەریتانیا هەیە، هەرچەندە رێکەوتنێك لەنێوانیاندا نەبوو سەبارەت بەو شێوازەی بەمەبەستی پارێزگای دەگیرێتە بەر، ویلسن لەم بارەیەوە لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت (هەندێك لەسەرکردەکان حەزیان بە ئیدارەیەکی بەریتانی تەواو دەکرد لەکوردستان، بەڵام هەندێکی دیکە دژی ئەم مەسەلەیە بوون، لەکاتێکدا کەسانێك هەبوون حەزیان بەوە بوو کوردستان

---

[٧٦] عبدالرقیب یوسف:شێخ مەحمود لە دوانزەهەمین رۆژی حوکمداری خۆیدا . زمانی کوردی لە دادگاکان دا کردە رەسمی ، کوردستانی نوێ ، ژمارە (٢٥٠٨) ، ساڵی ٢٠٠٠.

* بۆ نموونە جارێك شێخ مەحمود داوا لە (عەلی کەمالی باپیر ئاغا)ی شاعیرو کاتبی تایبەتی خۆی دەکات نامەیەکی بۆ بنوسێت، ئەویش بەفارسی نامەکەی بۆ دەنوسێت، کاتێك شێخ مەحمود پرسیاری ئەوەی لێدەکات ئاخۆ بۆ بەفارسی نوسیویەتی، عەلی کەمالی باپیر ئاغا لەوەڵامدا پێی دەڵێت (جا قوربان فەرقی چیە) شێخ لەم وەڵامە زۆر نیگەران دەبێتو فەرمان دەدات دارکاری بکەن . (عەبدول رەقیب یوسف : کوردستانی نوێ ، ژمارە (٢٥٠٨) ، ساڵی ٢٠٠٠)

[٧٨] ویلسن: هەمان سەرچاوە، ل١٥.

لەژێر دەسەڵاتی (لندن) دابێت نەك (بەغداد)، وەك باسی لێوە دەكات ژمارەیەكیش لەسەرەك هۆزە كوردەكان لەپەناوە ئەوەیان بۆ دركاندووە كە حەز بەسەركردایەتی شێخ مەحمود ناكەن. شێخ مەحمود دوای گفتوگۆ و لێكدانەوەیەكی ورد نوسراوێكی دابووە دەست ویلسن كە لەلایەن چل گەورە پیاوی كوردەوە مۆركرابوو، تێیدا خۆشحاڵی خۆیان دەربڕیبوو بەرامبەر بەوەی كە بەریتانیا لەژێر جەورو ستەمی تورك رزگاری كردوون و داوای ئەوەیان كردبوو كە لەژێر چاودێری بەریتانیادا بن و پشتگیری سەربەخۆیی و پێشكەوتنیان بكات. بەپێی قسەكانی (ویلسن)، بەریتانیاش بەڵێنی ئەوەی پێدابوون كە رێگر نەبێت لەپێش هیچ هۆزو خێڵێك كە لەنێوان زێی گەورەو سیروانندا نیشتەجێ بێت و بیەوێت بچێتە ژێر سایەی حكومەتەكەی شێخ مەحمودەوە، تەنانەت وەك ویلسن ئاماژەی بۆ دەكات گوایە شێخ مەحمود داوای لێكردووە كە ئەفسەری ئینگلیزیی بۆ سەرجەم دائیرەكان رەوان بكەن و ئەفسەر بۆ سوپای (لیڤی) كوردیش بنێرن وەك چاودێر.[٧٩]

بەم شێوەیە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە لەسەرەتاوە لێك گەیشتنێكی باش هەبووە لەنێوان شێخ مەحمودو دەسەڵاتی بەریتانیادا ، ئەو كاتەش ئینگلیزەكان لە دەسەڵاتی خۆیان دڵنیانەبوون لەكوردستان بۆیە زۆریان لامەبەست بوو سوود لەتواناو دەسەڵاتی شێخ مەحمود وەربگرن لەناوچەكەدا، نۆئێل لەو راپۆرتەیدا كە لە ١٩١٨/١٢/٨دا رەوانەی كردووە بەئاشكرا باس لەوە دەكات كە پێویستە بە چاوێكی سوكەوە نەڕواننە دەسەڵاتی شێخ مەحمود لەناوچەكەدا چونكە گەر بەچاكی ئەو سیاسەتە لێك بدەینەوە كە عوسمانیەكان لەم وڵاتەدا پەیڕەویان كردووە ئەركاتە پاساوی ئەوەمان دەبێت كە تێڕوانینێكی شیاومان هەبێت بۆ هەڵس و كەوتەكانی شێخ مەحمود بەوپێیەی كە كارەكانی ئەو گوزارشتێكی سروشتیە لە نارەزایی و راپەڕین دژ بە جەورو ستەم لەلایەن زۆر لێكراوانەوە.[٨٠]

---

[٧٩] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٦–١٧

[٨٠] – د. احمد عوسمان ابوبكر: مقترحات لأدارة المناطق الكردية بعد حرب العالمية الاولى، گۆڤاری كاروان، ژ. ٤٨

ئەم تێڕوانینانەی نۆئیل بۆ خۆی فاکتەرێکی باش بوو کە لەسەردەمی خۆیدا جۆرێك لەتەبایی و لێك گەیشتن لەنێوان ئینگلیزەکان و شێخ مەحموددا هەبێت، تەنانەت کاتێك دەنگ و چالاکی و هەوڵە دبلۆماتیەکانی (شەریف پاشای خەندان) * لەئارادا بوو وەك نوێنەری کورد لە کۆنفرانسی ئاشتیدا بەشداری کردبوو شێخ مەحمود وەك رەفیق حیلمی باسی لێوەدەکات و لەماڵەکەی خۆیدا بە ئامادەبوونی نۆئیل و کاربەدەستێکی دیکەی ئینگلیز کەوتبووە هەوڵی پشتگیری کردنی شەریف پاشاو بۆ ئەم مەبەستەش مەزبەتەیەك رێکخراوە بە ئیمزای ژمارەیەك لەسەرۆکەکانی کورد کە رەفیق حیلمی خۆی دەقەکەی نووسیووەو هەریەك لەسەید ئەحمەدی بەرزنجی (مەرخەس)و (رەشید کابان) ئەرکی ئەوەیان گرتۆتە ئەستۆ کە ئەم نووسراوی پشتگیریە بگەیننە شەریف پاشا لەپاریس و ویستوویانە لەرێگای (بەیروت) ەوە ئەم کارە بکەن بەمەستی شەرعیەت پێدانی کارەکانی شەریف پاشا بەڵام ئینگلیزەکان بە هاوکاری فەرەنسیەکان ئەم هەوڵەیان پوچەڵ کردۆتەوەو هەردوو نێردراوەکەیان دەستگیرکردووەو رەوانەیان کردوونەتەوە.[٨١]

ئەو سەردەمە خەڵکی زۆر دڵخۆش بوون بە چەسپاندنی ئاشتی و ئارامی و سەرەك هۆزەکان پێشوازیان لەم بارودۆخە کرد، هێندەی پێنەچوو

---

* محەمەد شەریف پاشا : کورە گەورەی (سەعید پاشای خەندان) ە و لە ساڵی ١٨٦٥ لە ئەستەنبوڵ لە دایك بووە ، ساڵی ١٨٩٨پۆستی وەزیری ڕێپێدراوی عوسمانی لە ستۆکهۆڵم وەرگرتووە ، ساڵی ١٩١٣ بە غیابی حوکمی لە سێدارە دانی بۆ دەردەچێت لە توورکیا بە تۆمەتی بەشداری کردن لە کوشتنی (شەوکەت پاشا) ی سەدری ئەعزەمی عوسمانی ، ساڵی ١٩١٩ کاتێك کۆنگرەی ئاشتی بەسترا لە پاریس چەند یاداشتێکی پێشکەش کرد سەبارەت بە مافەکانی کورد و نەگەڕایەوە بۆ تورکیا تا ساڵی ١٩٤٤ لە ئارلوگە کۆچی دوایی کرد . (میر بصری : أعلام الكرد / ط ١ ، لندن ، ١٩٩١ ، ل ٣٣) .

[٨١] -محەمەد عەبدڵڵا کاکە سوور: رۆڵی سیاسی و کەلتوریی ئەفسەرانی کورد لەعێراقی کوردایەتی کوردستانی باشووردا، ١٩٢١- ١٩٤٥. چاپی یەکەم، هەولێر، ل٣٦ ؛ ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب١، ل٢٢ ؛ رەفیق حیلمی: یادداشت، ل٦٥؛ سدیق ساڵح: رەشید کابان نوێنەرێکی کوردستانی باشوور (ساڵی ١٩١٩)، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە(٤)، ساڵی ١٩٩٨.

بیرۆکەی (کوردستان بۆ کورد) لەژێر چاودێری بەریتانیادا بەنێو خەڵکیدا بڵاوبۆوەو هیچ گومانی تێدانەبوو کە بزاڤی جودا خوازی لەسلێمانیدا زۆر بەهێزبوو، هەر بۆیە ویلسن دەڵێت "ئەرکی سەر شانمان بوو سنوورێکی بۆ دابنێین"[٨٢]. بەڵام هەر ئەو کاتەش ئینگلیزەکان بەڵێنی ئەوەیان بەکورد دەدا کە هێندەی لەتوانادابێت هەوڵدەدەن فەرمانبەرانی نێوچەی حوکمداریەتی شێخ مەحمود کورد بن و[٨٣] بودجەی تایبەت بۆ نێوچەکە تەرخان بکرێت بەمەبەستی بەڕێوەبردن و پێشخستنی ناوچەکە.[٨٤]

بەڵام بەڕێوەبردن و حوکمداری کردنی سلێمانی لەو ڕۆژانەدا هێندە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە گەلەك بیرو باوەڕی جیاواز پەیدابووبوو.[٨٥] تەنانەت هەندێك لەئاغاو خاوەن موڵکەکان لەبەرژەوەندیی خۆیان دەترسان و کەوتبوونە دڵە ڕاوکێ، هۆکاری ئەم ترسەشیان دەسەڵاتی بەریتانیا بوو، ئەوان لەوە دەترسان بەشێکی زۆری زەویەکانیان لێ بسەندرێتەوە، چونکە تاپۆیان نەبوو بەزۆر دەستیان بەسەردا گرتبوون. بەڵام وەك (مس بیل) دەڵێت ئەو ڕۆژگارە هیچ کارێکیان دژ بەو توێژەی خەڵکی سلێمانی ئەنجام نەداوە هەرچەندە کەمینە بوون لە شاری سلێمانی و دەورو بەریدا بەرامبەر خەڵکی ڕەشۆکی، بەڵام دەسەڵاتدارانی بەریتانیا تەنانەت تۆماری (تاپۆ)شیان ڕەوانەی بەغدا نەکردووە نەبادا پێیدا بچنەوە، بۆیە هەر لەسلێمانی هێشتوویانەتەوە.[٨٦]

ئەم حاڵەتەش باشترین گەواهیە بۆ نەبوونی سیاسەتێکی ڕوون و بەرجەستەی ئینگلز لە کوردستاندا، بەڵکو وەك (واسیلی نیکتین) باسی لێوەدەکات سیاسەتی ئەو کاتەی بەریتانیا لەکوردستان سیاسەتی دەست

---

[٨٢] بلاد مابين النهرين، ل٢٣،١٦

[٨٣] مس بیل: هەمان سەرچاوە، ل٩٨-٩٩، ویلسون: هەمان سەرچاوە ل٢٣.

[٨٤] د. احمد عوسمان ابوبكر: مقترحات لأدارة المناطق الكردية، كاروان ٤٨-١٩٨٦.

[٨٥] علائەدین سجادی: هەمان سەرچاوە، ل٩٧.

[٨٦] فصول من تاريخ العراق، ل٩٧.

بەگۆجان و کوتڕ کوتڕ بووە.[٨٧] جگە لەمەش خودی حوکمدار خۆی کەسێکی کەم ئەزموون و نوێ بووە لەبواری سیاسەت و حوکمڕانیدا بۆیە کەوتبووە بارێکی زۆر ناسکەوەوکەسانێکی شایستەو لێوە شاوەشی لەچوار دەور نەبوو، زیاتر ئەوانە خۆیان لێ نزیک کردەوە کە بەدوای دەسکەوت و موچەو پلەو پایەدا دەگەڕان، هەر ئەمانەش ببوونە هۆی ئەوەی کە کەسانی نیشتمانپەروەرو خوێندەوار دوورە پەرێز بوەستن.[٨٨] لەلایەکی دیکەشەوە، کەسێکی وەك نۆئیل زۆر لەهەوڵدا بوو بۆ کەم کردنەوەو نەهێشتنی ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتەکەی خۆی و شێخ مەحمود، لەسەرەتاوە رێنوێنی دەسەلاتدارانی سەروو خۆی دەکرد کە دڵی شێخ مەحمود رابگرن و کەسانێك بەراوێژکارو دەسەلاتدار و نوێنەر دابنێن کەشێخ مەحمود رەزامەندی لەسەریان بێت و بەو نوێنەرانەش رازی بن کە شێخ مەحمود دەست نیشانیان دەکات و تا دوا ئەندازە هەوڵبدرێت سوود لە تواناو دەسەلاتی شێخ مەحمود وەربگیرێت و سیاسەتی پاراستن و پارێزگاری کردن لەڕووی دەرەوەی حوکمداریەتیەکەی بگرێتە بەر[٨٩] ئیدی وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد نۆئێل توانی لەو ماوەیەدا کە لەسلێمانی بوە هێندەی لەتوانایدا بێت پارێزگاری رەوشەکە بکات و ئارامی بپارێزێت، بەلام دواتر لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمدا نۆئێل سلێمانی جێ هێشت بەمەبەستی رێکخستنەوەی باری ناوچەکانی رۆژئاواو باکوور تا رەواندز چوو. دوای چەند هەفتەیەك گەڕایەوە،[٩٠] سلێمانی و شێخ مەحمودی لەبارێکی دیکەدا بینی و بەدڵی نەبوو.[٩١] بەلام ئەو کاتە ئینگلیزەکان لەمێژبوو بڕیاریان دابوو سنورێك بۆ دەسەلات و فراوانخوازی شێخ مەحمود دابنێن، هەر بۆیە ئەفسەرەکانیان

---

[٨٧] کوردو کوردستان، وەرگێڕ. هێدی، هەولێر، ١٩٩٨، ل٥٨١.

[٨٨] رەفیق حلمی: یادداشت،ب١، ل٦٧-٦٨

[٨٩] د. احمد عوسمان ابوبکر: مقترحات لأدارة المناطق الكردية، كاروان ٤٨-١٩٨٦.

[٩٠] ویلسون، هەمان سەرچاوە، ل٢١.

[٩١] رەفیق حیلمی: یاداشت،ب١، ل٦٩.

بەهەموو شێوەیەك دەستیان لەكاروباری حكومەتەكەی شێخ مەحمود وەردەدا، ئەویش هێندە بە ئاسانی ئەم هەڵس و كەوتانەی بۆ قووت نەدەچوو، بۆیە لای خۆیەوە بڕیاری دابوو ئاستێك بۆ ئەم دەست درێژیانەیان دابنێت، هەروەك مس بیل دەڵێت "شێخ مەحمود هەرگیز ئەوەی لەئێمەی قەبووڵ نەدەكرد كە دەست بخەینە ڕێگای و دەسەڵاتەكەی سنوردار بكەین".[٩٢]

بەم شێوەیە ئینگلیزەكان بەهەموو شێوەیەك لەهەوڵی ئەوەدا بوون چارەسەرێكی بۆ بدۆزنەوە چونكە شێخ مەحمود گەورەترین كێشەبوو لە پێشیان.[٩٣]

بێگومان گەورەترین كێشەی شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیزەكاندا بریتی بوو لە دیاریكردنی سنوری جوگرافی كوردستان و نا ڕۆشنی چەمكی وشەی حوكمدار،[٩٤] ڕەسوڵ هاوار لەزاری شێخ ڕەئوفی كوڕی شێخ مەحمود دەگێڕێتەوەو دەڵێت " ئەو ڕۆژانەی باوكم كرا بە حوكمدار وشەی حوكمدار لای ئێمە نەبیسترابوو، هەندێ جار بەمانای (مەلیك) لێك ئەدرایەوەو خەڵك هەموو لایان وابوو ئەو دەزگایەی لە سلێمانیدا پێك هێنرابوو بریتیە لەوەزارەتێكی كورد لەناو دەوڵەتێكی كوردی گەورەدا كە لەدوایدا دەزگاكانی تەواو ئەكرێن"، هەروەها شێخ باس لەوە دەكات كە سەید حەسەنی مامی شێخ مەحمود هەر لەسەرەتاوە ڕەخنەی لە شێخ مەحمود گرتبوو كە وشەی (حوكمدار) وشەیەكی ئاڵۆزەو بەگەلەك شێوە لێك ئەدرێتەوەو شتێكی روون نیە، بۆیە پێویستە قەبوڵی نەكات و داوا بكات بۆی روون بكەنەوە.[٩٥]

لێرەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە كە ئەم بەدحاڵی بوون و لێك نەگەیشتنەی نێوان شێخ مەحمودودەسەڵاتدارانی ئینگلیز لە ڕۆژگاری یەكەم حوكمداریەتی شێخ مەحموددا بۆ دوو هۆكار دەگەڕێتەوە یەكەمیان: سڵ

---

[٩٢] مس بیل: هەمان سەرچاوە، ل٩٩-١٠٠

[٩٣] ویلسون: هەمان سەرچاوە ل٢٣.

[٩٤] نەوشیروان مستەفا ئەمین: چاوپێكەوتن كوردستانی نوێ، ژمارە ٢١٢٠، ساڵی٢٠٠٠ .

[٩٥] شێخ مەحمودی قارەمان، ب١ ل ٤٠٨-٤٠٩

کردنەوەی گەورە پیاوانی سلێمانی بووە لەوەی کە نەیان وێراوە وەك پێویست بچنە بنج و هەموو قسەو گوفتارەکانی کار بەدەستەکانی ئینگلیز لەوە ترساون نەبادا، بەدواداچوونی زۆری ئەو مەسەلانە ببێتە هۆی دڵ زویر بوونی هەندێك لەسەرەك هۆزەکانی کورد کەئەو رۆژانە لە سلێمانیدابوون.[٩٦] دووەمیش بۆ ئەو نیهاد پاکیەی خەڵکی سلێمانی دەگەڕێتەوە بەرامبەر بە ئینگلیزکە چەند هیوایان پێی هەبووە، بەڵام ئەوان دوای ئەوەی شوێنی خۆیان قایم کرد بڕیاری ئەوەیان دابوو کە دەسەڵاتی شێخ مەحمود سنووردابکەن، هەربۆیە کەوتنە بنکوڵ کردنی دەسەڵاتەکەی و هەوڵیان دەدا کارێکی وابکەن شێخ مەحمود پاشگەز بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش بەڕێوەبەری گومرگی سلێمانی کە ئینگلیزێکی فارسی زان بوو بەئاشکرا بەشێخ مەحمودی وتبوو کە بەناوی بەریتانیاوە داوای لێدەکات واز لە حوکمدارێتی بهێنێت، بەرامبەر بەوەی کە هەرچی زەوی و زاری میرییە بخرێتە ژێر دەستی یەوەو تا ئینگلیزەکانیش لەعێراقدا دەسەڵاتداربن وەك جاران موچەکەی خۆی پێبدەن.[٩٧] جگە لەوە کەوتنە بڕوبیانوو دۆزینەوەو تانەو تەشەر دان لە شێخ مەحمود، بەوەی کە کەسێکی کەللە رەق و هەرزەکارەو لەئەرك و فەرمانی حوکمداری سڵ دەکاتەوەو پێی بەڕێوە ناچێت، ویلسن و مس بیل لەم بۆچوونەدا هاوبیربوون.[٩٨] لەکاتێکدا تەنانەت لەنێو ناوەندە سیاسیەکانی بەریتانیاشدا بەچاوی گومانەوە لە نوئیل یان دەڕوانی و بەلایەنگیری کوردیان دەزانی. (هۆهلەر)ی سکرتێری نێردراوی بەریتانیا لە (ئەستەمبوڵ) لەبروسکەیەکیدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی لە (لندن) راشکاوانە باس لەوە دەکات کە نوئیل لایەنگیری کوردەو پەیامبەریانەو پێی وایە کورد لەوێنەی نیەو خەڵکێکی باش و خانەدانن، هەر بۆیە نوئیل بە (لۆرانسی کورد) ناودەبات[٩٩] هەر بۆیە نوئیل لەلایەن (ویلسن)ەوە بانگ کراوەو بە کارێك رەوانەی کوردستانی باکور کراو

[٩٦] سەرچاوە ی پێشوو، ل٤٠٩

[٩٧] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٦

[٩٨] ویلسون: هەمان سەرچاوە، ل٢١-٢٣.

[٩٩] د. احمد عوسمان: ابوبکر: کوردستان في عهد السلام، مجلة الثقافة، عدد ١، کانون الثاني ١٩٨٠.

(مێجەر سۆن) خرایە شوێنەکەی، رەفیق حیلمی پێی وایە کە نوئیل بەویستو رەزامەندی خۆی سلێمانی جێهێشتووە .[100] بەڵام رەسوڵ هاوار بەپشت بەستن بەدەقی راپۆرتێك کە (نۆئێل) رەوانەی کردووە ئەم مەسەلەیە رەت دەکاتەوەو دەڵێت: "بەپێویستم زانی کە شتێکی زۆر گرنگ هەیە دەربارەی ئەو رۆژانە روونی بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە مێجر نۆئێل لابرا، دوای ئەوەی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بەکوردستان گۆڕاو مێجەر سۆن نێردرا بۆ سلێمانی و کرا بە حاکمی سیاسی بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتە نوێیەی کە کاربەدەستانی بەریتانیا بڕیاریان لەسەر دابوو لەخواروی کوردستاندا جێبەجێ بکرێت".[101]

کاتێك نۆئێل خۆشی لەراپۆرتێکدا وەڵامی رەخنەو سەرزەنشتەکانی سۆن دەداتەوەو دان بەو راستیەدا دەنێت کە لابراوەو لەناواخنی راپۆرتەکەیدا راشکاوانە ئەوە دەردەخات کە تا خۆی لەسلێمانی بوو هیچ پشێویەك لەئارادانەبوو بەڵام تەنها دوو مانگ دوای هاتنی سۆن شۆڕش هەڵایساو هێز بەکارهێنرا، هۆیەکەشی دەگێڕێتەوە بۆ کارو کردەوە پێچەوانەکانی سۆن، نۆئێل لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت: " هەتا کاتی لابردنم، شێخ مەحمود بەپێی ئەو نەخشەو دەستورە دەجوڵایەوە کە بۆی دانرابوو، دەمان زانی حوکمڕانی شێخ مەحمود لەکاروباردا هەندێ هەڵەو ئارەزوکاری تێدابوو، بەڵام بەلای منەوە مافی خود موختاری ئەوە ئەگەیەنێت کە پیاو بتوانێت بەڕاستی یا بەچەوتی کاروباری خۆی ببات بەرێوە، من هیوای ئەوەم هەبوو کە ئامۆژگاری دۆستانەو کار رێکخەری کاربەدەستی سیاسی جێنشینم بکەم، تا لە چەوتو چەوێڵی حوکمەکەی کەم بکاتەوە، بەڵام بڕیاری گۆڕانی سیاسەت بەرامبەر بەکوردستان دەرچوو بەبێ ئەوەی ئەو پرسیارانەی کە لە ناوچەکەدا هەبوون بخرێتە بەرچاوو لێك بدرێتەوە".[102]

---

[100] رەفیق حیلمی: یاداشت،ب١، ل٧١.

[101] شێخ مەحمودی قارەمان،ب١،ل٤٥٨.

[102] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦١.

بەم شێوەیە (ویلسن) لای خۆیەوە بریاریدا سۆن بخرێتە شوێنەکەی نۆئێل، ناوبراو لەگەڵ هاتنیدا لەرێگای کفرییەوە کەوتە تاقیکردنەوەی دەمو دووی سەرەك هۆزەکانو دنە دانیان دژ بە شێخ مەحمودو سیاسەتێکی بۆ خۆی دارشت کە پێرەوی بکات.[١٠٣] کاتێك هەواڵی گەیشتنی سۆن چەند رۆژێك پێشتر گەیشتە سلێمانی، گرینهاوس بەمەبەستی رێکخستنی رێوە رەسمی پێشوازی کردنی حاکمی سیاسی نوێ، شێخ مەحمودی ئاگادارکردەوە، هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر سوارو پیادە بەرێز لەپێشوازیدا وەستانو چادرێکی زۆر لەدەشتی (موشیر ئاوا) هەڵدرا. بەڵام کاتێك (سۆن) گەیشتە جێ هیچ بایەخێکی وەهای بەشێخ مەحمود نەداو پشت گوێی خست ئەم حاڵەش خۆی لەخۆیدا دەسپێکی تێکچونی پەیوەندیەکانی نێوانیان بوو هەر بۆیە شێخ مەحمود خۆی و سوارەکانی گەرانەوە بۆ سلێمانی.[١٠٤]

ویلسن خۆی ئاماژەی پێدەکات کە(سۆن) کەسێکی زۆر شارەزا بوو لە ناوچەکەدا، ئیدی لەگەڵ گەیشتنیدا، ئینگلیزەکان شاری سلێمانیان پر کرد لەدارو دەستەو کاربەدەستی خۆیان لەعەرەبو عەجەمو هندیو ئەفغانیو ئەرمەنیو سیكو هندۆس ، ئەمانە لەگەڵ دەستەو دایەرەی ئەو رۆژگارەی شێخ مەحمود، بەهەر دوولا خەڵکی سلێمانیان سەغڵەت کردبوو، تەنانەت هەندێ کەس لەمانە ببوون بە (پۆلیس)و نۆکەری ئینگلیزو سیخور.[١٠٥]

جگە لەمەش، لەئەنجامی کارو کردەوەی دەست و پێوەندەکانی شێخ مەحموددا، ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە گەرابوونەوە بۆ سلێمانی، بەشی زۆریان دڵیان لەشێخ مەحمود زیز بوو لێی رەنجابوون. ئەمانە لەو کاتەدا بەشی هەرە زۆریان چوونە نێو ریزی سوپای (لیفی) کە بەرواڵەت لەژێر فەرماندەیی (شێخ قادر)دا بوو، بەڵام لەراستیدا (دانلێس) سەرپەرشتیو چاودێری دەکردن، ئەمە جگە لەوەی کە (گرینهاوس)ی یاریدەرەی سۆن

---

[١٠٣] مس بیل : هەمان سەرچاوە، ل٢٠٠.

[١٠٤] ئەحمەد تەقی: بیرەوەرییەکانی ئەحمەد تەقی دەربارەی شۆرشەکانی شێخ مەحمود و سمکۆ، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٤ ؛ ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب١، ل٣٠.

[١٠٥] لازاریف: المسألة الکردیة، ١٩١٧-١٩٢٣، ل٤٤، رەفیق حیلمی: یاداشت، ل٧٧-٧٨.

هێندەی لەتوانیدا بوو دەستی لەکاری خراپ و نەشیاو نەدەپاراست[١٠٦] دەسەڵاتدارانی بەریتانیا تەواو کەوتنە خۆ بۆ هەڵوەشاندنەوەی دام و دەزگاکەی شێخ مەحمود، وەك (سندرسن پاشا) باسی لێوە دەکات، شێخ مەحمود ئەو سەردەمە وەك دڕکێك وابوو لە لا کەلەکەی ئیدارەی عێراقدا.[١٠٧] هەرچەندە شێخ مەحمود زۆری لامەبەست بوو کە تا دوائەندازە لە گەڵ ئینگلیزدا هەڵ بکات و نێوانیان تێك نەچێت، تەنانەت(ئەحمەد تەقی)باس لەوە دەکات کە کاتێك گەڕاوەتەوە سلێمانی لە(ئەستەنبوڵ)ەوە نامەیەکی(شێخ عەبدولقادری شەمزینی) پێبووە بۆ شێخ کە تێیدا داوای لێدەکات لە گەڵ ئینگلیزدا ئیدارە بکات، دەڵێت "کە گەڕامەوە بۆ سلێمانی تەماشام کرد وەزعی سلێمانی باش نیە، چووم بۆ مزگەوتی گەورە بۆ خزمەت(مەلا محەمەدئەمین)و ئەحواڵی شێخ مەحمودم لێ پرسی،فەرمووی ئێستا کە گرینهاوس موستەشاری سیاسی، فیکرو حەرەکەتی باش نیە لە گەڵ شێخ مەحمود، بۆ بەیانی چوومە خزمەتی شێخ مەحمود نامەکەی شێخ قادرم دایە و ڕاسپاردەکانم پێووت" جەنابی شێخ مەحمود فەرمووی "من تەرەفداری ئیدارەکردنم لە گەڵ ئینگلیزەکان، وەلا کین ئەوان بەهانەم پێئەگرن و بە هەموو نەوعێك هەوڵ ئەدەن بۆ دەست کورت کردنەوەم"[١٠٨] مەبەستەکانی ئینگلیزیش لە هەڵس و کەوتی کاربە دەستەکانیانەوە بەدەردەکەوێت بە تایبەت لەو گەشتەدا کە کابتن (بێل) ی یاریدەدەری حاکمی سیاسی بە یاوەری ڕەفیق حیلمی بە نێو عەشایرەکانی سلێمانی و هەولێرو کەرکوکدا کردوویەتی و تێیدا زۆر بەوردی نەخشەی هەرێمەکانی کێشاوەو کەوتۆتە ژماردنی سوارەو پیادەیان و پەیوەندیی و ناکۆکیان لەگەڵ شێخ مەحمودو چەکەکانیانی تاقی کردۆتەوەو پیشکنیویەتی، لەهێزو دەسەڵاتی ئەو هۆزە کوردانە وردبۆتەوە، ڕەفیق حیلمی کە لەو گەشتەدا تەرجەمەی بۆ کردوەو

---

[١٠٦] ئەحمەد خواجە: چیم دی،ب١، ل٢٤: ڕەفیق حیلمی، یاداشت،ب١، ل٨٥.

[١٠٧] سندرسن پاشا: مذکرات سندرسن پاشا، ل١٣٩

[١٠٨] بیرەوەرییەکانی ئەحمەد تەقی،ل١٤

دەڵێت "لەراپرسیەکی مندالأنەدا ئەوانەی کە بۆنی ناحەزی شێخ مەحمودیان لێ دەهات دەبوون بە ئاغاو کوێخاو رەئیس "[١٠٩]

بەم شێوەیە لەگەڵ هاتنی (سۆن) دا شێخ مەحمود زیاتر رەشبین بوو لە بارودۆخەکەو هەر ئەو کاتە لەفکری ئەوەدابوو کە نوێنەری خۆی بنێرێت بۆ تاران تاوەکو لای باڵوێزخانەی دەوڵەتان سکالاَ لەهەڵس و کەوتی حکومەتی بەریتانیا بکەن.[١١٠]

چونکە شێخ مەحمود کەسێك نەبوو هێندە بەئاسانی جڵەو بکرێت بە ئنگلیز بەڵکو شێخ مەحمود تەمای ئەوەی هەبوو سنوری دەسەلأتەکەی فراوان بکات و لەژێر سایەی بەریتانیادا دەسەلأتێکی سەربەخۆ پێکەوە بنێت.[١١١]

لەبەرامبەریشدا ئینگلیزەکان هەوڵیان دەدا دەسەلأتی شێخ مەحمود تەنها لەنێو شاری سلێمانی و دەوروبەریدا قەتیس بکەن،[١١٢] بۆ ئەم مەبەستەش یەکەم هەنگاویان شکاندنی دەسەلأتی شێخ مەحمود و کەم کردنەوەی مانگانەکەی بوو، کە کردیان بە (١٠) هەزار روپیە. دواتریش، لەرانیە، کەوتنە هەوڵدان بۆ دەرپەڕاندنی (شێخ ئەمینی سندۆلأن)، لەم بارەیەو زۆر خۆیان لەگەڵ گەورە پیاوو ئاغاکانی ناوچەکەدا ماندوو کرد کە بیان کەن بە گژ (شێخ ئەمین) دا. کاتێکیش لەم کارەیاندا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، لەسلێمانی شێخ مەحمودیان ناچارکرد بە بروسکە لەسەر کار لایبات.[١١٣] دواتریش ئەفسەرێکی سیاسیان رەوانەی هەڵەبجە کرد کە ناوی (لین) بوو، لەو ناوچەیەدا عادیلە خانمی خێزانی وەسمان پاشای جافیان لەشێخ مەحمود

---

[١٠٩] یاداشت،ب١، ل٨٢-٨٣.

[١١٠] ئەحمەد تەقی: یاداشتەکانی ئەحمەد تەقی، ل١٤-١٥.

[١١١] لوسیان وامبد: الکرد والحق، ترجمة، عزیز عبدالاحد نباتی، اربیل، ١٩٨٨، ل٧٤-٧٥.
لازاریف: المسالة الکردیة، ١٩١٧- ١٩٢٣، ل٤٣.

[١١٢] دانا ادم شمدت:رحلة الی الرجال الشجعان، ل٨٣:حسن ئەرفەع:کوردەکان،و/سەردارمحمد،سلێمانی،٢٠٠١ل١٦٤.

[١١٣] رەفیق حیلمی: یاداشت، ب١، ل١٠٠.

ڕاست کردەوە کە ناوبراو خۆی لەگەڵ شێخ مەحمودا هێندە تەبا نەبوو، بەم شێوەیە دەسەڵاتی شێخ مەحمودیان لەهەڵەبجەو دەوروبەریدا کز کرد.[١١٤]

لەناو سلێمانیدا تا دەهات ناکۆکیەکانی نێوان شێخ مەحمودو سۆن زیاتر پەرەی دەسەند، سۆنیش وەك ئەدمۆندز باسی دەکات کەسێکی توندو تیژ بووە لەبیروراکانیداو لە هەڵس و کەوتیشدا توند ڕەو بووە.[١١٥]

هەر بۆیە شێخ مەحمود لای خۆیەوە گەیشتە ئەو باوەڕەی کەوا پێویست دەکات دەستی ئینگلیز لەنێو دام و دەزگای حکومەتەکەیدا ببڕێت، وەك شێخ لەتیف لەیاداشتەکانیدا باسی لێوە دەکات ئنگلیز خۆیان لەهەموو مەسەلەیەك هەڵقورتاندوەو لەهەموو شوێنێك ژەهریان ڕشتووە.[١١٦] خەڵکی سلێمانیش بەشێوەیەکی گشتی ئەو ڕۆژانە لەبارودۆخێکی باشدا نەبوون .(مس بیل) ئاماژە بەراپۆرتێکی ئیداری سۆن دەکات کە لەساڵی ١٩١٩ دا ڕەوانەی کردووەو، تێیدا باسی لەوە کردووە کە خەڵکی سلێمانی هێشتا لە باری قات و قڕیدان و ئامادەی مۆرکردنی هەموو شتێکن تەنها لەپێناوی وەدەست هێنانی خۆراك و بەرقەرابوونی ئاسایشدا[١١٧] کە پێدەچێت سۆن لەم راپۆرتەدا زۆر ڕاستگۆ نەبوبێت، چونکە هەروەك (ویلسن و نۆئێل)یش باسی لێوە دەکەن هێشتا ئەو ڕۆژگارە خەڵکی بەو شێوەیە خۆیان نەدۆڕاندووەو پشتیان لەشێخ مەحمود نەکردووە، بەڵکو لەنێو هەر پێنج کەسدا چواریان لایەنگری شێخ مەحمود بوون.[١١٨]

کاتێك مەرامەکانی ئینگلیز بەتەواوی ئاشکرا بوون خەڵکی لەنێو سلێمانیدا کەوتنە نارەزایی دەربرین، بەتایبەت دوای ئەوەی سۆن کەوتە

---

[١١٤] یاداشتەکانی شێخ لەتیف حەفید، ل٥١.

[١١٥] ئەدموندز: هەمان سەرچاوە، ل٣٧.

[١١٦] عەلائەدین سجادی: هەمان سەرچاوە، ل٨٥.

[١١٧] فصول من تاریخ العراق، ل٩٥.

[١١٨] ویلسون: هەمان سەرچاوە، ل٢٣.

ئازاردانی خەڵکی و گرتن و زیندانی کردنیان و قەدەغە کردنی هات و چۆی شەوانەیان لەنێو شاردا .[١١٩]

رەفیق حیلمی، لەبارەی ئەو سیاسەتەی (سۆن)ەوە دەڵێت "خەڵق گومانی تیا نیە، لەڕوودا دەنگیان نەدەکردو (لێو)یان بەر لێو نەئەنا، بەڵام لەتاقمی دوو ڕوو موونافیقەکان بەو لاوە کەس نەمابوو لەم حاڵەتە وەڕس نەبووبێ، شاری سلێمانی وەك (مەنجەڵ)ی سەرئاگر قوڵپی ئەدا"[١٢٠] بەتایبەتی پاش ئەوەی کردەوەکانی سۆن لەنێو سلێمانیدا گەیشتە ئەندازەیەك لەتوانادا نەمابوو بێ دەنگی لێبکرێت، کار گەیشتبووە ئەندازەیەك، دەبوایە کاتێك سۆن بە بازاڕدا تێپەر دەبێت خەڵکی لەبەری هەڵسن، یا گەر جاسوسێك نەخۆش بکەوتایە دەبوو گەورەو بچوك بچن بۆ سەردانی *[١٢١] .

هەر ئەم هەڵس و کەوتانەش ئەو باوەڕەی لای شێخ مەحمود دروست کرد کە پێویستە دەست پێشکەری خۆی بکات، ئەوەبوو لەژێرەوە کەوتە ناردنی نوێنەر بۆ شارەکانی خواروی عیراق، بۆ ئەوەی دەمیان تاقی بکاتەوەو بزانێت ئنگلیز لە شوێنەکانی دیکە لەچ بارێکدایە. دواتر بەنهێنی نامەیەکی ناردبۆ (مەحمود خانی دزڵی)** و داوای لێکرد کە بەخۆیی و هێزەکەیەوە بگاتە سلێمانی، کاتێك مەحمود خان گەیشتە ناوچەی شاربازێڕ، (سۆن) بەم

---

[١١٩] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید: ل٥٢-٥٣.

[١٢٠] یادداشت،ب١، ل١٠٩.

* ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات کاتێك (حەییوم ئەفەندی) ناوێکی جولەکە کە پیاوی مێجەرسۆن بووە ئەو ڕۆژگارە کەمێك ناساغ بووە ، بە چاوی خۆی بینیوویەتی چۆن دەستە دەستە پیاو ماقوڵ بەرەو گەڕەکی جولەکان شۆڕ بوونەتەوە و چوونەتە سەردانی (حەییوم ئەفەندی) نەبادا دڵی سۆنیان لێ بڕەنجێت. (یادداشت ، ب١ ، ل١٠٨-١٠٩) .

[١٢١] سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨.

** مەحمود خانی دزڵی کوڕی (عەزیز خان) ە کوڕی (بارام بەگ) ە ساڵی ١٨٧٠ ز لە ئاوایی (دزڵی) ناوچەی هەورامانی تەخت لە دایك بووە . (عومەر مەعروف بەرزنجی : مەحمود خانی دزڵی شۆرشگێری ڕۆژهەڵاتی کوردستان / چاپی دووەم ، هسلێمانی ٢٠٠٠ ، ل ٣١).

هەواڵە زۆر نیگەران بوو بۆیە نامەیەکی بۆ شێخ رەوانە کردو داوای لێکرد رێگا نەدات مەحمود خان بە چەکدارەکانیەوە بێتە ناو شارەوە، گەر هەر بەنیازیشە بێت ئەوا دەبێت تەنها خۆیو دەکەس بەبێ چەك بێن ، گەر چەکداریش بن ئەوا دەبێت لەرێگاوە چەکەکانیان لەپۆلیسخانە دابنێن، بەڵام شێخ لەوەڵامدا بە (سۆن)ی راگەیاند، کە هەرگیز رووی نەداوە رێگە لەکەس بگیرێت کە بیەوێت سەردانی گلکۆی (کاك ئەحمەدی شێخ) بکات، هەروەها هەوڵیدا سۆن لەو بڕیارەی پاشگەز بێتەوە، بەڵام سۆن سوور بوولەسەر رایەکەی خۆی، بەڵام مەحمود خانی دزڵی رۆژی ٢٠ی مایسی ١٩١٩ گەیشتە سەر کەلی گوێژە.

لەم بارودۆخەی سلێمانیدا سۆن بەبیانوی پێشوازیکردنی خێزانەکەی سلێمانی جێهێشتو فەرمانی بەرەنگاربوونەوەی دا بە مێجەر دانلێس، ناوبراویش، رۆژی ٢١ی مایسی ١٩١٩ فەرمانی دا بەسوپای لیڤی کە بچن بۆ بەرەنگاری مەحمود خانی دزڵی، هەر بۆیە هێزی لیڤی بەرەو بناری گوێژە بەرێکەوتن، سوارەی لیڤی لەژێر فەرمانی (جەمال عیرفان) دا بوون، بەڵام هێزی پیادە (رەزابەگ) پێشەوایەتی دەکردن، ئەو رۆژە تا دەمەو ئێوارە بەرگریان کرد بەڵام دواتر هەموویان کشانەوەو خۆیان گەیاندەوە شارو تێکەڵ بە لایەنگرانی شێخ مەحمود بوون، بەتایبەتی سوارەکان بە فەرماندەیی (جەمال عیرفان) هەر زوو کشانەوە، بەڵام (رەزا بەگ) لەگەڵ هێزەکەیدا تا درەنگ بەرەنگاری کرد.[١٢٢]

بەم شێوەیە مەحمود خانو هێزەکەی گەیشتنە ناو شارو لەیەکەم کردارياندا پەلاماری بارەگای (گرینهاوس)ی یاریدەدەری حاکمی سیاسیان داو سەرجەم فەرمانبەرو دەستەو دایەرەکەیان دەستگیر کردن، بەڵام دواتر هەموویان ئازادکردن، ئەفسەرە ئینگلیزەکان نەبێت کە ژمارەیان شەش کەس بوو، بریتی بوون لە (مێجر گرینهاوس، کاپتن دۆگلاس، کاپتن هۆڵت، کاپتن رایت، مێجر دانلێس، شکۆفێل).

[١٢٢] ئەحمەد خواجە: چیم دی،ب١ ، ل٣٧،٣٨،٣٩.

ئەم ئەفسەرە ئنگلیزانەش بەبیانووی پاراستنیان لەدەست درێژی چەکدارانی کورد لەبینای (دەبۆکە) زیندانی کران، بەلام شێخ مەحمود رێزێکی زۆری لێنان و هیچ کردەوەیەکی خراپی بەرامبەر نەنواندن.

کاتێك ئەم رووداوە قەوماوە، رێگای کەرکوك — سلێمانی بڕاو، هێڵی تەلەگرافیش لەلایەن کوردەکانەوە بڕا، بەم شێوەیە شاری سلێمانی لەلایەن شێخ مەحمودەوە کۆنترۆڵ کراو،[١٢٣] عیزەت نەجیب بە فەرمانی شێخ مەحمود چووە سەربانی دائیرەی سیاسی بەریتانیا و ئالاکەی داگرتن و ئالای کوردستانی لەشوێنەکەی هەلکرد،[١٢٤] کە قوماشێکی سەوزبوو مانگێکی سوری تێدابوو، پاشانیش لەماوەیەکی کورتدا دەستگیرا بەسەر خەزێنەی بارەگای هێزی سەربازیدا، بەلام بەهۆی پچڕانی هێڵی تەلگرافەوە ئینگلیزەکان دوای سێ ڕۆژ هەواڵی ئەم راپەرینەی سلێمانیان پێگەیشت.[١٢٥]

ویلسن لەم بارەیەوە دەلێت :" کاتێك ئەم هەوالانەم پێگەیشت، یەکسەر بەفرۆکە بەرەو سلێمانی چووم، هەر شەش، ئەفسەرە ئینگلیزەکەم لەسەربانی زیندانەکەیان بینی لە سلێمانی"[١٢٦]

شێخ مەحموودیش لە سلێمانیدا بەپێی فرمانێکی حوکمداری لە ٢٢ی مایسی ١٩١٩ دەستەی بەرێوەبەری کاروباری حکومەتی کوردستانی دیاری کرد کە لەم کەسایەتیانە پێك هاتبوو؛-

١-سەید عومەر - سەرۆك

٢-ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ - ئەندام

٣-سەید کەریم سەید ئەحمەد - ئەندام

٤-شێخ عەلی سەرکار - ئەندام

---

[١٢٣] رەفیق حیلمی: یادداشت،ب١، ل١١٥ ؛ عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقية، ج١، ل٢٧٠-٢٧١.

[١٢٤] ئەحمەد خواجە: چیم دی،ب١، ل٥٤-٥٥ ؛ جلال الطالباني: هەمان سەرچاوە، ل١٢١،١٢٢.

[١٢٥] وەلید حەمدی: هەمان سەرچاوە، ل٥٨،٥٩.

[١٢٦] بلاد مابين النهرين، ل٢٦

٥-حمە ئاغای ئەورحمان ئاغا - ئەندام

٦-صالح پاشا - ئەندام

٧-حەمەبەگی قادر پاشا - ئەندام

ئەحمەد ئەفەندی خواجە ئەفەندی - نووسەر[١٢٧]

شێخ مەحمود دوای ئەم هەنگاوە، وا پێویستی دەكرد كە خۆی بۆ بەرەنگاری بوونەوەی ئینگلیزەكان و بەرگری كردن ئامادە بكات، هەر بۆیە لە سەرەتادا هێزەكەی پێشڕەویان كرد بەرەو تاسڵوجەو لەوێ خۆیان قایم كرد، هێزەكانی بەریتانیاش، لەسەرەتادا توانای سەبازی شێخ مەحمودیان بەهەند نەگرتبوو، لە ئەنجامی ئەم لێكدانەوە هەڵەیەیاندا فەرمانیان بە هێزێكی سوكەڵەی خۆیاندا لە كەركوكەوە پێشڕەوی بكات بەرەو چەمچەماڵ، بەڵام وەك ویلسن باسی لێوە دەكات فەرماندەی ئەو هێزە لە خۆیەوە لە ئاستی پێویست زیاتر چووبووە پێشەوە و ملی نابوو تا گەیشتبووە تاسڵوجەو لەوێ كەوتبووە ناو بۆسەی هێزەكانی شێخ مەحمودو زیانێكی زۆری لێكەوتبوو بە پرتاو بەرەو چەمچەماڵ گەڕابوونەوەو ژمارەیەك كوژراوو برینداری لە پاش خۆی جێهێشتبوو، وێڕای دەست بەسەراگرتنی چوار زرەیلی و چەند ئۆتۆمبیلێك.[١٢٨]

بەم شێوەیە لە سەرەتادا ئەركی بەرگرتن بەهێزەكانی شێخ مەحمود هێندە ئاسان نەبووە، دواجار بەپەلە، فرمان درا بە جنەراڵ فرایزەر كە فەرماندەی فیرقەی (١٨)بووە لە موسڵ كەبەرەو كەركوك بجوڵێت و ئەو هێزە ناونراوە (هێزی كوردستانی جنووبی) و سەرجەم هێزەكەش لە ناوەراستی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٩ لە چەمچەماڵ كۆبۆتەوەو لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بووە، لەو كاتەشدا هێزەكانی شێخ مەحمود كە ژمارەیان (٣٠٠) چەكدار بووە لە دەربەندی بازیان خۆیان قایم كردبوو، بەو پێیەی دەربەندی بازیان شوێنێكی زۆر سەخت و قایمە.

---

[١٢٧] ئەحمەد خواجە: چیم دی،ب١،ل٤٤

[١٢٨] عبدالزاق الحسنی: تأریخ الوزارات العراقیه،ج١،ل٢٧١ ؛ ویلسۆن: هەمان سەرچاوە، ل٢٧ .

فرایـزەر خۆیـی و هێزەکـەی لـە ڕێکـەوتی ١٧ی حوزەیرانـی ١٩١٩ بـەرەو دەربەندی بازیان دەستی کرد بە پێشڕەوی کردن و بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر، هێرشیان کردو پەلاماری هێزەکەی شێخ مەحمودیان دا، هێندەی پێنەچوو سوپای ئینگلیز کەلە سیك و گورگەو هیندی پێك هاتبوون بەسەر بەرزاییەکاندا هەڵگەڕان و هێزەکەی شێخ موحمود لەگەڵ ئەم شێوازە هێرش و بەرەنگاربوونەوەیدا ڕانەهاتبوون، بۆیە نەیان توانی بەرگری بکەن و زیانێکی زۆریان لێکەوت کەبە (٤٨) * کوژراو زیاتر لە (١٠٠) دیل و بریندار مەزەندە دەکرێت. کە خودی شێخ مەحمود بە برینداری لەگەڵ (شێخ حمە غەریب) دا لە نێو دیلەکاندا بوون و ڕەوانەی بەغدا کران. فرایزەر لەو کاتەدا زۆر پەرۆشی چارەنووسی دیلەکان بوو لە سلێمانی، بۆیە زۆر بەپەلە یەکەیەکی سەربازی بچووکی ڕەوانەی سلێمانی کرد ، کەتا ئەو کاتە هیچ هەواڵێکی ئەو شەڕەیان پێنەگەیشتبوو، هێزە بچووکەکەی ئینگلیز توانی خۆی بگەیەنێتە نێو شار و پاسەوانەکان دەرپەڕێنێت و دیلەکان ئازاد بکات کە لە ٢١ی مایسی ١٩١٩ەوە بە دیل گیرابوون.[١٢٩] بەم شێوەیە کۆتایی بەیەکەمین حوکمداریەتی شێخ مەحمود هات لە سلێمانی، کە حەوت مانگ و یەك ڕۆژی خایاند.

---

* شێخ لەتیف لە یاداشتەکانیدا ژمارەی قوربانییەکانی سوپاکەی شێخ مەحمودبە (٥٠٠) کوژراو مەزەندە دەکات لەگەڵ (٣٠٠) دیلدا ، بەڵام ئەم ژمارانە تەنها شێخ لەتیف باسیان دەکات و هیچ سەرچاوەیەکی دیکە پشتگیری ئەم بۆچوونەی ئەو ناکات، بۆیەبەهەند نەگرتووە . (یادداشتەکانی شێخ لەتیف ، ل ٥٨).

[١٢٩] زنار سلوپی: فی سبیل کردستان، ترجمە. ر ، ع ، بیروت،١٩٨٧،ل٧٥؛ عبدالرزاق الحسنی: تأریخ الوزارات العراقیە،ج١،ل٢٧١ ؛ ویلسۆن: هەمان سەرچاوە، ل٢٧ ؛ عبدالمنعم الغلامی: هەمان سەرچاوە.ل٩٩-١٠٠.

باسی سێیەم
سەردەمی حوکمی راستەوخۆی ئینگلیز لەسلیمانیدا

أ– سیاسەتی ئینگلیزەکان .

دوای ئەوەی هێزەکانی ئینگلیز لەدەربەندی بازیان هێزەکەی شێخ مەحمودیان شکاندو خۆشیان بەدیل گرت و رەوانەی بەغدایان کرد، بەرەبەیانی ١٩ی حوزەیرانی١٩١٩ هێزەکانی بەریتانیا بەتەواوی لە سلیمانی نزیك کەوتنەوەو هیچ جۆرە بەرگریەکیان توش نەهات، هەروەك ئەدمونز ئاماژەی پێدەکات هەمان رۆژ سوپاکەیان لەقلیاسان جێدەهێلن و خۆی و پۆلێك سوارەی ئینگلیز بەرەو سلیمانی دەچن و پێش نیوەرۆ دەگەنە ناو شار، دوای تێپەربوونی چوار رۆژ سەرجەم هێزەکانی بەریتانیا دەگەنە سلیمانی .[١٣٠]

لەگەڵ گەیشتنیاندا سوارەی ئینگلیزو هندی بەرامبەر بەماڵی شێخ مەحمودو چیای گۆیژە بەریز تۆپیان دامەزراندو سەرگردی قشلەیان کرد بەبارەگاو بارودۆخی شار شلەقا،[١٣١] ماڵە گەورەکەی شێخ مەحمود و شێخ قادری برای کران بە شوێنی حەوانەوەی سەربازەکان [١٣٢] کەوتنە ترساندنی خەلکەکەو لەیەکەم کاریاندا رۆژی ٢٣ی حوزەیران مانۆڕیکی سەربازیان ڕیکخست و ئەشرافەکانی سلیمانیان بەدرێژایی شەقامەکانی ریزکردبوو[١٣٣] .

فرایزەر بە ئاشکرا بە دەست و پیوەندەکانی خۆیانی رادەگەیاند ، گەر بیت و بیانەویت زیاتر لە ئینگلیز نزیك ببنەوە ئەوا دەبیت لە پیناوی ئەواندا خۆیان بخەنە ژیر ئۆتۆمبیلەوە .[١٣٤]

---

[١٣٠] کرد و ترك و عرب ، ل ٥١– ٥٢.

[١٣١] ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب١، ل٤٩–٥٠.

[١٣٢] رەسول هاوار : شیخ مەحمودی قارەمان ، ب ٢ ، ل ١٣٤ .

[١٣٣] سەرچاوە ی پیشوو، ب ١ ، ل ٥١٨ .

[١٣٤] أ . م منتشاشفلی : العراق فی سنوات ، ل ٣١٣

لەگەڵ گەیشتنەوەیاندا کەوتنە تۆڵە سەندنەوە لە خەلکی و هێندەی بۆیان کرا سەرقالی راونان و گرتنی ئەوانە بوون کە هاوکاری شێخ مەحمودیان کردبوو.[١٣٥]

گرینهاوس بەسەر ئەو ماڵانەدا دەگەڕا کە لە شۆڕشەکەدا بەشدار بوون و یەکە بەیەکە دەیناسین و دەستگیری دەکردن و دەستە سەربازی هێندی لە شاردا جێگیر دەکرد.[١٣٦]

خانوادەی شێخ مەحمود بە یارمەتی چەند پیاوێکی خۆیان توانییان شار جێبهێلن و لەگەڵ خۆشیاندا ژمارەیەکی زۆر لەو خێزانانەی بەشداریان کردبوو لەو شۆڕشەدا هاوشانی ئەوان لە شار دەرچوون.[١٣٧]

ئینگلیزەکانیش زۆریان لامەبەست بوو بەهەموو شێوەیەك کۆنترۆلی بارودۆخی سلێمانی بکەنەوە، چونکە سلێمانی شارێك نەبوو هەروا بەئاسانی بتوانن رامی بکەن. سلێمانی میراتی بابانەکان بوو، لەو راستیە گەیشتبوون بەوەلانانی دامو دەزگای حوکمرانیەکەی شێخ مەحمود بۆشاییەکی تەواو هەست پێدەکرا، دەیان زانی کارەکەیان هەروا بۆ ناروا کەوتنە خۆ چۆن ئەو بۆشاییە پربکەنەوە.[١٣٨]

لەسەرەتادا کەوتنە تالان کردنی ماڵان و زیاتر لە (١٠٠) ماڵ لە سلێمانیدا بەر ئەو شاڵاوە کەوت و ژمارەیەکی زۆر لەو ماڵانە کەل‌وپەلەکانیان لەلایەن سوارەی ئینگلیزەوە لەماڵ دەرهێنراو لەبەردەم مزگەوتی گەورەدا سوتێندرا.[١٣٩]

بەڵام تالان و دەست بەسەراگرتن تەنها مالی بەشدارانی شۆڕشەکەی شێخ مەحمودی نەگرتەوە، بەلکو شاڵاوەکە هێندە گەورە بوو ئەو کتێبخانە

---

[١٣٥] رەفیق حیلمی : یاداشت ، بەرگی دووەم ، ب ١ ، ل ١٧١

[١٣٦] ئەحمەد خواجە : چیم دی ، ب ١ ، ل ٥٠-٥١

[١٣٧] شێخ لەتیف: هەمان سەرچاوە،ل٥٩.

[١٣٨] حوسێنی مەدەنی: هەمان سەرچاوە، ب١، ل٣٣٢.

[١٣٩] شێخ لەتیف: یاداشت،ل٥٩؛ مارف ناسراو: مێژووی کتێبخانەکانی سلێمانی، ١٩٠٠-١٩٧٠، سلێمانی،ل٨.

گەورەیەشی گرتەوە كە لەمزگەوتی گەورەدا بوو و زیاتر لە(٦) هەزار كتێب و دەستنووسی تێدابوو، سەرجەمیان لەحەوشەی مزگەوتی گەورەدا كۆكردەوەو سوتاندیان هەندێكیان یادگاری میرەكانی بابان بوو مۆری ئەوانی پێوەبوو، بەشێكی زۆری ئەو كتێبانە لەماڵی شێخەكاندا بوو بەڵام دەستیان پێگەیشت و سوتاندیان تەنها نزیكەی (٤٠٠) كتێب نەبێت رزگاری بوو لەم شاڵاوە.[140]*

ولسن خۆی باس لەوە دەكات كە شەش هەفتەی یەكەم دووای گەڕانەوەیان، سەرقاڵی سزادانی شۆڕشگێڕان بوون و تەنها بە ناوسلێمانییەوە نەوەستاون، بەڵكو كەوتوونەتە كێوماڵی پانتاییەكی فراوانی هەرێمی سلێمانی.[141] ژمارەیەك لەهێزەكانیان بەرەو هەڵەبجە چوون، هەندێكیش بەدرێژایی مانگی تەمموزی ئەو ساڵە سەرقاڵی كێوماڵی ناوچەی سورداش و شارباژێڕو بەرزنجەو پێنجوێن بوون.[142]

لەنێو شاریشدا مێجەرسۆن لەڕێكەوتی ١٩١٩/٧/١ دا گەیشتەوە سلێمانی و دوای گەڕانەوەی لەناوەڕاستی ئەو مانگەدا بەنێو خەڵكیدا جاڕیدا، هەر كەسێك چەكی هەیە لەماڵدا وەك تفەنگ و دەمانچەو خەنجەرو..هتد. لەماوەی (٢٤) سەعاتدا دەبێت بیداتە دەست پۆلیسخانە، بەپێچەوانەشەوە ئەوەی سەرپێچی بكات و بگیرێت (٥٠٠) روپیە سزا دەدرێت یا شەش مانگ زیندانی ئەكرێت. ئەم ترسە وای لەخەڵكی كرد ، لەماوەیەكی كەمدا ژمارەیەكی زۆر چەك تەسلیم بە ئینگلیز بكەنەوە، وەك ئەحمەد خواجە

---

[140] مارف ناسراو: هەمان سەرچاوە،ل٩؛ رەسوڵ هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان،ب١، ل٥١٨.

* عەبدولرەقیب یوسف ئەنجام دانی ئەم كارە دەداتە پاڵ ئەفسەرێكی كوردی نێو سوپای لیڤی ناوی (رەشەی بەكر ئەفەندی) بووەو بەفەرمانی ئینگلیزەكان لەحەوشەی مزگەوتی گەورەدا ئاگری بەرداوەتە ئەو خەرمانە كتێبە. (عەبدولرەقیب یوسف : بانگەوازێك بۆ ڕوناكبیرانی كورد لە پێناوی كۆكردنەوەو زیندوو كردنەوەی كەلەپوری كوردیدا ، سلێمانی ، ١٩٨٥، ل ١٤).

[141] بلاد مابين النهرين، ج٣،ل٢٩.

[142] أ.م منتشا شيفلي: العراق في سنوات،ل٣١٣.

لێی دووا‌وه "لـه‌پاش جاره‌كـه‌و دوای چـه‌ند رۆژێـك لـه‌ناو شـارو ده‌وروبـه‌ری سلێمانیه‌وه ئه‌وه‌نده چه‌كی كۆن هێنرایه پۆلیسخانه گردێكی گه‌وره‌ی دروست كـرد، لـه‌جیاتی سـوتاندن و لـه‌ناوبردنی، سـۆن برِیـاری دا فه‌رمانگه‌یـه‌كی شاره‌وانی دروست بكات و ئه‌م چه‌كه زۆره بخاته بناغه‌كه‌یه‌وه"[١٤٣].

قه‌ده‌غـه كردنــی چــه‌ك هــه‌ڵگرتن بــووه هــۆی ئــه‌وه‌ی پیشه‌ســازی چه‌خماخسازیش له‌شاردا به‌ره‌و كزبوون بچێت و له‌كۆی زیاتر له (١٥٠) دوكان ته‌نها چه‌ند دوكانێك مایه‌وه.[١٤٤]

ئینگلیزه‌كان دوای گه‌رِانه‌وه‌یان ، دوو هه‌فته‌ی یه‌كه‌م به‌رده‌وام خه‌ریكی لێكۆڵینـه‌وه بـوون له‌گـه‌ڵ خـه‌ڵكیدا سـه‌باره‌ت بـه‌هۆكاره‌كانی هه‌ڵایسـانی ئـه‌و شۆرِشه.[١٤٥] ته‌نانه‌ت له نێو شاری سلێمانیدا (٨) مه‌خفـه‌ری پۆلیس هـه‌بوو ، هه‌ریه‌كێكیان چاوشێك و چوار نه‌فه‌ری له‌گه‌ڵ دانرا بوو .[١٤٦]

ئه‌م ره‌وشه نائاساییه ماوه‌یه‌كی زۆر له‌سلێمانیدا به‌رقه‌رار بوو تاوه‌كو ئینگلیزه‌كـان خۆیـان بـه‌ره‌سمی لـه ١٣ی‌ئابی١٩١٩ رایانگـه‌یاند كه بـارودۆخی كوردسـتان ئـارام بۆتـه‌وه، بێگومان به‌شێكی زۆری ئـه‌م بێده‌نگـی‌و خه‌فه‌كردنـه خه‌ڵكی بۆ ئه‌و توندوتیژیه‌ی سۆن ده‌گه‌رِێته‌وه، كه وای كـرد ماوه‌یه‌كی زۆری بوێت تاوه‌كو خـه‌ڵكی دێنـه‌وه سـه‌رخۆیان.[١٤٧] به‌تایبـه‌تی دوای ئـه‌وه‌ی خـه‌ڵكی بۆیـان ئاشـكرا بـوو كه شێخ مـه‌حمود دوای بـه‌دیل گـیرانی، دراوه‌تـه دادگـای سـه‌ربازی، له‌سـه‌ره‌تادا حوكمـی له‌سێداره دانیـان بۆ ده‌ركـردووه، بـه‌ڵام دواتـر حوكمه‌كـه‌یان بـۆ گۆرِیـوه بـه‌ده سـاڵ زیندانـی و دورخسـتنه‌وه بـۆ دورگـه‌ی (ئه‌ندامان) له هندستان له‌گه‌ڵ (شێخ حه‌مه غه‌ریب)ی زاوایدا،[١٤٨] خانواده‌كه‌شی ماوه‌یه‌كی زۆر به ئاواره‌یی له‌ئێران بوون، هـه‌ر ئـه‌و كاتـه پـه‌نایان بـرد بـۆ لای

---

[١٤٣] چیم دی،ب١،ل٥٨.

[١٤٤] ادمونز: هه‌مان سه‌رچاوه،ل٧٨.

[١٤٥] سه‌رچاوه‌ی پێشوو،ل٨٠.

[١٤٦] ره‌سول هاوار : شێخ مه‌حمودی قاره‌مان ، ب ٢ ، ل ١٣٥ .

[١٤٧] ا . م . منتشا شیفلی: العراق فی سنوات، ل٣١٤،٣١٥.

[١٤٨] ویلسون: هه‌مان سه‌رچاوه،ل٣٠.

(سمکۆی شکاک) و ماوەیەکی زۆر لای مانەوەو ئەویش ڕێزێکی زۆری لێگرتن، ماوەیەکیش پەڕاگەندەی کوردستانی باکوور بوون، شێخ قادری براشی هەر لەناو ئێراندا دەستگیر کراو درایەوە دەست ئینگلیزەکان و ڕەوانەی بەغدایان کرد.[١٤٩] ئەمە لەکاتێکدا سۆن لەمێژ بوو لەنێو شاردا فەرمانی دەست بەسەراگرتنی موڵك و ماڵی شێخ مەحمودی دەرکردبوو* لەژێر چاودێری خۆیاندا بەڕێوەیان دەبرد ، خێزانی ئەو پیاوانەش کە لەگەڵ خانوادەی شێخ مەحموددا ڕۆیشتبوون خرابوونە ژێر چاودێری پۆلیسەوە.[١٥٠]

دوای ئەم هەنگاوانە ئینگلیزەکان یەکەم کاریان پێکەوەنانی ئیدارە بوو لەسلێمانیداو یەکەم هەنگاویشیان لەم بوارەدا وەك ئەدمۆنز دەڵێت دووبارە دروست کردنەوەی هێزەکانی لیڤی و ڕێکخستنەوەی پۆلیس بوو. ئەو کاتە بارەگای هێزی سەربازی لەنێو دائیرەی ئەفسەری سیاسیدا بووە لەنێو مەکتەبی ئامادەیی زەمانی عوسمانی، بەڵام لەسەر داوای خەڵکی ئەو بینایەیان چۆڵ کردووەو چوونەتە نێو بینای دەبۆکە، ئەدمۆنز لەدرێژەی قسەکانیدا باس لەوە دەکات کە سوێندی دڵسۆزی تایبەت بۆ ئەو دوو هێزە ڕێکخرا بوو، کە دەبوایە ئەو سوێندەیان بخواردایە، هەرچەندە باوەڕیشیان پێیان هەبووە چونکە وەك خۆیان وەسفیان دەکەن هێندە بەگەرمو گوڕی بەشداری شۆڕشەکەی شێخ مەحمودیان نەکردووە.[١٥١] جگە لەوەش فرایزەر

---

[١٤٩] شێخ لەتیف: هەمان سەرچاوە،ل٦٦.

* کە شێخ مەحمود دەسەڵاتی لە سلێمانیدا نەما عەبدوڵڵا ئاغای حاجی حەمە سەعید سەرپەرشتیکەری موڵکەکانی شێخ مەحمود بوو ، ئینگلیزەکان هەوڵیان دەدا هەندێك زەوی و زاری شێخ بەسەر ئەو هەمەوەندانەدا دابەش بکەن کە سەر بەخۆیان بوون ، عەبدوڵڵا ئاغا ناڕەزایی دەردەبڕێت و بە ئینگلیزەکان دەڵێت ، کە ئەمە بۆ چوونی ئێوەیە ئەی بۆ لە بۆڵشەوییەکان دەترسن کە دەڵێن با زەوی لە خاوەن موڵك بسەنرێتەوەو بەسەر خەڵکدا دابەش بکرێت، هەر بۆیە لەسەر ئەم قسەیە دەری دەکەن . (ڕەسول هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان ، ب ٢ ، ل ١٣٦ – ١٣٧).

[١٥٠] ئەحمەد خواجە: چیم دی،ب١، ل٥٩.

[١٥١] کرد وترك وعرب،ل٨٠-٨١.

بڕیاری دابوو کە هێزی سەربازی لە سلێمانیدا نەمێنێت و تەنها هێزی لیڤی ئەرکی پاراستنی شار بگرێتە ئەستۆ ، ئەم هێزەش پێکهێنرایەوە کە (١٥٠) کەس بوون و جلی شینیان بۆ ئامادەکرا.[١٥٢] سلێمانی بەرە بەرە کۆنترۆڵ دەکراو پەیتا پەیتا پیاوانی عەشایەری کورد لەدەوروبەری سلێمانیەوە دەهاتنە ناو شارو گوێڕایەڵی خۆیان بۆ ئینگلیز نیشان دەدا.[١٥٣]

بێگومان سۆن دوای ئەم ڕووداوانە زیاتر شوێنی خۆی قایمکرد، ئینگلیزەکانیش زۆریان لامەبەست بوو کە سۆن بەردەوام بێت لەسەر کارەکانی و بۆ ئەوەی چاوترسێنیان بکات. لەهەمان کاتیشدا زیرەکانە دڵیان بەلای خۆیاندا بەکێش بکەن، سۆن بۆ ئەم کارە لەهەموو ئینگلیزەکانی ئەو سەردەمە زیاتر دەستی دەدا، کوردیەکی باشی دەزانی و چاك شارەزای ئەم بەشەی کوردستان بوو، بۆ بەڕێوەبردنی ئەم هەرێمەش، وەك د. کەمال مەزهەر دەڵێت:- "وەك هەر ئیستعمارێکی دیکە ژەهرو شەکری تێکەڵ دەکرد "[١٥٤].

سۆن خۆی لەسەرەتادا لەخانووی (ئەمین ئەفەندی مەلا قادر) دابوو، قوتابخانەی فەیسەڵیش کە ئەمڕۆ بازاڕی (عەسریە) دایەرەی سیاسی و شوێنی دانیشتن و ئیش و کار بەڕێوەبردن بوو، (سەرا)ی ئێستاش ئەو ڕۆژگارە دادگاو تاپۆو پۆلیسخانەو بەندیخانە بوو.[١٥٥]

ئەو کاتە (برادفۆرد) ڕەئیسی پۆلیسی سلێمانی بوو، کاپتن (هۆڵت)یش یاریدەدەری حاکمی سیاسی بوو، بەڵام دوایی کاپتن (رایت) لەشوێنی بوو بەحاکمی سیاسی و پشکنەری دارایی، (ئەحمەد موختار) قازی بوو، (صدیق مەزهەر)یش حاکمی شار بوو.[١٥٦]

---

[١٥٢] ڕەسول هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان ، ب ٢ ، ل ١٣٣ .

[١٥٣] شێخ مەحمودی قارەمان ، ب ٢ ، ل٨٤، ڕەفیق حیلمی: یاداشت، ب٢، ل١٧٢.

[١٥٤] چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، ب١، ل١٥٣،١٥٤.

[١٥٥] جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب٢، ل٧٧.

[١٥٦] سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦-٨٧.

ئینگلیزەکان باس لەوە دەکەن کە ماوەیەك دوای گرتنەوەی سلێمانی، هەوڵی ئەوەیان داوە کاروباری شارەکە بدەنەوە دەست کوردەکان.[157] لێرەدا مەبەستیان ئەو کوردانەیە کە دەست و پێوەندی خۆیان بوون و لەقسەیان دەرنەدەچوون، هەر ئەوانەشیان لەپۆستو پلەو پایەی ئیداریدا دادەمەزراند، بۆ نموونە (غەفور ئاغا)یان کردبووە گەورەی شارو ئەرکی دابین کردنی ئازوقەی سلێمانی و چاودێری کردنی نرخی ناو بازاڕیان پێسپاردبوو.[158] هەر بۆیە وێڕای پڕوپاگەندە سەر زارەکیەکانیان بڕوای تەواویان پەیدا کردبوو کە پێویستە خۆیان راستەوخۆ لەڕێگای ئەفسەرە سیاسیەکانیانەوە حوکمڕانی کوردستان بکەن، (های) کە ئەو کاتە ئەفسەری سیاسی بووە لە شاری هەولێر، لەم بارەیەوە دەڵێت: " لە کوردستاندا ئەستەمە بێ بەکارهێنانی هێز هەڵسو کەوت بکرێت، هەر بۆیە حوکمڕانی راستەوخۆ تاکە رێگاچارەیە بۆ حوکمڕانیکردنی کوردستان "، (سۆن)یش لەم بارەیەوە دەڵێت: " هەرچەندە تەماشای کوردەکان دەکەم ئەو باوەڕەم لادروست دەبێت کە نەشایستەی ئۆتۆنۆمی بوون نەخۆشیان ئەوەیان دەویست، کوردەکان لەڕەواندز پێیان وتم: ئەگەر دەسەڵاتی حکومەتێك لەئارادا نەبێت وەك مەڕی بێ شوانمان لێدەێت ئەم بۆچوونەش تەنها شارەکان ناگرێتەوە، بەڵکو لادێ نشینەکانیش هەمان بیروبۆچوونیان هەیە، چونکە بازرگانو جوتیارەکان لەئاغاکان دەترسێن، ئاغاکانیش لەنێوخۆیاندا سڵ لەیەکتر دەکەنەوە، هەر بۆیە پێویستە هێزێکی دەرەکی هەبێت بۆ راگرتنی لەنگەری کۆمەڵ، چونکە کورد بەئەقڵیەتی خوێندکار بیر دەکاتەوە، پێویستی بەوە هەیە کە لەهەندێك کاتدا توندوتیژ بێت لەگەڵیداو هەندێك کاتی دیکەش کلۆشەکرێکی نیشان بدەی، چونکە توندوتیژی لەئەندازە بەدەرو نەرمونیانی بێ ئەندازەش بەهەمان شێوە

---

[157] ادمۆندز: هەمان سەرچاوە، ل٨١.

[158] أ. م. منتشاشفیلی: العراق فی سنوات، ل٣١٣: ادمۆندز، هەمان سەرچاوە، ل٨٢.

لەنگەری خوێندکارەکە تێك دەدات و هەڵس وکەوتی ئاسایی نابێت، بەڵام کاتێك داری دەست گەورەکەی دەبینێت، دەچێتەوە باری ئاسایی خۆی ".[١٥٩]

هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی بەریتانیاش بەم ئەقڵەوە خوازیاربوون حوکمڕانی کوردستان بکەن، هەر ئەم بۆچوونەی (سۆن)یش وای کردووە کە بەو پەڕی دڵنیاییەوە بڵێن " لەسایەی حوکمڕانی سۆنەوە، ئارامی و هێمنی لەسلێمانیدا بەرقەرارە ".[١٦٠]

بێگومان سۆن لەم بارەیەوە لەسلێمانیدا هیچ درێغیەکی نەکردو چی لەتوانادا بوو بۆ جێگیرکردنی ئیدارەی راستەوخۆی ئینگلیز لەسلێمانیدا ئەنجامی دا، هەرچەندە ئینگلیزەکان لەبارەی هەیکەلی ئیداریەوە گۆڕانکاریەکی بەرچاویان نەکرد بە بەراورد لەگەڵ سیستمی پێشووی عوسمانیدا، بەڵکو هەمان سیستمیان هێشتەوەو ئەفسەرە سیاسیەکانی بەریتانیا لەهەموو شارێکدا دەسەڵاتەکانی موتەسەریفی پێشووی عوسمانیان هەبوو، لەهەمان کاتدا ئەرکی دادوەریشیان لەئەستۆ دەگرت، بەڵام وێڕای ئەوەش هەردوو پۆستی موتەسەریف و دادوەریشیان هێشتبۆوە، بەم شێوەیە کوردستانی باشوور، ببوو بەچەند هەرێمێك و لەلایەن حاکمێکی سیاسیەوە بەڕێوەدەبرا، هەرێمەکانیش بەسەر چەند قەزاو ناحیەو گوندێکدا دابەش کرابوون.تەنانەت لەرۆژگاری حوکمڕانی راستەوخۆی بەریتانیادا، هەمان یاسای باجگری سەردەمی عوسمانی پەیڕەو دەکرا کە ئەویش سیستمی (ئیلتزام)* بوو.

لە سەرەتادا ئینگلیزەکان زۆر بەتوندی یاسای باج کۆکردنەوەیان بەسەر کورددا پراکتیزە دەکرد، بەڵام دواتر، کە بارودۆخی کوردستان هێور

[١٥٩] لە د. عوسمان عەلی وەرگیراوە: فتره الحكم المباشر ١٩٩٩ – ١٩٢٠، اداره الميجرسون فى جنوب كردستان، مجله، ئالای ئیسلام، السنه ١٣، العدد، ٢،٣، ایلول ١٩٩٩.

[١٦٠] لوسیان رامبۆ: الكرد والحق، ترجمه، عزيز عبدالاحد نباتی، اربیل، ١٩٩٨،ل٧٩.

* نیزامی ئیلتیزام بریتییە لە فرۆشتنی پۆستی باجگری (باج کۆکردنەوە) بەو کەسەی بەڵێن بە حکومەت دەدات کە ساڵانە زۆرترین بڕی باج کۆبکاتەوە ، ئەم پرۆسەیەش لە زیاد کردنێکی ئاشکرادا ئەنجام دەدرێت . (د. عوسمان عەلی : هەمان سەرچاوە) .

بـۆوە، سیسـتمێكی تـەواو و وردو تـێروپڕ لەلایـەن بـەریتانیاوە بـۆ بـاج كركۆدنەوە، داندرا بەتایبەتی لە رۆژگاری حوكمڕانی مێجەر سۆن دا ، خەڵكی سلێمانی پازدە هێندەی سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی باجی (توتن)یان دەدا بـەئینگلیزەكان، خەڵكەكـەش ئـەم بارەیـان لاپەسـەند نـەبوو ئینگلیزەكـانیش ئەوەیان لەبەرچاو نـەدەگرت كـە دوو سێ سـاڵ پێشـتر ئـەم وڵاتـە دووچاری قاتو قڕی و گرانیەكی ترسناك هـاتبوو وڵاتەكە وێـران ببـوو، دوای نـەمانی دەسـەڵاتی شـێخ مـەحمودیش ئینگلیزەكـان تـەواو تونـد ببـوونو بـەهۆی فەرمانبـەرە كرێ گرتەكانیانـەوە باجیـان كۆدەكـردەوە، حاكمـە سیاسـیەكانی بەریتانیا پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ لادێ نشینە كوردەكاندا بەستبوو، لێنەدەگـەڕان ئاغـاو سـەرۆك هـۆزە كوردەكـان بـاج كۆبكەنـەوە، بـەم شـێوە بەریتانیا بۆی دەركەوت هەوڵەكانی بۆ حوكمڕانـی راستەوخۆی كوردستان تا ئەندازەیـەكی بـاش سـەركەوتووە، بەتایبـەتی لـەماوەی نێـوان مـانگی ئایـاری ساڵی ١٩١٩ تا تشرینی یەكەمی ١٩٢٠، كە سۆن لە سلێمانیدا حاكم بوو، هەر ئەمەش وای لە (ولسن)ی نوێنـەری باڵای بـەریتانیا كرد كـە لـەمانگی نیسـانی ١٩٢٠ دا لـە راپۆرتێكیـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە بـەو پـەڕی دڵنیاییـەوە بڵێـت "لەهـەموو عـیراقدا نێوچەیـەك نیـە هێنـدەی سـلێمانی مـل كـەچ و گوێڕایـەڵی حوكمی بەریتانیا بێت، تەنانەت پانتایی ئەو زەویانەی بەگەنمو جۆ چێندراون دووچەندا بووەو سێ هێندەی ئەو پانتاییە كە دەكرێت بەتوتن"[١٦١].

(سۆن)یش بۆ جەخت كردن لەسەر راستی قسەكانی (ویلسن)، توانـی تەنـها لـە سـاڵی (١٩٢٠)دا بـڕی بیسـت هـەزار جونەیـهی ئیسـترلینی بـاج كۆبكاتـەوە لەسـلێمانی وبیخاتـە سـەر بودجـەی سـاڵانەی شـاری سـلێمانی، لەڕاپۆرتێكیشدا بۆ وەزارەتی موستەعمەرات ئەوە دەدركێنێت كە مان گرتنو راپەڕینە گشتیەكانی عیراق، هیچ كاریگەریەكیان بۆ سەربارو دۆخی سلێمانی نیە، شـاری سـلێمانی ئـارام تریـن شـوێنە لـەعیراقدا، (ویلسـن)ش لای خۆیـەوە

[١٦١] د. عوسمان علی: هەمان سەرچاوە؛ أ.م. منتشاشفیلی: العراق فی سنوات، ل٣١٦.

بۆچوونەکانی سۆنی دووپات دەکردەوە کە ٩٩٪ خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەوەدانین کە حوکمی راستەوخۆی ئینگلیز لەکوردستاندا لابیرێت.[١٦٢]

سۆن ئەو ماوەیەی لەسلێمانیدا حوکمڕانی دەکرد تا لەتوانایدا بوو هەوڵی ئەوەی دا دەست و پێوەند بۆخۆی پەیدا بکات، لەم پێناوەشدا هەوڵی کڕینی خەڵکی دەدا.[١٦٣]

تا دوا ئەندازە رقی لەو دەستەیە بوو کە لەسلێمانیدا بەلایەنگری تورک دەناسران،[١٦٤] زۆریشی لامەبەست بوو بەشێوازێکی تایبەت حوکمڕانی سلێمانی بکات، بەڵام ئەو سەردەمە خەڵکی بە نەنگییان دەزانی خۆیانی لێ نزیك بکەنەوە یا بەرەو پیری بچن.[١٦٥]

ئەم تێڕوانین و بیرکردنەوەیەی خەڵکی بەرامبەر بەئینگلیزەکان دوای پاشگەزبوونەوە لەبەڵێنەکانیان و دورخستنەوەی شێخ مەحمود بۆ هندستان زیاتر سەری هەڵدا، لەکاتێکدا پێشتر خەڵکی پێی وابوو بەریتانیا کوردستانی ئازاد دروست دەکات، بەڵام دوای ئەو روداوانە ئیدی لەپێش چاوی خەڵك کەوتن و کەم کەس هەبوو رووی بێت هاموشۆیان بکات، رەفیق حیلمی لەم بارەیەوە دەڵێت : "لەو رۆژانەدا خەڵکی نەفسیەتی بەرزبوو، لەڕووی نەدەهات بچێتە ناو دامو دەزگای حکومەتەوە، شەرمیان ئەکرد بچنە سەرای حکومەت روویان نەدەهات بچنە ریزی پیاوەکانی میریەوە، بەدەگمەن رێدەکەوت کە یەکێك هەوڵ بۆ کارێکی میری بدات، بۆ وەزیفە لەمو لەو بپارێتەوە".[١٦٦]

ئەو کاتە سۆن هەوڵی ئەدا ئەو رۆشنبیرانە لەخۆی نزیك بخاتەوە کە لەنێو خەڵکیدا بە(منەوەر) ناسرابوون، بۆ ئەم مەبەستەش دامەزراندنی چاپخانەیەکی بەکارێکی گرنگ دەزانی، ئەو سەردەمەش ئینگلیزەکان چەند

---

[١٦٢] سەرچاوەی پێشوو.

[١٦٣] د. کەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەك لە، ب١، ل١٥٣-١٥٤.

[١٦٤] رەفیق حیلمی،: یاداشت،ب٣، ل١٩.

[١٦٥] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨-٢٩.

[١٦٦] سەرچاوەی پێشوو،ل٢٨.

ئـامێرێكی كۆنــی چاپیــان هێنــابووە شــارەكانی بەســرەوبەغداو كــەركوك ، بەمەبەستی راپەڕاندنی كارە ئیداریەكانیان. لەسەر خواستی سۆن یەكێك لەو ئامێرانە بەر سلێمانی كەوتو گەورەترین كاری ئـەم چاپخانەیە دەركردنـی یەكەم رۆژنامەی كوردی بوو لەكوردستانی عیراق باشوور.[١٦٧]

ئەم رۆژنامەیە ناوی (پێشكەوتن) بوو، یەكـەم ژمـارەی لـەرۆژی ٢٩ی نیسانی ١٩٢٠ دەرچوو.[١٦٨]

سۆن بـەهۆی ئـەم رۆژنامەیـەوە توانـی دەسـتەیەك روناكبـیری نـاوداری وەك (جەمال عیرفان، شێخ نوری شێخ سالح، جەمیل صائب و زەكی صائب)ی لــەخۆی نزیــك بخاتــەوەو وەهایــان لێبكــات لــەو رۆژنامەیــەدا بنوســـن و بەرهەمـەكانیان بلاوبكەنـەوە.[١٦٩] تەنانـەت ســۆن خۆشــی بەشـداری لەنوسـین و بلاوكردنەوەیدا دەكرد.[١٧٠]

بەهۆی ئـەم رۆژنامەیەشـەوە هـەوڵی بلاوكردنـەوەو پـەرەپێدانی زمـانی كوردی دەداو خۆی سەرپەرشتی ئـەو مەسـەلەیەی دەكـردو سـوور بـوو لەسـەر ئـەوەی زمانی خوێندن لـەخوێندنگاكانی سـلێمانیدا بـەكوردی بێـت، بـۆ ئـەم مەبەستەش بەپەلە ئەلف وبێـی كوردی دانا بەیارمەتی مامۆستایان (محەمـەد رەشـیدو زەكـی كابـان) بــەنێوی (ئەووەڵــەمین كیتــابی قیرائــەتی كــوردی) و بەرنامــەی خوێندنـــی ســـەردەمی عوسمـــانی گۆڕانـــی بەرســـەرداهات و نـــاوی خوێندنگـــای (تەشـــویقیە) گـــۆڕدرا بـــە(نموونـــەی ســـەعادەت)، هـــەر لـــەو سەردەمەشدا خوێندنگای (نموونەی عیرفان)یش كرایەوە.[١٧١]

---

[١٦٧] د. كەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەك، ب١، ل١٥٤.

[١٦٨] عەلی ناجی كاكە حەمە ئەمین عەتار، سیروان بەكر سامی: پێشكەوتن، یەكەمین رۆژنامەی سلێمانی، ١٩٢٠-١٩٢٢، هەولێر، ١٩٩٨، ل٤.

[١٦٩] د. كەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەك، ب١، ل١٥٥.

[١٧٠] د. عوسمان علی: هەمان سەرچاوە.

[١٧١] رەسوڵ هـاوار: شێخ مـەحمودی قارەمـان، ب١،ل٤٧٤، كـەمال رەئـوف محەمـەد،: یەكـەم حكومەتی كوردستان، رۆژنامەی كوردستانی نوێ ژمارە: ١١٦٦، ١٩٩٥/٢/١٥.

سـۆن لــەژمارە (١٢)ی پێشــکەوتن دا، نــاوی شــاری لەنوســـراوە رەسمیـەکاندا گـۆڕی بـە(سـلێمانی) کـە تـا ئـەو کاتـە هـەر بـە(سـلیمانیە) دەنوسرا.[١٧٢]

سۆن وەك چۆن لەخوێندنگادا هەوڵی پێشخستنی زمانی کوردی دەدا، بەهەمان شێوە، لەپێشکەوتن دا رایگەیاند کە هەر کەسێك بەکوردیەکی پەتی و پاراو بنوسێت و نوسـینەکەی رەوانـەی رۆژنامەکـە بکـات، بڕێـك پـارەی وەك پاداشت پێدەدرێت، بۆ ئەم مەبەستە پێشبڕکێیەکیشی رێکخست .ئەو رۆژگارە لـەنێو خـەڵکی شاردا قسەوباسـی زۆر دەکرا سـەبارەت بـە کـارو کردەوەکـانی سۆن لە سلێمانیدا، خەڵکانێکی زۆر نەیاری بوون و دژی ئەو کەسانەش بوون کە لەپێشکەوتن دا وتاریان دەنوسی و هاوکاریان دەکرد، چونکە پێشکەوتن لەسەردەستی سۆن دەردەچوو، کە بێگومان بەپلەی یەکەم لەخزمەتی ئینگلیزو سیاسەتەکانیاندا بوو لەکوردستاندا، بۆ نموونە لەژمارە (١٢)ی پێشکەوتن دا نوسـەرێك بـەنازناوی (م.س.ع) وتـارێکی بڵاوکردۆتـەوە، بەئاشـکرا بـاس لەچاکـەی بـەریتانیاو پێشـکەوتنیان دەکـات کـە چـۆن سـلێمانیش لەسـایەی دەسەڵاتی ئـەواندا بوژاوەتـەوەو دەڵێـت : " تەماشـای پـارو ئەمسـاڵی خۆمـان بکـەین، پـاروپێرار هـەموومان لەبرسـان ئـەمردین وا ئەمسـاڵ هـەموو دەوڵەمەندبوین، وڵاتمان خۆش بووە، رێگامـان بۆ کـراوە، شـەمەندەفەر نزیك بۆتەوە، جەردەو دزو درۆزن کەم کراوە رەگـو ریشـەو سـەرچاوەیان بـەجارێ براوە"[١٧٣]

ئـەم نوسـینەش ئـەوە دەردەخـات کـە سـۆن وێـڕای خراپەکاریـەکانی کەسانێك هەبوون لێی رازیبوون، ئەویش لەهـەوڵی ئـەوەدابوو کـە ژمارەی ئەو جۆرە کەسانە زیاد بکات، لـەم پێناوەشدا هـەوڵی ئـەوەیان دەدا وا لەخـەڵکی بگەیـەنن ئـەوان لەهـەوڵی چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد دان بەشـێوەیەك کـە

[١٧٢] پێشکەوتن: ژمارە (١٢)، ١٥/ی تەمووز/١٩٢٠.

[١٧٣] سەرچاوەی پێشوو،ل١.

لەگەڵ هەست و سۆزی کورددا بگونجێت[١٧٤] ئەمەش وای کردووە کە نوسەران و کەسایەتیە دیارەکانی ئەو سەردەمە هەریەکەو بەشێوەیەك باس لەکارەکانی سۆن و ئینگلیزەکان بکەن، بەتایبەتی لەبواری خزمەتگوزاری و بەتەنگەوە هاتنی خەڵکدا.

(ئەحمەد خواجە) لەم بارەیەوە دەڵێت : "لەسایەی مێجەر سۆندا، دائیرەی ئەشغال دامەزرا، لەماوەی چوار ساڵدا بێجگە لەپردی تانجەرۆو پێچەکانی ژاژیلە بەولاوە کارێکی تریان لێنەبینرا بەناوی کوردستانەوە بەلێشاو روپیە لەناو ئەبراو نەکوردو نەکوردستان سودی لێنەدەبینی "[١٧٥].

(ئەحمەد تەقی)یش سەبارەت بەکارەکانی سۆن دەڵێت : "پاش تێکچوونی ئیدارەی شێخ مەحمود لەمێجەر سۆن هیچ شتێکی وانەبینرا عەلامەتی باشی بێ دەرهەق بەکوردو کوردستانی جنوبی و ئیجرائاتی شەدیدی کرد دەرهەق بەو کەسانەی موقابیل ئیدارەی پێشوو سادیق و موخلیس بوون "[١٧٦].تەنانەت ئەحمەد تەقی باس لەوە دەکات کە چۆن سۆن خەڵکی ئازار داوەو سوکایەتی پێکردوون و ناچاری کردوون کە لەکاتی تێپەربوونیدا لەبەری هەڵسن.[١٧٧]*

---

[١٧٤] د. عوسمان علی: هەمان سەرچاوە.

[١٧٥] ئەحمەد خواجە، چیم دی،ب١، ل٦٠.

[١٧٦] بیرەوەرییەکانی ئەحمەد تەقی،ل١٥.

[١٧٧] سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

* جارێکیان وا رێدەکەوێت سۆن بە ناو بازاڕدا تێدەپەڕێت ' بەڵام (مەلا عەلی مۆرهەڵکەن) ناوێك لەبەری هەڵناسێت ئەویش بانگیدەکات و لێی تووڕە دەبێت ، مەلا عەلی دەڵێت : من موسڵمانم و تۆ غەیرە دینی جائیز نی یە لەبەرت هەڵسم ، سۆن لەمەوە رقی لێهەڵدەگرێت ، رۆژێك دەنێرێ بە دوایدا پێی دەڵێت بڕیارم داوە مانگی (٤٥) روپیەت بۆ ببڕمەوە ، بەڵام مەلا عەلی وەری ناگرێت و پێیدەڵێت من کە دینەکەم رێگەم پێنەدات لەبەرت هەڵسم ، کەواتە رێگەشم پێنادات پارەت لێ وەرگرم ، سۆن لە وەڵامدا پێیدەڵێت خوا بە قوربانی عەقلی خۆت بکات ئەگەر وەرتگرتایە ئەم زانی چیم لێدەکردی . (رەسول هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان ،ب١، ل ٤٧٥ - ٤٧٦) .

ڕەسوڵ هاواریش بەهەمان شێوە، پێی وایە کارەکانی سۆن شێوازێك بووە بۆ چاوبەستەکێ کردن لەخەڵکی و فریودانیان بەتایبەتی گرنگی دانی بەزمانی کوردی.[178]

د. کەمال مەزهەریش سەبارەت بەسۆن دەڵێت "مێجەرسۆن نە بەرۆژنامەی پێشکەوتن و نەبەهیچ کارێکی تر نەیتوانی گەلی کورد فریوبدات".[179]

لێرەدا دەبێ ئەو ڕاستیە لەبەرچاوبگرین کە دەربڕینی ئەم بۆچونانە زیاتر لەڕوانگەیەکی سیاسیەوە بووە، ئەو ڕۆژانە نیشتمانپەروەران و ڕۆشنبیران رقی زۆریان لەسۆن و دەست و پێوەندەکانی بووە، هاوشانی ئەم دەستەیەش، کەسانێکی زۆر هەبوون لایەنگری تورك بوون، ئەمانە سەرجەمیان دژی سۆن بوون، لەبەرامبەریشدا سۆن تا دوائەندازە قینی لەدەستەی تورکخواکان بوو، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ڕێگای بەنیشتمانپەروەرانیش نەدەدا کە جموجۆڵ بکەن، بەڵکو دەستەیەك لەسیخوڕو بەکرێگراوی لەدەوروبەری خۆی کۆکردبۆوە وەك چاودێریکەر (خەفیە) بەسەر نیشتمان پەروەرانەوە دایناببوون، ئەمانە خەڵکانێکی بێزراو بوون و ئەهلی سلێمانی سلاویشیان لێ نەکردوون و ڕوویان پێنەداون.

هەر بۆیە سۆن پێشکەوتنی کردبووە مینبەرێك بەمەبەستی بانگەشە کردن بۆ بەریتانیاو تانەوتەشەر دان لەتورکخواکان و ناحەزانی ئینگلیز، ڕەفیق حیلمی لەم بارەیەوە دەڵێت : "هەندێ لەوانەی کە لەپێشکەوتن دا ئەیان نووسی لەوانە نەبوون بەهەناوێکی نیشتمانیەوە هاتبنە کایەوەو لەنوسین مەبەستیان گیانی وڵات پەرستی و کوردایەتی بڵاوکردنەوە بێت، بەڵکو زیاتر چاویان لەخۆبردنە پێشەوە لە(سۆن) و گەیشتن بوو بەو پاداشتە سوك و بێ

---

١٧٨ ڕەسوڵ هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ب١،ل٤٧٥-٤٧٦.

١٧٩ چەند لاپەڕەیەك، ب١،ل١٥٥-١٥٦.

نرخـە، ئەمانـە ئەیانویسـت کـە (سـۆن) لەخـەڵك بکـەن بـەخوا یـا هیـچ نـەبێ (بت)ێکی لێ دروست بکەن ". [180]

بەڵام وێڕای ئەم رایانە، (جەمال بابان) باس لەوە دەکات کە سۆن، جگە لە هەڵوێستە خراپەکانی بەرامبەر بەشێخ مەحمود، هەندێك کاری کردووە بۆ ئەو سەردەمە بەهەنگاوی باش دادەنرێت، جابەهەر مەبەستێك کردبێتی، لەم بارەیەشـەوە نموونـە بەڕاکێشـانی پـردو ڕێگاوبـانو کـەم کردنـەوەی بـاج دێنێتـەوە بۆ ئـەو بازرگانانـەی کەلوپـەلو شمـەکیان هێنـاوە، هـەروەها بـاس لەپاراستنی ئارامی و ئاسایشی ناو شارو کردنەوەی خوێندنگاو چاپکردنی رۆژنامەو قەرزو دەستگیرۆیی کردنی جوتیارانو پاراستنی پاكو خاوێنی ناو شار دەکات." [181]

(میرزا ئەمین مەنگوڕی)یش، زۆر بەئاشکرایی لایەنگیری سۆن دەکاتو دەڵێت : "لەپاش گیرانی شێخ مەحمود، مێجرسۆن کرا بەحاکمی سلێمانی و ئیـدارە هـەرچی و پەرچیـەکی شـێخ مـەحمودی تێکـداو نەیهێشـت واریداتـی سلێمانی لەلایـەن پیـاوە دزەکـانی شـێخ مـەحمودەوە لـەناوبرێ، واریداتـی سلێمانی گەیاندە پێنج ملیۆن روپیە ". [182]

لـێرەدا دەتوانـین بڵێـین (سـۆن) بـەدەر لـەکارو کـردەوە سیاسـیەکانی، هـەندێك هـەنگاوی هـەڵناوە شایسـتەی باسـکردن بێـت. پێشـکەوتن لـەڕیزی پێشـەوەی ئـەو کارانەیـەتی، بەئەندازەیـەك ڕەفیـق حیلمـی وێـڕای رەخنـەو سەرنجەکانی سەبارەت بەو رۆژنامەیـە، دەڵێـت : "لـە پێشـکەوتن دا هـەندێ باسی جوانو وتار یا وێژەی بەنرخیش بڵاوکرایەوە ". [183]

ئـەم هەنگاوانـەی (سـۆن) زیـاتر پەیوەسـت بـوون بـەوەوە کـە نێوبـراو بەرنامەیەکی هەبوو کاری بۆ دەکرد، ئەویش ڕاهێنـانی کوردەکـانی سلێمانی

---

[180] یادداشت، ب١، ل١٩.

[181] شارە گەشاوەکەم، ب٢، ل٧٦-٧٧.

[182] حـەقائقی بەسـەرهاتی شـێخ مـەحمود لەپـەنای ئیسـتقلالی کـوردا، یادداشـت، (دەستنووس)، ل٣-٤.

[183] یادداشت.ب١، ل١٩.

بوو بەوەی کە بتوانن لەنێو (عێراق)دا هەڵ بکەن و هەوڵیشی دەدا لەم کارەیدا هەستی نەتەوایەتی کوردیش لە سلێمانیدا لەبەرچاو بگیرێت، بۆ ئەم مەسەلەیەش دەیویست کارێکی وەها بکات دەسەڵاتدارانی سەروو خۆی بارودۆخی تایبەتی کوردستانی باشوور لەبەرچاو بگرن.

لەڕاستیشدا یەکێك لەشوێنەوارە هەرە دیارو بەرچاوەکانی حوکمڕانی ڕاستەوخۆی ئینگلیز لەسلێمانیدا، بڵاوبوونەوەو پەرەسەندنی بیری کوردایەتی بوو لەنێو خەڵکیدا، لەکاتێکدا بەر لەجەنگی جیهانی یەکەم ئەم بیرە تەنها لەنێو هەڵبژاردەو توێژی ڕۆشنبیرانی کورددا هەستی پێدەکرا.

ڕۆشنبیرانی سلێمانی لەو سەردەمەدا، پێیان وابوو زۆرینەی خەڵك دژی حوکمڕانی ڕاستەوخۆی ئینگلیزن و ئەو حوکمەی (سۆن) لەڕێگای بەکارهێنانی هێزەوە بەڕێوە دەچێت، چونکە سۆن خەڵکێکی زۆری دورخستبووەو دەستی بەسەر ماڵ و موڵکیاندا گرتبوو، لەڕاستیشدا (سۆن) هەموو دژایەتی و ناڕەزاییەکی خەڵکی سەرکوت دەکرد، تەنانەت (لیز- Lees)ی هاوڕێی، پێی وابوو سۆن وەك زۆردارێکی سەدەکانی ناوەڕاست حوکمڕانی دەکات، تەنانەت (سۆن) خۆشی لەم بۆچوونەدا لەگەڵ (لیس) دابوو،بەکارهێنانی توندوتیژی بەمەسەلەیەکی پێویست دەزانی.

بەڵام لەڕاستیدا سیاسەتەکانی سۆن خۆی لەخۆیدا سەرچاوەی سەرەکی ناڕەزاییەکانی خەڵك بوو لەدەسەڵاتی ئینگلیزەکان.

سۆن خەڵکی ناچار دەکرد باجێکی زۆر بدەن، تەنانەت لەو ساڵانەشدا کە بێبارانی بوایە، بڕی باج بەشێوەیەك زیادی کردبوو کە تەنها لە ساڵی ١٩١٩دا (٢٥٠) هەزار جونەیهی ئیسترلینی لەنێوچەی سلێمانیدا کۆکرابۆوە، بەڵام تەنها (٦٣) هەزاری خەرج کردبوو بۆ خوێندن و خوێندەواری. بێگومان بەم شێوەیەش هیچ گۆڕانکاریەکی بەرچاو لەو بوارەدا وەدینەهاتبوو، بەڵکو ژمارەی خوێندنگاکان و خوێندکاران لەچاو ساڵانی پێش جەنگی جیهانی یەکەمدا هیچ جیاوازیەکی وەهای نەبوو. لەکاتێکدا (سۆن) تەنها لەساڵێکدا

بڕی (٢٠) هەزار جونەیەی ڕەوانەی بەغدا كردبوەوە،و لەكاتێكدا شاری سلێمانی پێویستیەكی زۆری پێ هەبوو.[١٨٤]

سۆن بەتەنگ داواكاریەكانی خەڵكەوە نەبوو، بەدەنگیانەوە نەدەچوو. ئەحمەد خواجە باس لەوە دەكات، كە چۆن دوای هەوڵ و تەقەللایەكی زۆرو نوسینی مەزبەتە، داواكارییەكیان خستۆتە پێش چاوی سۆن بۆ كردنەوەی خوێندنگایەكی سەرەتایی و یەكێكی ناوەندی بەڵام تەنها ڕەزامەندی بۆ كردنەوەی سەرتاییەكە نیشان داوەو كردنەوەی خوێندنگای ناوەندی ڕەتكردۆتەوە.[١٨٥]

بەم شێوەیە ئەو كارانەی ئینگلیز لەسلێمانیدا ئەنجامیان دەدا، تەنها بە مەبەستی كپ كردنی دەنگی ناڕەزایی خەڵكی و خزمەت كردنی سیاسەتی داگیركەرانەی خۆیان بوو.

ب-كاردانەوەی جەماوەر.

لەرۆژگاری دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ئینگلیزدا، وێڕای ئاوابوونی ئەستێرەی شێخ مەحمودو دەسەڵاتەكەی، بەڵام ئینگلیز نەیتوانیبوو ئامانجەكانی لەسلێمانیدا وەك پێویست بپێكێت، وەك سۆن بەرنامە ڕێژی بۆ دەكرد، بریتی بوو لە ئامادەكردنی خەڵكی سلێمانی بۆ ژیان لەنێو قەوارەی (عێراق) دا. بەڵام ئەم كارە هێندە ئاسان نەبوو، چونكە ڕۆشنبیران و نیشتمانپەروەرانی سلێمانی هەرگیز ئامادە نەبوون خۆیان بە بەشێك لەعێراق بزانن و گوێیان بە گۆڕانكاریەكانی عێراق نەدەدا، بۆ نموونە كاتێك لەسەر داوای (پێرسی كۆكس) عبدالرحمن النقیب، یەكەم وەزارەتی عێراقی لە ١٩٢٠/١٠/٢٥ دا پێكهێنا،[١٨٦] لەژمارە (٢٩)ی ڕۆژنامەیپێشكەوتن دا هەواڵی پێكهێنانی ئەو وەزارەتەو یەكە بەیەكەی وەزیرەكانی بڵاوكراوەتەوە، بەڵام لەكۆتایی هەواڵەكەدا ئەم دەستەواژەیە نوسراوە كە دەڵێت : "ئەم دەزگاو برەو

---

[١٨٤] د. عثمان علی: هەمان سەرچاوە.

[١٨٥] چیم دی، ب١، ل٧١،٧٢.

[١٨٦] د. رجاء حسین حسنی الخطاب: عبدالرحمن النقیب حیاته الخاصة واراؤه السیاسیة وعلاقته بمعاصریة، ط١، بغداد، ١٩٨٤، ل٢١.

حکومەتە دەخلی بەسەر کوردستانەوە نیە ".[۱۸۷] بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەش بەم شێوەیە گوزارشتێکی جوانە لە هەستی نەتەوەیی ڕۆشنبیرانی سلێمانی.

ئینگلیزەکانیش بەچاکی لەویستی کوردەکانی سلێمانی گەیشتبوون بۆیە پرسی کوکس ئەوەی لەوەزارەتەکەی نەقیب گەیاند کە خۆی راستەوخۆ سەرپەرشتی کاروباری سلێمانی دەکات.[۱۸۸]هەر بۆیە کۆکس لە ۲۵ / ۱۱/ ۱۹۲۰ بەدواوە ڕاستەو خۆ خۆی سەرپەرشتی کارو باری کوردستانی دەکرد و نەیبەستبونەوە بە دام و دەزگاکانی شارەکانی ویلایەتەکانی بەغداو بەسرە.[۱۸۹]

دوای ئاوارەکردنی شێخ مەحمود، نیشتمانەپەروەران لەسلێمانیدا هێندە بەئاسانی جڵەو نەکران، بەڵکو کەوتنە خۆ بۆ بەرگرتن لە سیاسەتی بەریتانیا، هەرچەندە بەحوکمی فشاری زۆری (سۆن)ەوە، پێکەوەنان و دروست کردنی ڕێکخراوی سیاسی ئاشکرا کارێکی ئەستەم بوو، بەڵام وێرای ئەو هەموو فشارو توندو تیژیە، چەندین دەستەو گروپی جیاواز لەسلێمانی لەسەر دەستی لاوانی نیشتمانپەروەر پێکهات.[۱۹۰]

ئەحمەد خواجە ئەم ڕێکخراوە نهێنیانە بە پێنج دەستە دادەنێت کە بەپرۆگرامەوە کەتونەتە کار بۆ بەرهەڵستی ئینگلیزەکان و جەمال عیرفان سەرۆکایەتی کردوون ، بریتی بوون لەڕێکخراوەکانی (بەرزی وڵات، کوردستان، گزنگ، فیداکارانی کورد،وەتەن پەروەران).[۱۹۱]

(نەوشیروان مستەفا)ش بەهەمان شێوە باس لەوە دەکات کەدوای گیرانی شێخ مەحمود، جوڵانەوەی کورد تەواو نەبووەو لەشاری سلێمانیدا ڕۆشنبیرەکان چەند ڕێکخراوێکی بچوك بچوکیان پێکهێناوە.[۱۹۲]تەنانەت

---

[۱۸۷] پێشکەوتن: ژمارە (۲۹)، ۱۱/۱۱/۱۹۲۰.

[۱۸۸] علاءالدين السجادي: هەمان سەرچاوە، ل۹٤.

[۱۸۹] ڕەسول هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان ، ب ۲ ، ل ۹٤ .

[۱۹۰] ڕەفیق حیلمی: یاداشت، ، ب۱، ل۳۲.

[۱۹۱] چیم دی، ب۱، ل٦۱.

[۱۹۲] کوردستانی عێراق و دیاردەی فرە حزبی، کوردستانی نوێ، ژ (۲۱٦۱). ۱/٦/۲۰۰۰.

چالاكیەكانی ئەم دەستەو گروپانە تەنها لەنێو سلێمانیدا قەتیس نەبووە، جەمال عیرفان لەو سەروبەندەدا بریاری دا پەیوەندی لەگەڵ (سمكۆی شكاك) دا بكات، كە ئەو كاتە شۆڕشی لەكوردستانی رۆژهەلاتدا بەرپاكردبوو، هەر بۆیە (رەشید جودتو عارف صائب)ی بە نهێنی رەوانە كرد بۆ لای سمكۆ، بەلام بە هۆی ئەو شكستە كاتییەوە كە بەسەر سمكۆدا هاتبوو هەر دوو نێردراوەكە لەسەر قسەی (سەید تەها) گەڕانەوە سلێمانی.[١٩٣]

ئەوەی زیاتر خەڵكی دەبزواند ئەو سیاسەتە چەوتە بوو كە ئەفسەرە سیاسیەكانی ئینگلیز لەسەری دەرۆیشتن، بەتایبەت كاتێك گاورو جولەكەیان دەهێناو دەیانكردنە كاربەدەستو راوێژكار، ئەوەندەی ترخەڵكیان بێزار دەكرد.[١٩٤]

لەو رۆژانەدا ئەو دەستەو كۆمەلانە رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە بەربەرەكانی ئنگلیزداو تینێكی گەورەیان هەبوو وایان كردبوو ژمارەیەكی زۆر لەلاوە خوێندەوارەكان و خەڵكی شارو لادێكان بكەونە خۆ بۆ بەر بەرەكانی ئینگلیز، هەرچەندە ئەو كۆمەلانە لەسەر بناغەیەكی باشو بەهێزیش دانەمەزرابوون، بەلام شوێن دەستیان دیاربوو لەخەباتی سیاسیدا.[١٩٥]

هەر لەو سەردەمەدا لەنێو سلێمانیدا باوی دەروێشی داهاتبوو، ژمارەیەكی زۆر لەدەروێشەكان لەناو كۆلانو مزگەوتەكانی سلێمانیدا بلاوببونەوەو بنكەیەكیان لەگەڕەكی سەرشەقام دامەزراندبوو، ئەم مەسەلەیەش لەلایەكی دیكەوە ئینگلیزەكانی خستبووە ئەندێشەوە.[١٩٦]

چونكە ئەفسەرە سیاسیەكانیان جگە لە توندو تیژی، لەهەمان كاتدا رەچاوی هەندێك لایەنی كۆمەلایەتی و ئاینی خەڵكیشیان نەدەكرد. ئەوەبوو لەسەردەمی سۆن دا لەسلێمانی شوێنێك كرابۆوە بۆ (لەش فرۆشی)و كاری ناشایستە، كە سۆن خۆی ناوی نابوو شوێنی (ئافرەتەبێ رووەكان)* و ٤٠ تا

[١٩٣] ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب١، ل٦٤.

[١٩٤] د. عثمان علی: هەمان سەرچاوە.

[١٩٥] رەفیق حیلمی: یاداشت، بە٢، ب١، ل٨٢.

[١٩٦] ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب١، ل٧٤.

خۆی ناوی نابوو شوێنی (ئافرەتەبێ رووەکان)* و ٤٠ تا ٥٠ ئافرەتی تێدابوو.[١٩٧]

هەر لەسەردەمی حوکمی راستەوخۆی ئینگلیزیشدابوو کە بۆ یەکەم جار رێگادرا لەسلێمانیدا بەئاشکرا مەی بفرۆشرێت و لەژمارە (٧٤)ی پێشکەوتن دا ئاگاداری بڵاوکراوەتەوە کە پێویستە هەر کەسێك شەراب دروست بکات (موفەتیشی گومرگ) ئاگادار بکات، بە پێچەوانەشەوە سزا دەدرێت.[١٩٨]

بەم شێوەیە سۆن دوای ئەوەی زیاتر لەدوو ساڵ حوکمڕانی کرد لەشاری سلێمانیدا، لە ٥ی ئازاری ١٩٢١، بەپێی هەواڵێك کە لەژمارە (٤٦) پێشکەوتن دا بڵاوبۆتەوە، دەستی لەکارکێشایەوەو بەپێی ناوەڕکی ئەو هەواڵە سۆن بۆ ماوەی شەش مانگ بەمۆڵەت گەڕاوەتەوە بۆ لەندەن و (مێجەر گۆڵد سمیث) هاتۆتە شوێنەکەی.[١٩٩]

---

* رەسول هاوار لەم بارەیەوە دەڵێت " سۆن شوێنی بۆ ژنە خراپ و داوێن پیسەکانی ئەو سەردەمە کردبۆوە و پۆلیسی پارێزگاری شوێنەکەیان دەکرد ، کە ئەو ڕۆژانە بوونی شوێنی وا کوفر و ناشایشتە بوو هەرچی بەلای ئەوەدا بچوایە خۆڵ و دۆی دەکرا بەسەرداو بەرەو پشت سواری گوێ درێژیان دەکرد ، وەکو ئەگێڕنەوە (جەلالی فاتە بچکۆل) ناو یەکێك بووە لەوانەی کە سەرپەرشتی ئەو شوێنەی کردووە دوای ڕۆیشتنی سۆن شار بەدەر کراوە" ، ئەحمەد خواجەش لەم بارەیەوە دەڵێت : "ئینگلیزەکان لە کوردستاندا چاکەیەکیان بەجێ نەهێشت کە شایستەی یاد کردنەوە بێت ، ئەوە نەبێت کە (ئەرو سپیخانە) یەکیان ناو جەرگەی شاری سلێمانیدا دامەزراند " ، شێخ لەتیفیش لە یاداشتەکانیدا بە هەمان شێوە باس لەوە دەکات کە سۆن لە سلێمانیدا (تیا ترۆخانە) یەکی کردۆتەوە بۆ ئەوەی ڕەوشتی خەڵکی پێ بێنێتە خوارەوە . (رەسول هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان ، ب١ ، ل ٤٧٦)؛ ئەحمەد خواجە : بیرەوەری ، گۆڤاری ڕۆشەنبیری نوێ ، ژمارە (١١١) ، ل ٨٥ ؛(شێخ لەتیف : یاداشت ، ل٦٠).

[١٩٧] جەمال بابان: شارە کەشاوەکەم، ب٢، ل٨٥.

[١٩٨] سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥: پێشکەوتن: (٧٤)، ١٩٢١/٩/٢٢.

[١٩٩] پێشکەوتن: ژمارە (٤٦). ١٩٢١/٣/١٠.

دوای ڕۆیشتنی سۆن ڕۆژنامەی پێشکەوتن بەردەوام بوو لەدەرچوون، هەرچەندە خزمەتی سیاسەتی بەریتانیای دەکرد، بەڵام لەهەمان کاتدا دەلاقەیەك بوو بۆ خەڵکی سلێمانی کە لێوەی دەیانڕوانیە ڕووداوەکانی دەوروبەر لەجیهان، بەتایبەت ئەو هەواڵانەی کە پەیوەست بوون بە دوا ڕۆژی سیاسی قەوارەی تازە دامەزراوی عێراقەوە، بۆ نموونە لەژمارە (٤٧)ی ڕۆژنامەی نێوبراودا هەواڵی سەفەری (سێر پێرسی کۆکس)و (ئایمەر هالدن) بەمەبەستی بەشداریکردن لەکۆنگرەی قاهیرە* بڵاوکراوەتەوە.[٢٠٠]

ئەم شێوە هەواڵانەو ئەو گۆڕانکاریانەی هاتبوونە پێش ڕەوشێکی نائاسایی لەسلێمانیدا هێنابووە ئاراوە، جمو جۆڵی سیاسی خەڵکی بەشێوەیەکی سەرەکی بەمەبەستی هێنانەوەی شێخ مەحمود ئاراستە کرابوو.[٢٠١]

ڕۆشنبیران و نیشتمان پەروەرانی سلێمانی پەیوەندی بەتینیان لەگەڵ هۆزە کوردەکانی دەوروبەریشدا هەبوو، ئەوانیشیان هاندەدا کە داوای گێڕانەوەی شێخ مەحمود بکەن، (ئەحمەدی‌حەمە ئاغای پشدەری) وەك شایەتێکی حاڵی سەردەمەکەی باسی کردووە کە چۆن ئەو کاتە عەشایەر مەزبەتەو داوایان داوەتە ئینگلیز تاوەکو شێخ مەحمود بگێڕنەوە، دان بەو ڕاستیەشدا دەنێت کە لەسلێمانیەوە (سەید عەولای حاجی سەید حەسەن)و (تایەری ئەمین ئەفەندی) کاغەزیان بۆ ناردوون و داوایان لێکردون نامە بنوسن

---

*دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیی یەکەم کار بەدەستانی ئینگلیز پاش تێپەڕ بوونی دوو سێ ساڵێك هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە پێویستە کۆنگرەیەك بۆ لێپرسراوانی بەریتانی دەربارەی گیرو گرفتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببەسترێت بۆ ئەم مەبەستەش شاری قاهیرەی پایتەختی میسر دەست نیشان کرا لەسەر پێشنیاری مستەر (ونستۆن چەرچل) ی وەزیری موستعمەراتی بەریتانی ، کۆنگرەکە لە نێوان ڕۆژانی ١٢ – ٣٠ / مارت / ١٩٢١ بەسترا . (د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر : کۆنگرەی قاهیرەو کارو باری ناوچەکانی کورد ، گۆڤاری نوسەری کورد ، ژمارە ٢ ، خولی سێهەم ، ئابی ١٩٨٥).

[٢٠٠] پێشکەوتن: ژمارە (٤٧) ١٩٢١/٣/١٧.

[٢٠١] د. کەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەك، ب١، ل١٥٦.

بۆ کۆکس لە بەغدا تاوەکو شێخ مەحمود بنێرێتەوە بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان تەنانەت ئاماژە بەوە دەکات کە شێوەی نوسینی داواکاریو مەزبەتەکانیشیان بۆ ناردوون‌و پوولیشیان بۆ ڕەوانە کردوون.[٢٠٢] ئەمەش بۆخۆی بەڵگەیەکی روون ئاشکرایە کە ڕۆشنبیرانی سلێمانی لە جم‌و جوڵی سیاسیاندا لەدەوروبەر دانەبڕوان‌و بەردەوام پەیوەندیان پێکەوە هەبووە.

بەڵام دەسەڵاتدارانی بەریتانیا ئەو کاتە هێشتا تینیان بۆ نەهاتبوو بۆیە ئەم مەسەلەیەیان هێندە لاگرنگ نەبوو، هەربۆیە بۆ وەڵام دانەوەی ئەو واتە واتەی کە لەسلێمانیدا بڵاو ببۆوە، پێشکەوتن لەژمارە (٥٨)ی دا، باس لەوە دەکات کە حاکمی سلێمانی لەبەغدا لەگەڵ مەندوبی سامی کۆبۆتەوەو سەبارەت بەمەسەلەی هێنانەوەی شێخ مەحمود گفتوگۆیان کردووە، بەڵام مەندوبی سامی قەبوڵی نەکردووە بهێنرێتەوە.[٢٠٣]

ئەم بارودۆخەی سلێمانی تادەهات زیاتر ئاڵۆز دەبوو، ئینگلیزی خستبووە مەترسیەوە، بەتایبەت ئەو کاتە لەسلێمانیدا بیروڕای جیاواز هەبوو، بەئاشکراش هەست بەم مەسەلەیە دەکرا، ڕەسول هاوار لە ڕووی بیرو بۆچوونەوە دانیشتوانی سلێمانی بەسەر سێ تاقمدا دابەش دەکات، دەستەی یەکەمیان بریتی بوون لەوانەی لەرۆژگاری دەسەڵاتی عوسمانیدا کاربەدەست و موچەخۆر بوون، ئەمانە لەلایەن ئینگلیزەوە بێزراوبوون، دەستەی دووەم زۆرینەی خەڵکە ڕەشۆکیەکەبوو کە تا ئەندازەیەکی بەرچاوو کاریگەریی ئاینیان بەسەرەوە بوو، وێڕای تاقمی سێهەم کە هیچ باوەڕێکیان بەئینگلیز نەمابوو، چونکە هیچیان بۆ کورد نەکردبوو، ئەمانە نەسەر بەئینگلیزو نەتورکخوا بوون،[٢٠٤] بەڵام وێڕای ئەم سێ دەستەیەی هاوار باسیان لێوە دەکات، دەستەیەکی دیکەی تازە پیا کەوتوش هەبوو، کە لە داوو دەزگاکانی

---

[٢٠٢] بیرەوەرییەکانی ئەحمەدی حمە ئاغای پشدەری، ل٥٤-٥٥.

[٢٠٣] پێشکەوتن: ژمارە (٥٨) ، ١٩٢١/٦/٢.

[٢٠٤] شێخ مەحمودی قارەمان، ب٢، ل١٤٤.

میریدا دامەزرابوون و سەر بەئینگلیز بوون، بەلاَم زۆرجار سەرجەم ئەم دەستانە، دژ بە لاوە نیشتمانپەروەرو رۆشنبیرەکان دەوەستان.[205]

ویرای ئەم جیاوازی بیرو بۆچوونە، زۆر بەزەقی هەست بەوە دەکریت کە خەلکی سلیمانی لەگەل ئەوە دانەبوون کە بەشیك بن لەدەولەتی تازە دامەزراوی عیراق، تەنها، ژمارەیەکی کەم نەبیت لەبازرگان و خاوەن مولکەکان،ئەمانەش زیاتر لەژیر کاریگەری هۆکارە ئابوریەکاندا بوون.[206]

لەبەلگەنامەیەکی بەریتانیدا یاداشتانامەیەکی میجەر (یۆنگ) ی تیدایە دەربارەی کورد کە تییدا دەلیّ :" بۆ چوونی من ئەوە بوو کە هیچ کوردیك لە ناوچە کوردیەکاندا بەوە رازی نیە بخریتە ژیر دەسەلاتی فەیسەل، ئەگەر چی رەنگە بتوانریّ جگە لە سلیمانی ئەوانی تر بهینرینە ژیربار ئەگەر دلنیا بکرین لەوەی بەریتانیا سەرپەرشتی فەیسەل دەکاو بەپیی راویژی بەریتانیا دەروا بەرپیوە "، لیرەدا زۆر بە روونی هەست بەوە دەکەین کە (یۆنگ) سلیمانی لە شارەکانی دیکە جیا کردۆتەوە و دلنیایە لەوەی سلیمانی بە هیچ شیوەیەك نە بە حوکمی فەیسەل رازیەو نە ئامادەشە بلیکیندریت بە دەولەتی تازە دامەزراوی عیراقەوە ، تەنانەت (یۆنگ) لە هەمان راپۆرتدا راشکاوانە ئەم دەستەواژەیە بەکاردەهینیت و دەلیت :" سلیمانی زۆر کەللە رەق و درن ." هەر ئەو سەردەمە پیدەچیت حکومەتی بەریتانیا بە نیاز بووبیت فەیسەل هان بدات کە گەشتیك بە ناوچە کوردیەکاندا بکات و بۆ ئەمەش داوای لە ئەفسەرە سیاسیەکانی خۆی کردووە کە کارو باری بە پیرەوە چوونی بۆ ریك بخریت ، بۆیە (یۆنگ) بە ئاشکرا بیرو رای خۆی دەردەبریت و دەلیت :" لە شوینیکی وەکو سلیمانیدا کاتیك دەتوانریّ ئەو پیشوازیە لە

---

[205] ا.ب، هەوری: سولەیمانی لەسالی ۱۹۲۵و ۱۹۲٦ دا، گۆڤاری بەیان ژمارە(۲۸)، ئاب، ۱۹۷۵، ل۲۹.

[206] د.عبد الستار طاهر شریف:الجمعیات والمنظمات والاحزاب الكردیةفي نصف قرن ۱۹۰۸-۱۹۵۸،بغداد، ۱۹۸۹،ل۹۱.

فەیسەڵ بکرێ ، مەگەر پێیان بگوترێ : فەیسەڵ دۆستی ئینگلیزەو مەلی
عێراقە نەك مەلیکی کوردەکان".[٢٠٧]

هەر بۆیە، حکومەتی بەریتانیاش رەچاوی ئەم هەستەی سلێما
دەکرد. ئەوەتا لەژمارە (٥٩)ی پێشکەوتن دا هەواڵی ئەوە بلاوکراوەتەوە ک
جەنابی حاکمی سیاسی سەردانی بەغدای کردوە بەمەبەستی گفتوگۆ کرد
سەبارەت بەدوارۆژی سلێمانی و راشکاوانە دەڵێت: "لەبەرنواندنی بیری هەمو
سلێمانی، کە هەتا سێ ساڵ ئیدارەی حکومەتی سلێمانی لەهی عێراق جیاوا
بێت، لەپاش رابووردنی ئەم سێ ساڵە دیسانەوە فرسەتێکی تر بەئەهالی ئە
لیوایە ئەدرێت کە بە تەحریکی قەتعی بیری خۆیان بنوێنن، کە ئایا یەکێتی
لەگەڵ حکومەتی میللی بەغدا بەباش ئەزانن یانا"[٢٠٨] بەریتانیا تەواو
دڵنیابوو لەم بۆچوونە جودا خوازەی سلێمانی، تەنانەت کاتێك میر (فەیسەڵی
کوڕی شەریف حوسێن)* لەلایەن بەریتانیاوە دەست نیشان کرا بۆ تەختی
عێراق و لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٢١ گەیشتە بەغدا تاوەکو ببێتە شای ئەو قەوارە
نوێیە، بەریتانیا بریاریدا کە راپرسیەك ئەنجام بدرێت بەمەبەستی پیشاندانی
رەزامەندی بەرامبەر فەیسەڵ[٢٠٩] بەلام لەم هەنگاوەشدا هیچ گوشارێك
نەنراوەتە سەر دانیشتوانی شاری سلێمانی، هەر بۆیە لەژمارە (٦٥)ی
پێشکەوتن دا هەواڵی ئەوە بلاوکراوەتەوە، کە حاکمی سیاسی سلێمانی،
دانیشتوانی شارەکەی سەر پشك کردووە، لەبەشداری کردن لەو راپرسیەدا،

---

[٢٠٧] رەسول هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان ، ب٢ ، ل ١٠٥ ، ١٠٧.
[٢٠٨] پێشکەوتن: ژمارە (٥٩)، ١٩٢١/٦/٩.
* فەیسەڵی کوڕی حوسێن لە ساڵی ١٨٨٣ لە شاری مەککە لە دایك بووەو خوێندنی لەسەر دەستی مامۆستای تایبەت لە کۆشکەکەی باوکیدا خوێندووە ، ماوەیەك لە ئەستەنبول ژیاوە لەگەڵ بنەماڵەکەیدا و ساڵی ١٩٠٨ گەڕاوەتەوە بۆ مەککە و تێکەڵی کارو باری سیاسەت بووەو پەیوەندی لەگەڵ عەرەبە ناسیۆنالیستەکان بەستووە بە تایبەتی پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩١٣سەردانی دیمەشقی کردووە لەسەرو بەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا پشتیوانی تەواوی لە بەریتانیاو هاوپەیمانەکان کرد و تا مردیش پشتی بە ئینگلیز دەبەست . (عبدالغنی الملاح : تاریخ الحرکة الدیمقراطیة في العراق / ط٢ ، بیروت ، ١٩٨٠ ، ل ٢٧-٢٨).
[٢٠٩] السید عبدالرزاق الحسني: تاریخ العراق السیاسی الحدیث، ط١، ج٣، بغداد، ١٩٨٩، ل١٠.

شارەكەی سەر پشك كردووە، لەبەشداری كردن لەو راپرسیەدا، لەوەش ئاگاداری كردونەتەوە كە بەشداری كردن یا بەشداری نەكردنیان هیچ كاریگەریەكی نیە بۆسەر كاروباری دوا رۆژی لیوای سلێمانی.[210]

هەر بۆیە وەك سەرجەم سەرچاوەكان ئاماژەی بۆ دەكەن، شاری سلێمانی بەهیچ شێوەیەك بەشداری لەراپرسیەكەی (فەیسەڵ) دا نەكردووەو بەپیریەوە نەچوون،[211] هەرچەندە هەوڵیان دا لەنێو شاردا زمانی خەڵك تاقی بكەنەوەو رایان وەبگرن بۆ پشتگیریكردنی فەیسەڵ ، ئەحمەد خواجە بەم جۆرە باس لەو كارەی ئینگلیزەكان دەكاتو دەڵێت : " لەگەڵ هێنانی فەیسەڵی یەكەمدا، لەلایەن پیاوە درۆزنو دەس بڕەكانی بەریتانیاوە لەسلێمانی كە ئەو وەختە ناوچەی هەرە بەهێزی داوای سەربەستیو ئازادی كورد بوو لەكوردستاندا، كەوتنە تەڵەكەبازیو ئەم پرسیارانەیان دروست كرد:-

١-پرسیاری یەكەم : (لام باش نیە)

٢-تێكەڵ بوون بەعەرەبی عێراق.

ب-باوەڕكردن بەفەیسەڵی یەكەم.

٢-پرسیاری دووەم: (لام باشە)

بەپێچەوانەی پرسیاری یەكەم.

لەدوای ئەم پرسیارو بەخت بێ نیە، لەهەموو لیوای سلێمانیدا تەنیا دوو لام باشە دەرچوو، كەچی لەجیاتی بەڵێنە نامەردانەكەیان ناوی كوردستانیان كردبەشمال"[212]،بێگومان ئەمەش جەخت كردنێكی ئاشكرای

---

[210] پێشكەوتن، ژمارە (٦٥)ی ٢١/تەمموزی /١٩٢١.

[211] حسین جمیل: العراق شهادة سیاسیة- ١٩٠٨-١٩٣٠، لندن، ١٩٨٧، ل٧١. ؛دیریك كینان: كوردو كوردستان ، وەرگێڕانی،ئەبوبەكر خۆشناو سلێمانی، ١٩٩٩، ل٤٤؛ د. ابراهیم خلیل احمد، د. جعفر عباس الحمیدي: تأریخ العراق المعاصر، موصل، ١٩٨١، ل٣٢. ؛ پێشكەوتن: ژمارە (٦٦)ی ٢٨/تموزی/١٩٢١.

[212] ئەحمەد خواجە: مێژووی لام باش نیەی سلێمانی، گۆڤاری هیوا، ژمارە (٦-٧)، كانونی دووەم، ١٩٥٩، ل٤٩،٥٠.

خەڵکی سلێمانی بوو بۆ دەربڕینی ویستی خۆیان لەدامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆو جودا لە عێراق[٢١٣].

لەسلێمانیدا تا دەهات جموجۆڵی سیاسی کۆمەڵەو گروپە بچوکەکان زیاتر پەرەی دەستاندو داواکاری هێنانەوەی شێخ مەحمود زیاتر دەبوو، دەسەڵاتدارانی ئینگلیزش لەسەر لاپەڕەکانی پێشکەوتن پڕوپاگەندەکانی گێڕانەوەی شێخ مەحمودیان بەدرۆدەخستەوە.[٢١٤] بەڵام کاتێك بەروونی لەویستو داخوازیەکانی خەڵکی سلێمانی دڵنیابوونو زانییان سوورن لەسەر هێنانەوەی شێخ مەحمودو ئامادەنین وەك بەشێك لەعێراق مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، کاربەدەستانی بەریتانیا بۆ چاوبەستەکێ بڕیاریاندا وەك هەنگاوێك ئەنجومەنێك لەسلێمانیدا پێکبهێنن بەنێوی (مەجلیسی ئیدارەی) سلێمانی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شارەکە و یارمەتیدانی حاکمی سیاسی، کە لێرەدا مەبەستیان چارەسەرکردنی ئاژاوەو پشێویەکانی سلێمانی بوو.[٢١٥]

ئەوەبوو یەکەم ئەنجومەنی شار لە ساڵی ١٩٢٠ هەڵبژێردرا کە لەم ناوانە پێکهاتبوو:(میرزا فەرەج، برایم ئاغای خەفاف، تۆفیق وەهبی، غەفورئاغای حاجی ئەولا)[٢١٦].

دووەم ئەنجومەنی شاریش لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢١ هەڵبژێردرا، بۆ ئەم مەبستەش لەژمارە (٧٦)ی پێشکەوتن دا ڕاگەیاندنێکیان بڵاوکردەوەو تیایدا ئەوە روون کراوەتەوە کە ژمارەی ئەندامانی مەجلیسی ئیدارەی سلێمانی لە (١٢) ئەندام پێك دێت، کە چواریان لەلایەن دانیشتوانەوە هەڵدەبژێردرێتو چواریشیان مەئموری حکومەتن، چوارەکەی دیکەش نوێنەرایەتی قەزاکانی دەوروبەری سلێمانی دەکەن.[٢١٧]

---

[٢١٣] عبدالرحمن البزاز: العراق من الاحتلال حتى الاستقلال، ط٣، بغداد، ١٩٧٦، ل٩٠ ؛ هارفی موریس، جون بلوخ: لا اصدقاء سوى الجبال، ترجمة، راج ال محمد، دمشق، ١٩٩٦، ل٨٤.

[٢١٤] پێشکەوتن، ژمارە (٦٥)ی ٢١/تەموزی/١٩٢١.

[٢١٥] رەفیق حیلمی: یادداشت، ب٢، ل٢١، ٢٢.

[٢١٦] پێشکەوتن: ژمارە (٣٨)،١٣/کانونی دووەمی١٩٢١.

[٢١٧] پێشکەوتن: ژمارە (٧٦)ی ٦/ی تشرینی یەکەم/١٩٢١.

ئـەم ئەنجومەنــە هەرچــەندە لەڕواڵــەتدا واپیشـان دەدرا كـە لەلایــەن خەڵكیەوە بەئازادی هەڵدەبژێردرێت بەڵام لەڕاستیدا لەژێر چاودێری، حاكمی سیاسی‌دا بوو، ئەو كەسانەشیان بۆ ئەم پۆستە دەپاڵاوت كە لایەنگری خۆیان بوون‌و خاوەن بەرژەوەندی بوون[٢١٨] * .

لەڕێكەوتی ١٦ی تشرینی یەكەمی١٩٢١ دا ئەنجومەن هەڵبژێردراو ئەم ناوانە بوون بەئەندامانی یەكەم ئەنجومەنی ئیدارەی سلێمانی كە پێهاتبوون لە (حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا، عەبدول فـەتاح چەلـەبی، جـەمال عیرفـان، حـاجی برایم ئاغا) لەشاری سلێمانی جگە لەم چوارەش:-(سدیق مەزهەر)ی سەرۆكی دادگاو ساڵح پاشاو (كاپتن هۆڵـت)ی یاریدەدەری حاكمی سیاسی و ئەحمەد موختـار قـازی، ئـەندامانی ئاسـایی ئەنجومەنەكـە بـوون، لەخـەڵكی قـەزاو ناحیەكانیش چـوار كەسـی دیكـە دەسـت نیشـان كـران، بـەم شێوەیە لـەژێر سەرۆكایەتی حاكمی سیاسی شاردا، ئەنجومـەن دەست بـەكاربوون.[٢١٩] بـەڵام ئــەم هــەنگاوەش نــەیتوانی نیشــتمانپەروەرانی ســلێمانی بێدەنــگ بكــات‌و داخوازیـە راستەقینەكەیان پـێ فـەرامۆش بكات كە بریتــی بـوو لەهێنانـەوەی شێخ مەحمودی بەرزنجی، بـەڵام ئینگلیزەكـان ئامادەنـەبوون بەهیچ شێوەیەك مل كەچ بكـەن بۆ ئـەو داواكاریـەی دانیشـتوانی سـلێمانی، هـەر بۆیـە بیریـان لەشێوازێكی دیكە كردەوە، ئـەوەش بـەدانانی كەسێكی دیكـە لەشـوێنی شێخ

---

[٢١٨] ا . م. متشاشیفلی: العراق ڤ سنوات، ل٣١٦.

* ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەكانیدا باس لـەوە دەكـات كە چـۆن لـە لایـەن خەڵكیـەوە نـاوی ئەویش بە مەزبەتە پێشكەش بە كاپتن هۆڵت كراوە ، بەڵام ئینگلیزەكان ڕازی نـەبوون ببێـت بە ئەندامی ئەو مەجلیسە بۆیە (جەمال عیرفان) یان ناردۆتە لای تاوەكوپەشیمانی بكاتەوە بـەڵام ئـەو هـەر پەشـیمان نەبۆتـەوە ، ناچار لـە كۆتـایدا بـە نووسـراوی ڕەسمـی مەزبەتەكـەی ئەویان ڕەت كردۆتەوە بە بیانوی ئەوەی ڕەفیق حیلمی لـە ڕێگـای دەرس ووتنـەوەوە باشتر خزمەت دەكات . (یاداشت ،ب١ ، ل ٢٢) .

[٢١٩] ڕەفیق حیلمی: یادداشت، ب٢، ل٢١-٢٢.

مەحمود، بەتایبەتی کاتێك (عەلی شەفیق)ی میرئالآی تورك کە بە(ئۆزدەمیر)** ناسرابوو بەخۆی و چەند سەربازێکی تورکەوە لە ١٩٢٢/٦/٢٣ دا.[٢٢٠]

گەیشتە کوردستانی خواروو لە (رەواندز) جێگیر بوو، کەوتە هاندانی خەڵکی دژ بەئینگلیزەکان، هەر کەسێك ناحەزی بەریتانیاو حاکمە سیاسیەکانیان بوایە خۆی دەگەیاندە رواندوزو دەچووە پاڵ ئۆزدەمیر.[٢٢١]

هەر بۆیە ئینگلیزەکان بەدوای کەسێکدا دەگەڕان کە بەدیلی شێخ مەحمود بێت و لە ئاست تورکەکاندا خۆڕاگربێت، مەرج نەبوو ئەو کەسە کوردێکی نیشتمان پەروەر بێت.[٢٢٢]

هەر ئەم بۆچوونەش وای لەبەریتانیا کرد کە لەنێو کەسایەتیە کوردەکانی ئەو سەردەمەدا، بیریان بۆ کەسێکی وەك (حەمدی بەگی بابان)* بچێت، بۆ ئەوەی لەشوێن شێخ مەحمود بیکەن بەگەورەو دەم راستی کورد

** ئۆزدەمیر کۆلۆنیلێکی سوپای کەمالیەکان بوو کە بەڕەگەز لە چەرکەسەکانی مسر بوو ، نێو براو خۆیی و دەستەیەك سەربازی تورك بەمەبەستی ئاژاوە نانەوەو دژایەتی کردنی بەریتانیا هاتنە کوردستانی باشورو لە ڕەواندوز جێگیر بوون ، ئیدی بەم شێوەیە توانیان ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی ناحەزی ئینگلیز لە خۆیان کۆ بکەنەوەو هەرێمێکی فراوانیش کۆنترۆڵ بکەن ، ئەمەش وای کرد کە ئینگلیزەکان مەترسیان لێ بنیشێتوو بە ناچاری لە کۆتایدا شێخ مەحمودیان هێنایەوە بۆ کوردستان بەمەستی دەرپەڕاندنی ئەم دەستەیە . (ڕەفیق حیلمی ، یاداشت ، بەرگی دووەم ، ب ١ ، ل٢٥-٢٦) .

[٢٢٠] ادموندز:هەمان سەرچاوە، ل٢٢٢؛ رەفیق حیلمی: یادداشت، ب١، ل٢٤.

[٢٢١] رەفیق حیلمی: یادداشت، ب١، ل٢٦-٢٧.

[٢٢٢] حوسێنی مەدەنی: هەمان سەرچاوە، ب١،ل٣٣٣.

* حەمدی بەگ کوڕی محەمەد پاشای خدێو و برای ئەحمەد پاشای سلێمان پاشای دوا میری بابانە، ساڵی ١٨٧٠ لەدایك بووە، لەمەکتەبی شاهانەی ئەستەمبۆل خوێندویەتی، و سەربە گرووپی ئیتیحاد و تەرەقی بوو، ئەوانیش وەك نوێنەری خۆیان ناردیانە بەغدا،ڕۆشنبیرییەکی بەرز و کتێبخانەیەکی یەکجار دەوڵەمەندی هەبووە، کە لە عیراق دڵشکاوبوو و مەلیك فەیسەڵ دەستی بەسەر موڵکەکانیداگرت، و لە ساڵی ١٩٢٦ چووە لەندەن و لە ١٩٦٠/١١/١٨ لەوێ کۆچی دوایی کرد.(بڕوانە : میر بصري : اعلام الکرد ، ط١،لندن،١٩٩١، ل١٥٩)

لەسلێمانی، هەرچەندە ناوبراو کوردیشی نەزانیوەو زیاتر ژیانێکی شاهانە ژیاوە، بەلام وەك رەفیق حیلمی دەڵێت، بەفیتی ئینگلیز کەوتبووە سەرسەودای حوکمداری و دەیویست لە کوردە نیشتمانپەروەرەکان نزیك بێتەوە، کە تا ئەو رۆژە سلێمانی نەبینیبوو، هەر بۆیە ویستویەتی خەڵك لەخۆی کۆبکاتەوەو کۆمەڵەو پارتێك پێکەوە بنێت، لەم مەسەلەیەشدا داوای لە رەفیق حیلمی کردووە کە ئەو ئەرکەی بۆ لەئەستۆ بگرێت، ئەویش لەسلێمانیدا کەوتۆتە جموجۆڵ و کۆمەڵەیەکی بۆ پێکهێنابوو بەناوی (کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان). هەرچەندە کۆمەڵەیەکی سیاسیش نەبووە، بەلام توانیویەتی لەماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی باش خەڵك لەدەرەوەی خۆی کۆبکاتەوەو کار بۆ یەکخستنی کورد بکات. هەرچەندە رەفیق حیلمی توانیویەتی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە بە سەرۆکایەتی (حەمدی بەگ) رازی بکات، بەلام دواتر ئینگلیزەکان (حەمدی بەگ)یشیان پەسەند نەکردووەو دووریان خستۆتەوە.[٢٢٣]

هەر ئەو سەردەمە تا دەهات (ئۆزدەمیر) زیاتر لەنێو هۆزە کوردەکاندا دەسەلاتی پەیدا دەکردو کێشەی بۆ ئینگلیز دەنایەوەو شەڕو پێکدادان لەنێوانیاندا دەستی پێکرد، بەریتانیەکان هێزی (لیڤی) سلێمانیان ناردە سەریان، بەلام نەهێزی لیڤی و نە لەشکری سیك و هندۆس ، نەیانتوانی بەر بەچەکداری عەشایەری کورد بگرن، ئەوەبوو لە ٢٣ی ئابی ١٩٢٢ دا هێزەکانی ئینگلیز خراپ شکان. هەر ئەم شکستەش وای لێکردن وەك (مس بیل) دەڵێت چاوێك بەبارودۆخی خۆیاندا بخشێننەوە.[٢٢٤]

د. کەمال مەزهەر لەم بارەیەوە دەڵێت :"ئینگلیزەکان ناچار بوون سەر بۆ ویستی گەل شۆڕبکەن و پیلانی لەناوبردنی شێخ لەبیر خۆیان بەرنەوەو

---

[٢٢٣] یادداشت، ب٢، ل١١٣-١١٤.

[٢٢٤] سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١/١٢٦.

ڕێگە بدەن بگەڕێتەوە، بەو هیوایەی دەرسی لەدەردو ئازاری دەربەدەری چەند ساڵەی وەرگرتبێت"[٢٢٥].

بەڵام لەڕاستیشدا جگە لەشێخ مەحمود کەس نەیدەتوانی لەگەڵ خەڵکی ئەو شارەدا مامەڵە بکات و بتوانێت هێوریان بکاتەوە، زەمانیش بەزیانی ئینگلیزو بەقازانجی تورك وەردەچەرخا زۆربەی خەڵکی کوردستان بڕوایان بەئینگلیز نەمابوو کارێکیان بۆ بکا، بەو جۆرە بەلای تورکدا بایان دابۆوە.[٢٢٦]

---

[٢٢٥] چەند لاپەڕەیەك، ب١، ل١٥٥-١٥٦.

[٢٢٦] حوسێنی مەدەنی: هەمان سەرچاوە، ب١، ل٣٣٢.

بەشی سێیەم

سلێمانی لە سەردەمی حوکمداریەتی شێخ مەحمود دا

باسی یەکەم: بارودۆخی سلێمانی بەر لە هێنانەوەی شێخ مەحمود

١-هاتنەوەی شێخ مەحمود

٢-گەڕانەوەی ئینگلیز بۆ سلێملنی

٣-سێهەمین حوکمداریەتی شێخ مەحمود

باسی دووەم: هاتنی سمکۆی شکاك بۆ سلێمانی

باسی سێیەم: بیروباوەڕی سیاسی لە شاری سلێمانیدا

باسی یەکەم
بارودۆخی سلێمانی بەر لە هێنانەوەی شێخ مەحمود

دوای ئەوەی ئینگلیزەکان کۆمەڵێك شکستی یەك لە دوای یەکیان لە هەریر و رانیە و کۆیە توش هات، بارودۆخەکە تادەهات زیاتر بەرەو ئاڵۆزبوون دەچوو ، بەریتانیا لای خۆیەوە هەوڵی زۆری دەدا بۆدووبارە کۆنترۆڵ کردنەوەی ناوچەکە بەڵام لەو ڕۆژگارە دا هەرگیز خۆیان بە خاوەن دەسەڵاتی تەواو نەدەزانی .چونکە تا دەهات فشاری تورك زیاتر دەبوو، زیاتریش لەلایەن خەڵکەوە دژایەتی دەکران ، بە تایبەتی لە ناو شاری سلێمانیدا، دوای ئەوەی (ئۆزدە میر) لە ڕەواندوز خۆی قایم کرد، هێندەشی پێنەچوو کەمالییەکان (فەوزی بەگ) ناوێکیان ڕەوانەی ڕەواندز کرد و کردیان بە (قائمقام)[1] .

سیاسەتی دەست تێوەردانی تورك ، ئینگلیزەکانی پەرێشان کردبوو، پیاوەکانیان بە ئاشکرا لە ناوچەکەدا هاتووچۆیان دەکرد، لەم بارەیەشەوە شاری سلێمانی ئامانجێکی بەر چاوی تورکیای کەمالی بوو ، هەوڵی دەدا ناڕەزایی شارەکە بقۆزێتەوە بۆ خزمەتی سیاسەتی خۆی.بەتایبەتی دوای دوور خستنەوەی شێخ مەحمود و بێبەڵێنی ئینگلیزەکان ،بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان بەلای تورکدا دایان دەشکاندەوە[2] .

ئینگلیزەکانیش لەسەرەتادا بۆ ئەوەی سنورێك بۆ ئەم دۆخە دابنێن ، بیریان لە دۆزینەوەی ئلتەرناتیڤێك کردەوە بۆ شێخ مەحمود ، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون[3] .

لە کۆتاییدا ناچار بوون بیر لە شێوازێکی دیکە بکەنەوە بۆ جڵەوکردنی ناڕەزاییەکانی گەلی کورد، بە تایبەتی لەشاری سلێمانیدا ، کە بووبووە مەکۆی

---

[1] لازاریف : المسألة الكردية ، ل٢٢٠

[2] سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٤

[3] حوسێنی مەدەنی : هەمان سەر چاوە ، ل٣٣٣

نارەزایی دژ بە ئینگلیز ، پیاوەکانی (ئۆزدەمیر)لە سلێمانیدا پڕوپاگەندەی ئەوەیان بڵاودەکردەوە کە گوایە بەم زووانە هێزی تورك دەگەڕێتەوە بۆ ویلایەتی موسڵ و داگیری دەکاتەوە[٤] .

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پڕوپاگەندانە ، ئینگلیزەکان لە سەرەتادا ویستیان سوود لەبیری نەتەوەیی کورد پەروەرانی سلێمانی وەربگرن ، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگایان دا بە (مستەفا پاشای یامولکی)*کە جەمعیەتێك پێکبهێنێت ، کە بە (جەمعیەتی کوردستان) ناو نراو یەکەم کۆمەڵەی ئاشکرا بوو لە کوردستانی باشوردا دامەزراو ئیمتیازی ڕۆژنامەیەکیشیان پێدا بە نێوی (بانگی کوردستان)[٥] .

بەڵام دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەکە ئەو ڕاستیەیان نەدەشاردەوە کە (جەمعیەتی کوردستان) بەیارمەتی و ڕێگە پێدانی بەریتانیا لە سلێمانی پێکهێنراوە .

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٩٢٢/٧/٢١ لە مزگەوتی (سەید حەسەنی موفتی) پیاوماقوڵان و ڕوناك بیران و بازرگانەکان کۆبونەوەولە هەڵبژاردنێکی نهێنی (١٣) کەس بە دەستەی بەڕێوە بەری (جەمعیەتی کوردستان) هەڵبژێردران ،لەناو ئەوانەشدا ڕەفیق حلمی ، زۆرترین دەنگی بەدەست هێنا بوو[٦] .

مستەفا پاشای یامولکی لە ڕێگای (جەمعیەتی کوردستان) ەوە ، زۆر پەرۆشی ئەوە بوو ، کە بەر بە پڕوپاگەندەی تورکخواکان بگرێت ، بە تایبەتی دوای ئەوەی کەمالیەکان، بەهێز بوون و، کێشە ناو خۆییەکانی خۆیان چارەسەر کرد ،زیاتر بەلای ویلایەتی موسڵدا بایان دابۆوە ، ئەو مەسەلەیەیان

---

[٤] یادداشت : ب٢ ، ل٦٨.

[٥] د. کەمال مەزهەر ئەحمەد : صفحات من تأریخ العراق المعاصر ، ،بغداد ، ١٩٨٧ ، ل ١٢٩؛ ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) ژمارە(١١٨) ، ٢٧/تموز /١٩٢٢.

[٦] بانگ کوردستان ، ژمارە (١) ، ١٩٢٢/٨/٢.

دەوروژاند[٧] .ئینگلیزەکانیش بۆ هێور کردنەوەی شارەکە ، (یاسین الهاشمی) یان هاندا کەوا سەردانی سلێمانی بکات. بەلام ئالۆزی کێشەکان هێندە پەرەیان سەندبوو، ئاوەهابە ئاسانی چارە سەر نەدەکران ، تەنانەت ئینگلیزەکان بیریان لەوە دەکردەوە کە سلێمانی چۆڵ بکەن و پاشەکشە بکەن ،ئەم ڕاستیەش لەو ڕاپۆرتەدا ئاشکرا دەبێت کە ئینگلیز دابووی بە (عصبةالأمم) و دانی بەوەدا نابوو کە ئاژاوە لە ناوچەکانی سلێمانیدا زۆر بووە و کوردەکان بە هیچ ڕێکخراوێك ڕازی نین و هەمیشە خەریکی ئاژاوەن[٨].

ئەدمۆندزیش لای خۆیەوە دان بەو ڕاستیەدا دەنێت ، کە بەهۆی خەرجی زۆری سوپاوە، سەرکردایەتی هێزەکانی بەریتانیا حەزیان نەدەکرد سوپا لە شوێنە دوورەکان بەکاربهێنرێت[٩].

هەر بۆیە کاتێ ئینگلیزەکان سلێمانیان چۆڵ کرد بە نیازی ئەوە بوون شێخ مەحمود بگێڕنەوە و بە هۆی ئەوەوە تورکەکان لە ڕەواندوز دەرپەڕێنن ، لەم پێناوەشدا لە هەنگاوی یەکەمدا (شێخ مەحمود)یان هێنایەوە کوێت[١٠].

لەو سەرو بەندەشدا بارو دۆخی سلێمانی ، هێشتا لێوان لێو بوو لە هەستی سەربەخۆیی و جودا خوازی ، تەنانەت کاتێك پڕوپاگەندەی ئەوە هەبوو کە لە بەغداوە دەستەیەك دێت بە ناوی (هەیئەی ناصحە)ەوە ، تاوەکو لەگەڵ خەڵکیدا قسە بکات . بانگی کوردستان لە ژمارە (٢) ی دا ڕاشکاوانە بەرپەرچی ئەم هاتنەی داوەتەوە و دەڵێت " نازانین ئەمانە کە دێن نەسیحەتی چیمان دەکەن ،ئەگەر مەقسەدیان ، ئەوە بێ نەسیحەتمان بکەن تابع بە عێراق بین ، وەختی خۆی لام باش نیە ، بێزراوە و فیکری کوردایەتی هەتا بێت ڕەگ دادەکوتێ "[١١] .

---

[٧] د.عبد الستارطاهر شریف : هەمان سەرچاوە،ل٩٠.

[٨] ڕەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان،ب٢ ، ل٢٦٣.

[٩] کردو ترك و عەرەب ، ل١١٤.

[١٠] محمد احسان : كردستان ودوامة الحرب ، ط٢ ، اربيل ، ٢٠٠١، ل٢٧ .

[١١] ژمارە (٢) ،١٩٢٢/٨/١٤.

بۆیە ئینگلیز قەناعەتی تەواوی لادروست بوو ، کە جگە لە شێخ مەحمود کەسێکی دیکە ناتوانێ ئەم بارە شڵەژاوەی سلێمانیان بۆ ئاسایی بکاتەوە ،و جڵەوی کارو باری سلێمانی بگرێتەوە دەست [12]،هەر چەندە زۆر چاکیش شێخ مەحمودیان دەناسی و دەیان زانی بە ویستی ئەوان هەڵناسوڕێ [13] ، بەڵام ، لە دوا ئاکامدا ، بەفەرمانی نوێنەری باڵای بەریتانیا لەعێراق ، (مێجەر گۆڵد سمیث) بڕیاریدا کەوا سەرجەم کاربەدەست ومەئمورانی خۆیان لە سلێمانی بگوازنەوە و شارەکە چۆڵ بکەن ، بۆئەم مەبەستەش لەرێکەوتی ٥ی‌ئەیلولی١٩٢٢، گۆڵدسمث ، شێخ قادری حەفید و ژمارەیەك لەپیاو ماقولانی سلێمانی بانگهێشت کرد بۆ دەشتی (وەیس) لەوێدا پێیانی ڕاگەیاند کە فەرمانیان پێداروە . سلێمانی چۆڵ بکەن و بیدەنە دەست خۆیان ، ڕۆژی پێشتریش شەش فڕۆکە هاتبوونە سلێمانی بەمەبەستی گواستنەوەی بارو بارگەی ئینگلیز . گۆڵد سمث، ئەوەشی پێ ووتون ، کە سەرجەم سەربازو چەك وجبە خانەو ئازوخە و پارەی سلێمانی بۆ ئەوان جێ‌دەهێڵن و داواشی لێکردن کە خۆیان بڕیار بدەن کلیلی گەنجینەکە بدەنە دەست کێ [14].

هەر ئەوکاتە ئامادە بوان لە نێو خۆیاندا بڕیاریان دا (شێخ قادری حەفید) هەڵبژێرن و ئەرکی بەڕێوە بردنی شارەکەی پێ بسپێرن ، بەڵام لە هەمان کاتدا داوای ئەوەشیان کرد، کە شێخ مەحمود بگێڕدرێتەوە بۆ سلێمانی وەك حوكمدار [15].

بەم شێوەیە سلێمانی بێ حکومەت مایەوە وهیچ دام و دەزگایەکی کارگێڕی لە شارەکەدا نەما. هەر بۆیە ، (مەجلیسی میللی سلێمانی)بە سەرۆکایەتی شێخ قادر دامەزرا ، بەمەبەستی پاراستنی ئاسایش و ئارامی

[12] کریس کۆچێرا : کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، و: محمد ریانی، چ٢ ، تهران ، ١٣٦٩، ل١١٦ .

[13] ئەدمۆنز : هەمان سەرچاوە ، ل١١٤

[14] بانگ کوردستان : ژمارە (٦) ، ١٩٢٢/٩/١٨ .

[15] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید ، ل٨٣ .

ژیانی خەڵکی.[١٦] دوای ڕۆیشتنی ئینگلیزەکان، سلێمانی زیاتر ئاڵۆزی تێکەوت، ئەویش لە ئەنجامی زیاد بوون و پەرەسەندنی پڕوپاگەندەی تورکخواکان بوو، تەنانەت لە کاتێکدا ئەنجومەن سەرقاڵی تاوتوێ کردنی مەسەلەکان بوو، پەیتا پەیتا کۆبوونەوە دەکرا لەم بارەیەوە، ئاخۆ، چی بکرێت و چییان دەوێت، بۆ ئەمەش سێ پرسیار ئاڕاستەی ئەندامانی(مەجلیسی میللی) و پیاوماقوڵان کراو داوایان لێکرا بیروڕایان دەربڕن کەبریتی بوو لە:-

١-پێکهێنانی حکومەت بۆ کوردستان ؟

٢-پێشوازی کردن لە تورکەکان ؟

٣-هەرکەسێك ئارەزووی حوکم و ددەسەڵاتی ئینگلیز دەکات، بەڕاشکاوانە ڕای خۆی بڵێت.

بەڵام هیچ یەکێك لە ئامادە بوان بە ئاشکرا بیرو ڕای خۆی دەرنەبڕی، مستەفا پاشای یامولکی داوای ئەوەی کرد کە دەفتەرێك بهێنرێت و هەرکەسە بیرو ڕای خۆی بنوسێت و ئیمزای بکات، تاوەکو بزانرێت گەورەپیاوان و ڕوناکبیرانی شارەکە چیان دەوێت و بیرو ڕای سیاسیان لەگەڵ چیدایە. بەڵام ئەمجارەش کەس ئامادە نەبوو ناوی خۆی لە دەفتەرەکەدا بنوسێ. (ڕەزابەگ) کە حاکمی قەزابوو، بە لایەنگیری تورك لە قەڵەم درا، وتی: کێ خۆی بەلایەنگری ئینگلیز دەزانێ بادەست هەڵبڕێ، بەڵام کەس دەستی هەڵنەبڕی، جارێکی دیکە پرسیاری کرد کێ کوردی دەوێت؟ ئەمجارەش لە چەند کەسێك بترازێت، کەسی دیکە دەستی هەڵنەبڕی، دواتر هەموو بەجارێك ئەم دەستەواژەیەیان دەگوت: "لەگەڵ خەلافەت و ئیسلامیەت مەعلومە هەربژی کوردستان و حکومەتی کوردستان"[١٧].

بێگومان ئەم هەڵوێستەی دواییان پەیوەست بوو بەو پڕو پاگەندە گەورەیەی دەکراو دەوترا، گوایە هەشت هەزار سەربازی تورك بەڕێوەن بۆ

[١٦] یاداشت ب٢، ل٨٩.

[١٧] بانگ کردستان: ژمارە (٦) ١٩٢٢/٩/١٨.

سلێمانی، هەر لە سەرەتای ڕۆیشتنی ئینگلیزەوە (کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەند)یش خۆی و پیاوەکانی خۆیان کرد بە ناو سلێمانیداو ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی لە تورکچێتی و پڕوپاگەندە کردندا . تەنانەت کەریم بەگ و پیاوەکانی (مستەفا پاشای یامولکی) یان دەستگیر کرد و بردیان بۆ بەندیخانە . بەلاّم (شێخ قادری حەفید) ی سەرۆکی ئەنجومەن ئەم کارەی بەپەسەند نەزانی و لەگەلّ گەورە پیاوانی دیکەو ڕوناکبیراندا کەوتنە بەینەوە و ئێوارەی هەمان ڕۆژ مستەفاپاشا ئازاد کرا [18] . هەرچەندە بەم شێوەیە بارودۆخەکە کەمێك ئاسایی‌بووەوە ، بەلاّم تورکخواکان تەواو خۆیان بردبووە پێشەوە و ڕێگایان نەدەدا لاوە نیشتمانپەروەرەکان و ڕووناکبیران ڕۆڵی خۆیان ببینن ، جگە لەوەی شێخ قادریش خۆی چارەی خوێندەوارەکانی نەدەویست ، لەگەلّ مستەفا پاشا سەرقاڵی ئەوە بوون ، کە تاکۆتایی ئەم مەسەلەیە هەر لەسەر بەرنامەو پرۆگرامی ئینگلیز سەربگرێت ، هەربۆیە کەوتبونە دوورخستنەوەی ئەوانەی لەگەلّ بیرو بۆچوونیاندا نەدەگونجان [19] .

هەر لەو ڕۆژانەدا (مەجلیسی میللی)بڕیاری لەسەر ئەوە دابوو کە (شێخ مەحمودی بەرزنجی)بکرێتەوە بە حوکمدار و لە ڕێکەوتی ١٥ی ئەیلولی ١٩٢٢ دا ئالاّی یەکەم حوکمداریەتیەکەیان هەلّکردەوەو کەوتنە ڕێکخستنی وەفدێك بۆ بە پیرەوەچوونی شێخ مەحمود کە دەبووایە بگەڕایەتەوە سلێمانی [20] .

وێڕای هەموو کەم و کورتیەك ئەو مەجلیسە توانی پارێزگاری ئارامی و ئاسایشی سلێمانی بکات ، لەو بارودۆخە دژوارەدا نەهێلّێت هیچ کارێکی دزێو ڕووبدات [21] .

---

[18] بانگ کردستان : ژمارە (٦) ؛ ڕەفیق حلمی: هەمان سەرچاوە، ب٢، ل٢٨ .

[19] ڕەفیق حلمی: هەمان سەرچاوە ، ب٣ ، ل٢٨ .

[20] بانگ کردستان : ژمارە (٧) ١٩٢٢/٧/٢٢ .

[21] ڕەفیق حلمی: هەمان سەرچاوە ، ب٢ ، ل٩٧ .

١-هاتنەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی

شێخ مەحمود بە بڕیاری بەریتانیا لە (کوێت) ەوە بەرەو بەغدا هێنراو ڕۆژی ١٣ ی ئەیلولی ١٩٢٢ گەیشتە بەغدا [٢٢]. لە سلێمانیشدا خەڵکی کەم و زۆر ئاگاداری هەواڵی شێخ مەحمودو هاتنەوەی بوون. (بانگی کوردستان) یش، لای خۆیەوە هەواڵی هاتنەوەی شێخ مەحمودی بڵاو کردبۆوە و لە زاری (گۆڵد سمیث) یشەوە، ڕایگەیاندبوو کە بەم نزیکانە ڕێگا بە کورد دەدرێت حکومەتێك پێکەوە بنێت بۆ خۆی [٢٣].

شێخ مەحمود لە نێوان ١٣ ی ئەیلول تا ٢٠ ی ئەیلولی ١٩٢٢دا لە بەغدا مایەوەو لەم ماوەیەشدا چەند جارێك چاوی کەوت بە هەریەك لە (فەیسەڵ) و (کۆکس) و بەدورو درێژی لەگەڵیان دوا سەبارەت بە هاتنەوەی و چۆنێتی بەڕێوەبردنی دام و دەزگاکانی حوکمڕانی لە سلێمانی. بێگومان ئینگلیزەکان لەم بارەیەوە ، مەبەستی یەکەمیان لە هێنانەوەی شێخ مەحمود ئەوە بوو، وەك داردەستی خۆیان هەڵی سوڕێنن و بیکەن بەگژ تورکداو لە ڕەواندوز دەریان بکات[٢٤]. شێخ مەحمودیش خۆی زۆر باش لە مەبەستیان گەیشتبوو ، تەنانەت خۆی لە بەغدا بەر لە گەڕانەوەی بە (حەمە ئەمین عەتاری) ژنبرای وتبوو "دەزانی چیان لە من دەوێ؟ دەیانەوێ کارو فرمانێکی پۆلیسیم پێ بسپێرن کە گەڕامەوە بۆ سلێمانی خەڵك لە خۆم کۆبکەمەوەو بچم تورکەکانیان لە ڕەواندز بۆ دەربکەم ، منیش بیرم کردەوەو ترسام ئەگەر لەکاتی گفتو گۆدا بم وتایە شتی واناکەم دوورنەبوو ڕێگەی چوونەوەی سلێمانیم لێبگرن ، بۆیە چارەم نەبوو بەڵێنی ئەوەم دانێ تورکەکان دەربکەم ، بەڵام تۆ خۆت دەمناسیت چۆن بە ئیشی پۆلیسی وا هەڵدەستم [٢٥]".

---

[٢٢] ای . ام هاملتون : طريق في كردستان ، و: جرجيس فتح الله ، ط٢ ، اربيل ، ١٩٩٩، ل١٥٥؛ رسول هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان ، ب٢ ، ل٢٧٠ .

[٢٣] ژمارە (٥) ، ٤ / ٩ / ١٩٢٢ .

[٢٤] ڕەسوڵ هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان، ب٢، ل٢٨٢، ئەدمۆندز: هەمان سەرچاوە، ل٢٧٤.

[٢٥] ڕەسوڵ هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان، ب٢، ل٢٨٢-٢٨٣ .

ئاشكراشە شێخ مەحمود زۆری لامەبەست بوو بە هەر شێوەیەك بێت بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، تەنانەت لە سەرەتادا بەنازناوی (سەرۆكی مەجلیسی میللی) ڕازی بوو بوو ، بەڵام دواتر بڕیارەكە گۆڕاو شێخ مەحمود كرایەوە بە حوكمداری كوردستان [٢٦].

ئەدمۆندز ، پێی وایە ، شێخ مەحمود لە بەغدا ڕاستگۆ بووە ، بەڵام كاتێك گەیشتۆتە، وێستگەی شەمەندەفەری (كنگر بان) و ئەو پێشوازیە گەرمەی بینیوەو هەوای كوردستانی هەڵمژیوە سەرمەست بوەو بەڵێن و پەیمانەكانی لە یاد كردووە [٢٧].

بەرلەوەی شێخ مەحمود بگاتەوە سلێمانی لەسەر بڕیاری حكومەتی عێراق ژمارەیەك لە ئەفسەرە كوردەكان گەڕابوونەوە سلێمانی تاوەكو هاوكاری شێخ مەحمود بكەن ، وەك (تۆفیق وەهبی، عەزیز قەزاز، ئەمین ڕەواندوزی، عەزیز كوردی، فائق كاكە مین) ، كە ئەمانە لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٢٢ دا گەڕانەوە سلێمانی و جۆش و خرۆشێكی زۆریان خستە ناو خەڵكەكەوە،ئەوەش بە هاندان و وروژاندنی هەستی نەتەوەییان ،بەتایبەت لە ناو لاوان و خوێندكارانی سلێمانی [٢٨].

شێخ مەحمود لە ڕێكەوتی ٢٠ی ئەیلول دا لە بەغداوە بە یاوەری مێجەر نۆئیل بەرەو سلێمانی كەوتە ڕێ و لە (كنگر بان)ەوە بەسواری بەڕێگای كفریدا بە نێو عەشیرەتەكانی گەرمیاندا گەڕایەوەو ماوەیەكیش لە ڕێگا لای دەدا ، لەنێو هۆزەكاندا دەمایەوە . تا لەڕێكەوتی ٣٠ی ئەیلولی ١٩٢٢ دا گەیشتەوە نێو شاری سلێمانی و سەرجەم چین و توێژەكانی خەڵكی شار لەم ڕۆژەدا بە جوانترین و ڕازاوەترین شێوە لە پێشوازی شێخ مەحموددا وەستا

---

[٢٦] ڕەفیق حیلمی : یاداشت: ب٣، ل٢٩: لازاریف : المسالة الكردیة ، ل٢٢١ .

[٢٧] كرد و ترك و عرب، ل٢٧٢ .

[٢٨] بانگ كردستان: ژمارە (٤) ، ١٩٢٢/٨/٢٩ ، ڕەفیق حیلمی : یاداشت:ب٣ ، ل٣٠ .

بوون [٢٩]. ئەو ڕۆژە جگە لە خەڵکی سلێمانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی دێهات و لادێکانی دەوروبەری شاریش ، بۆ پێشوازی شێخ مەحمود هاتبوون [٣٠].

تەنانەت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشەوە وەفد گەیشتبوونە سلێمانی بۆ بەخێر هاتنەوەی شێخ مەحمود [٣١].

مێجەر نۆئیل ئەمجارەش وەك یاوەرو تاکە ڕاوێژکاری ئینگلیز لەگەڵ شێخ مەحموددا هاتبۆوە سلێمانی ، لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنیدا، تا ئێوارە هاوشانی شێخ مەحمود لە پێشوازی خەڵکدا وەستا بوو، پاشانیش خانوویەکی تایبەتی بۆ ڕێکخراو لەوێدا نیشتەجێکرا . ڕوناکبیران و نیشتمانپەروەرانی سلێمانی ئەمجارەیان وەك باڵیۆزێکی بێگانە لە (نۆئێل) یان ڕوانیوە و پێیان وابووە هیچ پەیوەندیەکی بە هەڵسوڕاندنی کارو باری حوکمداریەتی شێخ مەحمودەوە نیە [٣٢].

کەلێرەدا پێمان وایە ئەم بۆچوونەی خەڵکی سلێمانی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە ئینگلیزەکان خۆیان شێخ مەحمودیان گێڕابۆوەو بە ویستی خۆشیان سلێمانی‌یان جێهێشت هەرچەندە فشارێکی زۆریشیان لەسەر بوو، بەڵام ئەو قسانەی (گۆڵد سمیث)بە پیاوماقوڵانی سلێمانی ڕاگەیاند دان پیانانێکی ئاشکرای ئینگلیز بوو بە مافەکانی کورد، بۆیە لە سلێمانی‌دا بە چاوێکی دیکە لە (نۆئیل)یان دەڕوانی.

شێخ مەحمود دوای گەڕانەوەی ماوەیەك لە ماڵەوە پشووی داو هیچ ئەرك و فەرمانێکی بەرچاوی ڕانەپەڕاند، تا ڕۆژی ١٩٢٢/١٠/٨ بە ڕەسمی کاروباری گرتەوە دەست و سەرقاڵی چاوپێکەوتن و بینینی ئەوانە بوو کەهاتبوونە سەردانی و ڕۆژی دواتر بەتەواوی کاروباری حوکمدارێتی بەڕێوە

[٢٩] ڕەفیق حیلمی: یاداشت: ب٢، ل٩٥: بانگ کردستان: ژمارە(٩) ، ١٩٢٢/١٠/٨ .

[٣٠] ڕەفیق حیلمی: یاداشت: ب٢،ل٩١-٩٢ .

[٣١] یاداشتەکانی شێخ لەتیف ، ل٨٨-٨٩ .

[٣٢] بانگ کردستان : ژمارە (٩) ، ٨/ ١٠/ ١٩٢٢ .

برد . بەڵام تا ئەوساتە بەنازناوی (حضرت حكمدار) خۆی ناساندبوو[٣٣]. دوای ئەوەش لەڕێكەوتی ١٠ی تشرینی یەكەمی ١٩٢٢ دا بەپێی فەرمانێكی حوكمداری ، پێكەوەنانی كابینەی حكومەتی كوردستانی ڕاگەیاند و ئەم ناوانەی لای خوارەوە هەڵبژێردران بۆ ئەندامێتی كابینەی حكومەتی كوردستان :-

١-شێخ قادری حەفید - سوپا سالار
٢-شێخ محەمەد غەریب - ڕەئیسی داخلیە
٣-عەبدولكەریم عەلەكە -ڕەئیسی مالیە
٤- میر لیوا مستەفا پاشا - ڕەئیسی مەعاریف
٥-ئەحمەد فەتاح بەگ - ڕەئیسی گومرك
٦-حەمەی ئەورەحمان ئاغا - ڕەئیسی نافعە
٧-سەید ئەحمەدی بەرزنجی - ڕەئیسی ئەمنیەتی عمومی
٨-ڕەئیسی شەرع و عەدل - ....[٣٤]

لێرەدا وەك تێبینی دەكەین شوێنی وەزیری داد بەچۆڵی جێهێڵراوە، بەڵام دواتر شێخ عەلی قەرەداغی بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان كرا[٣٥]. شێخ مەحمود، پاش ئەوەی هاتەوە سلێمانی و شوێنی خۆی قایم كرد ، لەكۆتایی مانگی تشرینی یەكەمی ١٩٢٢ دا نازناوی مەلیكی كوردستانی بۆخۆی هەڵبژارد و ئەم نازناوەش لە ژمارە (١٣) ی بانگی كوردستاندا بە ڕەسمی بڵاو كرایەوە ، دوا بەدوای ئەم هەنگاوەش لە نێو سلێمانیدا سوپاكەی شێخ مەحمود كە بە (عەسكەری كوردستان) ناسرا بوو نومایشێكی سوپایی گەورەی ڕێكخست و دەستە دەستە چەكدارەكان بەبەردەم شێخ مەحموددا تێپەڕ دەبوون ، كەئەم مەسەلەیەش خۆی لە خۆیدا مایەی نیگەرانی ئینگلیز

[٣٣] بانگ كردستان : ژمارە (١٠) ، ١٥/ ١٠/ ١٩٢٢ .
[٣٤] سەرچاوەی پێشوو .
[٣٥] بانگ كردستان : ژمارە (١٣) ، ٣/ ١١/ ١٩٢٢ .

بوو زۆریش سەغلەتی کردن [٣٦]، چونکە پێیان وابوو شێخ مەحمود بەیارمەتی و هاوکاری تورکەکانی ڕەواندوز ئەم هەنگاوانە هەڵدەنێت چونکە شێخ مەحمود هەر لە ڕێگای گەڕانەوەیدا هێڵی پەیوەندی لەگەڵ تورکدا بەستەوەو ئۆزدە میریش لەگەڵ گەیشتنەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی ، نامەی بۆ ڕەوانە کرد وەك دەربڕینی نیاز پاکی لە چەند شوێنێك پاشەکشەی کرد [٣٧].

ئینگلیزەکانیش لە بەرامبەر ئەم کارانەی شێخ مەحمود ، بە هاندانی (سۆن) لە بەغدا لە ڕێگای ڕۆژنامەکانی ئەوێوە کەوتنە گاڵتە کردن بە شێخ مەحمودو حکومەتەکەی [٣٨].

لە بەرامبەیشدا ، ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)* کە ژمانحاڵی دووهەمین حکومەتی شێخ مەحمود بوو لە ژمارە (یەك)ی دا ، وەڵامی ئەو وتارەی دایەوە کە لە ڕۆژنامەی (العراق) دا بڵاوکرا بووە وە و سلێمانی بە لیوایەکی عێراق لە قەڵەم دابوو، وەڵامەکەش لە ناوەڕۆکەکەیدا ئاستێکی بەرزی بیری کوردانەی ڕوناکبیرانی سلێمانی دەردەخست **.

شێخ مەحمود وێڕای بەڵێنەکانی ، نەیدەتوانی بیرۆکەی سەربەخۆیی و ڕزگاربوون لە مێشکی خۆی دەربکات ، هێندەی پێنەچوو کەوتە هەوڵدان بۆ

---

[٣٦] ئەحمەد خواجە : چیم دی ، ب١ ، ل١٢٨ .

[٣٧] بیرەوەریەکانی ئەحمەد تەقی دەربارەی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودو سمکۆ ، ل٥٣ .

[٣٨] ئەحمەد خواجە : چیم دی ، ب١ ، ل١٣٠-١٣١ ؛ ڕەسول هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان، ب٢ ، ل٣٣٣ .

* ڕۆژی کوردستان، ڕۆژنامەیەکی هەفتانەبوو هەریەك لە(م.نوری)و(عەلی کەمال)دەریان دەکرد، یەکەم ژمارەی لە ١٩٢٢/١١/١٥ بڵاو بۆوە، ژمارە(١٥)کە دوا ژمارەی بوو لە ١٩٢٣/٣/٣دا بڵاوبۆوە.(فاروق علی عمر: هەمان سەرچاوە،ل٧٩)

** عارف صائیب لە وەڵامدا دەڵێت:"تاریخی عالەم و جوغرافیای تەبیعی شاهیدێکی عادیلە کە میللەتی کورد لەرووی زەمیندا هەوو وەختێ نام و ناونیشانی بووەو هەمیشە ماددەتەن ئسپاتی مەوجودیەتی خۆی کردووە.هیچ وەختێ لە مەعاریف ، صەنایع ، تیجارەت...هتد. لە ئەمسالی خۆی زیاتر نەبووبێ کەمتر نەبووە.(ڕۆژی کوردستان: ژمارە (١) ، ١٥ / ١١ / ١٩٢٢)

فراوان كردنی قەڵەم ڕەوی دەسەڵاتەكەی ، كە سەرجەم نێوچە كوردیەكانی ویلایەتی موسڵی دەگرتەوە تا (جبل حمرين)[39]. لەوڕوانگەیەوە شێخ مەحمود بە قەتیس كردنی دەسەڵاتەكەی لە چوارچێوەی سلێمانیدا ڕازی نەدەبوو ، لە قەزاكانی (ڕانیە ، هەڵەبجە ، چەمچەماڵ) ئاڵای حكومەتەكەی هەڵكردو موچە خۆری خۆی ڕەوان كرد بۆ ئەو شوێنانە[40].

لەم سەرو بەندەدا چەندجارێك نۆئیل لە نێوان سلێمانی و كەركوك و بەغدادا هات و چۆی كرد بەنیازی ڕێكخستنی پەیوەندیەكانی شێخ مەحمودو ئینگلیز ، بەڵام هیچی وای بۆ نەكرا ، بۆیە لە ئاكامدا بە بەیەكجاری گەڕایەوە بەغداو (چاپمەن) ی لەشوێنی خۆی دانا*[41]. ئینگلیزەكانیش ئەو ڕۆژگارە بارودۆخیان لە ڕوی سیاسیەوە بەرەو باشتر دەچوو نەیاندەویست بەهیچ شێوەیەك دان بە حكومەتەكەی شێخ مەحموددا بنێن ، بەتایبەتی كاتێك توانیان لە مانگی تشرینی یەكەمی ١٩٢٢ دا پەیمانی ١٩٢٢ بەسەر عێراقدا بسەپێنن. لە هەمان كاتیشدا لەگەڵ توركەكان گەیشتنە ئەوەی كە (كەمال ئەتاتورك) ، ڕەزامەندی ئەوەی نیشان دا ، كێشەی ویلایەتی موسڵ بخرێتە بەردەست (كۆمەڵەی گەلان) ، بەمەش ، حكومەتی ئینگلیز دڵنیا بوو، لەوەی كەدەتوانێ بەرژەوەندیەكانی لە كوردستانی باشوردا بپارێزێ و شوێنی خۆی باشتر قایم بكات[42]. هەر ئەم هۆكارانەش وایكردبوو هێندە بەتەنگ داواكاریەكانی كوردەوە نەبن ، گەر هەنگاوێكیشیان لەم بوارەدا نابێت ئەوا

[39] بانگ كردستان : ژمارە (١٣) ، ٣ / ١١ / ١٩٢٢ .

[40] ڕەفیق سالح: سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر، سلێمانی،٢٠٠١، ل٢٦.

* ئەدمۆندز دەڵێت:"نۆئیل لە سەرەتاوە هیچ هیوایەكی بە شێخ مەحمود نەبووە، و پێی وابوو بڕیاری دووبارە هێنانەوەی پیاوێكی وەكو شێخ مەحمود هیچ مانایەكی نیە، چونكە ئەزمونەكانی رابردوو باشترین بەڵگەن بۆ ئەوەی كە ئەستەمە شێخ مەحمود كۆنترۆڵ بكرێت.(كرد و ترك و عرب، ل١١٥).

[41] ڕەفیق حیلمی : یاداشت ، ب٢ ، ل٤٠ .

[42] حامد محمود عیسی : هەمان سەرچاوە ، ل١٤٠ .

زیاتر بۆ چاوبەستەکێ و بردنەوەی (ویلایەتی موسڵ) بوو بۆ خۆیان. بەتایبەتی کاتێك بەوەیان زانی کە شێخ مەحمود تادێت پەیوەندی لەگەڵ تورکەکاندا بەهێز دەبێت و هام و شۆی یەکتری دەکەن [٤٣].ئینگلیزەکانیش ناهەقیان نەبوو چونکە ئۆزدەمیر پەیتا پەیتا (فەتاحی ئەمین عەتارو ڕەمزی تۆپاڵ) ی ڕەوانەی سلێمانی دەکرد وەك وەفدی تورك و پڕوپاگەندەی ئەوەیان بڵاو دەکردەوە، کەلەئاکامدا ویلایەتی موصڵ هەربۆ تورکیا دەبێت [٤٤].

ئەمە جگەلەوەی کە ، شێخ مەحمود دەورانی دووهەمین حکومەتیدا چواردەوری بەپیاوانی ئۆزدەمیرو تورکخوا تەنرا بوو ، تەنانەت (تایەری ئەمین مەسرەف) کەسەر کاتبی ملوکانە بوو، زۆر لە نوئێل زیاتر دەستی دەڕۆیشت لە سلێمانیداو کاروباری هەڵدەسوڕاند [٤٥]. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین ، کەبەشێکی زۆری ئەو لایەنگریەی تورك بۆ ئەو پشت گوێ خستنەی داواکاریەکانی کورد دەگەڕێتەوە لە لایەن بەریتانیاوە وێڕای مەسەلەی سۆزە ئاینیەکە ، کە فاکتەرێکی دیکەی ئەم حاڵەتە بوو ، وای کردبوو کەکورد هیچ باوەڕێکیان بە ئینگلیز نەمێنێ، ژمارەیەکی کەم نەبێت وەك مستەفا پاشای یامولکی و منەوەرەکان . ئەمانەش بەئاشکرا لە نێو سلێمانیدا دژایەتی دەکران و دوورخرابوونەوە ، تەنانەت ئەو ئەفسەرانەش کە لە بەغدا گەڕابوونەوە ڕێگایان پینەدرا لە دام و دەزگاکانی حکومەتدا وەك پێویست ڕۆڵی خۆیان ببینن ، ئەم ساردیەش زیاتر، تورکخواکان هێنابوویانە کایەوە [٤٦]. تەنانەت ئەوکاتە کەوا پێویستی دەکرد (جەمعیەتی کوردستان) ڕۆڵی خۆی ببینێت ، بەڵام هیچ جم و جۆڵێکی وەهای نەبوو ، مایەی دڵخۆشی بێت، ئەوڕۆژانەش تا دەهات ئینگلیز زیاتر لە شێخ مەحمود خانە گومان دەبوون، ئەم مەسەلەیەش تەنها پەیوەست نەبوو بە پەیوەندی لەگەڵ تورکدا ، بەڵکو

---

[٤٣] ا٠م منتشاشفیلی : العراق في سنوات ، ل٣٢١ .

[٤٤] ڕەفیق حیلمی : یاداشت ، ب٢، ل٨٤ .

[٤٥] سەرچاوەی پێشوو ، ل٣١ .

[٤٦] سەرچاوەی پێشوو ، ل٩١-٩٢-٩٥ ،

هەندێك دیاردەو کارو کردەوەی دیکەیان لەسلێمانیدا دەبینی کەنەدەکرا پشت گوێی بخەن ، چونکە ئەوان چاوەڕوانی ئەوە بوون شێخ مەحمود پەندی لەدەردو ئازارەکانی دەربەدەری چەند ساڵە وەرگرتبێت .[٤٧] بەلام شێخ مەحمود لەگەڵ گەڕانەوەیدا وێڕای جاڕدانی حکومەت و بەکارهێنانی نازناوی (مەلیك)، کەوتە برەودان بە بواری خوێندن و خوێندەواریش ، مستەفا پاشای کردە ڕەئیسی مەعاریف، ناوبراویش هێندەی لە توانایدا بوو ، پەرەی بەرەوتی خوێندن و خوێندەواری دا ، خوێندنگاکانی سلێمانی فراوان کرد ، ئەو سەردەمە چوار خوێندنگا لە سلێمانی کرا بوونەوە ، کەبریتی بوون لە (ئەعدادیەی مەحمودی و لەگەڵ ڕوشدیەی قادری و لەتیفیەی سەرەتایی)[٤٨]، جگە لەم سیانەش سەرەتاییەکی دیکە کرابووەوە بە نێوی (ڕەئوفیە)[٤٩]. بێگومان ئەم چوار خوێندنگایەو مامۆستاکانی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە هاندانی لاوان و برەو پێدانی گیانی نیشتمان پەروەری، بەتایبەتی کاتێك ئەفسەرە کوردەکان لەو خوێندنگایەدا دەرسیان ئەوتەوەو خوێندکارانیان فێری (مەشقی سەربازی) دەکرد ، تەنانەت خوێندنگای (ئەعدادی مەحمودی) یان وەك ئامادەییەکی سەربازی لێکردبوو ، حەزیان دەکرد بە سیستەمێکی نیوە سەربازی بەڕێوە بچێت ، هەرئەمەش وایکردبوو خەڵکی سلێمانی لەگەڵ بینینی ئەم خوێنکارانەدا حەماسەت بیانگرێت ، کە ئەو ڕۆژانە ژمارەیان (٨٠٠) خوێندکار دەبوو لە کاتی چوونیان بۆ مەشق خەڵکی ناوبازاڕ بە گەورەو بچوکەوە شوێن ئەم خوێندکارانە دەکەوتن و چەپڵەیان بۆ لێدەدان ، چونکە سلێمانی ئەو ڕۆژگارە هێشتا بچوك بوو ، ئەم مەسەلەیەش بزوتنەوەیەکی گەورە بوو لە شارەکەدا تا ئەو ڕۆژە سلێمانی بزوتنەوەی وەهای بەخۆوە نەدیبوو[٥٠].

---

[٤٧] د. کەمال مەزهەر : چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد ، ب١ ، ل١٥٦ .

[٤٨] بانگ کردستان : ژمارە (٣)، ٣٠/ ١١ / ١٩٢٢ .

[٤٩] بانگ کردستان : ژمارە (١٣) ، ٣ / ١١ / ١٩٢٢ .

[٥٠] ڕەفیق حیلمی : یاداشت ، ب٢، ل٩-١٠ .

بێگومان ئەم پەروەردەکردنە کاریگەریەکی گەورەی بۆ سەر خودی خوێندکارەکانیش هەبوو کەبەشداری خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین بکەن دژ بە سیاسەتەکانی بەریتانیا. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەم بارەیەوە بیرەوەریەکانی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێت : "لەبەر ئەوەی لەشاری سلێمانیدا بووین ، کەلە شۆڕشەکانی شێخ مەحموددا بزوتنەوەیەکی گەرم و گوڕی تێکەوتبوو، هەستێکی کوردایەتی بەرز هەبوو ، بۆ نمونە ئێمە منداڵ بووین ، لە دیواری مەکتەبەوە سەیرمان دەکرد قوتابی مەکتەبی مەحمودیە گۆرانییان دەووت : واناب‌یێ ئینگلیز واناب‌یێ ئەم خاکە هەر بۆ تۆ نابێ، یان دەیان ووت : بەیداخی کوردستان دیسان لەریەوە هەستە بابڕۆین بچینە پێشەوە "[٥١] .

ئەم دیاردەیەو دەیانی دیکە ئینگلیزی وەها لێکردبوو هەردوای تێپەڕ بوونی مانگێك بەسەر هاتنەوەی شێخ مەحموددا ، هیچ باوەڕێکیان پێی نەمابوو[٥٢] ، لە هەلێك دەگەڕان بۆ ڕوخاندنی دەسەلاتەکەی و بن کۆڵ کردنی و دەیانویست بەشێوەیەکی یەکلایی کەرەوە کار بکەن بۆ لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە. لەم حاڵەتەشدا دەبوایە حکومەتەکەی شێخ مەحمود نەمێنێ. هەر ئەم بۆچونەش بوو وای لە نوێنەری باڵای ئینگلیز (پیرسی کوکس) کرد کەداوا لە فەیسەڵ بکات بۆ دۆزینەوەی شێوازێکی ئیداری چاك و گونجاو کە لە سلێمانیدا جێ بە جێ بکرێت و ئەوەی تێدا ڕەچاو بکرێت کەپێویستە ئەم نێوچەیە بەیەکجارەکی بخرێتە نێو سنوری عێراقەوە،لە ڕووی ئابووری و سیاسیەوە پەیوەست بکرێت لەگەڵیدا[٥٣]. هەرچەندە ئینگلیزەکان لای خۆیانەوە تا ماوەیەك هەوڵیان دەدا بۆ ڕزگار کردنی بارو دۆخەکە، لەم بوارەشدا پیلان و چاو بەستەکێی زۆریان بەکاردەهێنا، کە بەرچاو ترینیان بەیاننامە دوقۆڵیەکەی خۆیان و حکومەتی عێراقە، کە (کۆکس) لە

---

[٥١] چەند وێستگەیەکی ژیانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە زمانی خۆیەوە : گۆڤاری خاك، ژمارە (٤٦) ٢٠٠١، ل٣١.

[٥٢] ا.م فنشاشفیلی : العراق فی سنوات ، ل٣٢١ .

[٥٣] حامد محمود عیسی : هەمان سەرچاوە ، ل١٤٠-١٤١ .

بروسکەیەکیدا بۆ وەزیری موستەعمەرات بە ئاشکرا دان بەوەدا دەنێت کە هەستی نیشتمان پەروەری چۆن تەشەنەی سەندووەو کەس باوەڕی بە ئینگلیز نەماوە. بەتایبەتی ڕوناکبیران، بۆیە بە پێویستی دەزانێ کە ڕێگای پێبدەن ، بەیاننامەیەکی دوو قۆڵی دەربکات لەگەڵ (فەیسەڵ) دا و دان پێدانانی هەردوو حکومەت بە مافی کورد دا جاڕبدات ، بۆ ئەوەی هەڵوێستەکە لە سلێمانیدا بگۆڕن و وەها بکەن کە کۆمەڵێك خەڵك لە خۆیان کۆبکەنەوەو بە هەندێك مەسەلەی سەرزارەکی ڕازیان بکەن و بەلای ئینگلیزدا بابدەنەوە [54] ، ئەوەبوو ئەم بەیاننامەیە لە ٢٢ ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ دا بڵاوکرایەوەو دانیان بە مافی کورددا نا لەنێو چوارچێوەی عێراقدا لەوەدا کە حکومەتێك بۆخۆیان پێکەوە بنێن لە ناو چوارچێوەی ئەو سنورەدا ، هیواشیان خواست کورد لەنێو خۆیدا بەزوترین کات ، سەبارەت بەشێوەی ئەم حکومەتەو سنورەکەی ڕێك بکەون و نوێنەری دەسەڵاتداری خۆیان ڕەوانەی بەغدا بکەن بەمەبەستی گفتو گۆ کردن لەمەڕ پەیوەندی ئابووری و سیاسیان لەگەڵ حکومەتی بەریتانیاو عێراق [55]. لەسەرەتادا خەڵکی سلێمانی ئەم هەواڵە کەمێك دڵخۆشی کردن و پێیان وابوو ، لەوانەیە ئینگلیز باوەڕی بەرامبەر بەمەسەلەی کورد گۆڕابێت، تەنانەت خودی شێخ مەحمودیش ، دڵخۆشی خۆی بەرامبەر ئەم هەواڵە بڵاو کردبۆوە لە ڕۆژی کوردستاندا و سوپاسێکی زۆری ئەو نەوازشەی بەریتانیای کردبوو دەرهەق بەکورد [56].

بۆ ئەم مەبەستەش وەفدێك لەسلێمانیەوە ڕێکخراو ، بەرەو بەغدا ڕەوانە کرا بۆ بینینی (کۆکس) ، بەڵام نێوبراو ئامادە نەبوو بیان بینێت وبە وەفدەکەش ڕاگەیەندرا کە ئەو بەیانە ، تەنها بۆ شێخ مەحمود دەرنەچووە بۆ هەموو کورد دەرچووە ، ئێوە تەنها نوێنەری ئەون ، با نوێنەرانی هەموو کورد

---

[54] وەلید حەمدی : هەمان سەرچاوە ، ل١٣٢ .

[55] السید عبدالرزاق الحسنی: تاریخ الوزارات العراقیة ،ج١،ط٧،بغداد،١٩٨٨،ل٢٨٢ ؛محمد احسان:هەمان سەرچاوە، ل٢٨.

[56] ڕەسول هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان ، ب٢ ، ل٤٧٥ ، ڕۆژی کوردستان : ژمارە (٧) ٣ / ١ / ١٩٢٣ .

کۆببنەوەو لەسەر دانانی وەفدێك ڕێکەون ، ئەوسا ئەو وەفدە بێت بۆ ئەوەی باسی ئەو بەیانە بکرێ [٥٧] . هەر ئەم هەڵوێستانەی ئینگلیزیش بوو ، کە زیاتر بارودۆخەکەی ئاڵۆز دەکرد ، بەتایبەتی دوای ئەوەی بە هاندانی ئینگلیزەکان، سمکۆی شکاك هاتە سلێمانی بۆ ئەوەی شێخ مەحمود والێبکات لە تورك دابڕێت ، بەڵام بەپێچەوانەوە هەڵس و کەوتی کرد. بەم شێوەیە کاتێك (چەپمەن) ئەم بارودۆخەی بینی لە سلێمانیدا ، زانی مانەوەی هیچ سودێکی نیە گەڕایەوە بۆ کەرکوك [٥٨] . هەر لەم کاتانەشدا بوو ، شێخ مەحمود نامەی بۆ (شێخ مهدی الخالصی) گەورەی شیعەکان ڕەوانە کردبوو بە مەبەستی هاو ئاهەنگی دژی ئینگلیز [٥٩] . جگە لەمەش نامەیەکی تری بۆ کۆنسوڵی سۆڤیەتی لە شاری (تەورێز) ڕەوانە کردوو، وێڕای پیاهەڵدانێکی زۆر داوای یارمەتی و کۆمەك و پشتگیری لە سۆڤیەتیش کرد [٦٠] .

هەرئەم ڕووداو پێشهاتانەش وای کرد کە (کۆکس) شێخ مەحمود بانگهێشت بکات بۆ بەغدا، بەمەبەستی وت و وێژکردن سەبارەت بەومەسەلانەی پەیوەندییان بە سلێمانیەوە هەیە ، بەڵێنی ئەوەشی پێدابوو کە زۆر بەرێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بەڵام شێخ مەحمود ئەو داوەتنامەیەی ڕەتکردبۆوە ، لە بەرامبەریشدا ئینگلیزەکان ڕۆژانی ٢٤ و٢٥ی شوباتی ١٩٢٣ بەیاننامەی هەڕەشە ئامێزیان بەفڕۆکە بۆ خەڵکی سلێمانی فڕێدا [٦١] . ڕۆژی١ی مارتی ١٩٢٣ فڕۆکەکانی ئینگلیز شێخ مەحمودیان ئاگادار کرد کە دەبێ بەبێ دواکەوتن خۆی و هێزەکانی لە سلێمانی بچنەدەرەوە بەڵام کاتێك شێخ مەحمود ملی نەدا ، ڕۆژی ٣ی مارتی ١٩٢٣، فڕۆکەکانی ئینگلیز

---

[٥٧] وەلیدی حەمدی : هەمان سەرچاوە ، ل١٣٣-١٣٥ .

[٥٨] ڕەفیق حیلمی : یاداشت ، ب٣ ، ل٤٥ .

[٥٩] وەلید حەمدی : هەمان سەرچاوە ، ل١٣٥ .

[٦٠] د. عەزیز شەمزینی : هەمان سەرچاوە ، ل١٦٣-١٦٤ .

[٦١] وەلید حەمدی : هەمان سەرچاوە ، ل١٣٧ .

کەوتنە بۆردومانی شارو ژمارەیەك خەڵکی بێ تاوان کوژران و برینداربوون* ئەوسا شێخ مەحمود ناچاربوو بەرەبەیانی ٤ی مارت بەخۆی و هێزەکانیەوە بکشێتەوەو ناوچەی سورداش و ئەشکەوتی (جاسەنە) ی کردە بنکەی سەرکردایەتی خۆی [٦٢] . هەرئەو ڕۆژانەی ئینگلیز بۆردومانی سلێمانیان دەکرد ، دووبارە وەفدێکی دیکەی سلێمانی بە سەرۆکایەتی شێخ قادری حەفیدو ئەندامێتی مستەفا پاشای یامولکی و ئەحمەدی فەتاح بەگ و کەریمی عەلەکە گەیشتنە کەرکوك [٦٣] . ڕۆژی ٢١ ی مارت گەیشتنە بەغداد چاویان بە (هنری‌دۆبس) ی مەندوبی سامی کەوت ، بەڵام نەیانتوانی هیچ دەقێك یا پێشنیازێك دەربارەی ئایندەی سلێمانی دابڕێژن ، هەر ئەوە نەبێت داوای دوبارە گەڕانەوەی ڕاوێژکاری ئینگلیزیان کردو ڕۆژی ٢٣ ی مارت چاویان بە (فەیسەڵ) کەوت ، بەڵام هیچ شتێك سەبارەت بە پاشەڕۆژی سلێمانی گەڵاڵە نەکرا [٦٤] .

کاتێك وەفدەکە گەڕایەوە ، شێخ مەحمود لە سلێمانی نەمابوو ، لە ئەشکەوتی (جاسەنە) گیرسابۆوەو هەر لەوێش ڕۆژنامەی (بانگی هەق)* ی چاپکرد [٦٥] .

دوای جێ هێشتنی سلێمانی لە لایەن شێخ مەحمودەوە ، شارەکە بۆ ماوەیەکی دیکە لە لایەن (شێخ محەمەد غەریب) ی زاوای شێخ مەحمودو ڕەزا

---

* ئەحمەد خواجە لەم بارەیەوە دەڵێت: "فڕۆکەکانی ئینگلیز دوو بۆمبایان بەرداوەتەوە، یەکەمیان لە دەشتی(شێخ جافر)کەوتووە، بەڵام دووەمیان لە ناوەڕاستی سلێمانیدا بەرماڵی(کەریم بەگی خانزادە جوانی)کەوتووە نزیك سەرا، دوو ژن و سێ منداڵی ئەو ماڵەی کوشتووە.(چیم دی: ب١، ل٤٧).

[٦٢] د. کەمال مەزهەر : چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد ، ب٢ ، هەولێر ، ٢٠٠١ ، ل٣٨.

[٦٣] وەلید حەمدی : هەمان سەرچاوە ،ل١٤٠-١٤١ .

[٦٤] ئەحمەد خواجە : چیم دی ، ب١ ، ل١٤٨ .

* ئەو ڕۆژنامەیە تەنها سێ ژمارەی لێدەرکراو لە ژمارە یەکیدا ، باس لە بۆردومانەکەی سلێمانی دەکات، بەلام ژمارە دووی تا ئێستا ونە. (فاروق علی عومەر : الصحافە الكردیە فی العراق، ل٨٢).

[٦٥] بانگی هەق : ژمارە (١) ، ٢٨ / ٣ / ١٩٢٣ .

بەگ و ئەوڕەحمان ئاغاوە بە هاوکاری و پاڵپشتی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند بەڕێوە برا [٦٦]. هەرچەندە هێشتا ئینگلیزەکان نەگەڕابوونەوە ، بەڵام ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵك سلێمانیان جێهێشت و بەرەو دێهاتەکان ڕۆیشتن [٦٧]. هێزەکانی ئینگلیز ، کەوتنە جموجۆڵ بۆکۆنترۆڵ کردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی شێخ مەحمود ، ئەوە بوو سەرەتا لە ڕێکەوتی ٥ ی نیسانی ١٩٢٣ دا (کۆیە) یان گرتەوە ، دواتر لە٢٢ی نیسان ڕەواندز بەبێ بەرگری دەستی بە سەردا گیرایەوە و سەید تەهای شەمزینی کرا بە قائمقامی شارەکە [٦٨].

ئینگلیزەکان کەوتنە خۆ بۆ دووبارە داگیر کردنەوەی سلێمانی، دوای ئەوەی لە ڕێگای بەیاننامەوە هەڕەشەیان لەخەڵکی دەکرد کە نابێت کەس هەوڵی بەرگری بدات ، ڕێکەوتی ١٦ی مایسی ١٩٢٣ هێزەکانیان گەیشتە سەر چنار و پیاو ماقوڵانی سلێمانیان بانگ کرد بۆ ئەوێ، بەڵام هێزەکانیان بەرەو سلێمانی نەجوڵان ، بەڵکو ڕووەو نێوچەکانی سورداش و مەرگە چوون و ئەو ناوەیان کێو ماڵکرد ، بەڵام شێخ مەحمود لە ١٥ی مایسی ١٩٢٣ ەوە جاسەنەی جێهێشتبوو، و بەرەو (ماوەت) چووبوو ، لەوێشەوە خۆی گەیاندە گوندی (برنجە) ی هەورامان [٦٩].

---

[٦٦] وەلید حەمدی : هەمان سەرچاوە ، ل١٤٢ .

[٦٧] ئەحمەد خواجە : چیم دی ، ب١ ، ل١٥٠ .

[٦٨] ئەدمۆندز : هەمان سەرچاوە ، ل٣٩٦-٣٩٧ .

[٦٩] سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٩٦-٣٩٧ .

٢_گەڕانەوەی ئینگلیز بۆ سلێمانی

دوای ئەوەی هێزەکانی بەریتانیا لەڕێکەتی ١٦ی مایسی ١٩٢٣ دا گەیشتنە سەرچنار ، هەر هەمان ڕۆژ ئەدمۆندزیە یاوەری سەرانی شارەکە خۆی گەیاندە وە سلێمانی و کەوتەوە ڕێکخستنەوەی کاروبار و دامەزاندنەوەی دامو دەزگاکانی خۆیان لەشارەکە دا ، ئەوە بو(ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ)کرا بە سەرپەرشتیار بەسەر دام و دەزگاو فەرمانگەکانی سلێمانی و (شێخ قادری حەفید) یش بەرپرسیارێتیپاراستنی ئاسایش و ئارامی پێ سپێردرا ،ئەدمۆندزیش خۆی لە بینای (مەکتەبی ئەعدادی)ەکەدا، کاروباری بەڕێوە دەبرد و پێشوازی لەوانە دەکرد کە دەهاتن بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی و دڵسۆزی خۆیان نیشانی ئینگلیز بدەن ، دواجار هێزەکانی بەریتانیا لە ڕێکەوتی ٢٨ی مایسی١٩٢٣ گەیشتنەوە سلێمانی و کۆنتڕۆڵیان کردەوە [٧٠].

لە یەکەم هەنگاویاندا پەنجا چەکداری هێزی (لیڤی)یان تەرخان کرد بۆ پاراستنیئاسایشی ناوشار [٧١] .

ڕۆژێک دوای گەیشتنەوەی هێزەکانی ئینگلیز ، سەرەك وەزیرانی عێراق (عبد المحسن السعدون)بە یاوەری وەزیری ناو خۆو موتەسەڕیفی بغدا و ڕاوێژکاری بەریتانیا بۆ کارو باری ناوخۆ گەیشتنە سلێمانی ، بە مەبەستی ئەوەی سلێمانی بخەنەوە سەر ئیدارەی عێراق ، بۆئەم مەبەستەش لەگەڵ، پیاو ماقوڵان و کەسایەتیە ناسراوەکانی شارەکەدا کۆبونەوە ، بەڵام لە ئاکامی کۆبوونەوەکەدا ، سەرەك وەزیران ئەو باوەڕەی لا دروست بوو کە کوردەکانی سلێمانی بە هیچ شێوەیەك ئامادە نین بخرێنە سەر عێراق ، بەڵام گوێڕایەڵی و هاوپشتی خۆیان بۆ نوێنەری ئینگلیز دەرخست، ئینگلیزەکان پێشنیازی ئەوەیان کرد کەوا ئەنجومەنێکی ئیداری کوردی لە سلێمانیدا پێکبێت و سەرۆکەکەشی لەلایەن نوێنەری باڵا (فەیسەڵ) ەوە بڕیاری لێبدرێت، وێڕای

---

[٧٠] سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٩٧-٣٠١ .

[٧١] وەلید حەمدی : هەمان سەرچاوە ، ل١٤٣.

بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی لە سلێمانیدا ، هەروەها سلێمانی وەك لیوایەکی عێراق مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ، بەڵام ، بیرو بۆچوونی تایبەتی خۆی هەبێت و نوێنەری تایبەتی خۆی هەڵبژێرێت بۆ پەرلەمانی عێراق ، بەڵام ، لە پەڕلەماندا هیچ ئەندامێکی سلێمانی ناچار ناکرێت سوێندی دڵسۆزی بۆ(فەیسەڵ) بخوات.

دوای تاوتوێ کردنی ئەم پێشنیارانە ، هەردوولا ڕەزامەندیان نیشان دا ، بەڵام بەمەرجێك هێزی بەریتانیا لە سلێمانیدا بهێڵرێتەوە بەمەبەستی پاراستنی ئاسایش و ئارامی شارەکە ، بەڵام (هنری دۆبس) ئەم ئەرکەی نەخستە ئەستۆی خۆی ، جگە لەمە هەریەك لە قەزاکانی (ڕانیە، چەمچەماڵ) لە سلێمانی جیا کرانەوەو خرانە سەر لیوای هەولێرو کەرکوك بەمەبەستی دەست بەسەرا گرتنی تەواوی سلێمانی ، ئەم پشت گوێ خستن و گرنگی پێنەدانە بووە هۆی ئەوەی ئەندامانی ئەنجومەنەکە لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٢٣ دا دەست لە کار بکێشنەوە [٧٢] و هێزەکەی ئینگلیزیش لە ڕێکەوتی ١٧ی حوزەیران دا سلێمانیان چۆڵ کرد ، چونکە دوای ئەوەی لە ١٢ی حوزەیران (هنری دۆبس) هاتە سلێمانی و هەندێ ڕاسپاردەی بۆ کوردەکان دانا ، بەڵام هیچ نەکرا ، کەئەمەش هەربۆ هێور کردنەوەی خەڵکی سلێمانی بوو [٧٣].

هەموویان تاڕێکەوتی ١٤ ی حوزەیران لە سلێمانی مانەوە ، بەڵام ، شتێکی ئەوتۆیان پێنەکرا بۆ ئاسایی کردنەوەی بارو دۆخی ناوچەکە و کەسێکی وەهایان بۆنەدۆزرایەوە بتوانێ جێگەی شێخ مەحمود بگرێتەوە بۆیە ناچار بوون بکشێنەوە [٧٤].

مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لەبارەی ئەم هاتنەی مەندوبی سامیەوە دەڵێت : " هنری دۆبس، هاتە سلێمانی ، لەگەڵ شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەم دا ، لە مزگەوتی گەورە سەرانی نەیاری شێخ مەحمودیان کۆکردەوە ، پاش قسەکانی

---

[٧٢] سەرچاوەی پێشوو ، ل١٤٥-١٤٦ .

[٧٣] ڕەسول هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان ، ب٢ ، ل٥٠٥ .

[٧٤] د . کەمال مەزهەر : چەند لاپەڕەیەك ، ب٢ ، ل٣٩ .

وەفدەکە، (شێخ محەمەد گوڵانی) وتارێکی توندو تیژی دەربارەی شێخ مەحمود خوێندەوە ، زێوەرو مەلائەحمەدی حاجی مەلاڕەسول کە هەردووکیان مامۆستای قوتابخانەی (مەحمودیە) بوون منداڵە قوتابیەکانیان هێنا ، ئەم (شەرقی) یەیان خوێندەوە، کە جاران پێیان ئەووت (نەشیدی مەدرەسە):

قودومی خێربێ مەندوبی سامی
والی عومو می زاتی کیرامی
فەخرە بۆ ئێمە ئەم زیارەتە
باعثی نەجاتە لەم ئەسارەتە [٧٥].

شێخ ڕەوف شێخ مەحمود ، باس لەوە دەکات دوای گەڕانەوەی ئینگلیزەکان ، نۆکەرو بەکرێ گیراوەکانی ئینگلیز لە سلێمانیدا دەستیان کردووە بەبڵاو کردنەوەی پڕوپاگەندە دژی شێخ مەحمود [٧٦].

دواى ئینگلیزەکانیش ، مستەفا پاشای یامولکی کە لە سلێمانیدا مابۆوە لە ڕێکەوتی٨ ی حوزەیراندا ، ژمارە (١٤) ی بانگی کوردستانی بڵاو کردەوەو چەند هەواڵێکی گرنگی ئەوماوەیەی دەسەڵاتی ئینگلیزی لە سلێمانیدا خستە ڕوو ، بۆ نمونە دوای گەڕانەوەیان بڕیاری ئەوەیان داوە کە ئەو کەسانەی لە زەمانی شێخ مەحمود دا دامەزراون و پۆست و پلەوپایەیان وەرگرتووە بەگشتی کارەکەیان هەڵوەشاوەتەوە ، جگە لەوە هەواڵی، سەردانی (هنری دۆبس) بۆ سلێمانی بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ ڕێ و ڕەسمی پێشوازی کردن و کۆبوونەوەی لەگەڵ پیاوماقوڵانی شارەکەدا [٧٧].

وەك ئاماژەمان پێکرد هێزەکانی ئینگلیز لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٢٣ سلێمانیان چۆڵ کرد، بەم شێوەیە مەسەلەی دوبارە گەڕانەوەی شێخ مەحمود بوو بە شتێکی حەتمی و بەڵگە نەویست [٧٨].

---

[٧٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی : ١٧ / ٢ / ٢٠٠١ ، بەغدا .

[٧٦] ڕەسول هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان ، ب٢ ، ل٥٠٦ .

[٧٧] بانگ کردستان: ژمارە (١٤) ، ٨ / ٦ / ١٩٢٣ .

[٧٨] د . کەمال مەزهەر :چەند لاپەڕەیەك ، ب٢ ، ل٣٩ .

٣- سێهەمین حوکمداریەتی شێخ مەحمود

دوای چۆڵکردنی سلێمانی ، ژمارەیەك لە کوردەکانی نەیاری شێخ مەحمود شارەکەیان جێ هێشت و شان بەشانی هێزەکانی ئینگلیز بەرەو کەرکوك ڕەویان کرد ، کە ئەو ڕۆژانە لەنێو خەڵکیدا به (ڕۆیشتنە عمومیەکە) ناسرابوو [٧٩].

ئەمانە کاتێك چوونە کەرکوك ، لەلایەن تورکمانەکانی ئەوێوە سوکایەتیان پێدەکراو ژمارەیەکیشیان لەڕێگا ڕووت کرانەوە [٨٠]. کەبێگومان بەشی زۆری ئەمانە ، لەوانە بوون کەلە شێخ مەحمود زویر بووبوون و لەگەڵیدا نەدەگونجان ، دوای نەمانی دام و دەزگای شێخ مەحمود گەڕانەوەو خزمەتێکی زۆریشیان کرد.

د.کەمال مەزهەر لەبارەی ئەمانەوە دەڵێت : " لەو سەدان بەڵگەنامە نهێنیانەی ئینگلیز دا کەمن دیومن ناوی کەسێکیان بەخراپی نەهاتووە"[٨١]. بەشێکی زۆر لەوانەی سلێمانیان جێ هێشت ، ئەو ئەفسەرە دڵسۆزانە بوون کە لە ڕیزی سوپاکەی شێخ مەحمود دا بوون، بەڵام لەلایەن (جلخوار)* ەکانەوە ، بە هەموو شێوەیەك دژایەتی دەکران و پیلانی لەناو بردنیان بۆ دادەنان [٨٢].

---

[٧٩] ژیان : ژمارە (١٨) ، ٢٧/ ٥ / ١٩٢٦ ، ئەدمۆندز : هەمان سەرچاوە ، ل٣٠٢ .

[٨٠] ڕەشید شەقی : هەمان سەرچاوە . ل٣٣ .

[٨١] د. کەمال مەزهەر : لەو پێشەکیە وەرگیراوە ، کە بۆ (ژیانەوە) و شوێنی لەڕۆژنامە نوسی کوردیدا ، ١٩٢٤-١٩٢٦ نوسراوە ، عەبدوڵا زەنگەنە ، هەولێر ، ٢٠٠٠ ، ل١٥ .

* سەبارەت بەم نازناوە دوو بۆچوون هەیە : یەکەمیان پێی وایە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پیاوێك زۆرجار چۆتە لای شێخ مەحمود ، کەلایەنگرێکی سەرسەختی تورکەکان بووە،و بەردەوام چاکەتەکەی خوار بووە، بۆیە سەرجەم تورکخواکان ئەو نازناوەیان بەسەردا دابڕاوە، بۆچوونی دووەم ئەم نازناوە بۆ کۆپانی گوێ درێژ دەگێڕنەوە، پێدەچێت ئەمەی دووەمیان ڕاستتر بێت، چونکە وشەی (جل)لە زمانی عەرەبیدا بەمانای کۆپان دێت.(ڕەفیق سالح : سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر،ل١٥ ؛ ڕەشید شەوقی : هەمان سەرچاوە، دەستنوس).

شێخ مەحمود خۆی یەك ڕاست نەگەڕایەوە سلێمانی ، بەڵكو كەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند و پیاوەكانی ، گەیشتنەوە ناو شارو دەستیان بەسەردا گرتەوە و بانگەوازیان بۆ خەڵكەكە دەركرد ، ئاسایش و ئارامی بپارێزن و كەوتنە هەڕەشە كردن لەوانەی پاڵپشتی و هاوكاری ئینگلیزیان كردووە [٨٣]. دواتر شێخ مەحمود لە ڕێكەوتی ٢٦ ی حوزەیرانی ١٩٢٣ گەیشتەوە سلێمانی [٨٤].

لەگەڵ گەیشتنەوەیدا ، (هنری دۆبس) بۆ ڕوونكردنەوەی هەڵوێستی ئینگلیز بەرامبەر بە شێخ مەحمود ، ئەم بڕیارانەی لای خوارەوەی دەركرد .

١-دوای شكستی هەوڵەكان بۆ لكاندنی سلێمانی بە عێراقەوە ، سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ بارو دۆخی پێش هەڵمەتەكانی بەریتانیاو هیچ پەیوەندیەك و بەیەك گەیشتنێك ناكرێ لەنێوان حكومەتی عێراق و ئەواندا .

٢-ئەم بڕیارەی پێشوو تەنها بەشێك لە لیواكە دەگرێتەوە كە ڕێگا نادەن بخرێنە سەر عێراق و كۆنتڕۆڵی حكومەتەوە ، بەڵام ئەو ناحیەو قەزایانەی جیاكراونەتەوە هەموو كارێكیان لە ڕێگەی حكومەتەوە دەكەین.

٣-شێخ مەحمود ئاگادار بكرێتەوە كە ئێستا حاكمە لە سلێمانیدا ، وەخۆی و كاروبارەكانی وازلێهێنراون ئەگەر دەست درێژی نەكاتە سەر دەرەوەی سنوری مەركەزی سلێمانی .

(هنری دۆبس) بەنامەیەكی تایبەتیش ئەم بڕیارانەی گەیاندە شێخ مەحمود ، هەموو هەنگاوێكی پێویستیشیان نا بۆ دابڕینی (ڕانیە ، قەڵادزێ، سەنگاو ، چەمچەماڵ ، هەڵەبجە، قەرەداغ ، ماوەت) و بەتوندی ئاگاداریان كردەوە كە نابێ دەست بخاتە كاروباری ئەم ناوچانە. كەئەم هەڕەشەیە خۆی

[٨٢] ڕەشید شەوقی : هەمان سەرچاوە ، ل٢٩ .

[٨٣] وەلید حەمدی : هەمان سەرچاوە ، ل١٤٧ .

[٨٤] ئەحمەد خواجە : چیم دی ، ب٢ ، ل٤٤-٤٥ .

لە خۆیدا ، دەکرا لە هەموو ئان و ساتێکدا بکرێتە بیانوو بۆ لێدانی شێخ مەحمود[٨٥].

شێخ مەحمود ، کەوتەوە کارکردن ، بۆ دامەزراندنەوەی حکومەتێکی نوێ لە سلێمانیدا، جگەلەوە دووبارە بیری لەوە کردەوە کە ڕۆژنامەیەك چاپ بکاتەوە . ئەوەبوو دووبارە ڕۆژنامەی (ئومێد ئیستقلال)* لە سلێمانیدا چاپ کرایەوە. لە یەکەم ژمارەشیدا کەلە ٥ ی ئەیلولی ١٩٢٣ دا دەرچوو، ناوی ئەندامانی سێهەمین کابینەی حکومەتی شێخ مەحمود تێدا بڵاو کرایەوە کە بریتی بوون لە :-

١-شێخ محەمەد غەریب _ ڕەئیسی داخلیە .

٢-سەید ئەحمەد ئەفەندی _ ڕەئیسی مالیەو گومرك .

٣-معروف ئەفەندی _ ڕەئیسی مەحکەمە .

٤-حاجی مەلا سەعید ئەفەندی _ ڕەئیسی تجارەت و مەعاریف .

٥-ڕەزا بەگ _ قوماندانی عەسکەری .

هەر لە هەمان ژمارەدا لە ژێر ناوی (ئەشراف و مونەتەخەبەی ئەهالی) ناوی ژمارەیەك کەسایەتی دیکەی سلێمانی نوسرابوو[٨٦]. بەڵام سنوری دەسەڵاتی ئەمجارەی شێخ مەحمود بەرتەسك بوو ئینگلیزەکانیش لەسەر

---

٨٥ د. کەمال مەزهەر : چەند لاپەڕەیەك ، ب٢ ، ل٤٠ .

* بەڵام ئەمجارەیان چاپخانەکەیان وەك یەکەمجار جێ نەمێشتبوو ، هەرچەندە لە ئەشکەوتی (جاسەنە) وە هێنابوویانەوە بۆ سلێمانی ، دوای ئەوەی شێخ مەحمود لەو ئەشکەوتەدا جێیهێشت ، بەڵام ئەمجارەیان ئینگلیزەکان لەکاتی ڕۆیشتنیان و چۆلکردنی سلێمانیدا بەمەبەستی پەکخستنی میلێکیان لێ دەرهێناو لە گەڵ خۆیان بردیان ، بەڵام چاپخانەکە چاك کرایەوەو. لیژنەیەك پێکهێنرا بۆ جێبەجێ کردنی کاری دەرکردنی ڕۆژنامەیەك ئەندامانی لیژنەکە پێکهاتبوون لە (ئەحمەد خواجە ، ماجید مستەفا ، عادلی شێخ سەلام ، سەید ئەحمەد بەرزنجی ، سەبری کاکە ڕەش) دوای کۆبوونەوەو گفتوگۆ چەند ناوێکیان دەستنیشان کرد، بەڵام لەکۆتایدا بە تیرو پشك ناویان نا (ئومێدی ئیستقلال)،(د. کەمال مەزهەر : چەند لاپەڕمیەك ،ب١،ل١٥٨)

٨٦ ئومێدی ئیستقلال : ژمارە (١) ، ٢٠ / ٩ / ١٩٢٣ .

داوای عێراق سلێمانیان لە دەوروبەرەکەی دابڕیبوو بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ، بەڵام هێندەی پێنەچوو[*] شێخ مەحمود لە کۆتایی تەمووزی ساڵی ۱۹۲۳ دا کەوتە هەوڵدان بۆ دوبارە کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانەی لە سلێمانی جیاکرابوونەوە[87]. ئینگلیزەکانیش دوای مۆرکردنی (پەیمانی لۆزان)* لە رێکەوتی ۲٤ ی تەمووزی ۱۹۲۳ ، پێیان وابوو هیچ ئیلتیزامێکیان بەرامبەر کوردی کوردستانی باشور نەماوە ، تەنانەت لەو راپۆرتە تایبەتەی بەریتانیا ناردویەتی بۆ (کۆمەڵەی گەلان) هۆکارەکانی پاشگەز بوونەوەی خۆیان روون کردۆتەوە و دەڵێن : " لە کاتی گفتوگۆی لۆزاندا بەئاشکرا بەهیچ جۆرێك باسی ئەوە نەکرا کەناوی دروست بوونی حکومەتێکی کوردی ببرێ و ئیتر لەوساوە ، وادانرا کە دەبێت کوردستان بەشێك بێت لە عێراق[88]" .

هەربۆیە کاتێك زانیان شێخ مەحمود دوبارە خەریکی تەقەللادان و پەل هاویشتنە ، کەوتنە خۆ بۆ لێدانی حکومەتەکەی و لەناو بردنی دەسەڵاتەکەی ، ئەوەبوو لە رێکەوتی ۱٦ی ئابی ۱۹۲۳ دا بۆردومانی شاری سلێمانیان کرد ، بە بۆمبای (۲۲۰) پاوەندی کەیەکەم جاربوو لەمێژوودا ئەم بۆمبایە بەکاربێت ، تەنانەت (جۆن سالمۆند) ی فەرماندەی هێزی ئاسمانی لە عێراق خۆی سواری فڕۆکە بووە بەمەبەستی بۆردومانی سلێمانی ، بەتایبەت بۆ لێدانی ماڵی شێخ مەحمود هاتووە[89]. پێدەچێت شێخ مەحمود ئەوکاتانە زۆری لامەبەست بووبێت لەگەڵ ئینگلیزەکاندا رێکەوێت، چونکە لە ئومێدی

[87] وەلید حەمدی : هەمان سەرچاوە ، ل١٤٦ .

*لەسەر داوای وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگی یەکەمی جیهانی ، لە ۱۹۲۲/۱۱/۲۰ کۆنگرەی لۆزان دەستی بە کارەکانی کرد، نوێنەری بەریتانیا لەم کۆنگرەیەدا (لۆرد کیرزن)بوو،(عصمت ئینۆنۆ)ش نوێنەری تورکیا بوو، کە لە ئاکامدا بڕیارەکانی ئەم کۆنگرەیە کۆتایی پێهێنانی خەونەکانی کورد بوو لە پەیمانی سیڤەردا.(فاضل حسین: هەمان سەرچاوە،ل٤٤-٤٥)

[88] د. فؤاد حمه خورشيد مصطفى : القضية الكردية في المؤتمرات الدولية ، اربيل ، ۲۰۰۱، ل۱۱۱؛رەسول هاوار:شێخ مەحمودی قارەمان ، ب۲ ، ل٤٧٨ .

[89] ئەدمۆندز : هەمان سەرچاوە ، ل٣١٢ .

ئیستقلال دا بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش هەست بەم مەسەلەیە دەکرێت و چەند بابەتێك لەو ژمارەیەدا سەبارەت بە ڕێکەوتن لەگەڵ ئینگلیزدا بڵاو بۆتەوە [٩٠].

تەنانەت ئەوڕۆژانە شێخ مەحمود پەیتا پەیتا نامەی ڕەوانە دەکرد بۆ نوێنەری باڵای ئینگلیز لە بەغدا داوای لێدەکردن ، نوێنەری خۆیان بنێرن بۆ سلێمانی. بەڵام ئینگلیزەکان ڕازی نەدەبوون و بەپێچەوانەوە ئەوان بە شێخ مەحمودیان ڕادەگەیاند کە بچێت بۆ بەغدا تا چارەنوسی سلێمانی لەگەڵدا باس بکرێت [٩١].

شێخ مەحمود لەبیری ئەوەدا بوو کە چاپخانەی نوێ بۆ سلێمانی بهێنێت لە ئەڵمانیاوە و گەشە بە چاپ و بڵاوکردنەوە بدات، سەرقاڵی سکە لێدان و پارەی کاغەز چاپ کردن بوو ، بەڵام بارودۆخی ناهەمواری شارەکە ڕێگای نەدا ، هیچ هەنگاوێکی بەرچاو بنرێت هێندە نەبێت پولی پۆستە لەم سەردەمەدا چاپ کرا .[٩٢] بەڵام لەڕێکەوتی ٢٠ی مایسی ١٩٢٤ دا بەیاننامەیەکی زۆر بەسەر سلێمانی و دەوروبەریدا بەردرایەوەو ئاگاداری خەڵکیان کردبوو کە ناوچەکە بۆردومان دەکرێت ، ڕۆژی ٢٢ ی مایسی ١٩٢٤ شێخ مەحمودیان ئاگادار کردەوە گەربێتو ناوچەکە جێ نەهێڵێت ئەوا شارەکە بۆردومان دەکرێت [٩٣].

لەو سەردەمەدا ، ترس و دڵە ڕاوکێی خەڵکی بەشێوەیەك بوو کەس نەیدەوێرا بەڕۆژ لەنێو شاردا بمێنێتەوە پێش ڕۆژ هەڵاتن گەورەو بچوك شاریان جێ دەهێشت و خۆیان دەگەیاندە دەشتایی و سەرقەبران و دەورو بەری شار ، تا خۆرئاوا خۆیان دەشاردەوە ئینجا دەگەڕانەوە ، ئەم حاڵەتە وای کردبوو جگە لە دام و دەزگای حکومەت ، بازاڕو دوکانیش نەمێنێت ، تەنانەت

---

[٩٠] ژمارە (٢) ، ٢٧ / ٩ / ١٩٢٣ .

[٩١] ئەدمۆندز : هەمان سەرچاوە ، ل٣٢٦ .

[٩٢] د. کەمال مەزهەر : چەند لاپەڕەیەك ، ب١ ، ل١٥٩ .

[٩٣] د. کەمال مەزهەر ئەحمەد : چەند لاپەڕەیەك ، ب٢ ، ل٤٢ .

شێخ مەحمود خۆشی وەك ئەو خەڵكە لە نێو شار نەدەماو بە زۆری دەچووە تەكیەی (شێخ مارف) لە سەرقەبران[٩٤] .

جارێكی دیكە هێزە ئاسمانییەكانی ئینگلیز ، لە ٢٥ ی مایسی ١٩٢٤ سلێمانیان بۆردومان كردو خەڵكی شارەكە بە شێوەیەكی گشتی ڕەویان كرد ، بەرەو لادێكان چوون ، لە كۆی (١٩٣٠٠)كەس سلێمانی تەنها (٧٠٠) كەسی تێدا مایەوە. ئەم بارە ماوەی چوار مانگی خایاند تا هەموویان گەڕانەوە شوێنی خۆیان و بۆردومانەكەش بووە هۆی كاول كردنی زۆری شارەكە[٩٥] .

بەم شێوەیە ئەم جارەش دەسەڵاتی شێخ مەحمود لە سلێمانیدا لەژێر فشاری بۆردوماندا كۆتایی پێهات و لە ڕێكەوتی ١٦ ی تەمموزی ١٩٢٤ دا شێخ مەحمود ناچاركرا سلێمانی چۆڵ بكات و ڕووبكاتە شارباژێڕو لە گوندی (سیتەك) بارگەی خۆی بخات[٩٦] .

هێزەكانی بەریتانیا لە ڕێكەوتی ١٩ / ٧ / ١٩٢٤ دا سلێمانیان گرتەوە ، كە هێزێكی تێكەڵ بوو لە (لیڤی) و هێزی حكومەتی عێراقی[٩٧] . بۆ یەكەم جار یەكەم فەوجی حكومەتی عێراق توانی بگاتە سلێمانی ، ئەم فەوجەش ناوی (موسى الكاظم) بوو[٩٨] . ئینگلیزەكانیش لەگەڵ گەڕانەوەیاندا (چەپمەن) یان كردەوە لێپرسراوی كارگێڕی شاری سلێمانی و دەسەڵاتی موتەسەڕیفیان پێدا.

---

[٩٤] ئەكرەمی صاڵحی ڕەشە : هەمان سەرچاوە ، ب٢ ، ل٣٥١ – ٣٥٢ .

[٩٥] د. كەمال مەزهەر : چەند لاپەڕەیەك ، ب٢ ، ل٤٢ ؛ چیم دی ، ب٢ ، ل٦١ .

[٩٦] ئەحمەد خواجە : چیم دی ، ب٢ ، ل٦٤ .

[٩٧] كشف القناع عن بعض الوقائع العراقية : مذكرات عبدالعزيز ياملكي ، بغداد ، ١٩٥٧ ، ل١٣ ، ئەدموندز : هەمان سەرچاوە ، ل٣٤٨ ، عبدالرزاق الحسني : تأريخ الوزارات العراقية ، ج١ ، ل٢٨٠ .

[٩٨] چاوپێكەوتن لەگەڵ مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) : Med TV .

باسی دووەم
هاتنی سمکۆی شکاك بۆ سلێمانی

١- بەرایییەکانی پەیوەندی نێوان سمکۆ و خەڵکی سلێمانی :

سەرەتاکانی ئاشنا بون و یەکتر ناسینی شێخ مەحمود و خەڵکی سلێمانی لەگەڵ سمکۆدا بۆ ئەو ڕۆژانە دەگەڕێتەوە ، کە شێخ مەحمود بە دیل گیرا و خانوادەی شێخ مەحمود ئاوارەو پەراگەندە بوون ڕوویان کردە کوردستانی ڕۆژهەلات ، ماوەیەك لە لایەن مەحمود خانی دزڵی و مەحمود خانی کانیسانان میوان بوون دواتر ڕوویان کردە هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی سمکۆ ، کە ئەو کاتە دەسەلاتێکی زۆری هەبوو پانتاییەکی فراوانی خاکی کوردستان و ئازەربایجانی ئێرانی لە ژێر دەستدا بوو ، کاتێکیش ئەم خێزانانە پەنایان بۆ برد هەرچی لە توانایدا بوو درێغی نەکرد بەرامبەریان[٩٩] .

تەنانەت ئەو پەڕی نەوازشی بەرامبەر ئەو بنەماڵەیە نواند بوو، فەرمانێکی دەرکرد بوو، کە پێویستە پارێزگاریی لە ژیان و سەروەریی ئەم بنە ماڵەیە بکرێت و چییان پێویست بێ لەسەر حسابی ئەو بۆیان بکرێت ، دژی ئەو کەسانەش دەوەستاوە کە داوایان دەکاتەوە[١٠٠] .

دەتوانین بڵێین ئەم ئاشنا بوونە لێرەوە دەستی پێکرد، چونکە لە ڕۆژگاری دەسەلاتدارێتی حکومەتی کوردستاندا ئەو هەلە نەڕەخساوە ، کە ئەم دوو سەرکردەیە یەکتر بناسن .*

جگە لەوەی کەم سەرکردەی کورد هەیە خۆشیی بە چارەی سەر کردەیەکی دیکە هاتبێت ، ڕەفیق حلمی لەم بارەیەوە دەڵێت "لە کوردستان

---

[٩٩] د. عبد الرحمن قاسملۆ :کوردستان و الاکراد ، ل٩٨ .

[١٠٠] یادداشتەکانی شێخ لەتیف ، ل٦٩-٧٠ .

* بە هۆی لێك دابڕانی کوردستان بەردەوام مێژووی کورد وەك کۆمەڵە ڕوداوێکی لێکدابڕاو نەك پێکەوە گرێ دراو دێتە پێش چاو هیچ کامێکیان تەواو کەری ئەوی دیکە نەبوون.(ڕەفیق سابیر : بەرەو مێژوو ، ستۆکهۆڵم ، ١٩٩١ ، ل١٢)

زوعەما زۆر ڕەقابەت دەنوێنن لەگەڵ یەكتری وحەسوودی بە یەك دەبەن، ئەمە مەنشەئێكی گەورەی بێ هێزیانە ، سمكۆ نەی دەویست چارەی شێخ مەحمود ببینێت ، شێخ مەحمودیش نەفرەتی لە سمكۆ دەكرد "[101] .

وێڕای ئەم گرێ كوێرەیەی دەروونی سەركردەكانی كورد ، ڕۆڵی داگیركەرانەی ئینگلیزیش زۆر بە زەقی بەدەر دەكەوێت ، لەوەدا كە بە هەموو شێوەیەك دژ بە سمكۆ و شۆڕشەكەی بوون و ڕێگای هیچ پەلهاویشتنێكیان نە دەداو لێنەدەگەڕان هیچ هەوڵێكی دیپلۆماتیسەركەوتووی هەبێت، تەنانەت دوای پەیماننامەی ئەنگلۆ-ئێرانی ساڵی ١٩١٩ سمكۆ هیچ هیوایەكی بە پشتیوانی ئینگلیز نەما بۆ پشتگیری كردن لە تەقەلاكانی كورد بۆ پێكهێنانی یەكێتیەكی نەتەوایەتی كوردەكانی هەرسێ پارچەكەی ڕۆژهەلات و باشوور و باكور، بۆیە سمكۆ هەرگیز نەیتوانی هیچ كارێكی چەكداری هاوبەش لەگەڵ بزوتنەوەی كورد لە پارچەكانی عێراق و توركیا ئەنجام بدا[102] .

بەم شێوەیە دەرفەتی لێك نزیكبوونەوەی ئەم دوو سەركردەیە ئەستەم بوو، هەر چەندە (كریس كۆچێرا) ئامارە بۆ ئەوە دەكات گوایە ، نۆئێل بەرنامەی ئەوەی هەبووە كە شێخ مەحمود و سمكۆی شكاك و سەید تەها دژی توركەكان بكات بە یەك و هانیان بدا[103] .

بەلام لە ڕاستیدا پێناچێت ئینگلیز هیچ پلانێكی هەبوو بێت بۆ یارمەتی دانی سمكۆ، چونكە بەر دەوام لە ڕۆژنامەكانی بەریتانیادا سمكۆ بە

---

[101] خلاصەی مەسئەلەی كورد ، موصل ، ١٩٣٤ ، ل ٧ .

[102] صالح محمد امین : كورد و عەجەم ، چاپی یەكەم ، ١٩٩٢ ، ل ٣٣٣ - ٣٤٤ .

[103] مێژووی كورد لەسەدەی نۆزدە و بیستدا ، وەرگێرانی ، محمد ریانی ، چ٢ ، تهران ، ١٣٦٩ ، ل١١٦ .

دزوجەردە و (ڕۆبن هـود) ی ڕۆژ هـەڵات نێـو دەبـراو زۆر خۆشـحاڵبوون بەژێـر کەوتنی[١٠٤].

بۆیە دوای گیرانی شێخ مەحمود و گەڕانەوەی حوکمی ڕاستەو خۆی ئینگلیز بۆ سلێمانی هیچ سەر چاوەیەك باس لەوە ناکات کە پەیوەندی لـە نێواندا هەبووبێت ، بەڵام دواتر ، ڕەوتـە نیشتمانیەکان هـەوڵی کردنـەوەی ئـەو دەرگایەیان داوە ، مستەفا پاشـای یامولکی دوای گەڕانـەوەی بۆ سلێمانی لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی ئینگلیزدا ، هـەر چـەندە لـە بـەغدا مـەرجی ئـەوەیان بـە سەردا سەپاند بوو کە بۆی نییە لە سلێمانی دەرچێت بێ ڕەزامەندی ئینگلیز ، بـەڵام ئـەو لـە مـانگی تشـرینی یەکـەمی سـاڵی ١٩٢١ دا بـەرەو کوردسـتانی ڕۆژهەڵات بە ڕێکەوتووە و لەوێ لە گونـدی (چاری) چاوی بـە سمکۆ کـەوتوو چاوپێکـەوتنی لەگـەڵدا سـاز کـردووە ، ئامانجیشـی لـەم سـەر دانـەدا ئـەوە بـوو سمکۆ هـانبدات شۆڕشـەکەی بگوازێتـەوە نێـو خـاکی کوردسـتانی بـاکور دژی کەمال ئەتا تورك شۆڕش بکات[١٠٥].

دوای ئەمەش ، وەك ڕەفیق حلمی باسی لێوە دەکات ، ناو بانگی سمکۆ لە سلێمانیدا بۆ ئەوانە دەگەڕێتەوە کە لـە (سـەردەشـت و سـابلاغ) ەوە ڕایـان کـردووە و هـەندێکیان دەهاتنـە سـلێمانی ، باسـی دڵ ڕەقـی و زەبـرو زەنگـی سمکۆیان دەکرد و دەڵێت ئێمە لەوانەمان دەبیستەوە[١٠٦] ، جگە لەمانەش فوئاد مەسـتی لـە بیرەوەریـەکانیدا ، باس لـەوە دەکـات کـە سمکـۆی شـکاك داوای لــە ڕۆشنبیرانی سلێمانی کردووە کە بچنـە پـاڵ شۆڕشـەکەی ، کـارو بـاری لەگـەڵدا ڕێکخـەن، لـە بەرامبـەریشـدا ژمارەیـەکی زۆر لـە ڕۆشـنبیران ڕەزامـەندیان نیشـان

[١٠٤] د. كمال مظهر : دراسات فی تأريخ ايران الحديث و المعاصر ، بغـداد ، ١٩٨٥ ، ل٢٥٢ ؛ياسـين خـالد حسن : كردستان الشرقية ، دراسة فی الحركة التحررية القومية فيما بين ١٩١٨-١٩٣٩ ، كلية الاداب ، جامعة صلاح الدين ، رسالة ماجستير غير منشورة ، ١٩٩٥ ، ل١١٢ .

[١٠٥] هـاوار : حـاجی مسـتەفای یـامولکی و سمـایل خـانی شـوکاك (سمکـۆ) ، گۆڤـاری مامۆستای کورد ، ژمارە (٨) ، سوید ، ١٩٨٩-١٩٩٠ ، ل٢٦ .

[١٠٦] یادداشت : ب ٢،ل ٧٧ .

داوە و یەکەم دەستە (سدیق شاوەیس ، ڕەشید جەودەت ، عارف سائیب ، فایەق ئیسماعیل بەگ ، ماجد مستەفا و خۆم) بەدەنگ داواکەیەوە چووین،بەڵام هەر کە گەیشتینە بۆکان ، بیستمان جوڵانەوەکەی سمکۆ لە نێو براوە ، ئێمەش گەڕاینەوە[107].

تا سەردەمی دووهەمین حوکمداریەتی شێخ مەحمود ، پەیوەندی نێوان سمکۆ و خەڵکی سلێمانی هەر هێندە بوو کە ئاماژەمان پێکرد ، بەڵام لە سەر دەمی دووهەمین حوکمداریەتی شێخ مەحمود دا ، لە هەردوو ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) و (ڕۆژیکوردستان)دا، پەیتا پەیتا هەواڵی سەرکەوتنەکانی سمکۆ بلاو دەکرایەوە و زیاتر خەڵکی شارەکە پێی ئاشنا دەبوون[108].

ئەو کاتە لە سلێمانیدا بە (سمایل خانی سمکۆ) دەناسراو خەڵکی هەر بەو ناوە نێو بانگیان بیستبوو[109] . تەنانەت مستەفا پاشای یامولکی داوا لە کوردەکانی ئەودیو دەکات ، هاوکاری و کۆمەکی ئەوڕۆژنامەیە بکەن بە ناردنی هەواڵ و دەنگ و باس ،[110] لە هەمان ڕۆژنامەدا دوای بلاو کردنەوەی هەواڵی دووبارە داگیر کردنەوەی شاری (ورمێ) لە لایەن سمکۆوە ، تێبینیەك نوسراوە کە مەغزایەکی جوانی هەیە ئەوەش کە دەڵێت : "مەعلوم دەبێ کە خەبەری خێری تەشەکولی حکومەتی موستەقیلەی کوردستان لە سلێمانیدا دەماری حەمیەت و غیرەتی کوردانی هێناوەتە حەرەکەت"[111] .

ئەم هەواڵانە سەرچاوەی زیاتر ئاشنا بوون و لێك نزیك بوونەوەی کوردەکانی سلێمانی و (سمایل خانی سمکۆ) بوون ، بەڵام کاتێك هێزەکانی

---

[107] د. كمال مظهر احمد : صفحات من الماضی یرویها الاستاذ فؤاد مستی ، جریدة التآخی ، ژمارە (١٥٨٢) ، ٢١/١٠/١٩٧٤.

[108] بانگ کردستان : ژمارە (٢) ، ١٤/ ٨ / ١٩٢٢ .

[109] چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمد) : TV med، سازی کردووە .

[110] بانگ کردستان : ژمارە (١) ، ٢ / ٨ / ١٩٢٢،لە بەشی فارسییەکەیدا.

[111] بانگ کوردستان : ژمارە (١٠) ، ١٥/١٠ / ١٩٢٢ .

ئێران فشاریکی زۆریان بۆ سمکۆ هێناو لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیدا هەڵکەندرا ، بە ناچاری ڕووی کردە تورکیا، لەوێش هێزێکی سوکەڵەی تورك دای بە سەریاو ، زیانێکی زۆریان لێداو ژنێکی کوژرا و خەسرەوی کوڕی بە دیل گیرا ، وێڕای دەست بە سەرا گرتنی پارە و پولێکی زۆر ، ئینجا سمکۆ خۆی و ژمارەیەك لە پیاوەکانی بەناخۆشیەکی زۆر دەرباز بوون[١١٢] و خۆیان گەیاندە کوردستانی باشوور و دواتر لە سەر ئامۆژگاریی و ڕێنمایی سەید تەها ڕووی کردە ناو چەی (بەحرکە) لە لیوای هەولێر بە مەبەستی دیدەنی و ڕێکەوتن لەگەڵ ئینگلیزەکان، ڕاستی ئەم قسەیەش لەوە دا ئاشکرا دەبێت کە سمکۆ خۆی هیچ باوەڕێکی بە ئینگلیز نەبووە و زانیویەتی فریوی دەدەن[١١٣] .

هەر بۆیە لە سە رقسەی (سەید تەها) ڕووی کردە ئەو ناوچەیەو لە بەحرکە چاوی بە نوێنەرانی ئینگلیز کەوت کە لەگەڵ سەید تەهادا هاتبوون بۆ بینینی ، هەر چەندە ئینگلیزەکان حەزیان نە دەکرد هیچ پەیوەندیەك لەگەڵ سمکۆدا ببەستن ، بەڵام ئەو کاتە بە حوکمی ئەوەی سمکۆبە دەستی تورکەکان ئەو گورزەی لێدرابوو ، ئینگلیز دەیویست سوود لەم هەلە وەربگرێت و سمکۆ و شێخ مەحمود لێك نزیك بکاتەوە و ، پێکەوە بیانکات بە گژ ئۆزدەمیر و دەستە چەکدارە تورکەکەی ڕەواندوزدا ، واتە دەیانویست لە ڕێگای (سمکۆ) وە پەیوەندیەکانی نێوان شێخ مەحمود و ئۆزدەمیر تێکبدەن[١١٤] .

ئیدی سمکۆ لە (بەحرکە)وە بەهۆی (عیزەت تۆپچی‌یەوە) ، کەوتە ئاڵ وگۆڕ کردنی تەلەگراف لەگەڵ شێخ مەحمود ، کە ئەوکاتە ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) دەقی ئەو بروسکانەی بڵاو کردۆتەوە کە لە نێوانیاندا ئاڵۆ گۆڕ کراوەو تا ئەندازەیەکی بەرچاو ستایش و پیاهەڵدانی ئینگلیزی تیادا بەرچاو

---

[١١٢] کریس کۆچێرا : هەمان سەرچاوە ، ل١٠٢-١٠٣ ؛ صاح محمد امین : هەمان سەرچاوە ، ل٣٧١ .

[١١٣] بیرەوەریەکانی ئەحمەد تەقی دەربارەی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود وسمکۆ، ل٥٩-٦٠ .

[١١٤] محمد ڕەسول هاوار : سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شوکاك) و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ستوکهۆڵم ، ١٩٩٥ ، ل٥٧٦ ؛ ڕەفیق حلمی : یادداشت ، ب ٣ ، ل ٣٤٦ ؛ حوسێنی مەدەنی : هەمان سەرچاوە ، ب ٢ ، ل٣٤٦ .

دەکەوێت ، پێدەچێت ئەو تەلە گرافانەی سمکۆ ، بەچاودێری و ئاگاداری ئینگلیز ڕەوانە کرابێت بۆ شێخ مەحمود ، چونکە سمکۆ بەئاشکرا بە شێخ مەحمود دەڵێت "ئەوەی ئینگلیز نەیکا بۆ کورد سەرناگرێت" ، جگە لەوەش ، سمکۆ لەو بروسکانەدا ، بەنازناوی (حوکمدار) شێخ مەحمود دەدوێنێت ، کە بێگومان دەیزانی ، شێخ مەحمود وەك (مەلیکی کوردستان) خۆی ناساندووە ، بەڵام لێرەدا دەستی ئینگلیز بەئاشکرا خۆی دەردەخات کە چۆن سمکۆیان هانداوە بۆ نزیك بوونەوە لە شێخ مەحمود[115] .

هەرئەم بروسکانەش بوو هیوای لای ئینگلیز پەیدا کردبوو ، لەبەرئەوە ڕێگایان بە سمکۆدا بچێت بۆ سلێمانی بۆ دیدەنی شێخ مەحمود[116] .

سمکۆش ئەو ڕۆژگارە هیوای زۆری بەوە بوو کە ئینگلیزەکان هاوکاری بکەن و پشتگیری لە شۆڕشەکەی بکەن ، گەر ئەوەشی بۆ نەکەن ، هیچ نەبێت یارمەتی بدەن بۆئەوەی کەبگەڕێتەوە سەرشوێن و ڕێگای خۆیو لەگەڵ ئێراندا ئاشتی بکەنەوە،[117] ئیدی بەم شێوەیە مەسەلەکان بەرەو پێش دەچوون تاوەکو شێخ مەحمود بە ڕەسمی داوای لە سمکۆ کرد ڕووبکاتە سلێمانی بۆ گفتوگۆو زیاتر لێك حاڵی بوون[118] .

ئەوڕۆژگارەش پەیوەندی نێوان شێخ مەحمودو ئینگلیزەکان تەواو تێك چووبوو، بارودۆخی سلێمانی تەواو شڵەژا بوو ، پڕبووبوو لەسوارەی عەشایەرو چەکدارێکی زۆر لە کۆڵان و شەقامەکاندا دەهاتن و دەچوون ، ژمارەیەکی زۆر لەسەرۆك هۆزە کوردەکان لە دیوانی شێخ مەحمود کۆدەبوونەوە چالاکیەکی سیاسی نهێنی و ئاشکرا لە ئارادا بوو ، ڕەوشی

[115] ڕۆژی کوردستان : ژمارە (٧) ، ٣ / ١ / ١٩٢٣ ، محمد رسول هاوار : سمکۆ ئیسماعیل ئاغای شوکاك ، ل٥٨٣- ٥٨٤

[116] محمد رسول هاوار : سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شوکاك) ، ل ٥٨٤، ڕەمزی قەزاز : هەمان سەرچاوە، ل٣٧٣.

[117] صالح محمد امین : هەمان سەرچاوە ، ل٣٧٣ .

[118] ئەحمەد خواجە : چیم دی ، ب١ ، ل١٣٨ .

سلێمانی تادەهات بەرەو خراپتر دەچوو ، بەڵام بەشی زۆری خەڵکەکەی ئاگایان لە هیچ نەبوو ، بەهۆی نەبوونی هیچ ئامرازێکی پەیوەندی لە جیهان دابڕابوون. وەك ڕەفیق حیلمی دەڵێت : "ئەوانەی لەو ڕۆژانەدا لە سلێمانی بوون ، لە عالەمێکی ترا ئەژیان و ئاگایان لە هیچ نەبوو" [۱۱۹] . بێگومان لە حاڵەتێکی وەهاشدا لە تواناد ا نابێت داوا لە خەڵکی بکرێت خوێندنەوەیەکی واقعیانەی بۆ ڕووداوو پێشهاتە سیاسیەکان هەبێت، هەر ئەمەش وایکرد کەوا خەڵکی سلێمانی بەگشتی تێڕوانینێکی زۆر سەیرو هەڵەیان لادروست ببێت ، سەبارەت بەهاتنی سمکۆو میوانداری کردنی لەلایەن شێخ مەحمودو حکومەتەکەیەوە ، دەنگ بڵاو بۆوە لە سلێمانیدا، شارەکە خرۆشاو جم و جۆڵێکی زۆری تێکەوتبوو ، خەڵکی وەك قارەمانێك لە سمکۆیان دەڕوانی و پێیان وابوو لەپێناوی مەسەلەی کورددا هاتووە بۆ سلێمانی و دەیەوێت شۆڕشەکەی خۆی لەگەڵ شێخ مەحموددا یەکبخات و پێکەوە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بدەن [۱۲۰] . تەنانەت د.(قاسملۆ) ش لای خۆیەوە هەمان بیروڕای دووبارە کردۆتەوە و نوسیویەتی "سمکۆ لەپێناوی یەکخستنی نەتەوەی کوردو یەکخستنی ئامانجەکانیان ساڵی ۱۹۲۳ بەرەو سلێمانی هاتووە" [۱۲۱] . بەم شێوەیە سمکۆ بەرەو سلێمانی هات ، تەنانەت لە سەرەتادا چووبووە نێو پشدەریەکان و لەوێوە لەگەڵ ژمارەیەك لە پیاوانی ئەواندا بەرەو سلێمانی هات، هەر ئەوکاتەش لە ڕێگاوە پەیوەندی لەگەڵ ئۆزدەمیر بەست ، ئەوەش کاتێك پشدەرییەکان ئەحمەدی حەمە ئاغایان ناردە لای ئۆزدەمیر تاوەکو لە مەبەستەکانی سمکۆ دڵنیای بکەنەوە، کاتێکیش سمکۆ گەیشتە سلێمانی ،ئەحمەدی حەمەئاغا هەواڵی سەلامەتی خەسرەوی کوڕی بۆ هێناو

---

[۱۱۹] یاداشت : ب۲ ، ل۹۳ .

[۱۲۰] ڕەفیق حیلمی : ب۳ ، ل۴۹ ، علاء الدین سجادی : هەمان سەرچاوە ، ل۲٦۰-۲٦۱.

[۱۲۱] اربعون عاما من الکفاح من اجل الحریة ، موجز من تأریخ الحزب الدیمقراتی الکردستانی، ترجمة : د. عزالدین مصطفی رسول ، ج۱ ، أربیل ، ۱۹۹۱ ، ل۲٤ .

کۆمەڵێك گفتو بەڵێنیشی لەزاری ئۆزدەمیرەوە پێ ڕاگەیاند[١٢٢]، کەچی لە سلێمانیش بەر لەوەی سمکۆ بگاتە جێ، خەڵك سەرجەم لە چاوەڕوانیدا بوون، نیشتمان پەروەران بەهیوای ئەوە بوون بەم هاتنەی سمکۆ شێخ مەحمود لە تورك دور بکەوێتەوەو لە هەوڵی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردابێت ، هەندێکیش ویستویانە شێخ مەحمودو سمکۆ هاوکاری بکەن بۆ دەرپەڕاندنی ئۆزدەمیر ئەمانەش بەپرۆگرامی ئینگلیز ئەم ویستەیان هەبووە[١٢٣]. بەڵام بەهەرحاڵ کەس لەچاوەڕوانی بێزار نەبووەو شەوێك پێش هاتنی سمکۆ بەو درەنگە هەڵبەستیان ڕێکخستەوەو ئاوازیان بۆ داناوە تاوەکو لە پێشوازی سمکۆدا خوێندکارانی ئامادەیی بەدەنگەوە بیڵێن ، ڕۆژی هاتنەکەش بە فەرمانی شێخ مەحمود فەرمانگەو دام و دەزگا ڕەسمیەکان دەوامیان نەبووەو دوکان و بازاڕ داخراوەو ماڵی (شێخ مستەفای نەقیب) بۆ سمکۆ ئامادەکراوە ، بەدرێژایی ڕێگاکان پاسەوان و خوێندکاران لە پێشوازیدا وەستاون، ئەمە جگە لەوەی شێخ قادرو ژمارەیەکی زۆر لە گەورە پیاوان ماوەیەکی زۆر لەشار دەرچوون بۆ پێشوازی سمکۆ ، تەنانەت شێخ مەحمودیش بە ئۆتۆمبیل بەرەو پیری چووە[١٢٤].

لە سلێمانی پێشوازیەکی شاهانە لە سمکۆ کراوە و لەگەڵ هاتنیدا حەوت گوللە تۆپیش تەقێنراوە ، خەڵکی سلێمانیش لە ئەندازە بەدەر لەم هاتنەی ئاسودە بوون[١٢٥].

سمکۆ خۆشی زۆر خۆشحاڵ بووە، سوپاس و پێزانینی خۆی پێشکەش بە حوکمدارو خەڵکی سلێمانی کردووەو دواتریش پاش چەند ساڵ لە زۆر کۆڕو کۆبوونەوەدا باسی لەو خزمەت و پێشوازیە کردووە ، تەنانەت

---

[١٢٢] عبد الرقیب یوسف ، سدیق ساڵح : بیرەوەریەکانی ئەحمەدی حەمە ئاغای پشدەری ، ل٩٣-٩٤ .

[١٢٣] ڕەفیق حیلمی : یاداشت ، ب٣ ، ل٤٩ .

[١٢٤] یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید : ل١٠٥-١٠٦ .

[١٢٥] ڕەفیق حیلمی : یاداشت ، ب٣ ، ل٥٠-٥١ .

ژنانی سلێمانیش لەم پێشوازیەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و ڕژاونەتە سەر شەقامەکان [١٢٦]. لێرەدا دەتوانین بڵێین ، ئەو هاتنەی سمکۆ ئەگەر بۆ مەبەستی کوردایەتی و یەکخستنی کوردیش نەبووبێت ، گەورەترین ڕۆڵی بینیوە لە زیاتر گەشاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی و وروژاندنی خەڵکدا.

کاتێکیش گەیشتنە سلێمانی و بارەکە ئاسایی بۆوە ، ئەوەندەی پێنەچوو بارودۆخی سیاسی شارەکە هێندەی دیکە جم و جۆڵی تێکەوت، ئۆزدەمیر وەفدێکی ڕەوانەکرد بۆ سلێمانی ، کە پێکهاتبوو لە (ڕەمزی بەگ و فەوزی بەگ) ئەمانە لای شێخ مەحمود بوون بەمیوان و کەوتنە گفتوگۆ ، ئینگلیزیش زۆر بە وردی ئاگاداری ئەوە بوو کە وەفدی تورك لە سلێمانیە ، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی خێرایان نەنواند [١٢٧].

بەم جۆرە ئەوماوەیەی سمکۆ لە سلێمانی بوو ڕێزێکی زۆری لێگیرا ، هەرچەندە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد خەڵکی زۆر هەڵە لەم هاتنەی گەیشتبوون ، وەك عەلائەدین سجادی باسی لێوەدەکات ، سمکۆ هەندێك ڕێو شوێنی حکومەتەکەی شێخ مەحمودی بەدڵ نەبووە ، بەتایبەتی هەڵسوکەوتی شێخ قادری بەباش نەزانیوە ، لەم بارەیەشەوە ، هەندێك ڕێنمایی شێخ مەحمودی کردووە ، کەنابێت لە کاروباری حوکمداریێتیدا ئاوڕ لە خزم و کەس بداتەوە، هەرکەسێکیش زیانی بە دەسەڵاتەکەی گەیاند واچاکە لەناوی بەرێت و چاو لە هەڵەیان نەپۆشێت [١٢٨].

ئەو کاتەی سمکۆ لە سلێمانی بوو ، پەیوەندیەکانی شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیزەکاندا گەیشتە بن بەست و هیچ هیوایەك لە ئارادا نەما کە چاوەڕوانی باشی لێبکرێت ، سمکۆش کەلە ڕێگاوە پەیوەندی لەگەڵ ئۆزدەمیردا بەستبوو ، کاتێك لە سلێمانی جم و جۆڵی بەرچاوی تورکەکانی

---

[١٢٦] ڕۆژی کوردستان : ژمارە (٨) ، ١٠ / ١ / ١٩٢٣ ، درەخشان جەلال حەفید : هەمان سەرچاوە ، ل١٥٢ .

[١٢٧] ئەحمد خواجە : چیم دی ، ب١، ل١٤٧، ڕەفیق حیلمی : یاداشت ، ب٢ ، ل٥١-٥٢ .

[١٢٨] شۆڕشەکانی کورد و کورد و کۆماری عیراق، ل٢٦٠-٢٦١ .

بینی هێندەی دیکە کەوتە سەر باوەڕی دژایەتی ئینگلیزو خۆنزیك خستنەوە لە ئۆزدەمیر ، بەڵام جەمال نەبەز، ڕایەکیَ تایبەتی هەیەو لەم بارەیەوە باس لەوە دەکات ، کەسمکۆ لە سلێمانی بیَ هودە هەوڵی ئەوەی داوە ئینگلیزو شێخ مەحمود ڕێکبخاتەوە و هەموو پێکڕا بەر بەبزوتنەوەی ئەتاتورك بگرن [129]. کە تەنها خۆی ئەم ڕایەی هەیەو ، هیچ سەرچاوەیەکی دیکە پشتگیری قسەکانی ناکات ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕۆڵیشی بینیوە لەوەدا کە شێخ مەحمود پەلەبکات لە هێنانی وەفدی ئۆزدەمیر بۆ سلێمانی بەمەبەستی گفتوگۆ کردن [130]. ڕەفیق حیلمی وەك کەسێکی بەشدار لە ڕووداوەکان ، بە ووردی باسی ئەوە دەکات ، چۆن لە نیوە شەودا پیاوەکانی شێخ مەحمود لەماڵ دەریان کردووەو بردویانەتە لای شێخ و لەویَ بەئامادە بوونی سمکۆ ، بەدرێژی باسی ئەوە کراوە، وەفد ڕێکبخرێت و بچێت بۆ ئەنقەرە بۆ بینینی کەمال ئەتاتورك و ڕێکەوتن لەگەڵ تورکدا [131]. بێگومان سمکۆ مەبەستی ئەوە بووە ، کەمالیەکان لەگەڵی ڕێکەون و کوڕەکەی ئازاد بکەن و پارەکانیشی بدەنەوە ، وێڕای ئەوەی بەڵێنیان پێدابوو کە بچێتەوە سەر سنوور یارمەتی ئەدەن بۆ دوبارە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، بەڵام درۆیان لەگەڵدا کردوو هیچ کۆمەك و یارمەتیەکیان نەداو کوڕەکەشیان ئازاد نەکرد [132].

دوای ئەوەی کە بارودۆخی سلێمانی گەیشتە ئەم حاڵەتە ، ئینگلیز لای خۆیەوە بڕیاری دابوو ئەم حکومەتەش بەدەردی ئەوەی پێشوو بەرێت بۆیە هیچ کاردانەوەیەکی خێرای دەرنەبڕی، لە سەرەتادا (چەپمەن) بڕیاریدا سلێمانی جێبهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ بەغدا [133] ، ئەو ڕۆژگارە بیَ بەرنامەییەکی ئاشکرا لە ئارادا بوو چونکە شێخ مەحمود نەیدەتوانی

[129] کوردستان و شۆڕشەکەی ، ل١٥١ .

[130] بیرەوریەکانی ئەحمەد تەقی : ل٥٩ .

[131] یاداشت : ب٣ ، ل٥٧-٥٨ .

[132] صالح محمد امین : هەمان سەرچاوە ، ل٣٧١ .

[133] ئەحمەد خواجە : چیم دی ، ب١ ، ل١٤٧ .

ئاشكرا لە ئارادا بوو چونكە شێخ مەحمود نەیدەتوانی بەتەواوی خۆی یەكلایی بكاتەوە ، لەلایەكەوە ، وەفدی ڕێكدەخست بۆ ئەنقەرە ، لەلایەكی دیكەشەوە وەفدی دەنارد بۆ بەغداو داوای لە (چەپمەن) دەكرد، كاروباری كورد لە بەغدا ڕێكبخەن ، ئەم مەسەلەیە خۆی لەخۆیدا جۆرێكە لە كورتبینی و بێ بەرنامەیی[١٣٤] .

هەر سەبارەت بەم مەسەلەیە، ڕۆژی كوردستان نوسینێكی تیا بڵاوكراوەتەوە بەناونیشانی (تەخلیەی سلێمانی) كە ناوەڕۆكەكەی جوانترین گوزارشتە لە بێ سەرو بەریی و نەزانی دام و دەزگاو سیاسیەكانی كورد ، (نوسەر) دەپرسێت ئاخۆ ئینگلیزەكان بۆچی سلێمانیان چۆڵكرد ، خۆ كەس هەڕەشەی لێنەكردوون تا سلێمانی چۆڵ بكەن ، ئاخۆ حكومەتی بەریتانیا بەرامبەر بەخۆی هیچ هێزێك شك ئەبا كەبەرگریەك بكانازانین چ نهێنیەك لەم چۆڵكردنەی سلێمانیدا هەیە[١٣٥] . ئەم نوسینە لەكاتێكدا بڵاو بۆتەوە ، وەفدی توركی هاتووچۆی بوو لە سلێمانیدا ، بەگەرمی پڕو پاگەندەی ئەوە دەكرا كە بەم زووانە تورك دەگەڕێتەوە ، تەنانەت (چەپمەن) چاودێری خرابووە سەر ، لە ئاكامدا ئینگلیزەكان لە ڕۆژی ٢٣ ی شوباتی ١٩٢٣ دا بەفرۆكە بەیاننامەی بەسەر سلێمانیدا بەردایەوەو ، داوایان لە سمكۆ كرد ، سلێمانی جێ بهێڵێت چونكە ، ئەوان بۆردومانی دەكەن ، با زیانی پێنەگات[١٣٦] ، هەربۆیە سمكۆ لە ڕێكەوتی ٢٨ ی شوباتی ١٩٢٣ دا سلێمانی جێ هێشت[١٣٧] ، پاش ئەوەی ماوەی مانگێك و بیست ڕۆژ لە سلێمانیدا مایەوە[١٣٨]. كاتێكیش ڕۆیشت (ڕەشید جەودەت) ی لەگەڵ خۆیدا ی برد وەك ڕاوێژكار[١٣٩] .

---

[١٣٤] یاداشتەكانی شێخ لەتیف : ل١٠٩ .

[١٣٥] ژمارە (١٥) ، ٣ / ٣ / ١٩٢٣ .

[١٣٦] ئەدمۆندز : هەمان سەرچاوە ، ل٣٨٤ .

[١٣٧] محمد رسول هاوار : سمكۆ (ئیسماعیل ئاغای شوكاك) ، ل٥٩٢ .

[١٣٨] سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٠٥ .

[١٣٩] ئەدمۆندز : هەمان سەرچاوە ، ل٣٨٤ .

بەم شێوەیە سمکۆ سلێمانی جێ هێشت ، بێ ئەوەی هیچ ئاکامێکی باش لەم سەفەرەی بکەوێتەوە ، هێندە نەبێت ئاشنایەتیەکی زیاتر ، لە نێواندا دروست بوو ، جگە لە بەگورکردنەوەی هەستی ناسیونالستی خەڵکی شارەکە ، وێرای ئەوەی کەلە بنە ڕەتدا لێك گەیشتن و نزیك بوونەوە، لەنێوان ئەو دوو سەرکردەیە دا کارێکی ئاسان نەبوو ، سمکۆ زیاتر سەرکردەیەکی خێڵەکی کۆچەر بوو ، چەکدارەکانیشی لە هۆزەکەی خۆی بوون ، لەکاتێکدا شێخ مەحمود مرۆڤێکی شارنشین و پەروەردەی شار بوو ، وێرای ئەوەی کەسێکی ئایینی و خاوەن زەوی و زارو دەرەبەگ بوو [140].

کاتێکیش ڕۆیشت و سلێمانی جێ هێشت ، لە نێو پشدەریەکاندا ، وتبووی "شێخ مەحمود بۆ سەرکردایەتی کورد دەست نادات، لەسەر بیروڕایەك جێگیر نیەو نازانێت چ بڕیارێك دەدات و چی دەکات" [141].

لە کۆتاییشدا پێمان وایە شێخ مەحمود لە ئاست گۆڕانکاری و ڕوداوە سیاسیەکانی سەردەمی خۆی نەبوو، نەشی توانی تاسەر پەیڕەو لە سیاسەتێکی جێگیر و دیاری کراو بکات، هەرچەندە ئینگلیزەکانیش بە هیچ شێوەیەك لەگەڵیدا ڕاستگۆ نەبوون، بەڵام بەهەر حاڵ شەڕ و ململانێکانی شێخ مەحمود لە بەرژەوەندی کورددا نەبوو. هەرچی (سمکۆی شکاك)یش بوو ئەوا ئەوکاتەی ڕووی کردە سلێمانی زۆر جیاواز بوو لەو سمکۆیەی لە سەرەتاوە گەورەترین شۆڕشی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بەرپا کرد، چونکە دوای دەرپەڕاندنی لە ئێران بە تەواوەتی ڕوخاو هیچ باوەڕێکی نە بەخۆی و نە بە کورد نەمابوو، بەڵکو دوای ئەوەی سلێمانی جێهێشت و چۆوە سەر سنوور، چاوەڕوانی ئەوەبوو کەمالیەکان هاوکاری بکەن بۆ دەست پێکردنەوەی شۆڕش.

---

[140] مجتبی برزویی: أوضاع سیاسی کردستان ، (ازسال ١٢٥٨تا ١٣٣٥ ه . ش) چاپ اول، تهران، ١٣٧٨، ل١٨٦ .

[141] عەبدوڵڵا ئەحمەد رەسول پشدەری : یادداشتەکانم ، بەغداد، ١٩٩٢، ل٣١-٣٢ .

باسی سێیەم
بیرو بلوەری سیاسی لە شاری سلێمانیدا

سەبارەت بە بیرو باوەڕی سیاسی و هاتنە کایەی ڕەوتی فیکری جیاواز لە سلێمانی دا، دەتوانین سەرەتاکانی ئەم دیاردەیە بگێڕینەوە بۆ سەردەمی هاتنە سەر کاری کۆمەڵەی (ئیتحاد و تەرەقی) و پێکەوە نانی لقێکی ئەم کۆمەڵەیە لە سلێمانی ، وەك لە بەشەکانی پێشتردا ئاماژەمان پێکرد ، نەیارانی بنەماڵەی شێخان و خودی شێخ سەعیدی حەفید ، لە بازرگانەکان و ئەفسەرانی نێو سوپای عوسمانی و کەسانی دیکەش لەم لقەدا کۆبوونەوە[١٤٢] ، بەمەش یەکەم دابەش بوونی سیاسی لە نێو سلێمانیدا ڕوویدا ، کە دواتر بەکارە ساتی کوژرانی شیخ سەعیدی حەفید لە موسڵ دا زیاتر پەرەی سەند .

بەڵام لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم دا ، سلێمانی پێی نایە سەردەمێکی نوێوە و بەهاتنی ئینگلیز بۆ شارەکە ، زیاتر مەسەلە سیاسیەکان بەر جەستە بوون ، هەر چەندە خەڵك لە سەرەتادا بە شێوەیەکی ڕەمەکی خوازیاری هاتنی ئینگلیز بوون ، بە شێکی زۆریان مەبەستی سەرەکیان ڕزگار بوون بوو لەو برسێتی و قات و قڕییەکەی ساڵانی جەنگی جیهانی[١٤٣] ، ئەمەش وایکرد کە تاساتە وەختی تێکچوونی یەکەمین حوکمدارییەتی شێخ مەحمود و بەدیل گرتنی خۆی مەسەلەی ئینگلیز خوایی، لە هەموو بۆ چونەکانی دیکە زاڵتربێت[١٤٤] ، بەڵام بە مەبەستێکی نیشتمانیەوە چونکە دوای نەمانی حوکمڕانی عوسمانیەکان لەم وڵاتە ، خەڵکی تا ماوەیەکی زۆر لە ژێر ئالای شێخ مەحمودا کۆبونەوە و بیریان لە یەکلایی کردنەوەی ململانێکانی پێش ساڵانی جەنگی جیهانی نەدەکردەوە، هەستە نیشتمانیەکەش کە تازە سەری هەڵدا بوو وای کردبوو کەس لەوە نە پرسێت

---

[١٤٢] کەمال ڕەئووف محمد : جەمعیەتی ئیتحاد و تەرەقی عوسمانی لقی سلێمانی ، کوردستانی نوێ ، ژمارە (١٤٨٦) ، ١٩٩٧/١/٣٠ ، (١٤٨٧ ، ١٩٩٧/١١/٢ .

[١٤٣] چاو پێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ، Med TVسازی کردووە .

[١٤٤] ڕەسوڵ هاوار : شێخ مەحمود قارەمان ، ب ٢ ، ل٣٥٩-٣٦٠ .

ئاخۆ پێشەوای ئەم راپەڕین و شۆڕشانە کێن[145] .هێندە نەبێت ، ژمارەیەکی کەم کۆنە مووچە خۆر و خانە نشینی سەر دەمی عوسمانیەکان لەسلێمانی دا هەبوون ، ئەمانە ئینگلیزیان بە غەیرەدین و کافر لە قەڵەم دەدا کە نابێت شوێن دەسەڵاتی دەولەتی عوسمانی موسڵمان بگرێتەوە.[146]

بەڵام کاتێك مەبەستی راستەقینەی ئینگلیز بە دیار کەوت دوای تێکدانی دەسەڵاتەکەی شێخ مەحمود و دوور خستنەوەی خۆی ئینجا خەڵکەکە بەرەبەرە لەئینگلیز دەکشانەوە وهیچ هیوایەکیان پێیان نەدەما[147] ، ئەم هەستەش رۆژلە دوای رۆژ زیاتر تەشەنەی دەکرد ، بە تایبەتی دوای ئەوەی ئەفسەرە سیاسیەکانی ئینگلیز بوون بەحوکمڕانی رەهای کوردستان و کەوتنە ئازاردانی خەڵکی، ئەمەش وای کرد لایەنگیری تورك بکەن ، کاتێك ئۆزدەمیرو دەستەکەی گەیشتنە رەواندوز و کەوتنە پڕوپاگەندە ، تەنانەت رەفیق حلمی لە باسی ئەو سەردەمەدا دەڵێت "خەڵك بۆ رزگار بوون لە حوکمی ئینگلیز و لە جەوری دەست و پێوەندە سوك و بێ شەرمەکانیان دەستیان ئەدایە هەموو دوژمنێکی ئینگلیز ، پەنایان ئەبردە بەر شەیتان"[148]

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ، خەڵکە نیشتمانپەروەرە کە بە قەناعەتەوە ، نەدەچوونە پاڵ تورك ، دەشیان زانی تورك سەر بەخۆیی بە کورد نادات ، بەڵام تەنها بۆ دوژمنایەتی ئینگلیز ئەم هەنگاوەیان دەنا، وێڕای سۆزە ئایینەکە[149] .

لەم سەردەمەدا واتە دوای ئاوارە کردنی شێخ مەحمود ، نەك تەنها ئەو خەڵکە رەشۆکی وکۆنە موچە خۆرانی عوسمانی بیوون بە تورکخوا ، بەڵکو

[145] د. جسن جاف : ئەم قسانە بەم پێوانە باویان نەماوە ، بەغدا ١٩٩٦ ، ل ١٢ .

[146] رەسوڵ هاوار : شێخ مەحمود قارەمان ، ب ٢ ، ل ٣٨١ .

[147] رەفیق حلمی :یادداشت ، ب ٣ ، ل١٩ .

[148] یادداشت،ب٣، ل٥١.

[149] بیرەوەریەکانی ئەحمد تەقی: دەربارەی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود وسمکۆ، ١٩٩٨، ل ٥٧.

هەندێك لە ڕوناکبیرانیش هەمان بۆ چوونیان لادروست ببوو، بە هەڵە بە شان و باهۆی تورکیاندا هەڵدەدا ، تەنانەت گەر کەسێك لەگەڵ ئەم ڕەوتەدا نەبوایە بە خاین لە قەڵەم دەدرا [١٥٠] .

ئەمە جگە لەوەی کە ڕوناکبیران و نیشتمان پەروەرانی ئەوسەردەمە لە سلێمانیدا ، هیچ ئاگایەکیان لە کوردەکانی باکوور نە بوو نەیان دەزانی کەمالیەکان چ کارێك بەکوردەکان دەکەن، ڕۆشنبیرانی باکووریش هیچ هەوڵێکیان نە دەدا بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ کوردەکانی باشووردا[١٥١] .

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە ، کە ڕەوتی تورکخوایی لە سەر دەمی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ئینگلیزدا زیاتر تەشەنەی سەندو تا دەهات زیاتر بەهێز دەبوون ، کاتێکیش ئینگلیز لەژێر فشاری ڕووداوە نێو خۆیی و دەرەکیەکاندا ، ناچار بوو شێخ مەحمود لە مەنفاوە بگێڕێتەوە و دووبارە ڕێگای پێبدات حکومەت پێکەوە نێت ، تورکخواکان هەر لە ڕێگاوە پەیوەندیان لەگەڵ دا بەست و لەم سەردەمەدا هێندەی دیکە باسکیان بەهێز بوو ، بە شێوەیەك هەڕەشەیان لە نیشتمان پەروەران دەکرد، کەسێك باسی نیشتمان و حکومەتی کوردی بکردایە ئەوان بە نەیاری خۆیان دەزانی و بە هەمان چاوی پیاوی ئینگلیز لێیان دەڕوانی کەتا ئەو کاتەش بەدەر لە وانەی سیخوڕ و بەکرێگیراوی ئینگلیز بوون ، هێشتا ژمارەیەکی کەم خەڵکی ڕوناك بیر و نیشتمان پەروەر مابوون باوەڕیان بە ئینگلیز بێت ، بە تایبەتی دوای ئەوەی (مستەفا پاشای یاموڵکی) گەڕایەوە بۆ سلێمانی ، ڕێبەرایەتی ئەم دەستەیەی دەکرد ، لەو ڕۆژانەشدا هەر ئەو مابوو بوێری بەئاشکرا قسە بە تورکخواکان بڵێت و لەسەر لاپەڕەکانی (بانگی کوردستان) سوکایەتیان پێبکات[١٥٢] ، ئینگلیزەکانیش بەر لە کشانەوەیان ڕێگایان پێدا (جەمعیەتی کوردستان)

---

[١٥٠] ڕەفیق حلمی :یادداشت ، ب ٢ ،ل١٤٦.

[١٥١] سەرچاوەی پێشوو،ب٢ ، ل١٥٠ .

[١٥٢] سەرچاوەی پێشوو ، ب ٢ ، ل ٦ .

دروست بكات و ڕۆژنامەی (بانگی كوردستان) بلاو بكاتەوە[153] ، پێشتر دوای هاتنەوەی بۆ سلێمانی پێیان ڕاگەیاندبوو نابێت لە سلێمانیبچێتە دورەوە بێ پرس[154] .

بەلام وەك ئاماژەمان پێكرد بە هاتنەوەی شێخ مەحمود توركخواكان یەكجار بەهێز بوون، ئەمانە سودیان لەو پیاوە ئاینی و خەلكە دواكەوتوەش وەرگرتبوو بۆ زیاتر پالپشتی كردنی خۆیان و تا دەهات زیاتر تەنگیان بە ئینگلیزخواكان و ئەو ڕوناكبیر و نیشتمانپەروەرانەش هەلدەچنی كە بڕوایان نە بە ڕتوك و نەبە ئینگلیز هەبوو[155] .

ململانێی ئەو سەردەمە بە ململانێی نێوان توركخواكان و منەوەرەكان لە قەلەم دراوە، بێئەوە هیچ ئاماژەیەك بۆ بوونی پارت و ڕێكخراوی تایبەت بەم دوو دەستەیە بكرێت، تەنها (شێخ لەتیف حەفید) نەبێت ، لە یادداشتەكانیدا ، باس لەوە دەكات كە دوو پارت لەسلێمانیدا هەبوون لەو ڕۆژگارەدا، ئەوانیش بریتی بوون لە (پارتی نیشتمانی كوردی)، كە مەبەست لە دەستەی منەوەرەكانە و گوایە داوای دامەزراندنی حكومەتێكی كوردیان دەكرد كە پەیوەندی لەگەلْ ئینگلیزدا باش بێت ، ئەمانە بە گوتەی شێخ لەتیف، لە بازرگان و ژمارەیەك ئەفسەرو منەوەری سەردەمی تورك و ئینگلیز پێكهاتبوون كە لە سیاسەتدا ئیشیان كردبوو .

دەستەی دووەمیش بریتی بوون لە (پارتی ئیسلامی كوردی) ، لێرەدا مەبەستی توركخواكانە كە دژ بە ئینگلیز بوون و ویستویانە لەگەلْ توركدا ڕێكەون بەمەرجێك دان بەسەر بە خۆیی كورددا بنێت، ئەندامانی ئەم پارتە لە

---

[153] سەرچاوەی پێشوو ، ب ٥، ل٦٩-٧٠ .

[154] هاوار : حاجی مستەفا پاشای یامولكی و سمایل خانی شوكاك (سمكۆ) ، گۆڤاری مامۆستای كورد ، ژمارە (٨) ، سوید ،١٩٨٩-١٩٩٠ ، ل٢٦ .

[155] أ. ب. هەوری : هەمان سەرچاوە ، ل٢٩ .

پیاوانی ئاینی و عەشایەرو دۆستانی شێخ مەحمود و ژمارەیەك ئەفسەری کوردی نێو سوپای تورك پێکهاتبوون [١٥٦] .

پێمان وایە ، لێرەدا شێخ لەتیف ڕاستی نەپێکاوە ، کاتێك ، نوسیویەتی (پارتی ئیسلامی کوردی) ویستویانە لەگەڵ تورك ڕێکەون ، بەمەرجێك سەر بەخۆیی کورد بدات،چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد تورکخواکان ، نەك داوای سەربەخۆییان نەدەکرد، بەڵکو ئەوەی باسی نیشتمان پەروەریشی بکردایە بە دوژمنیان دەزانی ، هەڕەشەیان لێدەکرد ، بەڵام پێدەچێت شێخ لەتیف ئەم ڕایەی لە ژێر کاریگەری ئەوەدا دەربڕیبێت کە بە شێکی زۆری تورکخواکان ، لەبنەماڵەی شێخان بوون یا سەر بەوان بوون ، بۆیە ناو براو نا چاربووە ، ئەم بۆ چوونە دربڕێت.

تەنانەت بەپێی هەواڵێك کە لە بانگی کوردستاندا بڵاو بۆتەوە ، تورکخواکان لەنێو خۆیاندا کۆمەڵێکی نهێنیان پێکهێناوە و هەستاون بە داگرتنی ئاڵای کوردستان کە لەسەر دەمی دووەم حکومداریەتی شێخ مەحموددا هەڵکرابوو [١٥٧] ، کە ڕەسوڵ هاوار بە دڵنیایەوە دەڵێت " ئەمانە بەیداخی تورکیان لە شوێنی بەیداخی کورد هەڵکردووە "[١٥٨] .

ململانێی نێوان ئەم دوو دەستەیە ، واتە (تورکخواکان)و (نیشتمان پەروران) تەنها لە بواری سیاسیدا نەبوو ، چونکە تورکخواکان مەلاو پیاوە ئاینییە دوا کەوتووەکانیشیان بەپاڵپشتی خۆیان دەزانی ، هەر بۆیە ئەو ڕۆژگارە ، گەر کەسێك باسی لە زانست و پێشکەوتنیش بکردایە، بەکافر لە قەلەم ئەدرا و دەکەوتنە دژایەتی کردنی [١٥٩] .

کاتێك (بانگی کوردوستان) هێشتا بەردەوام بوو لە دەرچوون ، کەم و زۆر لە سەر لاپەڕکانی هەست بەوە دەکرا کە ئاخۆ ، جەماوەری سلێمانی چەند

---

[١٥٦] یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید ، ل ٧٨-٧٩ .

[١٥٧] بانگ کوردستان : ژمارە (٩) ،١٩٢٢/١٠/٨.

[١٥٨] شێخ مەحمودی قارەمان ؛ ب١ ، ل٢٩١ .

[١٥٩] سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٣٦

دەستەو تاقمی تێدایە، لەم بارەیەوە ژمارە (٥) ی ئەم ڕۆژنامەیە بابەتێکی بڵاوکردبۆوە بە نێوی (مجادەلەی ئەفکار)، لەم نوسینەدا هەست بەوە دەکەین لەپاڵ دوو دەستەکەی پێشوودا، دەستە بازرگانە خاوەن بەرژەوەندیەکانیش هەبوون ، قورسایی خۆیان هەبووە، وێڕای کۆمەڵێك لەوانەی هەقیان بەسەر هیچەوە نییە و، سەرقاڵی بەرژەوەندیەکانی خۆیانن لە هەموو سەر دەم وزەمانێکدا[١٦٠].

سەردەمی دووەمین حکومداریەتی شێخ مەحمود ، سەردەمی بەهێز بوونی (تورکخواکان) بوو ، پلەو پایەی بەرزیان لەو دام و دەزگایەدا هەبوو، کاریگەریان زۆر بوو شێخ مەحموودیش لەم نێوانەدا نەی دەزانی چی بکا، خۆی بۆ یەکلایی نەدەکرایەوە، ئینگلیزەکان هیچ بەڵێنێکیان پێ نەدەدا\، تورکخواکانیش لەو ڕۆژانەدا دەسەڵاتیان هەبوو، شێخ مەحمود نەی دەتوانی هەر وا بە ئاسانی دوریان بخاتەوە ، چونکە هێشتا دەمارگیری ئاینی و پەیوەندی کۆنینەی کورد و عوسمانی و خەلافەتی ئیسلامی پاشماوەکانی مابوو، ئەمانەش جڵەوی خەڵکی ساویلکەیان بە دەستەوە بوو ، ژمارەشیان کەم نەبوو، بۆیە شێخ مەحمود نەی دەتوانی لە داوی ئەمانە ڕزگاری بێت[١٦١] ، هەر بۆیە شێخ مەحمود کەوتبووە ژێر کاریگەریانەوە ، لە بەرامبەریشدا (مستەفا پاشای یامولکی)* کەوەزیری مەعاریف بوو، لە ماڵەکەی خۆیدا،

---

[١٦٠] بانگ کوردستان : ژمارە (٥) ١٩٢٢/٩/٤ .

[١٦١] ڕەسوڵ هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان ، ب ٢، ل٣٥٩ .

* مستەفا پاشا کوڕی عەزیز یامولکی مەلازادەیە، لە عەشیرەتی (بلباس)ە، ساڵی ١٨٦٦ لە سلێمانی لەدایك بووە، لە بەغدا ئامادەیی سەربازی خوێندووە، دواتر چۆتە ئەستەمبوڵ بۆ تەواو کردنی خوێندن دوای تەواو کردنیشی ماوەیەك کۆنسوڵ بووە لە (خوی و سەڵماس)پاشان گوازراوەتەوە بۆ (سنە و قارس)، دوای ئاگربەستی ١٩١٨ بوو بە ئەندامی دادگای عورفیی سەربازی و پاشان بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنێکی سەربازی بۆ دادگایی کردنی (کەمال ئەتاتورك)و هاوڕێکانی، هەر ئەو سەردەمەش بە غیابی فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ (کەمال ئەتاتورك)دەرکرد.(میر بصری: هەمان سەرچاوە، ل٧٠-٧١).

دەست بە سەر کرابوو ، شێخ پیاوەکانی خۆی ڕاسپاردبوو ، کەهات بۆ لای بڵێن شێخ مەحمود نوستووە[١٦٢] .

هەر ئەو ڕۆژگارەش بوو و بۆ چاو ترساندنی نیشتیمانپەروەران و ڕوناکبیران ، کەسایەتییەکی وەك (جەمال عیرفان) لە ڕێکەوتی ١٢ / ١٣ ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢ دا لەماڵەکەی خۆیدا تیرۆر کرا[١٦٣] ، کەپێمان وایە ئەمە یەکەم تیرۆری سیاسیە لەسلێمانیدا ڕوو بدات ، سەبارەت بە کوشتنی (جەمال عیرفان) قسە زۆر کراوە و ، چەند ڕایەکی باو هەیە ، هەندێك پێیان وایە، (جەمال عیرفان) بە دەستی پیاوانی عەشیرەتی پشدەر کوژراوە[١٦٤] ، ئەم ڕایە زۆر لاوازو بێ بناغەیە کەسانێکی دیکە هەن ، ئەم مەسەلەیە دەدەنە پاڵ ئینگلیزخواکان[١٦٥] ، بەڵام ڕایەکی هەرە باوو جێ باوەڕ ئەوەیە کە دەڵێت ، (جەمال عیرفان) بەدەستی تورکخواکان ، کوژراوە[١٦٦] .

لێرەدا دەتوانین بڵێین ، کەوا کوشتنی (جەمال عیرفان) پیلانێکی تورکخواکان بوو ، بە دەست خۆشانەی پیاوانی ئاینی و مەلاکان ، چونکە (جەمال عیرفان) وێڕای ئەوەی کەسێکی نیشتمانپەروەربوو لە هەمان کاتدا، مرۆڤێك بوو تا دوا ئەندازە ڕوناکبیر بوو، لەڕوناکبیرانی دیکەش زیاتر دیار و بەرچاو بوو .

ڕایەکی دیکە هەیە شێخ مەحمود تاوانبار دەکات بەکوشتنی (جەمال عیرفان)[١٦٧] ، بەڵام شێخ مەحمود کەسێکی پیاو کوژ نەبوو ، پێناچێ هەرگیز بە بڕیاری ئەو (جەمال عیرفان) تیرۆر کرابێت[١٦٨] ، بەڵام لە سەردەمی شێخ

---

[١٦٢] ڕەفیق حلمی :یادداشت ، ب٢، ل ٩٦ .

[١٦٣] ڕۆژی کوردستان : ژمارە (٥) ١٩٢٢/١٢/٢٠ .

[١٦٤] سیامەند: ڕوناکبیرو سیاسەتمەداری کورد جەمال عیرفان ، گۆڤاری (ڕێبازی خوێندکاران)، ژمارە (٣٠)،١٩٩٨ ،ل٥٥.

[١٦٥] جلال طالبانی : هەمان سەرچاوە ، ل ٥٨ .

[١٦٦] هەڵۆ: ڕونکردنەوەیەك دەربارەی هەندێ لەباسەکانی چیم دی ، گۆڤاری بەیان ، ژمارە (٥) ١٩٧١ ، ل٣٧-٣٨ .

[١٦٧] ئەدمۆندز : هەمان سەرچاوە ، ل٢٥٧ .

[١٦٨] چاوپێکەوتنی لەگەڵ (کەریم زەند) ، ڕێکەوتی ٢٠٠٠/١١/٢١ .

مەحموددا بوو، كاربەدەستانی حكومەتەكەشی هەوڵ و تەقەلایەكی بەهێزیان نەخستە كار بۆ دۆزینەوەی بكوژەكانی[١٦٩] .هەرچەندە شێخ مەحمود خۆی (جەمال عیرفان) ی بە پیاوی ئینگلیز لە قەڵەم دەدا [١٧٠].

ئەم ڕوداوە كاریگەریكی گەورەی هەبوو بۆ سەر دەروونی نیشتمان پەروەران و ڕوناكبیران بەتایبەتی و سەرجەم دانیشتوانی سلێمانی بە گشتی، خەڵكەكە سەر سام بووبوون ، تەنانەت تاماوەیەكی زۆر ئەم ڕووداوە ببوە بابەتی گفتوگۆی كۆڕو كۆبوونەوەكانی سلێمانی ، هەندێك كەس زۆر خەمبار بوون بۆ تیرۆر كردنی (جەمال عیرفان) بەپێچەوانەوە كەسانێكیش هەبوون ئەو مەسەلەیەیان پێخۆش بوو بەڵام ڕووناكبیرانی سلێمانی مەترسیەكی زۆریان هەبوو كەوا ئەوانیش هەمان مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت [١٧١].

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بكەین ، ئەو دەستەیەی بە ئینگلیزخوا لە قەڵەم دەدران، ناشێت بە خاین و بەكرێ گیراو لە قەڵم بدرێن، ئەوانەی لێ دەرچێت كە سیخوڕو دەست و پێوەند بوون ، چونكە ئەو سەر دەمە ، بەشێكی زۆر لەوانەی بە پیاوی ئینگلیز لە قەڵم دەدران، بریتی بوون لەو دەستەیەی كەدەیان ویست شێخ مەحمود لە تورك دوور بخەنەوە و ڕابردووی دەسەڵاتی توركیان بیر دەخستەوە و ، ئەوانە پێیان وابوو بەشێت كورد تا شوێنی خۆی قایم دەكات پشت بە ئینگلیز ببەستێت و هاوشانی ئەو هەنگاو بنێت و بەپێی سیاسەتی دنیا هەڵسوكەوت بكرێت ، بەڵام توركخواكان لای شێخ مەحمود بە هەموو شێوەیەك دژی ئەمانە دەدوان[١٧٢] ، هەرچەندە ئەوانەی سەر بە ئینگلیز بوون بیر و ڕایان هەرچی بووبێت لە چوارچێوەی

---

[١٦٩] هەڵۆ : هەمان سەرچاوە ، ل٣٨ .

[١٧٠] عەبدول ڕەقیب یوسف ، صدیق صالح : بیرەوەریەكانی ئەحمەدی حەمەئاغای پشدەری، ل١١٣ .

[١٧١] هەڵۆ : هەمان سەرچاوە ، ل٣٨ .

[١٧٢] ڕەمزی قەزاز : هەمان سەرچاوە ، ل ١٠٩-١١٠ .

کوردایەتی نەچووبوونە دەرەوە ، بەڵکو پێیان وابوو دەبێ هەموو شتێك لە پێناوی چاکەی کوردبێ[١٧٣] .

بە نەمانی دەسەڵاتی شێخ مەحمودو دەر پەڕاندنی (ئۆزدەمیر) لە ڕەواندوز، (تورکخواکان) ئەو باوی جارانیان نەما وڕویان لە کزی دەکرد[١٧٤]،هەر چەندە لە سەر دەمی سێهەمین حوکمداریەتی شێخ مەحمودیشدا هێشتا ئەو پۆلێنە سیاسیە لەسلێمانیدا لە ئارادا مابوو[١٧٥] . تا کێشەی (ویلایەتی موسڵ) یش یەکلایی نەبووبۆوە ، هێشتا ژمارەیەك لە ڕوناکبیران،چاویان لە بەریتانیا بوو کورد ڕزگار بکات[١٧٦] .

بەڵام دوای یەك لایی بوونەوەی ئەو کێشەیە و دەرکەوتنی نیازی ڕاستەقینەی ئینگلیزەکان، ڕەوتی نیشتمانپەروەری ، زاڵبۆوە و جموجۆڵی کوردایەتی بە گوڕو تینێکی نوێوە هاتەوە مەیدان.[١٧٧]

---

[١٧٣] کۆنتفرید یوهانز میولەر: لە ڕۆژهەڵاتی گڕگرتوودا، وەرگێڕانی: بەدران ئەحمەد حەبیب، هەولێر،١٩٩٢، ل٤-٥.

[١٧٤] د. کمال مەزهەر :خێرو بێری ڕاپۆرنوسێکی کورد ، ڕەنگین ژمارە (٩٢) ، ١٩٩٦ ،ل ٧ .

[١٧٥] امید استقلال : ژمارە (١٠) ، ١٩٢٣/١١/٢٢ .

[١٧٦] د. کمال مەزهەر پێشەکی ژیانەوە ، ل١٤ ،

[١٧٧] د. کەمال مەزهەر : کورد لە دروشمی ڕژێمی پاشایەتیدا، ڕەنگین ژمارە (١١٠)، ١٩٩٨، ل ١٠ .

بەشی چوارەم
سلێمانی لەساڵانی دەسەڵاتی هەردوو حکومەتی بەریتانیو عیراقیدا(١٩٢٥-١٩٣٢)

باسی یەکەم: سلێمانی و کێشەی ویلایەتی موسڵ

١-بارودۆخی سلێمانی دوای گەڕانەوەی ئیدارەی بەریتانیا

٢-هاتنی لیژنەی (کۆمەڵەی گەلان) بۆ سلێمانی

باسی دووەم: کۆمەڵەو ڕێکخراوە سیاسیەکانی سلێمانی

١-کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان

٢-جەمعیەتی زمردەشتی

٣- لقی کۆمەڵەی خۆیبیون لە سلێمانی

باسی سێهەم: ڕاپەڕینی شەشی ئەیلولی ساڵی١٩٣٠

١-هۆکارەکانی ڕا پەڕینەکە

٢-ڕا پەڕینی بەردەرکی سەرا

باسی یەکەم
سلێمانی و کێشەی ویلایەتی موسڵ

١- بارودۆخی سلێمانی دوای گەڕانەوەی ئیدارەی بەریتانیا:

پاش ئەوەی هێزەکانی حکومەتی عێراق توانی بە پاڵپشتی ئینگلیزو هێزی لیڤی لە ڕێکەوتی ١٩تەمموزی ١٩٢٤ دا بێ هیچ بەرگریەك دەست بەسەر سلێمانیدا بگرێ، لەم هێرشەدا بۆ یەکەم جار یەکەمین فەوجی سوپای عیراق هاتە ناو سلێمانی کە ناوی فەوجی(موسی الکاظم) بوو[1]. بەم شێوەیە سەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەتەکەی شێخ مەحمود هەڵوەشایەوەو هەموو شتێك کۆتایی هات و سلێمانی بوو بەیەکێك لە چواردە لیواکەی عێراق[2].

ئینگلیزەکان لەگەڵ هاتنەوەیاندا هاوشانی هێزەکانیان (کاپتن چاپمان) و (ئەحمە بەگی تۆفیق بەگ) یان لەگەڵدا بوو، کە گەیشتنەوە ناو شار دەست بەجێ (چاپمان) یان کرد بە لێپرسراوی ئیدارەی شارەکە ، لە سەرەتادا بەشێکی زۆری سوپاکەیان لەدەوروبەرو نزیك بە چیای (گۆیژە) چادریان هەڵدابوو، کە شەوانە لەلایەن پیاوەکانی شێخ مەحمودەوە دەدرانە بەر تفەنگ، چونکە

چەکدارەکانی شێخ مەحمود لە دەورو بەری شاخەکە خۆیان حەشار دابوو[3].

ماوەیەك دوای هاتنی هێزەکانی حکومەت بۆ سلێمانی، ئینجا وردە وردە ئەو خەڵکەی سلێمانیان بەجێ هێشتبوو دەگەڕانەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، هێندەی پێنەچوو لە کۆتایی ئەو ساڵەدا دوو بارە ژمارەی

---

[1] چاو پێکەوتنێك لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمد کە تەلەفزیۆنی میدیا Med.TV لەگەڵیا ساز کردبوو

[2] عبد الرزاق الحسني : تاریخ الأحزاب السیاسیة العراقیة ، بیروت ، ١٩٨٣ ، ل ٨٩.

[3] کشف القناع عن بعض الوقائع العراقیة ، مذکرات عبدالعزیز یاملکی فی العراق ، بغداد، ١٩٥٧ ، ل ٢٠-٢١ .

ئینگلیزەکانیش لای خۆیانەوە ئەو ڕۆژگارە زۆریان لامەبەست بوو سلێمانی بێدەنگ بکەن و لەناوچەکانی دیکەی کوردستانی دابڕن، تەنانەت ئەو هەنگاوەش کە (عبدالمحسن السعدون) هەڵینا لە سەردەمی سێیەمین حوکمداریەتی شێخ مەحمود دا بەوەی کە بەشی زۆری قەزاو ناحیەکانی لە سلێمانی دابڕی تەنها بۆ ئەوە بوو ڕووداوەکانی ئەو شارە هیچ کاریگەریەکیان بەسەر دەوروبەری خۆیانەوە نەبێت ، چونکە ئەوکاتە تاکە کێشەیەك کە لەناوچە کوردنشینەکاندا ڕووبەڕووی وەزارەتەکەی سەعدوون دەبۆوە کێشەی کوردەکانی سلێمانی بوو[7].

لەم پێناوەشدا ئینگلیزەکان هەموو هاوکاری و پاڵپشتیەکی حکومەتی عێراقیان دەکرد، بەمەبەستی جێگیر کردنەوەی ئیدارەو دەستەڵات لە شارەکەدا، ئەوکاتە شێخ مەحمودیش دوورکەوتبۆوەو تا دەهات توشی نوشوستی دەبوو، دەرامەتیکەم دەبۆوەو هاوکارەکانیشی لێی دادەبڕان، زۆرکەس هیچ ئومێدیان بەشۆڕشی کورد نەمابوو.

حکومەتی عێراقیش هیچ ئاوڕێکی لە چاککردنی بارودۆخی شارەکە نەدەدایەوە ، هەر لەهەوڵی ئەوەدابوو کەزیاتر لە ڕووی سەربازیەوە کۆنترۆڵی بکات. بۆ ئەم مەبەستە جارێکی دیکە (عبدالمحسن السعدون) لە دووهەمین وەزارەتیدا لە ٢٤ ی ئەیلولی ١٩٢٥ دا پێشنیاری پێکهێنانی هێزێکی تایبەتی کرد کە لە (٢٥٠) پۆلیس پێك بێت ، بۆ سەرکوت کردنی هەر نارەزایی و هەڵگەڕانەوەیەك کە لە سلێمانی و دەوروبەریدا سەرهەڵبدات .هەربۆیە بەپێی ڕەزامەندی نوێنەری باڵای بەریتانیا (هنری دۆبس) ، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە ٧ ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٥ دا ڕەزامەندیان نیشان دا، کە وەزارەتی بەرگری دووتیپ سەرباز ڕەوانەی سلێمانی بکات و بخرێنە سەر میلاکی پۆلیس ، تاوەکو هێزێکی پۆلیسی سوارە لە باشترین و هەڵبژاردە ترین پۆلیس پێکبهێنرێت و فەرماندەیی ئەم هێزەش بدرێت بەلێهاتووترین ئەفسەر لەو بوارەدا ، کە بەردەوام پەیوەندی هەبێت لەگەڵ فەرماندەی هێزی ئاسمانی.

[7] لطفی جعفر فرج عبدالله : عبد المحسن السعدون و دوره فی تاریخ العراق السیاسی المعاصر، ط ٢ ،بغداد، ١٩٨٠ ، ل ١٠٧،١٠٣.

دانیشتوانی سلێمانی گەیشتەوە رادەكەی جارانی كە بە(٢٠) هەزار كەس مەزەندە ئەكرا[٤].

بەڵام دوای داگیر كردنەوەی بارو دۆخی شارە كە یەكجار خراپ و دژوار بوو ، لە ئاكامی بۆردو مانی فرۆكەكان و كردەوە سەربازیەكانی هەردوولا ، هەر بۆیە خەڵكی تەواو بێ ئومێد بوو بوون ئەم حاڵەتە تەنها خەڵكە رەشۆكیەكەی نە گرتبۆوە ، بەڵكو رۆشنبیران و گەورە پیاوانی شارەكەش لە هەمان حاڵەتی بێ ئومێدیدا دەژیان، چونكە لە دوای جەنگی جیهانی یەكەمەوە سێ ئەزمونی حوكمداریێتی شێخ مەحمودیان بینی بوو كە هیچ ئاكامێكی لێنەكەوتبۆوە، هەر بۆیە كاتێك ئینگلیزەكان گەڕانەوە ناو شار ، هەر لە سەرەتاوە كەوتنە كاركردن بۆ ئەوەی لە ناو خەڵكدا ئەوە بڵاوبكەنەوە ،كە شێخ مەحمود بۆتە هۆی نەهامەتیەكانی كوردو لە دەست دانی هەلی سەربەخۆیی كوردستان.

بۆ ئەم مەسەلەیەش توانیبویان كارێكی وەهابكەن كۆمەڵە كەسانێك ئەو باوەڕەیان لا دروست بێت كە ئەگەر بێتو شێخ مەحمود لە ناوا نەبێت كورد مافی خۆی دەستگیر دەبێت، ئەم تەرزە قسانە لەناو خەڵكدا بڵاوبوو بوونەوە كاریگەری خۆیان هەبوو، كە دواتر لەلایەن بنەماڵەی شێخ مەحمودەوە ئەم جۆرە كەسانە بە پیاوی ئینگلیزو بەكرێ گیراو ناو دەبران [٥].

لە كاتێكدا توێژە رۆشنبیرەكەی سلێمانیش دوای شكانی شێخ مەحمود ئەو باوەڕەیان لا دروست بووبوو، كە بەرە نگاری ئینگلیز و بەكارهێنانی زەبر و زەنگ كارێكی بێ سوودە[٦].

لەم بارەیەوە بەشێوەیەكی گشتی خەڵكی شارەكە ئەو قەناعەتەیان پەیدا كردبوو كە هەل و مەرجەكە لەبارنیە بۆ بەدەستهێنانی ویست و داخوازیەكانی كورد.

---

[٤] لونكریك : تأریخ العراق الحدیث ، ل ٢٥١.

[٥] رەسوڵ هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان ، ب٢، ل ٥٠٦.

[٦] د. كمال مظهر احمد : صفحات من الماضی یرویها الاستاذ فؤاد مستی، جریدة (التآخی) عدد(١٥٨٢)، ١٩٧٤/١/٢١.

بەم شێوەیە توانرا لە ڕێگای دامەزراندن و قوتکردنەوەی چەندین بنکەی پۆلیس لەسەر شاڕێگەکان و تەرخان کردنی بودجەیەکی زۆر، چالاکیەکانی شێخ مەحمود سنوردار بکرێت[8]. کەئەوکاتە حکومەت بودجەیەکی زۆری بۆ مەبەستی سەربازیی لە سلێمانیو دەوروبەریدا تەرخان کردبوو ، لەبری ئەوەی ئاوڕێك لە باری ناهەمواری سلێمانی بداتەوە ، تەنانەت لەماوەی دووسالْ و نیودا حکومەت بڕی (٨١١) هەزار ڕوپیەی بۆ مەبەستی ئاوەدانکردنەوەو بنیات نان لەسلێمانی و دەوروبەریدا تەرخان کردووە، بەلاّم تەنها (٣٦)هەزار ڕوپیەی بۆخوێندن و فێرکردن خەرج کراوە ، ئەویش بەدروستکردنی تەنها یەك خوێندنگای کچان لە شاری سلێمانیدا ،بەلاّم لە بەرامبەردا هەشت* مەرکەزی پۆلیس و سێ بینای بۆ سەرا دروست کردووە لەگەلْ (قشلە) یەکی سەربازیدا لەنێو شارەکەو دەوروبەریدا ، ئەمەش باشترین بەلگەیە بۆ پشت گوێ خستنی لیوای سلێمانی و گوێ پێ نەدانی [9]، تەنانەت لیوای سلێمانی لەبواری خوێندن و فێرکردندا ئەوکاتە دواکەوتوو ترین لیوای نێو هەر چواردە لیواکەبوو[10] .

بێگومان ئەم حالەتە تەنها بواری خوێندنی نەگرتۆتەوە ، بەلکو لە بواری تەندروستیشدا لە سالی ١٩٢٦دا ئینجا دکتۆرێك ڕەوانەی سلێمانی کراوەو نەخۆشخانەیەکی بیست جێگەیی و دەرمانخانەیەکی تیادا کراوەتەوە[11]، کە ئەمانەش هیچ مەرجێکیان تێدا نەبوە و لە حالەتێکی خراپ و شپرزەدا بوون . ڕەشید شەوقی ئەفسەر لە سوپای عێراقدا کە لە سالی ١٩٣٠ دوای کارەساتەکەی (٦) ی ئەیلول هاتوەتە سلێمانی ماوەیەك لەو

---

[8] لطفي جعفر فرج عبدالله : هەمان سەرچاوە ل ٢٣٦-٢٣٧ .

* حکومەت ئەو هەشت بنکەی پۆلیسەی لە گوندەکانی (دەربەند، تەینالْ، نۆدێ، ولیاوا، قزلجە، گلەزەردە، سەگرمەو پەیکولی)دروستکرد.(ئەمین زەکی: محاسبەی نیابت،ل١٦).

[9] محمد امین زکی : محاسبەی نیابەت ، بغداد ، ١٩٢٨ ، ل ١٦.

[10] د. کمال مەزهەر : کوردی سلێمانی و بەغدا، لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا ، پەیڤین ، ژمارە (٩) ، ل ٢١١ .

[11] محمد امین زکی : محاسبەی نیابەت ، ل ٧ .

خەستەخانەیە نووستوەو زۆر بێزار بووە ،لەم بارەیەوە دەڵێت : "خەستەخانەی چی ! خانەیەکی مردووی زیندوو ، چلەی زستانە ژووری هەموو پەنجەرەکانی شکاوە؛ زوقم و با لە هەموو لایەکەوە سەربەستە ، بێ نیزام ، ببرامایەتە تونخانەیەك لەوەچاکتر بوو"[١٢]. ئینگلیزەکان دوای گەڕانەوەیان لە شوێنی ڕۆژنامەی (ئومێدی استقلال) ڕۆژ نامەی(ژیانەوە)* یان دەردەکرد ، ئەگەر تەماشایەکی لاپەڕەکانی ئەو ڕۆژنامەیە بکەین ، زۆر ڕاستیمان لە بارەی پشت گوێ خستنی سلێمانییەوە بۆ ئاشکرا دەبێت ، تەنانەت لەو ڕۆژنامەیەدا ،دەستەی نوسەران داواکارییەکیان نوسیوە لە سەر شێوەی پێشنیان، کەتیایدا داوای ئەوە دەکەن لەبڕی ئەو (١٥٠) هەزار ڕوپیەیەی حکومەت بەنیازە بەناوی (جەنەڕاڵیمۆد)ەوە خەرجی بکا . خوێندنگایەك ، پردێك یا نەخۆشخانەیەك لە سلێمانی دروست بکەن ، چونکە وەزعی زۆر خراپە[١٣] . کەچی حکومەت ئاوڕیشی لەم داواکاریە نەدایەوە، تەنانەت لەو بڕە پارەیە بیست خوێندنگا لە عێراقدا دروست کرا ، چواریان بەر (کەرکوك) کەوت و دانەیەکیش لە هەولێر دروستکرا[١٤]. لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە سلێمانی لەچاو سەردەمی دووهەمین حوکمداریەتی شێخ مەحمود دا دواکەوتووتر بووە ، چونکە ئەو کاتە سلێمانی چوار خوێندنگای تێدا بووە[١٥]. بەلام دوای گەڕانەوەی ئینگلیزو حکومەتی عێراق تەنها یەك خوێندنگا لە سلێمانیدا هەبووە، دوای داواکاری و هەوڵ و

---

[١٢] بە سەرهاتووی کاکە ڕەشید شەوقی ، سەرگوزشتە ، دەست نوس .

* ئەم ڕۆژنامەیە دوای گەڕانەوەی ئینگلیزەکان بۆ سلێمانی ، لەرێکەوتی ١٩٢٥/٨/١٨ یەکەم ژمارەی بلاو بۆوە، کە مەبەستیان لە ناوی (ژیانەوە)ژیانەوەی سلێمانی بوو دوای ئەو نەهامەتیانەی بەسەری هاتبوو، هەریەك لە(جەمیل صائب و م.ئەدیب) سەرنوسەری بوون. ژمارەیەکی زۆر لە روناکبیرانی سلێمانی بابەت و وتاریان بۆ دەنارد. دوا ژمارەی کە ژمارە (٥٦)بوو، لە ١٩٢٦/٦/١٤ بلاو بۆوە.(فاروق علی عمر: هەمان سەرچاوە،ل٩٩-١٠٠) .

[١٣] ژیانەوە : ژمارە (٣١) ، ١٩٢٥/٧/١٦ .

[١٤] عبد الرزاق الهلالی :تأریخ التعلیم فی العراق فیعهد الانتداب البریطانی .١٩٢١-١٩٣٢ ،ط١ ،٢٠٠٠ بغداد ،ل١١٣.

[١٥] ڕەفیق حلمی : یاداشت ، ب ٢ ، ل ٥٣٤ .

کۆششێکی زۆر لەساڵی ١٩٢٨ دا گەیشتۆتەوە چوار خوێندنگا، کە بریتی بوون لە سەرەتاییەکی کوڕان و یەکێکی کچان ، لەگەڵ یەك خوێندنگای ناوەندی و تەنها یەك پۆلی قۆناغی ئامادەیی ، کەئەمانیش بە خوێندنگایەك ژمێردراون . دوای تەواو کردنی ئەو تەنها قۆناغەی ئامادەیی، دەبوایە خوێندکار یا واز لە خوێندن بهێنێت یا بۆ تەواو کردنی قۆناغی دووەم ڕوویکاتە بەغدا ، تاوەکو بتوانێت ئامادەیی تەواو بکات و لە زانستگا وەربگیرێت ، هەرچەندە هەوڵێکی زۆردرا بۆ کردنەوەی ئەو پۆلی دووەمە ، بەڵام لەبەر نەبوونی مامۆستای کورد بۆ وانە زانستیەکان و نەبوونی کتێب و پرۆگرامی خوێندن بەکوردی ئەم هەوڵە شکستی هێناوەو سەری نەگرتووە[16] .

لەڕووی کارگێڕیشەوە ، تاکێشەی ویلایەتی موسڵ یەکلایی نەبۆوە ، سلێمانی هەر لەلایەن (چاپمان) ەوە سەرپەرشتی دەکراو بەڕێوە دەبرا[17] ، و بەهیچ کەسایەتیەکی کوردیان ڕەوا نەبینیبوو پۆستی موتەسەڕیفی پێبدەن. بەڵام ئەو سەردەمە ڕۆشنبیرانی سلێمانی هێشتا بەتەواوی بەرچاویان ڕوشن نەبوو بۆووە ، زۆریان پێیان وابوو کە ئینگلیز مافی کورددەدات و کلیلی گشت کێشەکان لای بەریتانیایە، چونکە ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو ڕوناکبیرانە لەو ڕۆژگارەدا لەدەوری (ژیانەوە) کۆببونەوە و نوسینیان تێدا بڵاو دەکردەوەو لەوباوەڕەدا بوون لە ڕێگای بەریتانیاوە کێشەی کورد چارەسەر دەکرێت ، هەربۆیە بەئاشکرا ستایشی ئینگلیزیان دەکردو بەشان و باهوی بەریتانیایاندا هەڵدەدا ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەئەوانە پیاوی ئینگلیز بوون ، بەپێچەوانەوە کوردو نیشتمانپەروەری ڕەسەن بوون و ژمارەیەکیان هێندە نەبوو ڕیزەکانی شێخ مەحمودیان جێ هێشتبوو ، وەك (ڕەشید جودت)و(مەحمودجودت)[18] ئەوەندە نەبێت ئەوانە پێیان وابوو بەلاسایی کردنەوەو چاولێکەری پێشکەوتنی ئینگلیزو ڕۆژئاواییەکان دەتوانرێت

---

[16] محمد امین زکی : محاسبەی نیابت ، ل ٩-٨ .

[17] ئەدمۆندز : کرد و ترك و عرب ، ل ٣٦٨ .

[18] د. کەمال مەزهەر : ئەو پێشەکییەی بۆ (ژیانەوە) و شوێن لە ڕۆژنامە نوسی کوردیدا نوسیویەتی . ل ١٤ .

گیروگرفتەکانی کۆمەڵ چارەسەر بکرێت و دەکرێت لەوانەوە فێری شتی چاك بین[١٩].

جگە لەوەی ژمارەیەك لەڕوناکبیرانی سلێمانی دڵشکاو بوون لە شێخ مەحمودو تەواو لێی زویر ببوون ، بەرچاوترینی ئەم توێژە (عەلی عیرفان) بوو ، ناوبراو لەسەردەمی شێخ مەحموددا (جمال عیرفان) ی برای (عارف صائب)ی ژنبرای کوژرابوون ، گەر ئەویش نەبووبێت ، لەسەردەمی ئەودا بوو ، هەربۆیە عەلی عیرفان زۆر داخ لە دڵ بوو ، بەردەوام وتارو نوسینی لە (ژیانەوە) دا بڵاو دەکردەوەو بەئاشکرا تیرو توانجی لە شێخ مەحمود دەگرت و قسەی پێ دەگوت[٢٠].

هۆکارێکی دیکەی ئەو ساردیەی نێوان شێخ مەحمود و ڕوناکبیران بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە شێخ مەحمود لە چەندین بۆنەدا دەستی بەڕووی ئەو کەسانەوە دەناو هیچ متمانەیەکیان پێنەدەکردن، بەردەوام کەسانی نەخوێندەوارو خۆ ڕەپێش کەرو دەست و پێوەند کەوتبوونە نێوان شێخ مەحمود و ڕوناکبیرانەوەو نەیان دەهێشت لە خۆیان بترازێ کەس بەدەرکەوێت[٢١]. بەتایبەت لە ڕۆژگاری دووهەمین حوکمداریەتی شێخ مەحمود دا کەئەوکاتە تورکخواکان زۆر بەهێزبوو بوون، بەڵام دوای داگیرکردنەوەی سلێمانی و نەمانی دام و دەزگاکەی شێخ مەحمود تادەهات ڕەوتی تورکچێتی و لایەنگیری کەمالیەکان ڕووی لە کزی دەکردو باویان نەمابوو[٢٢].

بەئاشکرا لەسەر لاپەڕەکانی (ژیانەوە) سوکایەتیان پێدەکراو بەبێکارو دەست بەتاڵ و خاین لە قەڵەم دەدران[٢٣]. جگە لەوەی سیاسەتی شۆڤێنیانەی کەمالیەکان لەو ساڵانەدا هۆکارێکی دیکە بوو کەوای کرد ڕوناکبیران

---

[١٩] ژیانەوە : ژمارە (٥٤) ، ١٩٢٥/١/٢٤ .

[٢٠] جەمیل صائب : لە خەوما، ل٢٤.

[٢١] ڕەفیق حلمی : یاداشت ، ب ١ ، ل ٨٥ .

[٢٢] د کەمال مەزهەر : خێر وبێری ڕاپۆرنوسێکی کورد، (ڕەنگین) ، ژمارە ٩٢ ، ١٩٩٦ ، ل٧.

[٢٣] ژیانەوە : ژمارە (١٥) ، ١٩٢٥/٢/١٦ .

بەیەکجاری ڕوولەسیاسەتی ئینگلیز .بکەن[٢٤] ئەو کاتەش ئینگلیزەکان کێشەی موسڵیان یەکلایی نەکردبۆوە بۆیە زۆریان لامەبەست بوو زۆرترین لایەنگر لە خۆیان کۆ بکەنەوە ، ئەو سەردەمەش جگە لە ڕوناکبیرانی سلێمانی ، بازرگانەکان و خاوەن موڵکەکانی سلێمانی نزیکترین دەستە و توێژ بوون کە ئینگلیز بەردەوام متمانەی پێ دەکردن ، ئەوانیش لایەنگیری دەوڵەتی عێراق بوون ، چونکە بەرژەوەندیە ئابوریەکانیان لەگەڵ بەغدا دا بوو[٢٥] .

٢- هاتنی لیژنەی (کۆمەڵەی گەلان) بۆ سلێمانی ..

دوای ئەوەی کۆنگرەی (لۆزان) نەیتوانی کێشەی (ویلایەتی موصلْ)* چارەسەر بکات، لە ٢٠ ئەیلولی ١٩٢٤ دا کێشەکە خرایە بەردەستی (کۆمەڵەی گەلان) ئەویش لای خۆیەوە لەسەر پێشنیاری نوێنەری بەریتانیا لە (کۆمەڵەی گەلان) دا لە ٣٠ ئەیلولی ١٩٢٤ دا بەکۆیدەنگ بڕیاری ناردنی لیژنەیەکی دا بۆ لێکۆڵینەوە لە بارو دۆخی ویلایەتی موسڵ و گوێ گرتن لە بیرو ڕای دانیشتوانی هەرێمەکە[٢٦] .

بەم شێوەیە لەوکاتەوە ئینگلیزەکان کەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆ پێشوازی کردنی ئەو لیژنەیەو ئامادەکردنی خەڵك لە شارەکانی ئەو

---

[٢٤] ژیانەوە : ژمارە (١٥) ، ١٩٢٥/٢/١٦ .

[٢٥] د. فاضل حسين : کێشەی ویلایەتی موسڵ ، وەرگێڕانی ، محەمەد شاکەلی ، سلێمانی ، ١٩٩٩ ، ل٣٠٠ ؛ ئەدمۆندز : کورد و ترك و عرب ، ل٣٧٤ .

*لە ڕۆژی ١٩١٨/١١/٢ (عەقید لچمن) گەیشتە شاری موسڵ و داوای لە (عەلی ئیحسان پاشا)ی فەرماندەی هێزی تورك کرد چاوی بە (ولیەم مارشاڵ)بکەوێت، کە فەرمانی داگیرکردنی ویلایەتی موسلی پێدراوە، بەپێی هەردوو بەندی (١٦،٧)ی ئاگر بەستی (مندروس) دەبێ تورکەکان لە موسڵ بکشێنەوە، هەردوو سەرکردە سەبارەت بە چەمکی (میزۆپۆتامیا)کە ئایا ویلایەتی موسڵیش دەگرێتەوە؟ کەوتنە مشتومڕەوە، عەلی ئیحسان پاشا ڕازی نەدەبوو موسڵ چۆل بکات. بەڵام دواتر لە ئەستەمبوڵەوە فەرمانی پێدرا پاشەکشە بکات و موسڵ بداتە دەست ئینگلیزەکان.ئیدی لێرەوە کێشەی موسڵ دەستی پێکرد.(د.فاضل حسين: هەمان سەرچاوە،ل٨،٣٨).

[٢٦] د. فاضل حسين : هەمان سەر چاوە ، ل٧٧ .

ویلایەتەدا بۆ ئەوەی لەکاتی هاتنی لیژنەکەو راپرسیەکەدا دەنگ بۆ چوونە پاڵ عێراق بدەن[٢٧].

بەلاّم لەهەموو شوێنێك زیاتر لە سلێمانی دەترسان ،پێیان وابووشەڕی یەکلایی کەرەوە لەسلێمانیدا دەکەن ،چونکە ئەو شارە شوێنێك بوو سەرپاکی دانیشتوانەکەی کورد بوون ، هیچ کەمینەیەکی تێدا نەبوو، کوردەکانی شارەکەش بەدرێژایی پێنج ساڵی ڕابردوو بەردەوام لە شۆڕشدابوون دژ بە حکومەتی بەریتانیا[٢٨]. لە هەمان کاتیشدا ئاشنایەتیان لەگەڵ کێشەکەدا هەبوو، بیرو ڕاشیان لەم بارەیەوە ئاشکرابوو هەر لەڕۆژگاری دوهەمین حکومداریێتی شێخ مەحموددا ، لە سلێمانیدا کەم و زۆر باس لەو کێشەیە دەکرا ، جگە لەوەش ڕووناك بیرانی ئەم شارە بەردەوام لەو باوەڕەدا بوون کە پێویستە قەڵەمرەوی حوکمداریەتەکەی شێخ مەحمود ،سەرجەم ویلایەتی موسڵ بگرێتەخۆ ، ئەم ڕاستیەش لەو وتارو نوسینانەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کەلە ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)دا لە وەلاّمی ڕۆژنامەکانی (العراق)و (نجمە) دا بلاّو دەکرانەوە ، بۆ نمونە (ڕۆژی کوردستان) دا وەلاّمی نوسینێکی ڕۆژنامەی (نجمە) ی داوەتەوە ،کە تیایدا چەند شتێکی نوسیوە سەبارەت بە ویلایەتی (موسڵ)و باسی لەوە کردەوە کە کوردستان لە ولایەتی موسڵدا تەنها شاری سلێمانی دەگرێتەوە ، هەر بۆیە (م . نوری) لە وتارێکدا، ئەو بۆ چونانە بە درۆ دەخاتەوە و سەر جەم قەزاو ناحیەکانی (ئاکرێ، دهۆك ،بارزان ،هەولێر، کەرکوك ،کفری ،ئامێدی) و دەورو بەری بەنێوچە کورد نشینەکانی ویلایەتی موسڵ دەژمێرێ و تەنها ناو شاری (موسڵ) ی لێدەردەکات ئەوانی دیکە هەموو بە کورد لە قەڵەم دەدات و بە کورد زوبانیان ئاودەبات تەنانەت تورکەکانی ویلایەتی موسڵیش بە خەڵکی کوردستان دەژمێرێت ، چونکە پەیوەستن بە کوردستانەوە، لە کۆتایی وتارەکەشدا

---

[٢٧] عبد الرزاق الحسنی : تأریخ الاحزاب السیاسیه العراقیه ، ل٨٩-٩٠. ئەدمۆندز : هەمان سەر چاوە ، ل٣٥٦.

[٢٨] ئەدمۆندز:هەمان سەر چاوە ،ل ٣٧٢ .

بیٚترس باس لەوە دەكات ، كە هەرگیز ئامادە نین دەست لەم ویلایەتە هەڵبگرن و ئەو مافەش لە بەریتانیا داوا دەكەن[29] .

تەنانەت (جەمعیەتی كوردستان)* كە مستەفا پاشای یاموڵكی سەرۆكایەتی دەكرد لە ڕێكەوتی ١ی تشرینی یەكەمی ١٩٢٤ دا بروسكەیەكی نارد بۆ (كۆمەڵەی گەلان) و تیایدا دژ بە داواكاریەكانی توركیا لەم ویلایەتەدا وەستایەوە و ئەوەی ڕەت كردەوە كە هیچ پەیوەندیەك لە نێوان ،كوردو توركدا هەبێت ، پەیوەستەگی ئاینی نەبێت ،ئەم مەسەلەیەش بە نەمانی خەلافەتی عوسمانی پوچەڵ بۆتەوەو هیچ پەیوەندیەك لە نێوان ئەم دوو گەلەدا نییە[30] .

بۆیە ئینگلیز ئەم مەسەلەیەی بە گەرمی باسدەكردو هەوڵی دەدا دانیشتوانی ئەو شارانەی بۆ ئامادە بكات ، زۆر شێوازو ڕێگای دەگرتە بەر ، لە سلێمانیدا یەكەم هەنگاوی لەم پێناوەدا دەركردنی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) بوو . لەڕێگای ئەم ڕۆژنامەیەوە دەیویست وا لە كوردەكانی سلێمانی بكات ئەو باوەڕەیان لادروست ببێت كە چیدی كوردو تورك ناتوانن پێكەوە بژین[31] . هەربۆیە كێشەی ویلایەتی موسڵ یەكێكە لەو بابەتانەی (ژیانەوە) بایەخی زۆری پێداوەو دەیان نوسین و وتاری جۆربەجۆری دەربارەی بڵاوكردۆتەوە ، بەشێوەیەك كە هیچ بڵاوكراوەیەكی دیكەی كوردی ناگاتە ئاستی ژیانەوە لەو بوارەدا. وێڕای هەموو شتێك ، ئەم هەڵوێستەی (ژیانەوە) بۆ ئەوە

---

[29] ڕۆژی كوردستان : ژمارە (١٠) ، ١٩٢٣/١/٢٤ .

* ئەم كۆمەڵەیە یەكەم ڕێكخراوی ئاشكرا بوو لە مێژووی كوردستانی عیراقدا كە كاربەدەستانی ئینگلیز لەبەر گەلێك هۆ ناچار بوون ڕێگای كاركردنی پیٚبدەن. جەمعیەتی كوردستان مۆری تایبەتی خۆشی هەبووە، جگە لە ناوەكەی وێنەی (خۆر)ێكیشی تێدا هەڵكەندراوە.(د.كمال مظهر احمد: صفحات من تاریخ العراق المعاصر، ل١٢٩).

[30] د. فاضل حسین : هەمان سەر چاوە ، ل ٢٩٩ ؛ د. عبد الستار طاهر شریف : الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الكردیة فی نصف قرن ١٩٠٨ –١٩٥٨، ط ١ ، بغداد ، ١٩٨٩، ل ٩٠.

[31] ڕەسوڵ هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان ، ب ٢ ، ل ٥٩٤ .

دەگەڕێتەوە کە کورد ڕقێکی زۆری لە کەمالیەکان بوو لەو سەردەمەداو بەرژەوەندی کوردیش لەم هەڵوێستەدا بوو[٣٢].

بەر لەهاتنی لیژنەکە بۆ سلێمانی ،چەندجارێك لێپرسراوانی ئینگلیزو حکومەتی عێراق سەردانی سلێمانیان کرد ، لەوانە (عبدالمحسن السعدون) و(مێجەر بۆلی) ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆو (لۆرد تۆمسۆن) ی وەزیری فڕۆکەوانی بەریتانیا ، لە ١٩٢٤/١١/١٦ دا (هنری دۆبس) ی نوێنەری باڵای بەریتانیا لە عێراق سەردانی سلێمانی کردو لەلایەن پیاو ماقوڵانی شارەکەوە پێشوازی لێکراو سەردانی دام و دەزگاکانی سلێمانی کرد[٣٣].

بێگومان بەشی زۆری ئەم سەردانە ، شێوازێکی دیکەی ئینگلیزو حکومەتی عێراق بوو، بۆ کارکردنە سەر خەڵکی سلێمانی،تەنانەت ماوەیەکی کەم بەرلەهاتنی‌لیژنەکەی (کۆمەڵەی گەلان)، ئینگلیزەکان لە بەغداوە ڕێنماییان بڵاو کردەوە بۆ پێکهێنانی چەند لیژنەیەکی (بەرگری نیشتمانی) لە هەموو عێراقدا بەمەبەستی وروژاندنی هەستی خەڵکی لەڕێگای خۆپیشاندان و کۆڕو کۆبوونەوەو سازدانی بۆنەی ئاینی و بروسکە ناردن[٣٤].

کاتێك لیژنەکە لە ١٦ ی کانونی دووەمی ١٩٢٥ دا گەیشتە بەغدا ، بەهاندانی بەریتانیا لە سلێمانیشدا کۆمەڵەیەکی سیاسی ئاشکرا بەنێوی (جەمعیەتی مودافەعەی وەتەن) دامەزرا بەمەبەستی بەرگرتن لە داخوازیەکانی تورکیا لە ویلایەتی موسڵ داو بە هەڵبژاردنێکی ئاشکرا دەستەی بەڕێوەبردنی جەمعیەتەکە هەڵبژێردراو بەسەرۆکایەتی(ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ) وئەندامێتی (١٧) کەسایەتی* شاری سلێمانی ، کەبەڕوونی لە

[٣٢] د. کەمال مەزهەر : پێشەکی ژیانەوە ، ل ١٢-١٣ .

[٣٣] ژیانەوە ژمارەکانی : (٤) ١٩٢٤/٩/١٥ ؛ (٦) ١٩٢٤/١٠/٣ ؛ (٩) ١٩٢٤/١١/٢١.

[٣٤] ئەدمۆندز : هەمان سەر چاوە ، ل ٣٦١.

* ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە بریتی بوون لە:(ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ، ڕەشید مەستی ، پیرەمێرد، حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا،شێخ مەحەمەدی گوڵانی، عزەت بەگی عوسمان پاشا، عەلی عیرفان، حاجی سەعید ئاغا، حەمدی شاعیر، حەمە بەگی قادر پاشا، حاجی برایم ئاغا، میرزا تۆفیق قەزاز، محەمەد بەگی حاجی ڕەسول بەگ، مەحمود ئەفەندی ڕەئیسی بەلەدیە، فەتاح ئەفەندی ئەوقات، فایق بەگی مەعروف بەگ، شەوکەتی عەزمی بەگی بابان).(ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژمارە -١٦-لە ١٩٢٥/٢/١٩).

پرۆگرامەکەیاندا ئەوەیان ئاشکرا کردووە کەوا مەبەستی ئەم جەمعیەتە پارێزگاری کردنە لە سنوری نیشتمانی عێراق ، کە ویلایەتی موسڵ تەواو کەریەتی[35]

ئەم کۆمەڵەیە هەر دوای یەکلایی بونەوەی کێشەی موصڵ هەڵوەشایەوەو لە کارکەوت ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە بەدەستی ئینگلیز دروست کرابوو ، هیچ مۆرکێکی نیشتمانیو نەتەوەی کوردی پێوە نەبوو[36] .

بەلاّم وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ، لە بواری دژایەتی کردنی داواکاریەکانی تورکیا کەس شانی لەشانی وتارەکانی سەر لاپەڕەکانی (ژیانەوە) نەدەدا تەنانەت کاتێك هەواڵ گەیشتە سلێمانی کە (فەتاح ئەمینی عەتار) ی ژن برای شێخ مەحمود ،هاوشانی وەفدەکە دێت بۆ سلێمانی وەك یاوەرو چاو ساغی تورکەکان، (عەلی عیرفان) لە وتارێکیدا لە ژیانەوەدا رستێك قسەو وشەی ناشیرین بە ناوبراو دەڵێت و سەرسوڕمانی خۆی نیشان دەدات لەهاتنی لەگەڵ لیژنەکەدا ، تەنانەت هەڕەشەی ئەوەش دەکات کە هەموو سوکایەتیەکی پێدەکرێت لە سلێمانیدا[37] .

(ئەدمۆندز) یش بەهەمان شێوە باسی لەوە کردووە کە گوایە کۆمەڵێ لاو لەسلێمانی بە نیاز بوونە کە (فەتاح) هاتە سلێمانی نەوتی ڕەشی پێدا بکەن[38] .

هەر ئەو ڕۆژانە بەر لەهاتنی لیژنەکە (ژیانەوە) هەواڵی شارەکانی (هەولێرو موسڵ) ی بلاّو دەکردەوە ، بەمەبەستی ئاگادار کردنەوەی خەڵك لە دەنگ و باسی لیژنەکەو ئاکامی ڕاپرسیەکانیان لەو شارانەدا[39] . جگە لەوەش

[35] ژیانەوە : ژمارە (١٦)ی ١٩٢٥/٢/١٩ ؛ کەمال ڕەئوف محەمەد : جەمعیەتی پێشکەتنی کوردان ، سلێمانی ١٩٢٦، کوردستانی نوێ (١٤٦٢) ١٩٩٧/٩/١٤ .

[36] کەمال ڕەئوف محەمەد : جەمعیەتی پێشکەتنی کوردان ، سلێمانی ١٩٢٦، کوردستانی نوێ (١٤٦٢) ١٩٩٧/٢/١٦ .

[37] ژیانەوە : ژمارە (١٥) ١٩٢٥/٢/١٦ .

[38] کرد وترك وعرب ، ل ٣٧٤.

[39] ژیانەوە ژمارەکانی : (١٥) ١٩٢٥/٢/١٦ ؛ (١٦) ١٩٢٥/٢/١٩ .

(جەمعیەتی مودافەعەی وەتەن) بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو بەئاشکرا بانگەوازی بۆ چوونە پاڵی عێراق دەکرد بەبیانووی پەیوەندی بازرگانی و ئابووری سلێمانی لەگەڵ عێراقدا ، داواشی لە خەڵکی شارەکە دەکرد کە گوێڕایەڵیان بکەن ، سەرپێچیکەرانیشی بە خاین و دوژمنی نیشتمان لە قەڵەم دەدا [40] .

چەند ڕۆژێك بەر لە گەیشتنی لیژنەکە ئەدمۆندز خۆی سەردانی سلێمانی کردو چاوی بە (چاپمن) کەوت ، کە ئەوکات هێشتا سەرپەرشتیاری ئیدارەی شارەکە بوو . لەو سەردانەدا چاوی کەوت بەگەورە پیاوان و بازرگانانی شارەکە ، وەك (شێخ قادری حەفید ، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ ، حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا) و لەو دیمانەیەدا ئەدمۆندزیان دڵنیا کردۆتەوە کە بە ئاشکرا باس لە خراپە کاریەکانی حکومەتی عوسمانی دەکەن و ئەوەش ڕادەگەیەنن کەخوازیارن لەگەڵ عێراقدا یەکبگرن و نا یا نەوێ جارێکی دیکە بچنەوە ژێر دەستی ئەو دەستەلاتەی لەسایەیدا تاڵاوی زۆریان چەشتووە[41] .

ئینگلیزەکان سلێمانیان زۆر لامەبەست بوو ، چونکە دەیانزانی مەسەلەی ڕاپرسیو دواندنی خەڵکی ئەم شارە لە بەرژەوەندی ئەواندا نیەو ناشێت پشتی پێ ببەستن ، خەڵکەکە هێشتا ئەوەیان لە یادە کە هێندە نابێت بە زۆر ئاڵای بەریتانیان پێ هەڵکردن ، دوای ئەوەی بە هەموو شێوەیەك ئەوەیان ڕەتکردەوە کە بخرێنە سەر عێراق .

بۆیە ئەدمۆنز دەڵێت بڕیارماندا هۆکاری ئابووری زەق بکەینەوە و لیستی ئەو ناوانەش کەپرسیاریان لێدەکرێت لەسەر بنەمای کەسایەتی وپلە و پایە بێت، بۆیە دەبوایە لیژنەکە ئاگادار بکەینەوە کە فەرمانبەر و مەئمورەکانی شاری سلێمانی پشت گوێ نەخەن و تەنها وەك دارو دەستەی حکومەت تەماشایان نەکەن ، چونکە ئەوانە لەسەر بنەمای شوێن و پێگەی کۆمەڵایەتیان بۆ ئەو پلە و پایانە دەست نیشان کراون[42] .

---

[40] ژیانەوە ژمارە : (١٧) ١٩٢٥/٢/٢٣ .

[41] کرد وترك وعرب ، ل ٣٦٨-٣٦٩.

[42] سەرچاوە ی پێشوو ، ل٣٣٦ ، ٣٦٧ .

لیژنەکە لە ڕێکەوتی ٢٧ ی شوباتی ١٩٢٥ بە کاروانێکی بیست ئۆتومبیلی گەیشتنە سلێمانی [٤٣] ، ئەندامانی لیژنەکە زۆریان حەز بە بیستنی بیروڕای ئەو خەڵکە دەکردکە لە ساڵانی ڕابردودا باشترین بەڵگەی سەربەخۆیی فیکری خۆیان سەلماندبوو ، ئینگلیزەکانیش لای خۆیانەوە ئەو حەقیقەتەیان دەزانی کە بیرو ڕاو قسەی خەڵکی سلێمانی لەگەڵ لیژنەکەدا قسەی یەکلایی کەرەوەیە هەر بۆیە ئەدمۆندز هەر لەڕێوە هەوڵی ئەوەی دەدا کەوا بارو دۆخی سلێمانی بۆ ئەندامانی لیژنەکە ڕوون بکاتەوە تێیان بگەیەنێت ،کەسلێمانی ژمارەیەکی کەم لە خەڵکانی نەتەوە پەروەری توند ڕەوی تێدایە ، بەلام زۆرینەی دانیشتوانەکەی نیشتمان پەروەری میان ڕەون حەز بە یەکگرتن دەکەن لەگەڵ عێراقدا ، بە مەرجێك فەرمانبەرانی ناوچەکەیان کوردبن و زمانی کوردی زمانی ڕەسمی دام ودەزگاکان بێت و لەخوێندنگاکاندا منالان بەکوردی بخوێنن، بەلام بازرگان و خاوەن موڵکەکان زۆر بەتوندی لایەن گری چونە پاڵ عێراق دەکەن بەبێ هیچ مەرجێك چونکە جیا بوونەوە مانای ماڵ وێرانیان دەگەیەنێت ، ژمارەیەکی کەمیش تورکخوای تێدایە ، ئەوانیش خانەنشین و کۆنە مووچەخۆرەکانی سەردەمی عوسمانین [٤٤] .

(جەواد پاشا) کە یاوەری لیژنەکە و تورك بوو ، لیستێکی دابوو بەئەندامانی لیژنەکە بە ناوی ئەو کەسانەی گوایە نێردراون بۆ سلێمانی بە مەبەستی ئاژاوە نانەوە بۆیە داوایان کردبوو کە ئەوانە دوور بخرێنەوە . ناوەکانی نێو لیستەکەش بریتی بوون لە (بابەکر ئاغای پشدەری ، شێخ عبدولقادری سەنگاو، حاجی شێخ عارفی سەرگەڵو، ئەحمەد بەگی وەسمان پاشای جاف و کەریم بەگی جاف) ، ئەمانەش سەرجەمیان لایەنگری ئینگلیز بوون جێباوەڕیان بوون ، بۆیە بەهیچ شێوەیەك ئامادە نەبوون بەو داوایەی تورکەکان ڕازی بن [٤٥] .

---

[٤٣] ژیانەوە : ژمارە (١٩) ، ١٩٢٥/٣/٣ .

[٤٤] ئەدمۆندز : هەمان سەرچاوە ، ل ٣٧٣-٣٧٤ .

[٤٥] سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٧٤ .

لە بەر گرنگی شاری سلێمانی بڕیار درابوو هەموو ئەندمانی لیژنەکە لەسلێمانی حازربن ، هەر بۆیە ئەوانەی دواش کەوتبوون پەیوەندیان پێوەکردن لە سلێمانی[٤٦] .

کە جگە لە (ڤیرسن ، پۆل تیلکی ، ڕۆدلۆ و هۆراس بۆ تالییە) هەریەك لە جەنراڵ (جواد پاشا) و (کامل بەگی) یان لەگەڵدابوو وەك نوێنەری تورکیا (نازم بەگ نەفتچی زادە) و (فەتاح ئەمین عەتار) یش، یاوەریان بوون ، نوێنەرانی عێراقیش جگە لە (صبیح نشأت) هەریەك لە (چاردین ، ئەدمۆندز) هاوشانی ئەو لیژنەیە هاتبوونە سلێمانی[٤٧] .

ئەندامانی لیژنەکە دوای گەیشتنیان بە ناو بازاڕدا سوڕانەوە ، کەسیان لێ کۆنەبۆوە زۆر ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا ، بەڵام دواتر نوێنەرانی تورکیا نەیان دەوێرا لەو خانووەی بۆیان دەست نیشان کراوە بچنەدەرەوە . هەر ئەو ڕۆژە بابەکر ئاغای پشدەر بە خۆی و سەد سوارەی چەکدارەوە گەیشتە سلێمانی[٤٨] .

لیژنەکە ماوەی سێ ڕۆژ لە سلێمانیدا مایەوە و، گفتوگۆی لە گەڵ خەڵکیدا دەکرد، بەپێی ئەو لیستانەی ئامادە کرابوو لەلایەن ئینگلیزەوە پرسیاری ئاراستەی دانیشتوانی شارەکە دەکرد[٤٩] ، بەڵام ئەو لیژنەیە لە کاتی ڕاپرسیەکەدا فێڵێکیان لە خەڵکی کرد ، چونکە خەڵکی سلێمانی زۆربەیان سەربەخۆییان دەویست بەڵام ئەوان لە خەڵکیان دەپرسی "دەتەوێ لەگەڵ تورك بژیت یان لەگەڵ عەرەب بژیت ؟ " نەیان دەووت (سەربەخۆییت دەوێ یان نا ؟) لەبەر ئەوە ئەوانەی داوای سەربەخۆییان دەکرد ،وا دادەنرا کەڕەئیان نەداوە، ئەوانەش کە ڕەئیان دابوو بە بۆ

---

[٤٦] ڕسول هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان ، ب٢ ، ل٦٣٠ .

[٤٧] سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٢٩ .

[٤٨] ئەدمۆندز : هەمان سەرچاوە ، ل ٣٧٥ .

[٤٩] سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٧٦ .

چوونی لیژنەکە زۆربەیان دەیانویست لەگەڵ عێراقدا یەکبگرن [50].

لەلایەکی دیکەشەوە کوردەکانی کوردستانی باشوور ، داوای ئەوەیان دەکرد کە ئەگەر بێتوو ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لەئارادا نەبێت ، ئەوا یەکگرتن لەگەڵ عێراقدا بە چاك دەزانن [51].

لە سلێمانیشدا وێڕای ئەوەی خەڵکەکەی خوازیاری سەربەخۆیی بوون ،بە ئاشکرا سەرجەم دژێوی و گەندەڵیەکانی حوکمڕانی تورکیان لەم وڵاتەدا خستبوە ڕوو . لەم لایەنەشەوە بازرگانەکانی شارەکە پاڵپشتێکی دیکەی بەریتانیا و حکومەتی عێراق بوون [52].

دوای گەڕانەوەی لیژنەکە ڕۆژنامەی (ژیانەوە) باسی لە میکانیزمی کارەکانی لیژنەکە کردووە لە سلێمانیدا ، کە چۆن پرسیاریان لە سەرجەم دانیشتوانی شاری سلێمانی کردووەو هۆزو عەشیرەتەکانی دەوروبەریشیان دواندوەو ئەوەیان بۆ ئاشکرا بووە کە لە هەموو لیواکەدا کەسێك نیە زەڕەیەك ئارەزووی هاتنەوەی حکومەتی تورکیای لە دڵدا بێت [53].

بەم شێوەیە لیژنەکە، دوای تەواو بوونی کارەکانی لەسلێمانی گەڕایەوەو بەپێ ی قسەکانی ئەدمۆندز وەلامی خەڵکەکە بەدڵی ئینگلیز بوو، چونکە هەموو دژ بە تورکیا دەنگیان دابوو . بەلام وەك لە ڕاپۆرتەکەی (ڤێرسن) دا هاتبوو ، هەستی نەتەوایەتی لەسلێمانیدا لە هەموو شتێکی دیکە زاڵتر بوو، خەڵکەکەی بەئاشکرا داوای سەربەخۆیی تەواویان کردووە و پێیان باش بووە لە ژێر چاودێری بەریتانیادا بن ، بەلام وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئەوان لەکاتی پرسیار کردندا ، بواری ئەوەیان بۆ بەرامبەر نەهێشتبۆوە کە ڕاێەکەی هیچ سودێکی هەبێت ، ئیدی ئەدمۆندز سەبارەت بە ئاکامی ڕاپرسیەکەی سلێمانی و بیروڕای خەڵکی شارەکە دەڵێت : " بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار ئەو پاروەوە نانەی (نۆئیل) لەیەکەم هاتنیدا بۆ سلێمانی دای بە

[50] چاو پێکەوتن لەگەڵ مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد)، کۆمەڵەی کەلەپوری کورد ، مامۆستا (حەمە صالح سعید) لە ڕێکەوتی ١٣/٢/١٩٢٢ ئەنجامی داوە ..

[51] د. کەمال مەزهەر : پێشەکی ژیانەوە ، ل ١٣ .

[52] ئەدمۆندز : هەمان سەرچاوە ، ل ٣٧٦ .

[53] ژیانەوە : ژمارە (١٩) ٣/٣/١٩٢٥ .

خەڵکەکە ، خێرەکەی بە چەندان کولێرە بۆمان گەڕایەوە لەو ساتە ناهەموارو دژوارەی دەوڵەتی عێراقدا "[٥٤] .

لەکۆتایدا لیژنەکە دوای گەڕانەوەی ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش کردوو ، بڕیاردرا کەوا ئەو زەویانەی دەکەونە خوار هێڵی (برۆکسل)* ەوە بدرێتەوە بە عێراق ، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە دوو مەرجی دانابوو:-

یەکەم :- عێراق بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ لەژێر چاودێری بەریتانیادا بمێنێتەوە .

دووەم :- بارودۆخی تایبەتی کوردەکان لەبەر چاو بگیرێت و داخوازیەکانیان ڕەچاو بکرێت لەوەدا کە فەرمانبەرانی نێوچەکە کوردبن و لەخۆیان بن ، زمانی ڕەسمی دام و دەزگاو دادگاکان کوردی بێت و لە خوێندنگاکاندا بە کوردی بخوێندرێت . سەبارەت بەخاڵی یەکەم (کۆمەڵەی گەلان) بەریتانیای مولزەم کرد کە بۆ ماوەی (٢٥) ساڵی دیکە عێراق لەژێر ئینتدابی خۆیدا بهێڵێتەوە ، ئەمەش لەڕێگای بەستنی پەیمانێکی نوێوە کە لەنێوان هەردوولادا ببەسترێت . بەڵام تەنها مەسەلەیەك کە بووە بوارێك بۆ خۆپەڕاندنەوەی عێراق و بەردەوام نەبوونی ئینتداب ، مەسەلەی سەربەخۆیی عێراق و بەئەندام بوونی بوو لە (کۆمەڵەی گەلان) کە ئەمەش دواتر بوو بەگورزێك و لە هیواکانی کورد درا ، چونکە (کۆمەڵەی گەلان) نەیتوانی هیچ شێوازو ئامرازێکی وەها بدۆزێتەوە کە حکومەتی عێراق ناچاربکات دوای سەربەخۆ بوون ، مامەڵەیەکی باشی کورد بکات لەعێراقدا[٥٥] .

ئیدی لەکۆتایدا (کۆمەڵەی گەلان) لەڕێکەوتی ١٦ ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥ دا بڕیاریدا ویلایەتی موسڵ بخرێتەوە سەر عێراق .

---

[٥٤] کرد وترك وعرب ، ل ٣٧٦-٣٧٧ .

* ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لە (برۆکسل)ی پایتەختی بەلجیکا کۆبوونەوەیەکی نا ئاسایی ئەنجام دا ، کە یەکەم دانیشتنیان لە ١٩٢٤/١٠/٢٧بوو، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەو ئاژاوەو پشێویانەی لەسەر سنوردا ڕودەدات. دوای گفتوگۆیەکی زۆر لە ١٩٢٥/١١/١٥دا هێڵێکیان دەستنیشان کرد بۆ دیاری کردنی سنوور، هەردوو حکومەتی بەریتانیاو تورکیا ئەو هێڵەیان پەسند کرد کە بەهێڵی برۆکسل ناسرا.(فاضل حسین: هەمان سەرچاوە، ل٨٠،٨٢).

[٥٥] د. عبد الفتاح علی یحی البوتانی : وثائق عن الحرکة القومیة الکوردیة التحرریة ،ط١ ، أربیل ، ٢٠٠١ ، ل٣٣ .

باسی دووەم
كۆمەڵەو ڕێكخراوە سیاسیەكانی سلێمانی ..

دوای چارەسەر كردنی كێشەی ویلایەتی موسڵ، سلێمانی بەڕەسمی خرایەوە سەر عێراق ، لێرە بەدواوە هەردوو حكومەتی بەریتانی و عێراقی پشتیان كردە كوردو داواكاریەكانی، چونكە سیاسەتی بەریتانیا لە سەر ئەوە جێگیرببو كە كوردەكانی باشور لەنێو چوارچێوەی عێراقدا بن بێ دیاریكردنی هیچ مافێكی سیاسی دیاریكراو هەربۆیە كاتێك ڕوناكبیران و نیشتمانپەروانی سلێمانی ئەم هەڵوێستەی ئینگلیزیان بۆ ئاشكرا بوو بەرامبەر بە مافەكانی گەلی كورد لەم پارچەیەدا . دووبارە دەستیان كردەوە بە چالاكی سیاسی نواندن و جم و جۆڵ.

ئینگلیزەكانیش لای خۆیانەوە دوای یەكلایی بوونەوەی كێشەی موسڵ ، كەوتنە خۆ بۆ جێگیر كردنی ئیدارە لە سلێمانیدا ، بۆ ئەم مەبەستە (ئەحمەدبەگی تۆفیق بەگ)* ی كردە موتەسەڕیفی سلێمانی و بەبۆنەی دەست بەكار بونیەوە (چاپمەن) وتەیەكیشی بۆ خەڵكی سلێمانی خوێندەوە[٥٦]، و سلێمانی بە ڕەسمی ناونرا لیوای سلێمانی[٥٧]. بەم شێوەیە حكومەتی بەریتانیا دوای ئەوەی مەبەستەكانی خۆی بەدیهێنا ، سەرەتا لەپێناو دڵنیاكردنەوەی خەڵكی سلێمانی ، چەند جارێك وەفدی هەردوو

---

* یەكێك بوو لە پیاوە ناسراوەكانی سلێمانی لە ساڵی ١٨٩٨ لەدایكبووە، خزمایەتی لەگەڵ پشدەریەكاندا هەبووە، ئاستێكی خوێندەواری باشی هەبووە، لە ڕۆژگاری داگیركردنی ئینگلیزەوە چەند پۆست و پلەو پایەیەكی گرنگی وەرگرتووە، ساڵی ١٩٢٤ دوای داگیركردنەوەی سلێمانی كراوەتە (متصرف)ی شارەكە.(نجدة فتحي صفوة: العراق في الوثائق البريطانية، سنة١٩٣٦،ترجمة وتحرير مركز دراسات الخليج العربي، جامعة البصرة، ١٩٨٣، ل٥٧).

[٥٦] ژیانەوە : ژمارە (٢٠) ١٩٢٥/٣/٩ .

[٥٧] ڕەسوڵ هاوار : شێخ مەحمود قارەمان ، ب٢ ، ل٥٦١ .

دڵنیاکردنەوەی خەڵکی سلێمانی ، چەند جارێك وەفدی هەردوو حکومەت سەردانی سلێمانیان کردووە ، بۆ نموونە لە ٤ ی نیسانی۱۹۲۵ (لۆردئێمری) وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیا بە یاوەریی ژمارەیەك لە ئەفسەرانی پایە بەرزی ئینگلیز سەردانی سلێمانیان کردووەو خەڵکی چوونەتە پێشوازیان ، هێندەی پێنەچووە لە سەرەتای مانگی مایس ی ۱۹۲۵ (یاسین الهاشمی) سەرۆك وەزیران سەردانی سلێمانی کردووە[٥٨]. کاتێکیش (کۆمەڵەی گەلان) بڕیاری یەکلایی کەرەوەی خۆی ڕاگەیاندو ویلایەتی موسڵی لەگەڵ عێراقدا جوتباقە کرد ، لە سلێمانی ئاهەنگێکی گەورە سازکراو جگە لە موتەسەڕیف چەندین پیاوی گەورەی نێو دام و دەزگاکانی شارەکە وتاریان خوێندەوەو خوێندکارانی خوێندنگاکان هێنرابوونە سەر شەقامەکان ، بە جۆرێك سەرجەم ژمارە (٥٤) ی ژیانەوە بۆ ڕێ و ڕەسمی ئەو ئاهەنگە تەرخان کرابوو[٥٩].

هەر ئەو سەردەمە بەڕێوەبەری مەعاریفی کەرکوك سەردانی سلێمانی کردووەو خوێندنگایەکی نوێی کردۆتەوە ، بەو خوێندنگا تازەیە سلێمانی بووە خاوەنی دوو خوێندنگا[٦٠].

کاتێك ڕوناکبیرانی سلێمانی کەوتنە چالاکی و کاری سیاسی کردن ، وەك پێشتر دوو ڕەوت لە گۆڕەپانەکەدا هەست پێدەکرا ، کە بریتی بوون لە ڕەوتێکی میانڕەو کە مەبەستیان تەنها بەدەستهێنانی جۆرێك بوو لە ماف (ئۆتۆنۆمی)، بەڵام ڕەوتی دووەم کەسانێکی توندڕەو بوون و خاوەنی دەیان خەونی گەورەی نیشتمانی بوون ، جودا بوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ ئاواتی هەرەپێشینەیان بوو[٦١] .

لەسەرەتادا ڕەوتە میانڕەوەکە پێیان وابوو دەتوانن لەسایەی بەریتانیادا کاربکەن ، لە هەموو مەسەلەیەك زیاتر گرنگیان بە خوێندن و خوێندەواری

---

[٥٨] ژیانەوە : ژمارە (٢٤) ۱۹۲۵/٤/۱۹؛ (٢٦) ١٤ /۱۹۲۵/٥ .

[٥٩] ژیانەوە : ژمارە (٥٤) ۱۹۲۵/۱۲/۲٤ .

[٦٠] ژیانەوە : ژمارە (۳۰) ۱۹۲۵/۷/۱۰ .

[٦١] د. عبد الفتاح علی یحی البوتانی : وثائق عن الحرکة ، ل ٣٤-٣٥ .

ئەدا ، بۆ ئەم مەبەستەش دەستەیەکیان (ئەنجومەنی مەعاریفی سلێمانی) یان دامەزراند ، بە سەرۆکایەتی موتەسەرپیف بەمەبەستی پێشخستنی خوێندن و خوێندەواری ، بۆ ئەم مەبەستەش لە رێکەوتی ١٢ ی تشرینی دووەمی ١٩٢٥ دا یەکەم دانیشتنیان ئەنجامدا[٦٢] . جگە لەوەش لە چەند ژمارەیەکی رۆژنامەی (ژیان)* دا، داوا لە نوێنەرانی کورد دەکەن لە پەرلەمانی عێراقدا، کە هەموو هەولْ و کۆششێکیان بخەنەگەڕ بۆ پێشخستنی خوێندن و خوێندەواری لە کوردستانداو مامۆستاو پرۆگرام دابین بکەن و خانەی مامۆستایان بکەنەوە[٦٣]ئاکبیرانی ئەوسای سلێمانی زۆر چاك ئەو راستییەیان دەزانی کە سلێمانی لە هەموو لیواکانی دیکەی عێراق دواکەوتوترەو لە سالآنی رابردوودا زۆر ناخۆشی و نەهامەتی توش هاتووە[٦٤] .

ئەو سەردەمە هێشتا کەس نەیدەوێرا بە ئاشکرا خۆی لە قەرەی هیچ جۆرە چالاکیەکی سیاسی بدات ، هێندە نەبێت ئەندامە کوردەکانی نێو پەرلەمانی عێراقی ، لایەنگیری (عبدالمحسن السعدون) یان دەکردو کەوتبوونە جم و جۆلْ ، بەتایبەتی پاش ئەوەی نێوبراو لەرێکەوتی ٢١ ی کانونی دووەمی ١٩٢٦ دا لە نێو پەرلەماندا وتارێکی خوێندەوە ، بەئاشکرا داوای دەکرد کە مافەکانی کورد لە بەرچاو بگیرێت، لەدامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد لە نێوچە کوردییەکانی ویلایەتی موسلْ و بەرەسمی کردنی زمانی کوردی[٦٥] .

---

[٦٢] ژیانەوە : ژمارە (٥٠) ١٩٢٥/١١/٢٦ .

* رۆژنامەیەکی سیاسیی ئەدەبیی هەفتانە بوو ، یەکەم ژمارەی لە ١٩٢٦/١/٢١بلاو بووەوە، و تا سالْی١٩٣٨بە بەردەوامی دەردەچوو، دواژمارەی کە ژمارە(٥٥٣)بوو لە ١٩٣٨/٣/١٠ بلاو بووەوە.(فاروق علی عمر:هەمان سەرچاوە،ل١٠٤،١٠٥،١٠٦)

[٦٣] ژیان : ژمارە (٩) ١٩٢٦/٣/١٨ ؛ (١٠) ١٩٢٦/٣/٢٥ .

[٦٤] ژیان : ژمارە (٨) ١٩٢٦/٣/١١ .

[٦٥] عبد الرزاق الحسنی : تأریخ الوزارات العراقية ، ج ٢ ط ٧ ، بغداد ، ل٥٠ ؛ لطفي جعفر فرج عبد الله : هەمان سەرچاوە ، ل٢٣٦-٢٣٧ .

لەبەر ئەوەی ئینگلیزو حکومەتی عێراق بەهەموو شێوەیەك چاودێری جم و جۆڵی ڕوناکبیرانی سلێمانیان دەکرد ، نەدەکرا ، هێندە بەئاسانی چالاکی سیاسی ئەنجام بدرێت ، بۆیە لەسەرەتاوە نیشتمانپەروەران پەنایان بۆتەرزە کۆمەڵ و ڕێکخراوێك دەبرد کە سیمایەکی سیاسی ئاشکرای نەبێت . هەر بۆیە لە ١ ی شوباتی ١٩٢٦ دا بە نوسراوێکی ڕەسمی داوای مۆڵەتی دامەزراندنی جەمعیەتێکیان کرد بە نێوی (جەمعیەتی زانستی کوردان) و لە ٢٤ ی شوباتی هەمان ساڵدا ڕێگایان پێدرا ، لە سەرەتاوە داواکاریەکە لەلایەن سێ ڕوناکبیری سلێمانیەوە پێشکەش کرابوو کە بریتی بوون لە (فائق مەعروف ، ڕەفیقی محامی ، ڕەمزی فەتاح) .

ئەم دەستەیە بەئاشکرا لە پەیڕەو پرۆگرامی خۆیاندا دانیان بەوەدا دەنا کە بە هیچ شێوەیەك دەست لە سیاسەت وەرنادەن و هیچ چالاکیەکی سیاسی ناوێنن ، مەبەستیان بلاوکردنەوەی زانست و زانیاری یە لە کوردستاندا لە ڕێگای (بلاوکردنەوەی ڕۆژنامە، نوسین و وەرگێڕانی کتێب، کردنەوەی قوتابخانە، ڕۆشنبیرکردنی خەڵکی) ، پاش ئەوەی بەنوسراوی ڕەسمی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە وەلامیان درایەوە. لە شەوی٣/٢ – ٤ – ١٩٢٦ دا ئاهەنگی کرانەوەی جەمعیەتی زانستی سازکراو لە ڕێکەوتی ١٩٢٦/٤/١٣ دەستەی بەڕێوەبەری جەمعیەت هەڵبژێردرا کە لەم ناوانە پێکدەهات :-

١- ئەحمەدبەگی تۆفیق بەگی موتەسەڕیف – سەرۆك .

٢- جەمال بابان – حاکم – جێگر .

٣- شێخ مستەفا قەرەداغی – قازی – ئەندام .

٤- حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا – ئەندام .

٥- عیزەت بەگی عوسمان پاشا – ئەندام .

٦- غەفور ئاغا - ئەندام .

٧- ڕەمزی فەتاح - ئەندام .

٨- فائق مەعروف بەگ - ژمێریار .

٩- ڕەفیق ئەفەندی - سكرتێر[٦٦] .

گەر هەڵوەستەیەك لە ئاست ناوی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر بكەین ، دەبینین سەرجەمیان خەڵكی بەرچاوو فەرمانبەری خاوەن پلەو پایەن ، هیچ مۆركێكی سیاسیان پێوە دیارنیە ، بەڵام دواتر لەسەر دەستی جەمال بەگی بابان ، كە جێگری سەرۆك بوو ، بەرەبەرە بەرەو بەسیاسی بوون بەكێش دەكراو سیمایەكی سیاسیشی پێ بەخشرا[٦٧] ، كە دواتر دەبینین خوێندكارانی مەكتەبی شەوانی زانستی ، چ ڕۆڵێكی بەرچاویان دەبێت لە جۆشدان و گەرم كردنی ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلولی بەردەركی سەرا[٦٨] ، ئەم مەكتەبی شەوە ، یەكێك بوو لەو خزمەتانەی جەمعیەتی زانستی كە كردبوویەوە بۆ ئەو كەسانەی بەڕۆژ لە بەر كاركردن و نان پەیدا كردن نەیان دەتوانی بخوێنن . بەشەو دەچوونە ئەو مەكتەبە.

شایانی باسە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری ئەم كۆمەڵەیە ، لەو ڕۆژگارەدا بەپێی بارودۆخی جولانەوەی نیشتمانی پێیان وابوو هەل و مەرجی نالەباری كوردستان واپێویست دەكات لە هەموو شت زیاتر بایەخ بە خوێندەواری و زانست بدەن ، ئەم ڕێگایەشیان بە چاكترین شێواز دەزانی بۆ گەیشتن بە كاروانی پێشكەوتن و ڕۆشنبیر كردنی كوردەواری[٦٩] . بەڵام ئەم

---

[٦٦] ڕۆژنامەی ژیان : ژمارەكانی (١١) ١٩٢٦/٤/١؛ (١٢) ١٩٢٦/٤/١٢ ؛ (١٣) ١٩٢٦/٤/٢٢

[٦٧] پی ڕەش : العراق دولة بالعنف ، ل ٤٤ .

[٦٨] غەفوری میرزا كەریم : كۆمەڵی زانستی لە سلێمانی، ل١١١ .

[٦٩] غەفوری میرزا كەریم : كۆمەڵی زانستی لە سلێمانی ، ل١١١ .

کۆمەڵەیە وێڕای خزمەتی زۆریان لە شاری سلێمانیدا ، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نەبوون ، چونکە ئەمان ماف ئەوەیان هەبوو لە دەرەوەی سنوری سلێمانیش لقی جەمعیەتی زانستی دابمەزرێنن و خزمەت بکەن ، بەڵام چالاکیەکانیان لە ئاستی سلێمانی نەچووە دەرەوە[٧٠] .

بەڵام دوای ئەوەی نیشتمانپەروەرانی کورد بەگشتی و سلێمانی بەتایبەتی ئەوەیان بۆ دەرکەوت . کە ئینگلیزو دەوڵەتی عێراق هیچ نیاز پاکیەکیان بەرامبەر بەکورد نیە، کەوتنەوە خۆئامادەکردن بۆ خەبات کردن ، کە لەو ڕۆژگارەدا ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی باکووری کوردستان لەژێر ستەمی کەمالیەکان هەڵاتبون و خۆیان گەیاندبووە باشوری کوردستان ، ئەمەش بۆخۆی فاکتەرێکی دیکەی ئەو گورو تینە بوون کە ڕوناکبیرانی گرتبۆوە[٧١] .

تەنانەت لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٥ دا (شێخ مەهدی) برای شێخ سەعیدی پیران سەردانی سلێمانی کردووەو ماوەیەکیش لە شارەکەدا ماوەتەوە ئەمەش کاری کردبووە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستان[٧٢] .

بەم شێوەیە ، ڕوناکبیران کەوتنەوە سەر بیری دامەزراندنی کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسی بۆ بەرگرتن بە سیاسەتی حکومەتی عێراق و بەریتانیا لەم بوارەشدا چەند کۆمەڵەو ڕێکخراوێك لە سلێمانیدا دامەزران کە بریتی بوون لە:-

[٧٠] چاو پێکەوتن لەگەڵ مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) ، کۆمەڵەی کەلەپوری کورد مامۆستا(حەمە صالح سعید) لە ڕێکەوتی ١٣/٢/١٩٢٢ ئەنجامی داوە ..

[٧١] د. عبد الفتاح علي يحى البوتاني : وثائق عن الحركة القومية الكوردية ، ل٣٤ .

[٧٢] ژیانەوە : ژمارە (١٥) ١٩٢٥/١٢/٣ .

١- جەمعیەتی پێشکەوتنی کوردان :

زانیاری زۆرکەم سەبارەت بەم کۆمەڵەیە لەبەردەستدایە ، کە لە دامەزراندن و پەیڕەو و پرۆگرامی بدوێ ، (کریس کۆچیرا) ئاماژەیەکی سەرپێیانە دەکات بۆ ئەم کۆمەڵەیە،کە لە ساڵی ١٩٢٦ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کۆمەڵەیەکی نهێنی بە نێوی (پێشکەوتن) ئاشکراکردووە ، کەبە مەبەستی خزمەتکردنی کورد دامەزراوە[٧٣] .

جگە لەم سەرچاوەیەش ، (پی ڕەش) بەهەمان شێوە باس لەوە دەکات کەوا کۆمەڵەیەك بەنێوی (پێشکەفتی) لەلایەن ئینگلیزەوە ئاشکرا کراوە[٧٤] .

بەڵام تەنها سەرچاوەیەك کە لە بەردەستدا بێت و بە وردی باس لەم کۆمەڵەیە بکات ، دەستنوسێکی نێو ئەرشیفەکەی (مستەفا صائیب) ە ، لەم بەڵگە نامەیەدا ، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت ، کەدوای هەڵوەشاندنەوەی (جەمعیەتی مودافەعەی وەتەن)، (جەمعیەتی پێشکەوتنی کوردان) وەك یەکەمین کۆمەڵەی سیاسی نهێنی لە باشوری کوردستاندا پێکهاتووە ، لە پرۆگرامەکەشیاندا ، بەئاشکرا باس لەوە دەکەن کە مەبەستیان بەدیهێنانی ماڧ ڕەوای گەلی کوردە ،وێڕای ئەوەی بڵاوکردنەوەی زانست و ڕوناکبیری ئامانجێکی جەمعیەتەکەیانە، هەرچەندە دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە بەریتانیایان بەڕێبەری خۆیان ناسیوە، بەڵام وەك بەڵگە نامەکە ئاماژەی پێدەکات لە یەکەم هەفتەی دامەزراندنیاندا لەلایەن سیخوڕەکانی ئینگلیزەوە ئاشکرا کراوەو، پرۆگرامەکەیان وێنەیەکی لەبەر گیراوەتەوەو دراوە بە موتەسەڕیفی سلێمانی. ئەمەش لە ڕێکەوتی ٧ کانوونی دووەمی ١٩٢٦ دا بووە . بەڵام بەحوکمی ئەوەی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیە بەریتانیایان بەڕێبەری خۆیان ناسیوە ، پێناچێت شێخ مەحمود هیچ

---

[٧٣] کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، وەرگێڕانی محمد ریانی، چ٢، تەهران ، ١٣٦٩، ل ١٨٣.

[٧٤] العراق دوله بالعنف ، ل٤٤ .

ئاگاداری ئەم کۆمەڵەیە بووبێ، هەرچەندە ناوی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری ئاشکرانەبووە . هۆکارێکی سەرەکی زوو ئاشکرا بوون و هەڵوەشاندنەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە پرۆگرامەکەیاندا باسیان لە (حقوقی مەشروعە) ی کورد کردووە، ئەوکاتەش نە ئینگلیزو نە حکومەتی عێراق ئامادەنەبوون بەهیچ شێوەیەك گوێ بیستی ئەم دەستەواژەیە بن[٧٥] .

حکومەتی عێراق و ئینگلیز نەك ڕێگایان بە دامەزراندنی هیچ ڕێکخراوێك نەدەدا ، بەڵکو ، هەچ کەسێك بۆنی نیشتمان پەروەری لێبهاتایە دووریان دەخستەوە ،تەنانەت (حاجی مستەفا پاشا یامولکی) کە پڕو پاگەندەی ئەوەی بۆ دەکرا پیاوی ئینگلیزە ، کاتێك دەستەیەك لە پیاو ماقوڵانی سلێمانی و بازرگانەکان، لای خۆیانەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردرا . وەك نوێنەری سلێمانی[٧٦] . (شافەیسەڵ) بە هەموو شێوەیەك ئەو مەسەلەیەی ڕەتکردەوەو نەیهێشت ببێت بە ئەندامی پەرلەمان[٧٧] .

٢- جەمعیەتی زەردەشتی :-

سەبارەت بە مێژووی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە ، دوو بیروڕا هەیە :

یەکەمیان ئەو ڕایەی (مستەفا صائب) ە کە دەڵێت : "ئەندازیار بووم لە بەغدا ساڵی ١٩٢٦ گەڕامەوە سلێمانی لەگەڵ چەند لاوێکی نیشتمانپەروەردا ، کۆمەڵەیەکی نهێنیمان دامەزراند بەناوی کۆمەڵەی (زەردەشتی) ، خۆم بووم بە (موعتەمید)[٧٨] ". بەڵام شێخ سەلامی شاعیر لە

---

[٧٥] کەمال ڕەئووف محەمەد :جەمعیەتی پێشکەوتنی کوردان ، کوردستانی نوێ ، ژمارە ١٤٦٢-١٤٦٣ ، ١٩٩٧/٦/١٤ ، ١٩٩٧/٩/١٦ .

[٧٦] ڕۆژنامەی ژیان : ژمارە (٥) ، ١٩٢٦/٢/١٨ .

[٧٧] کەمال ڕەئووف محەمەد :جەمعیەتی پێشکەوتنی کوردان ، کوردستانی نوێ ، (١٤٦٢) .

[٧٨] ئارام : کۆمەڵەی زەردەشت لەمێژووی کورددا ، بەیان ، ژمارە (١٩) ١٩٧٤ ، ل٨ .

پێشەكی دیوانەكەیدا دەڵێت : "ئەم كۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٢٨ دا دامەزراوەو من بووم بە موعتەمید" [٧٩] . بەڵام هیچ بەڵگەیەكی دیكە بۆ سەلماندنی قسەكەی لە ئارادا نیە ، هەر بۆیە ، قسەكەی (مستەفا سائیب) كە دەڵێت : ئەم جەمعیەتە لە ساڵی ١٩٢٦ دامەزراوەو تا ساڵی ١٩٢٩ لە كاردا بووە ، گەواهیەكی ڕاستترە [٨٠] .

دەستەی دامەزرێنەری ئەم كۆمەڵەیە بریتی بوون لە :- (شەوكەت بەگی عەزمی بەگی بابان ، عوسمان فایەق ، فوئاد مەستی ، شێخ سەلامی شاعیر ، كەریم سەعید ، كەریم شالوم، عەبدولواحید نوری، كامیل حەسەن ، ئەحمەد عەزیز ئاغا [٨١] و ئیسماعیل حەقی شاوەیس) [٨٢]. شێخ مەحمودی بەرزنجی كاتێك بە هەواڵی ئەم كۆمەڵەیەی زانیوە داوای كردووە ، لە ڕیزەكانیدا قەبوڵ بكرێت،ئەوانیش بە تێكڕای دەنگ بەسەرۆكی فەخری قەبوڵیان كردووە [٨٣] .

مەڵبەندی سەرەكی (جەمعیەتی زەردەشتی) لە بەغدا بووە، بەڵام دوولقی لەسلێمانی و هەولێر بووە و ئامانجی هەرەسەرەكیان ، بەدیهێنانی (موختاریەتی ئیدارە) بووە بۆ كورد ، كە بەگوزارشتی ئەوسەردەمە مانای (ئۆتۆنۆمی) گەیاندووە ، لەم پێناوەشدا دەستی كردووە بە بڵاوكردنەوەی بەیاننامەو پەیوەندی كردن لەگەڵ هۆزو سەركردە كوردەكاندا ، لەم بوارەشدا نامەیان ناردووە بۆ (مەحمود خانی كانی سانان) و (شێخ مەحمود)،

---

[٧٩] دیوانی شێخ سەلام : بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل١٥ .

[٨٠] سدیق سالح : كامیل حەسەن، لاپەڕەیەكی ون گۆڤاری هەزار مێرد، ژمارە (٨) ١٩٩٩، ل٢٩.

[٨١] د. كەمال مەزهەر : صفحات یرویها الأستاذ فؤاد مستی ، التآخی عدد (١٥٨٢) ، ١٩٧٤/١/٢١ ؛ ئارام : كۆمەڵەی زەردەشت لەمێژووی كوردا ، بەیان ، ژمارە (١٩) ١٩٧٤ ،ل٨ ؛ سدیق سالح : كامیل حەسەن ، لاپەڕەیەكیون،ل١٧.

[٨٢] د. كەمال مەزهەر : خێرو بێری ڕاپۆرنوسێكی كورد ، بەشی دووەم ، گۆڤاری ڕەنگین ، (٩٠) ، ١٩٩٦ ، ل٧٠٦.

[٨٣] د. كەمال مەزهەر : صفحات من الماضی... التآخی (١٥٨٢) .

جگەلەوە، ویستویانە لە ڕێگای ئەم کۆمەڵەیەوە دژایەتی ڕەوتی تورکچێتی و تورکخواکان بکەن لە کوردستاندا[٨٤]. تەنانەت کاتێك ئینگلیزەکان ویستیان لە ساڵی ١٩٢٨ بۆ مەبەستی خۆیان شێخ مەحمود هان بدەن لە حکومەتی عێراق ڕاپەڕێت کە ئەو کاتە لە (پیران) دادەنیشت ، لەلایەن (جەمعیەتی زەردەشتیەوە) ، چەند خاڵێکیان بۆ گەلاڵە کردووەو بۆیان ڕەوانە کردووە تاوەکو لەسەر بنەمای ئەوخاڵانە داواکاریەکانی کورد بخاتە بەردەستی ئینگلیزەکان و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات[٨٥]. بەڵام د. کەمال مەزهەر بەپێ ی ئەو بەڵگەنامانەی بەردەستی کەوتووە دەڵێت : "کۆمەڵەی زەردەشتی داوایان لە شێخ مەحمود کردووە کە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت نەکات و لەگەڵیان ڕێك نەکەوێت ، چونکە نیازیان لەگەڵ کورد پاك نیە[٨٦]". بەڵام مەسەلەیەك کە مایەی تێڕامانە لە جم و جۆڵ و چالاکیەکانی ئەم ڕێکخراوە ، ئەوەیە ، کە وایان بەچاك زانیوە بنکەی چالاکیەکانیان بگوازنەوە شاری (سنە) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چاویان لەوەبووە کە ئێران یارمەتیان بداو باربویان بکات[٨٧]. هەروەها باس لەوەدەکرێت کە بەنیازبوون لەشاری (سنە) ڕۆژنامەیەك چاپ بکەن وەك زمانحاڵی جەمعیەتی زەردەشت ، بە نێوی (سخن)[٨٨]. لێرەدا واپێدەچێت دووهێڵ لە ڕیزەکانی ئەم کۆمەڵەیەدا هەبووە بێت ، هێڵێکی نەتەوە پەروەر ژێرو کارامە[٨٩]. هێڵی دووەمیش ئەوانەبوون کە پەیوەندیان بە (ئاسف ئەعزەمی سنەیی) ئێران و باڵیۆزخانەی ئێران لە بەغدا هەبووە[٩٠]. لێرەدا بۆ ڕاستی هەبوونی دووهێڵ لەم کۆمەڵەیەدا ،

---

[٨٤] خێرو بێری ڕاپۆرنوسێکی کورد ، بەشی دووەم ، گۆڤاری ڕەنگین ، (٩٠) ، ١٩٩٦ ، ل٧؛ ئارام : کۆمەڵەی زەردەشت لە مێژووی کوردا ، بەیان ،ل٨

[٨٥] ئارام : سەرچاوەی پێشوو ، ل٨ .

[٨٦] د. کەمال مەزهەر : خێرو بێری ڕاپۆرنوسێکی کورد ، ب٢ ، ڕەنگین (٩٠) ، ل ٧٠٦ .

[٨٧] دیوانی شێخ سەلام: ل١٢؛ یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید ، ل ١٧٩ .

[٨٨] دیوانی شێخ سەلام ،ل١٨ .

[٨٩] کمال ڕەئووف محەمەد : مستەفا صائب ئەستێرە گەشەی کورد، سلێمانی ،١٩٩٨، ل ١٧.

[٩٠] کمال ڕەئووف محەمەد : مستەفا صائب ئەستێرە گەشەی کورد ، ل١٧ .

دەتوانین پشت بەقسەیەکی فوئاد مەستی ببەستین ، کەدەڵێت : "هەندێ لە ڕۆشنبیران پێیان وابوو ، قورسایی خەبات بگوازینەوە کوردستانی ئێران، چونکە لاوازترین ئەڵقە بوو بۆ سەپاندنی ئیرادەی کوردو باشترو زیاتر بەرەنگاربوونەوەی ئینگلیز" [91] . وا پێدەچێت ئەندامانی ئەم هێڵە کەوتبنە هەڵەی گەورەوە ، چونکە ڕووداوەکانی کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکان ئەوەیان دەرخست کە ئێران ئەولایەنە نیە پشتی پێ ببەسترێت[92] .

جەمعیەتی زەردەشتی ساڵی ١٩٢٩ لە لایەن ئینگلیزەکانەوە ، ئاشکرا کراو کەوتنە دوورخستنەوەی ئەندامەکانی و قەدەغە کردنی[93]، چونکە مەترسیەکی گەورەی هەبوو بۆ سەریان . تەنانەت (جەمعیەتی زەردەشت) ڕایەڵی پەیوەندیەکانی خۆی هێندە فراوان کردبۆوە ، وێڕای ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و لایەنگرانی پەیوەندی لەگەڵ هۆزە کوردەکانیش هەبووە وەك (هەمەوەندو پشدەریەکان) ویستویانە شارۆچکەی ڕەواندوز بکەنە بنکەیەك بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ کوردەکانی باکوردا[94].تەنانەت پەیوەندیان لەگەڵ کوردەکانی (سوریاو لوبنان و ئێران) یشدا هەبوو ، هەر بۆیە ئینگلیزەکان ئاوەها بەزوویی هەڵیان وەشاندەوە[95] .

---

[91] د. کەمال مەزهەر : صفحات من الماضي يرويها... التآخي ، عدد (١٥٨٢) .
[92] د. کەمال مەزهەر : خێرو بێری ڕاپۆرنوسێکی کورد ، ب٢ ، ڕەنگین (٩٠) ، ل٦– ٧ .
[93] ئارام : کۆمەڵەی زەردەشت لە مێژووی کورددا ، ل ٨.
[94] د. کەمال مەزهەر : خێرو بێری ڕاپۆرنوسێکی کورد ، ب٤ ، ڕەنگین (٩٢) ، ١٩٩٦ . ل٧.
[95] کمال ڕەئووف محەمەد : مستەفا صائب ، ل١٦.

٣- لقی (خۆیبون) له سلێمانی :-

ساڵی ١٩٢٧، سەرانی چەند ڕێکخراوێکی سیاسی کوردی کۆنگرەیەکیان لەهاوینە هەواری (بحمدن) بەست له (لوبنان) ،ئەم کونگرەیە، ماوەی (٤٥)ڕۆژی خایاند له ئاکامدا دروست بونی ڕێخراوێکی سیاسی گەورەو فراوانی لێ کەوتەوە بەناوی (خۆیبون)[٩٦]، کەئامانجی ئەوە بوو سوود له شکستەکانی ڕابردوو وەربگرێت و لەسەر بنەمایەکی نەتەوەیی خەبات بکات، هەر بۆیە دوان له دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوە خەڵکی سلێمانی بوون، به نێوی (کەریم شالوم)و(کامیل حەسەن)، که پێکەوە له بەغداوە بەرەو شام بەڕێ کەوتبون و چوبوونە (بەیروت)و پاش بەشداربونیان له کونگرەی دامەزراندنی (خۆیبون) گەڕاونەتەوە بەغداد، که ئەو کات (کامیل حەسەن) ئەفسەر بووە له ڕیزەکانی سوپای عیراقدا،هەر بۆیە خۆیبون وێڕای لقەکانی له سوریاو لوبنان و ئەمەریکاو چەند وڵاتێکی ئەوروپی، لقێکی له شاری (سلێمانی) هەبوە[٩٧] کەبۆ خۆشاردنەوەو شوێنەونی ناویان لێناوە (شوعبەی فیدائی ژمارە یەك)[٩٨].

ئەندامانی لقی سلێمانی کۆمەڵەی خۆیبون لەژمارەیەك ڕوناك بیری کورد پەروەر پێك هاتیبون وەك:

١-مستەفا صائیب	- سەرۆکی لق
٢-شێخ سەلامی شاعیر	- سکرتێر
٣-غەنی شاڵی	- ئەمین سندوق
٤-عوسمان فایەق	- ئەندام
٥-عەلی عیرفان	- ئەندام

[٩٦] د. عبد الستار طاهر شریف : هەمان سەرچاوە ، ل٦٤ ؛ زنار سلوپی : هەمان سەر چاوە ، ل١٣٤ ؛ بلەج شێرکۆ : کێشەی مێژینەوئێستای کورد ، وەرگێڕانی ، محمد حەمە باقی ،چ٣ ، کوردستانی عێراق ،١٩٩٢، ل٨٨ ؛ لازاریف وأخرون: الحرکة الکردیة فی عصرالحدیث، ل١٦٤ .

[٩٧] سدیق ساڵح : کامیل حەسەن ، لاپەڕەیەکی وون گۆڤاری هەزار مێرد ، ژمارە (٨) ، ل٢٠ .

[٩٨] د. کەمال مەزهەر : خێرو بێری ڕاپۆرنوسێکی کورد ، ب١ ، ڕەنگین ژمارە (٨٨) ، ساڵی ١٩٩٦ ، ل١٤ .

٦-فوئاد مەستی – ئەندام
٧-کەریمی سەعید بەگ – ئەندام
٨-سەیدئیبراهیم – ئەندام
٩-شێخ عەزیزئەفەندی – ئەندام
١٠-واحیدئەفەندی، – ئەندام
١١-عەلی ئاغا، –ئەندام
١٢-حاجی سالح، –ئەندام
١٣-عەزمی بەگی بابان، –ئەندام
١٤-شەوکەتی عەزمی بەگی بابان، –ئەندام
١٥-جەلال فەتاح ئەفەندی، –ئەندام
١٦-ئەحمەدی عەزیز ئاغا، –ئەندام
١٧-شێخ مارف، –ئەندام
١٨-کەریم شالوم، –ئەندام

لێرەدا د. کەمال مەزهەر ، بەپێ ی بەڵگەنامەی بەردەستی دەڵێت : هەژدەکەس بوون[٩٩] ، بەڵام وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد (کامیل حەسەن) ی ئەفسەری سوپای عێراقیش لە دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوەکەدا بووە[١٠٠] ، هەر بۆیە ڕێی تێناچێت ، ناوبراو لە دەستەی بەڕێوەبەری لقی سلێمانیدا نەبووبێت . کەواتە دەبێت دەستەی بەڕێوەبەر لە هەژدە کەس زیاتر بووبن .

ئەندامانی ئەم لقە لەنێو خۆیاندا لە سلێمانی دەستەواژەی (سنجوق ئەسێنین) یان وەك نهێنی بەکارهێناوە بۆیەکتر ناسینەوە ، کە ئەم دەستەواژەیە واتا هاتووین سجوق بکڕین[١٠١] . پێدەچێت لەم نەریتەیاندا لاسایی (ماسۆنیەکان)یان کردبێتەوە.

ئەم دەستەواژە نهێنیەش بۆ خۆی بەڵگەیەکی دیکەیە ، کە ئەندامانی ئەم لقە ژمارەیان زۆر بووەو هەموویان یەکتریان نەناسیوە . بۆیە لەنێو خۆیاندا بۆ یەکتر ناسینەوەو لێك ئاشکرا بوون ، پەنایان بۆ نهێنی بردووە .

---

[٩٩] سەر چاوە ی پێشوو،ل١٤.

[١٠٠] سدیق سالح : کامیل حەسەن ، لاپەڕەیەکی ون ، گۆڤاری هەزار مێرد ، ژمارە (٨) ، ل٢٠.

[١٠١] د. کەمال مەزهەر : خێرو بێری ڕاپۆرنوسێکی کورد ، ب١ ، ڕەنگین ژمارە (٨٨) ، ساڵی ١٩٩٦ ، ل١٤.

باسی سێیەم

ڕاپەڕینی ٦ ی ئەیلولی ١٩٣٠ (بەردەرگی سەرا) :-

١- هۆکارەکانی ڕاپەڕینەکە :-

حکومەتی عێراق تا دەهات زیاتر پشتی لە بەڵێنەکانی خۆی دەکرد ، سەبارەت بەکورد کە دەبوایە بەپێی ڕاسپاردەکانی لیژنەکەی (کۆمەڵەی گەلان) بۆی دەستەبەر بکردایە[١٠٢] .

بەم شێوەیە جارێکی دیکە هەل و مەرجێکی واهاتە کایەوە کە گەلی کورد بەگشتی و خەڵکی سلێمانی بەتایبەتی بێ دەنگ نەبن لەئاستیدا و بکەونە گەڕ، هەرچەندە لە ئەنجامی ڕاودوونان و چاودێری بەردەوام یەك لە دوای یەك کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردیەکانی سلێمانی ئاشکرا دەبوون و هەڵدەوەشێنرانەوە .

لەو ڕۆژانەدا (ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ) موتەسەرڕیفی سلێمانی بوو بارودۆخی شارەکە باش نەبوو .

وا پێدەچێت کە ناو براو نەیاری زۆر بوبێت ، چونکە خەڵکی لە کۆڕو کۆبونوەکانی خۆیاندا بە خراپە باسیان دەکرد و ئیدارەکەیان بەدڵ نەبوو[١٠٣] .

سەبارەت بە بێ بەڵێنی حکومەتی عێراقیش ، ئەوا لە کاتێکدا دەبوایە فەرمانبەران و موچە خۆرانی نێوچە کوردیەکان . لە کوردەکان خۆیان بێت ، کەچی لەکۆی (٧٣١) فەرمان بەر تەنها (٣٢٤) یان کورد بوون ، ئەوانی دی کە عەرەب و تورکمان و ئاسوری بوون[١٠٤] .

هەر ئەمەش وایکرد پەرلەمانتارە کوردەکان ، چەند جارێك یاداشت پێشکەش بە سەرۆك وەزیرانی عێراق ونوێنەری باڵای بەرتانیا لە عێراق

---

[١٠٢] د. عبد الفتاح علی یحی: وثائق عن الحرکة القومیة الکوردیة ، ل٣٣ ؛ محمد ئەمین زەکی : دوو تەقەلای بێسوود ، گۆڤاری هەزار مێرد ، ژمارە (٤) ١٩٩٨، ل٦٢ .

[١٠٣] د. کەمال مەزهەر : خێرو بێری ڕاپۆرنوسێکی کورد ، ڕەنگین (٩٢) ، ل٧.

[١٠٤] وەلید حەمدی : هەمان سەر چاوە ، ل ١٨٨-١٨٩.

بکەن و تیایدا داوای جێبەجێ کردنی ڕاسپاردەکانی (کۆمەڵەی گەلان) بکەن ، بەڵام داوا کەیان پشت گوێ دەخرا [١٠٥] .

بۆ نمونە لە ڕێکەوتی ٤ی نیسانی ١٩٢٩ دا شەش پەرلەمانتاری کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا یاداشتێکی گرنگیان دا بە سەرەك وەزیرانی عێراق ، دەربارەی مافەکانی کورد .

جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٣٠ دا دوو بارە نوێنەرانی کورد ڕاپۆرتێکیان پێشکەشی نوێنەری باڵا کرد ، بەڵام دووبارە ئاوڕیان لێنە درایەوە ، بۆ جاری سێیەم لە مانگی ئازاری ١٩٣٠ دا هەمان دەستە ڕاپۆرتێکی دیکەیان پێشکەش بە سەرەك وەزیرانی عێراق کرد و داوای جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلانیان دەکرد، ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە چەند داواکاریەکی تێدا بوو کە بریتی بوو لە :-

١. دروست کردنی لیوایەکی نوێ ، کە (دهۆك) مەڵبەندەکەی بێت .

٢. دامەزراندنی بەڕێوە بەرایەتی مەعاریفی کوردستان ، کە بەڕێوەبەرەکەی کورد بێت...

٣. یەکخستنی ئیدارەی هەر چوار لیواکە (سلێمانی ، کەرکوك ، هەولێر، دهۆك).

٤. تەرخان کردنی بودجەی تایبەت بۆ کوردستان [١٠٦] ....

بەڵام داوا کارییەکانی نوێنەرانی کورد بوو بووە هۆی ناڕەزایی و گلەیی عەرەبە ناسیۆنالیستەکان کە (یاسین الهاشمی) سەرۆکی (حزب الشعب) نوێنەرایەتی دەکردن [١٠٧].

ئیدی ئەم بارو دۆخە وای کرد لەکۆتایی بیستەکاندا بزوتنەوەی کوردایەتی بە گڕوتینێکی نوێوە بێتەوە نێو گۆڕەپانەکە [١٠٨].

---

[١٠٥] عبد الرزاق الحسنی : تأريخ الوزارات العراقية ، ج ٣ ، ل٦٤ .

[١٠٦] سەر چاوەی پێشوو ، ل٦٥-٦٦ .

[١٠٧] د. عبد الفتاح علی يحی: وثائق عن الحركة القومية الكوردية ، ل٣٣ .

[١٠٨] د. کەمال مەزهەر : کورد لە دروشمی ڕژێمی پاشایەتیدا ، ڕەنگین ، ژمارە (١١٠) ، ١٩٩٨ ، ل١٠ .

وەك لە بەڵگە نامەیەكی ئینگلیزدا ئاشكرا دەبێت ، هەندێك لە پەرلەمانتارە كوردەكان پێیان وا بووە ، بەریتانیا سیاسەتی لەئاست كورددا گۆڕیوە و بەنیازە مافەكانی گەلی كورد دەستەبەر بكات [١٠٩].

بەڵام كاتێك دەنگو باسی ئەوە بڵاوبۆتەوە كە گفتوگۆ لە نێوان حكومەتی عێراق و بەریتانیادا لەئارا دایە بەمەبەستی مۆركردنی پەیمانامەیەكی نوێ ، كە دەبێت بەپێی ئەو پەیماننامە نوێیە ئینتیدابی ئینگلیز لە عێراقدا كۆتایی پێبێت و عێراق ببێت بە ئەندام لە (كۆمەڵی گەلان) دا ، ئەوە بوو لە ڕێكەوتی ٣٠ حوزەیرانی ١٩٣٠ دا پەیمانەكە مۆر كرا [١١٠].

بەڵام كاتێك ناوەڕۆكی پەیمان نامەكە بڵاوبوو بووە ، دەركەوت كە بە هیچ شێوەیەك باس لە كوردو مافەكانی ناكات ، ئەمەش وای كرد ، ژمارەیەكی یەكجار زۆر سكاڵاو بروسكە و بیر خەرەوە ئاراستەی سەرەك وەزیرانی عێراق و مندوبی سامی بەریتانیا (هەمفرین) بكرێت [١١١].

كە لە هەندێكیاندا بە ئاشكرا داوای پێكهێنانی حكومەتێكی سەربەخۆی كوردی دەكەن لەژێر سایەی (كۆمەڵەی گەلان) دا [١١٢].

جگە لەمانەش چەندین بروسكەو یاداشتی دیكە لەلایەن گەورە پیاوان و ڕوناكبیرانی كوردی خەڵكی سلێمانیەوە ئاراستەی (كۆمەڵەی گەلان) كراو تیایدا داوای دەستەبەر كردنی مافەكانی گەلی كوردیان دەكرد ،لەم هەڵمەتەشدا (حەپسەخانی نەقیب) ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو [١١٣].

تەنانەت بە سەرۆكایەتی (حەپسەخانی نەقیب) لە ١٩٣٠/٦/٢٨ دا (كۆمەڵی ئافرەتانی كورد) پێكهاتووە لە سلێمانیدا و (حەپسەخانی

---

[١٠٩] ڕەسوڵ هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان ، ب٢ ، ل٦٠٦ ؛ جلال الطالبانی : هەمان سەرچاوە ، ل١٠١.

[١١٠] عبد الرزاق الحسني : تأريخ الوزارات العراقية ، ج٣ ، ل٢١.

[١١١] سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٩ .

[١١٢] سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٠ .

[١١٣] یادداشتەكانی شێخ قادری حەفید ، ل٦٤ .

عیرفانەفەنی)* خێزانی جمیل صائب ، سکرتێری بووە ، بارەگاشیان هەبووە[114] .

چالاکیەکانی ڕوناکبیرانی سلێمانی لەو ڕۆژانەدا تەنها لە سلێمانیدا قەتیس نەبووە ، بەڵکو ڕوناکبیرانی ئەم شارە لە شوێنەکانی دیکەش شوێن پەنجەیان دیاربووە ، بۆ نمونە لە ساڵی (١٩٣٠) لە موسڵ (ئیسماعیل حەقی شاوەیس و مەحمود جەودەت و فائق کاکە ئەمین و محەمەد علي کوردي و ئەمین ڕەواندوزی) ڕێکخراوێکی نهێنیان پێکهێنا بە نێوی (کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان)** بەمەبەستی هاندانی کورد بۆ داواکردنی مافە ڕەواکانی ، لەم پێناوەشدا پەیوەندیان کردووە بە ڕوناکبیران و سیاسەتمەدارانی کورد لە شارەکانی دیکە ،وەك (ڕەفیق حلمی ، ئەحمەد خواجە ، ئەحمەد فەخری) و داوایان لێکردوون لقی کۆمەڵەکە لە شارەکانی دیکە دابمەزرێنن[115] .

ڕۆژگاری پێش ٦ ی ئەیلول بارو دۆخی سلێمانی زۆر نائارام بووە و خەڵکی دڵگیرو پەست بوون ، چونکە پەیمانی ١٩٣٠ مافی کوردی فەرامۆش کردبوو[116] .

جگە لەوەش فاکتەرێکی دیکەی ناهەمواری بارودۆخی سلێمانی ، بۆ ئەو قەیرانە ئابووریە گەڕاوەتەوە کە کوردستان وعێراقیشی گرتبۆوە ، لەئاکامی کێشە ئابووریەکانی جیهان کە لەساڵی ١٩٢٩ بە دواوە جیهان گیرۆدەی ببوو ، بێگومان لە هەموان زیاتر چینی هەژار ڕووبەڕوی

---

* کچی عیرفانەفەندی یەو خێزانی (جەمیل صائب)ە، لەساڵی١٩٠٢ لەسلێمانی لە بنەماڵەیەکی ئایینی لەدایك بووە، ژنێکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار بووەو لە زۆربەی ڕوداوەکانی سەردەمی خۆیدا ڕۆڵی بینیوە،(درەخشان جەلال حەفید: هەمان سەرچاوە،ل٧٢).

[114] ڕەسوڵ هاوار :شێخ مەحمودی قارەمان ، ب٢، ل٦٠٣ .

** ئەم کۆمەڵەیە جیاوازەلەو کۆمەڵەیەی لە ساڵی ١٩٢٦ لە سلێمانی پێکهاتووە.(توێژەر).

[115] د. کمال مەزهەر : الاستاذ اسماعیل حقی شاویس یروی صفحات من نضاله ، التآخی ، ژمارە (١٤٦٠) ١٩٧٣ .

[116] ڕەسوڵ هاوار :شێخ مەحمودی قارەمان ، ب٢، ل٧١٠ .

نەهامەتیەکانی ببۆوە ، بازاڕی کوردستان کز ببوو ، نرخی توتن لە کوردستاندا شەش هێندەی جاران دابەزیبوو، ئەم حاڵەتەش زۆر بەخراپی بەسەر گوزەرانی خەڵکیدا شکابووەوە [١١٧].

لەو ڕۆژگارە دژوارەدا ، حکومەتی عێراق لە ڕێکەوتی ١١ ی مایسی١٩٣٠ دا(تۆفیق وەهبی) کرد بە موتەسەڕیفی سلێمانی لە شوێنی (ئەحمەد عوسمان هەولێری) [١١٨].

خەڵکی سلێمانی هاتنی (تۆفیق وەهبی) یان زۆر لا خۆشبوو ، خەڵکانێکی زۆریش چوون بۆپێشوازی کردنی ، ئەو ماوەیەش کە لە سلێمانی بوو ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە برەوپێدانی چالاکی ڕۆشنبیری و سیاسی بۆ داواکردنی مافەکانی کورد [١١٩].

بۆیە ئینگلیزەکان و حکومەتی عێراقیش پێیان وابوو ، ناو براو ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە هاندانی خەڵکی سلێمانی بۆ بەشداری نەکردن لەو هەڵبژاردنەی بەنیازبوون بۆپێکهێنانی پەرلەمانی نوێ لە عێراقدا ئەنجامی بدەن ، لە کاتێکدا وەك خۆی بۆ(ڕەسووڵ هاوار) ی باس کردووە ، ئەو ڕۆڵەی نەبووە [١٢٠] ، ئەو کاتەش حکومەتی عێراق ئەو هەڵبژاردنەی زۆر لامەبەست بوو ، چونکە بەپێیفەرمانێکی (فەیسەڵ) لە ١/٧ /١٩٣٠ دا پەرلەمان هەڵوەشێندرا بۆوە ، دەبوایە لە ماوەی دوو مانگدا پەرلەمانی نوێ هەڵبژێردرێت و پەیماننامەی نوێ مۆر بکات ، هەر بۆیە لە ١٩٣٠/٨/٢١ دا لەسەر کار لایان بردوو بانگیان کردەوە بۆ بغدا ، لە شوێنی ئەو (گاون) ی موفەتیشی ئینگلیز کرایە وەکیلی موتەسەڕیف [١٢١].

[١١٧] ئازاد محمد عبدالرحمن : ڕاپەڕینی شەشی ئەیلول و ڕەنگدانەوەی لە شیعری کوردیدا ، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئیبن رشد ، زانکۆیبەغدا (بلاونەکراوەتەوە) ، ١٩٩٨ ، ل١٩.

[١١٨] جەمال بابان : شارە گەشاوەکەم ، ب٢ ل٢٧٤ .

[١١٩] نەوشیروان مستەفا ئەمین:کوردستانیعێراق سەردەمی قەڵەم و موراجەعات ،(١٩٢٨-١٩٣١)،سلێمانی١٩٩٩،ل٥٣ ؛ میرزا ئەمین مەنگوڕی : هەمان سەرچاوە ، ل١٨ .

[١٢٠] ڕەسوڵ هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان ، ب٢، ل ٧١٥-٧١٦ .

[١٢١] ڕەسوڵ هاوار :شێخ مەحمودی قارەمان ،ب٢، ل٧١٤ ؛معروف چیاوك :مأساة بارزان المظلومة،ط٢، ٢٠٠١،ل٨٦.

لەو سەروبەندەدا ، ڕوناكبیران و پیاو ماقوڵانی سلێمانی بە مەبەستی خۆ ڕێكخستن ئەكەونەوە خۆیان و چەند جارێ لەماڵی (عەزمی بەگی بابان) كۆدەبنەوە سەبارەت بە دوا ڕۆژی كورد دەدوێن ، بەتایبەتی دوای تەواوبوونی ئینتیداب و سەربەخۆیی عێراق ، دوای ڕاوێژ كردن لە ناو خۆیاندا ، دەستەیەك پێكدێنن بە ناوی (هەیئەتی وەطەنییە) و عەزمی بەگی بابان هەڵدەبژێرن و دەبێتە سەرۆكیان ، ئەم هەیئەتە باوەڕی بە بەكارهێنانی توندو تیژی نەبووە ، وەكو عیزەت بەگی جاف وتوویەتی "ئەم جارە سیلاح و تفەنگمان قەڵەم ومورا‌جەعاتە " ئەمانە پەیوەندیەكی فراوانیشیان لەگەڵ سەرەك هۆزە كوردەكان دروست كرد [١٢٢]

لەمانگی تەمموزی ساڵی ١٩٣٠ دا ئەمیر (غازی) سەردانی سلێمانی كرد بەمەبەستی هێوركردنەوەی خەڵكەكەی ، بەڵام بەر لەوەی بگاتە سلێمانی، (هەیئەی وەطەنییە) بەم بۆنەیەوە بەیاننامەیەكی دەركرد و تیایدا مافەكانی گەلی كوردی خستبووە پێش چاو و داوای خۆ ئامادەكردنی كرد بۆ خۆ پیشاندانێكی هێمنانە ، كاتێك ئەمیر (غازی) گەیشتە ناو شار و پێشوازی لێكرا لە لایەن حكومەتەوە ، جەماوەر بە ڕێپێوانێكی هێمنانەو لەسەر خۆ و ئارام لە بەر دەركی سەرادا كۆبونەوە و داوای مافی كوردیان دەكرد ، لە بری جەماوەریش هەر یەك لە (میرزا تۆفیق قەزاز) و (ڕەمزی فەتاح) داوایان لە (غازی) كرد دەنگیان بگەیەنێتە دەسەڵاتداران [١٢٣] .

لەم كاتەدا حكومەت پەلەی بوو دەبوایە لە ١٠ی ئەیلولی١٩٣٠ پرۆسەی هەڵبژاردن كۆتایی پێ بێنێت ، تاوەكو پەیماننامەكە مۆر بكات [١٢٤] .

هەر بۆیە ئەم بارودۆخە نالەبارە لە بەرژەوەندی حكومەتدا نەبوو ، هەر ئەمەش وایكرد لە ٥ی ئابی ١٩٣٠ بڕیاربدەن كەوا هەیئەتێكی هاوبەش لە حكومەتی عێراق و بەریتانیا سەردانی شارە كوردیەكان بكەن ، بۆ ئەم مەبەستەش هەریەك لە (جەعفەر عەسكەری) جێگری سەرەك وەزیران و

---

[١٢٢] نەوشیروان مستەفا ئەمین : سەردەمی قەڵەم و مورا‌جەعات ، ل ٥٥ .

[١٢٣] سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧ .

[١٢٤] عبد الرزاق الحسنی : تأریخ الوزارات العراقیة ، ج٣ ، ل٦٧ .

(جەمیل مەدفەعی و جەمال بابان) بەیاوەری (مێجەر یانگ) ی وەکیلی نوێنەری باڵای ئینگلیز لە عێراقدا ، گەیشتنە کوردستان و سەرەتا چونە کەرکوك ، دوای بیستنی بیروڕای خەڵکەکەی ، ئینجا ڕوویان کردە هەولێر ، لەوێش بەهەمان شێوە دیدەنی خەڵکی شارەکەیان کردو گوێیان لە بیرو بۆچونیان گرت ، ئەوە بوو (خدر بەگی دزەیی) هەستایە سەرپێ و ووتی "خەڵکی سلێمانی چیان دەوێت ئێمەش ئەوەمان دەوێت[١٢٥] " لە دوا وێستگەدا گەیشتنە سلێمانی لە ڕێکەوتی ١٠ ی ئابی ١٩٣٠ خەڵکێکی زۆر لەپێشوازیاندا ڕاوەستابوون ، داوای سەربەخۆییان دەکرد لە ژێر سایەی بەریتانیادا[١٢٦] . (هەیئەتی وەطنیە) ئامادە بوون و (ڕەمزی فەتاح)یان دەستنیشان کرد کە لەبری ئەوان لەگەڵ وەفدەکەدا بدوێت ، یەکەم جار سەرەك وەزیرانی عێراق قسەی کردو دوای ئەویش(مێجەریانگ) ، بەهەمان شێوە وتەیەکی خوێندەوە ، دەستبەجێ ووشە بەوشە دەکرا بەکوردی ، دواتریش بۆ جاری دووەم جەعفەر عەسکەری قسەی کردوو، بەڵێنی دا کە حکومەتی عێراق گفتەکانی خۆی لە پێش چاو دەگرێت، بەڵام ئەوەشی بە ئامادە بووەکان ڕاگەیاند کە دژی هەموو ویست و داخوازیەکیشن ، کە مەترسی هەبێت بۆ سەر یەکێتی خاکی عێراق[١٢٧] .

لە وەڵامدا (ڕەمزی فەتاح) بەرپەرچی قسەکانی سەرەك وەزیرانی دایەوەو داوای دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆی دەکرد بۆ کوردستان ، ئەو حکومەتەش کە بۆ کورد پێکدەهێنرێت پێویستە بخرێتە نێو خاڵەکانی پەیماننامەکەی (١٩٣٠) ەوە ، بەڵام (مێجەریانگ) بە سەرسوڕمانەوە ئەوەی ڕاگەیاند کەئەوان سەردانی هەولێرو کەرکوکیان کردووە ، بەڵام جگە لە سلێمانی کەس داوای جیابوونەوەی نەکردووە .

نوێنەرانی حکومەت لەو گفتوگۆیەدا دەیانویست بەهەموو شێوەیەك ، قەناعەت بە نوێنەرانی (هەیئەی وەطنیە) بکەن کەوا ناکرێت کوردستان لە

---

[١٢٥] معروف چیاوك : هەمان سەرچاوە ، ل٨٤ .

[١٢٦] میرزا ئەمین مەنگوڕی : هەمان سەرچاوە ، ل١٤ .

[١٢٧] نەوشیروان مستەفا ئەمین : کوردستانی عێراق سەردەمی قەڵەم و موراجەعات ، ل ٥٨ .

(عێراق) جیابێتەوە ، چونکە پەیوەستی ئاینی و بەرژەوەندی ئابووری لە نێوانیاندا هەیە ، لە بەرامبەریشدا (هەیئەی وەطەنیە) بە هەموو شێوەیەك ئەوەیان ڕەت دەکردەوە کە لەگەڵ عێراقدا جوتباقە بکرێن ، ئیدی کاتێك وەفدەکەی حکومەت زانی قسەکردن لە گەڵ خەڵکی سلێمانیدا هیچ ئاکامێکی نیە کە لە بەرژەوەندی حکومەتی عێراقدا بێت ، کۆبوونەوەکە کۆتایی پێهێنراو [128] لە ڕێکەوتی ١٢ی ئابی ١٩٣٠ دا وەفدەکە گەڕایەوە بۆ بەغدا[129].

هەرئەو ڕۆژانە بەر لە ڕودانی کارەساتی ٦ ی ئەیلول ، حکومەتی عێراق لای خۆیەوە ، هەوڵیدەدا (هەیئەتی وەطەنییە) ناو زڕاوو لەکەدار بکات ، بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بردە بەر بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك بەزمانی عەرەبی لە ١٩/ ٨/ ١٩٣٠ کە تیایدا بەئاراستەیەکی ئاینی کەوتبووە تانەوتەشەردان لەو کەسایەتی و ڕوناکبیرانەی سەرمەستی بیری نیشتمانپەروەری بوون و داوای سەربەخۆیی جیابوونەوەیان دەکرد ، بەتایبەتی ئەندامانی هەیئەتی وەطەنیە و لەگەڵ ئەوانیشدا ، تۆفیق وەهبی موتەسەڕیفی سلێمانی و عیزەت تۆپچی، بەیاننامەکە ئەو کەسانە بە بێ دین و هەڵگەڕاوەو تێکدەر لە لەقەڵەم دەدات و بەدەستی دوژمنیان دادەنێت ، کەمافی ئەوەیان نیە بەناوی کوردەوە قسە بکەن وێڕای ئەوەی لە بەیاننامەکەدا داوایان لە سەرکردە کوردەکان دەکرد دەست بخەنە دەستی حکومەتی عێراقەوەو دەست لەو داوایانە هەڵبگرن کە زیانی بۆ عێراق هەیە ، بەپێچەوانەوە کۆشش بکەن بۆ سەرخستنی حکومەتی موسوڵمانی عێراق ، هەروەها سەرجەم بروسکەو سکاڵاکانی ڕوناکبیران و سەرەك هۆزەکانی کورد کە ڕەوانەی (کۆمەڵەی گەلان) یان ، کردبوو، ڕەتی دەکردنەوەو کوردستانی بە وڵاتێکی ئیسلامی لەقەڵەم دابوو ، زۆر بەگەرمیش داوای برایەتی کوردو عەرەبی دەکرد [130].

---

[128] ژیان ، ژمارە (٢٥٨) ، ١٩٣٠/٨/٢٨ .

[129] سەرچاوەی پێشوو .

[130] د. عبد الفتاح علی یحی : معاهدة ١٩٣٠ ، و الدعاية الدينية المناهضة لمطالب الكورد القومية ، گۆڤاری (مەتین) ، ژمارە (١١٠) ، دهۆك ٢٠٠١ ، ل ١٠٦-١٠٧ .

ڕۆژانی بەر لە ٦ ی ئەیلول خوێندکارانی قوتابخانەی شەوانەی زانستی بەرچاوترین ڕۆڵیان هەبوو لە هاندانی جەماوەرو جۆشدانیان ، تەنانەت کاتێك ، نیشتمانپەروەران و ڕوناکبیرانی سلێمانی بڕیاریان دا ، نامە بنێرن بۆ سەرەك هۆزەکان و شێخەکانی بادینان ، ئەو خوێندکارانە نامەکانیان دەنوسی و دەیان خستە پاکەتەوە ، بەڵام ناوەکانیان لەسەر نەدەنوسی ، ئەوەبوو دواتر (جەمال عارف) کە ئەفسەر بوولە سوپای عێراق دا بڕیاری دا ئەو نامانە بگەیەنێتە دەست خاوەنەکانی، بۆ ئەم مەبەستەش سەفەرێکی (بادینان) ی کردو نامەکانی بۆ بردن ، بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر کە دەچێتە سەردانی (ماجد مستەفا) کە ناوبراو ئەوکاتە قائمقامی قەزای (ئامێدی) دەبێت ، ئەوسا دەزانێت کە شێخ و سەرەك هۆزەکان ، سەرجەم نامەکانیان هێناوەو داویانەتە دەست (ماجد مستەفا) حکومەتیش بڕیاری دەستگیر کردنی بۆ (جەمال عارف) دەرکردووە ، بەڵام (ماجد مستەفا) دەینێرێتەوە بۆ سلێمانی و پێیدەڵێت : "دانیشتوانی ئەم وڵاتە پشتیان پێنابەسترێ ، بگەڕێوەو جارێکی دیکە کاری وا نەکەیت[131] " .

تادەهات بارودۆخی سلێمانی زیاتر ڕووی لە گرژی دەکرد ، هەر ئەو ڕۆژانە (ئەمین زەگی بەگ) نامەیەك دەنێرێت بۆ دۆستەکانی خۆی لە سلێمانی و داوایان لێدەکات کارێکی وەها نەکەن ببێتە هۆی کوشتارو خوێن ڕشتن ، بەڵام عیزەت تۆپچی لە وەڵامدا، نامەیەك بۆ (ئەمین زەکی بەگ) دەنوسێتەوەو دەڵێت : "کورد لەوە زیاتر لە ووزەیدا نیە کە بێدەنگ دانیشێت ، بەرامبەر بێ بەڵێنی حکومەتی عێراق ، کە نایەوێ بەهیچ جۆرێك لەو پەیمانەدا باسی ماف کورد بکات ، لەبەرئەوە بڕیارمان داوە ڕاپەڕینێك بکەین[132] ".

هەر بۆیە ڕوودانی کارەساتی ٦ ی ئەیلولی بەردەرکی سەرا کارەساتێکی چاوەڕوان کراو بوو.

---

[131] علاء الدین سجادی : هەمان سەرچاوە ، ل١٢٣-١٢٤ .

[132] ڕەسولْ هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان ، ب٢، ل ٧٥٢ .

٢-ڕاپەڕینەکەی بەردەرکی سەرا ..

ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا وێڕای ئەوەی ڕەمزێکی درەوشاوەی کۆڵنەدانی گەلی کوردە لە ساتێکی مێژوویدا ، لە هەمان کاتدا بە خاڵی وەرچەرخان دەژمێردرێت لە مێژووی جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستاندا ، چونکە بۆ یەکەم جار بوو ، قورسایی شۆڕش و خەبات لە لادێوە بگوازرێتەوە بۆ شار و ، خەڵکی ڕوناکبیرو بازرگان و گەورە پیاوانی شارەکان پێشڕەوی شۆڕش و ڕاپەڕین بکەن ، ئەمەش بۆ خۆی گۆڕانکاریەکی قووڵی جوڵانەوەی کوردایەتی پێکدەهێنا ، لەو کاتەوە دەستەی خوێندەوارو ڕوناکبیری کورد هاتنە نێو ڕیزەکانی پێشەوەی جوڵانەوەی کوردایەتی [١٣٣].

جگە لەوەش لەم ڕاپەڕینەدا یەکەم جار بوو لە سلێمانیدا و لە مێژووی بزاڤی کوردایەتیدا لە کوردستانی باشور خۆپیشاندان لە ناو شارەکاندا ئەنجام بدرێت و خەڵك داواکاریەکان و دروشمەکانیان لە سەر قوماش بنوسن و بەرزی بکەنەوە [١٣٤].

هەرچەندە دەستەی پێشەنگی ئەم ڕاپەڕینە لە نێو خۆیاندا کێشەشیان هەبوو ، بۆ نمونە: لە کاتێکدا (مستەفا پاشای یامولکی) لە سلێمانی بوو بەڵام لە بەرئەوەی لەگەڵ هەندێك لە ئەندامانی هەیئەی وەطەنیە نەدەگونجا بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو بەشداری ئەم چالاکیانە بکات [١٣٥].

لەلایەکی دیکەشەوە ، (هەیئەی وەطەنیە) بەهیچ شێوەیەك پەیوەندیان بە (شێخ مەحمود) نەکردووە ، کە شێخ ڕەوفی کوڕی شێخ مەحمود ، ئەم مەسەلەیەی والێکداوەتەوە ، گوایا ئەوانەی بەڕاپەڕینەکە هەستاون ، پڕوپاگەندەیان دژی شێخ مەحمود کردووەو وتویانە ، ئەم جارە شێخ مەحمود لەناودا نیە کورد بە مافی خۆی دەگات [١٣٦].

---

[١٣٣] جلال الطالبانی : هەمان سەرچاوە ، ل ١١٣ .

[١٣٤] چاو پێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد Med .TV سازی کردووە .

[١٣٥] معروف چیاوك : هەمان سەرچاوە ، ل٨٥ .

[١٣٦] ڕەسولڵ هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان ، ب٢، ل ٧٤٠ .

لێرەدا پێمان وایە ، هۆکاری پەیوەندی نەکردن بە (شێخ مەحمود) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەندامانی (هەیئەی وەطەنیە) نەیان ویستووە ئەم مەسەلەیە تەشەنە بکات بۆ شۆڕشی چەکدارو خۆشیان بڕوایان بە توندو تیژی نەبووە ، بەڵام ، حکومەت سور بوو لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەسلێمانیدا ، دژ بە خواستەکانی خەڵکی ، هەر بۆیە ڕۆژی ٥ ی ئەیلولی ١٩٣٠ کەوتە کارکردن بۆ ڕایی کردنی کارەکانی هەڵبژاردن ، بۆ ئەم مەبەستەش (دەستەی پشکنین) لە کاردا بوو بۆ هەڵبژاردنی ڕۆژی دواتر ، کە تا ئەوساتە خەڵکی بڕیاریان دابوو بەشداری هەڵبژاردن نەکەن[١٣٧] .

حکومەتیش ئەم مەسەلەی قەبوڵ نەکرد ، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە زاری ڕەشۆڵی گۆرانیبێژەوە دەیگێڕێتەوە و دەڵێت : " ڕەشۆڵ ئێوارەی ٥ ی ئەیلول هات بۆماڵمان و پرسیاری (فایەق بێکەس) ی لێکردم ، منیش وتم بۆچیتە ؟ ووتی : ئەم ئێوارەیە لای سەراوە دەهاتمە خوارەوە ،(باباشێخ)ی باشچاوشی پۆلیس بانگی کردم ، وتی: ڕەشۆل ،هەردەڵێن هەڵبژاردنمان ناوێ و ئێمە کوردین کوردمان ئەوێ ، ئەوا ئێمە بەیانی هەڵبژاردن دەکەین ئەگەر پیاون بەیانی وەرن وابکەن بزانن چیتان لێدەکەین ،منیش دەمەوێ لەگەڵ فایەق دا بەیانی خۆ پیشاندانێك بکەین و نەهێڵین هەڵبژاردن بکرێت[١٣٨] " بەم شێوەیە بۆ سبەینێ بەیانی ٦ ی ئەیلول ، ڕەشۆڵ و فایەق بێکەس کەوتنە خۆ بۆ کۆکردنەوەی خەڵك و خۆپیشاندان ، ئەوانەش کە دەستە ڕاستی فایەق بێکەس بوون لەم کارەدا ، سێ کەس بوون بەناوی (حەمەسەعیدی دارتاش ، محێدینی سالە سور ، مەجیدی حەمامچی)[١٣٩] .

بەڵام لەسەرەتادا خەڵکێکی کەمیان لێ کۆبۆوە کە ژمارەیان هەر پەنجا کەسێك دەبوو، بەڵام دواتر کاتێك دوکاندارەکانی بازاڕ هاتنە پاڵیان ئینجا ژمارەیان زیادی کردوو گەیشتە (٤٠٠) کەسێك ، کە وەك مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد خۆی دەیگێڕێتەوە و یەکێك بووە لە بەشداربووانی ئەم ڕاپەڕینە

---

[١٣٧] علاء الدين سجادی : هەمان سەرچاوە ، ل١٢٥ .

[١٣٨] چاو پێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد Med .TV .

[١٣٩] میرزا ئەمین مەنگوڕی : هەمان سەرچاوە ، ل١٨ .

دەڵێت : "یەكێك لە دوكاندارەكان ووتی ، خەلقینە بۆ هەڵناستن، ئەوا ئەو ئەفەندیانە بانگمان دەكەن ، هەقە ئێمە سوپاسیان بكەین ، ئێمە لە سەرەتا دەترساین ، كە ئەمانە ئەم كارەیان بۆ باوك و كەس و كاری خۆیان بێت ، كە ئەفەندین و بەیانی دێنە سەر حوكم ، كەچی ئێستا ئەوان بەئێمە دەڵێن وەرن"[140]

كەلێرەدا دووبارە ئەم قسانە دەبنە بەڵگەیەكی دیكە بۆ ئەو ڕاستیەی كە ڕاپەڕینی ٦ ی ئەیلول لەلایەن ئەفەندی و مامۆستاو خوێندكارەكانی زانستی شەوان پێشڕەوی دەكرا . كاتێك خۆپیشاندەران گەیشتنە بەردەركی سەرا و كەوتنە هوتاف كێشان دژی هەڵبژاردن و پەیمانی ١٩٣٠ ، خەڵكی ناو بازاڕ وروژابوون و چایخانەكان پڕببوون لە خەڵك و بە (گرامافۆن) سروودی نیشتمانی لێئەدرا ، خوێندكارانی قوتابخانەی زانستی شەوان خەڵكیان كۆ كردەوە و زیاتر جۆشیان دەدان ، بەڵام لەم خۆ پیشاندانەدا ئەندامانی (هەیئەیوەطەنیە) هیچ كەسێكیان بەدی نەدەكران ، لەبەرئەوەی لەگەڵ توندوتیژیدا نەبوون[141] .

سەبارەت بەو هوتافانەش كە لەخۆ پیشاندانەكەدا دەوترایەوە ، زیاتر گوزارشت كردن بوون لە مافەكانی كورد و ڕەت كردنەوەی پەیماننامەكە ، بەڵام كەسانێكیش لەو ناوەدا هوتافیان دژ بە عەرەب دەكێشا بەڵام زوو بێدەنگ كران[142] .

ئەو جەماوەرەی لەبەر دەركی سەرادا ئاپۆرەیان بەستبوو ، مەبەستی هەرە سەرەكیان ڕێگە نەدان بوو ، بەوانەی كەدەیان ویست بچنە سەرا بۆ دەنگدان و بۆ ئەم مەبەستە بانگهێشت كرابوون[143] .

ئەوانی كە دەیانویست بچن بۆ دەنگدان (٣٠) كەسێك دەبوون ، وەك (حاجی ئبراهیم ئاغا ، مەجید بەگی حاجی ڕەسوڵ بەگ ، غالب ئاغا ، حاجی

---

[140] چاو پێكەوتن لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد Med .TV .

[141] نەوشیروان مستەفا ئەمین : كوردستانی عێراق سەردەمی قەڵەم و موراجەعات ، ل ٦١ .

[142] ئازاد محمد عبدالرحمن : هەمان سەر چاوە ، ل٢٤ .

[143] چاو پێكەوتن لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد Med .TV .

ئەحمەدی حاجی کەریم ، کەریمی عەلەکە ، سەید ئەحمەدی تونچی ، کەریم بەگی محەمەد بەگ ، حاجی کاکە حەمە ، حاجی مەلا محێدین ، حاجی عەلی حاجی حەسەن ئەفەندی ... هتد)[١٤٤] لەکاتی خۆ پیشاندانەکەدا هەندێك کەس بەنیاز بوون هەڵکوتنە سەر زیندانەکەی سەرا و زیندانیەکان بەرەڵابکەن ، بەڵام ڕابەرانی ناو خەڵکەکە ، ڕێگایان نەدان و سنورێکیان بۆ دانابوون[١٤٥] .

بەڵام هێندەی پێنەچوو جەماوەرەکە کەوتنە بەردەباران کردنی پۆلیسەکان و سەرایان دابووە بەر بەرد و پۆلیسەکانیش خۆیان کوتایەوە ناو حەوشەی سەرا لە ترسی خەڵك، چونکە پێشتر پۆلیسەکان کەوتبوونە پاڵنان بە خەڵکەکەوە و چەند جارێك (بێکەس) یان ڕفاندو ویستیان ، بیگرن و بیبەن بۆ سەرا بەڵام لە لایەن خەڵکەکەوە ڕزگار دەکرا[١٤٦] .

هەرچەندە بەگشتی خەڵکەکە دارو تێلایان پێ بوو بەڵام هەندێکیان تفەنگ و دەمانچەشیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو[١٤٧] . حکومەت کە زانی لەتوانایدا نیە بارودۆخەکە هێور بکاتەوە و ناتوانێت ئەو جەماوەرە کۆنترۆڵ بکات ، داوای تیپێك سەربازیان کرد بۆ پارێزگاری کردن لە خۆیان ، بەڵام سەربازەکان لەگەڵ گەیشتنیاندا لە سەر بانی سەراو ناو باخەکەدا خۆیان دامەزراند و دەستیان کرد بە تەقە کردن لە خەڵکەکە و ژمارەیەکیان پێکا ، لەوکاتەدا سەربازەکان بەفەرمانی ئەفسەرێکی عەرەبی توندڕەوی دژبە کورد بە (مەترالیۆز) دەستڕێژیان لە خەڵك کرد ، (فوئادی کوڕی صالح قەفتان) هاواری کرد (خەڵکینە مەترسن فیشەکەکانیان پوچەڵن درۆن[١٤٨]) ،لێرەدا دەبێ ئەوڕاستیەمان لاڕوون بێت کە حکومەت دەست پێشخەربووە لە تەقەکردن نەك

---

[١٤٤] نەوشیروان مستەفا ئەمین :سەردەمی قەڵەم و موراجەعات ، ل ١٢٨ :میرزا ئەمین مەنگوڕی:هەمان سەرچاوە،ل١٨.

[١٤٥] چاو پێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد Med .TV .

[١٤٦] ڕەشید کەریم : بیرەوەری؛ (سی و یەك ساڵ لە ژیانی مامۆستایەك) سلێمانی ، ١٩٦٠،ل ٢٠-٢١.

[١٤٧] یوسف امین رسول : صفحات مشرقة من نضالات شعبنا الكردی . معركة باب السرای ، ذكريات طفل عاصر تلك الأحداث جريدة الاتحاد ، ژمارە (٤٥٠) ، ٢٠٠١/١٢/٧ .

[١٤٨] ئازاد محمد عبدالرحمن : هەمان سەر چاوە ، ل ٢٥ .

خەڵکەکە ،[149] کە حکومەت بۆ چەواشەکاری لە بەیاننامەکەی خۆیدا سەبارەت بەو کارەساتە جەماوەری خۆپیشاندەران تاوانبار دەکات بە دەست پێشخەری[150] .

بەم شێوەیە دەستڕێژی حکومەت بڵاوەی بە خەڵکەکە کردو ئەوڕۆژە لە پۆلیس و سەرباز بترازێت کەس لە سەر شەقامەکان نەدەبینرا ، لاشەی کوژراوەکان لە حەوشەی سەرادا کەڵەکە کرابوو ، کەلە بارەی ژمارەی ئەوانەوە قسەو بۆچونی زۆر هەیە ، هەندێك سەرچاوە ژمارەیەکی خەیاڵی دادەنێن ، بەڵام بەپێی لێکدانەوەی ئەو ناوانەی لەبەردەستدان و چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە کارەساتەکەوە ، ژمارەی قوربانیەکان لە نێوان ١٢تا ١٣ کەس دەبێت[151] .

بەڵام بریندارەکان زۆر تر بوون ، لە بەرامبەریشدا یەك سەرباز کوژراوەو دوانیش بریندار بوون ،حکومەت کەوتە دەستگیر کردنی ئەوانەی دەستیان لە خۆپیشاندان و کێشەکەدا هەبوو ، بەشی هەرە زۆری ، کەسایەتیەکانی سلێمانی دەستگیر کرد ، وەك (عەزمی بەگی بابان ، محەمەد صاڵح بەگی محەمەد عەلی بەگ ، حەمەی ئەوڕەحان ئاغا ، عزەت بەگی وەسمان پاشا ، فایەق بەگی مارف بەگ ، شێخ محەمەد گوڵانی ، مەجید ئەفەندی کانێسکانی ، ڕەمزی فەتاح ، تۆفیق قەزاز ، فایەق بێکەس ، صاڵح قەفتان[152])* .

---

[149] چاو پێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد Med .TV .

[150] عبد الرزاق الحسنی : تأریخ الوزارات العراقیة ، ج٣ ، ل ٧١ .

[151] یوسف امین رسول : هەمان سەر چاوە ؛ عبد الرزاق الحسنی : تأریخ الوزارات العراقیة ، ج٣ ، ل ٧١ ، ئازاد محمد عبدالرحمن : هەمان سەر چاوە ، ل ٢٦ .

[152] علاء الدین سجادی : هەمان سەرچاوە ، ل١١٧ ؛ ئازاد محمد عبدالرحمن : هەمان سەرچاوە ، ل٢٥ .

* لەم هەڵمەتی دەستگیر کردنەدا (نوری قەفتان)یش گیراو ماوەی سێ مانگ لەزینداندابوو تەنانەت (فەرەنقە)یان لە دەست و پێی کرد، بەڵام صالح قەفتان خۆی شاردەوەو دەسگیر نەکرا.(چاوپێکەوتن لەگەڵ د.کاوس قەفتان،لە ٢٠٠١/١٢/٢٥،لە سلێمانی).

دواتر حکومەت دەستبەجێ ژمارەیەك لە گیراوەکانی ڕەوانەی کەرکوك کرد ، بەتایبەتی پێشەنگەکانی ڕووداوەکە کە ئەندامانی (هەیئەی وەطەنیە) بوون بەڵام دوای ڕەوانە کردنی ئەوانەش حکومەت هەر سەرقاڵی ڕاونان و گرتنی خەڵك بوو ، لەنێو بەندیخانەشدا بارودۆخیان زۆر خراپ بوو ، لەکاتی لێپرسینەوەدا فشاریان دەخستە سەریان ، تەنانەت کاپتن (گاون) دەمانچەی لە فایەق بێکەس ڕاکێشابوو بە زۆر قسەی پێکردبوو ، ماوەیەکی زۆریش لە زینداندا هێشتبویاننەوە ، هەندێکیان دوای (٢) مانگ بەرەڵا کرابوون[١٥٣] .

دوان لە گیراوەکان دران بەدادگا ئەوانیش (میرزا تۆفیق قەزازو ڕەمزی فەتاح) بوون ، دادوەرەکەش (مەعروف چیاوك) بوو، کە خۆی لە ڕاستیدا ، نێوبراو نوێنەری (هەیئەیوەطەنیە) بوو لە هەولێر ،بەڵام زیندانی نەکران و ئازاد کران[١٥٤] .

دوا بە دوای ئەم کارە ساتە لە ڕێکەوتی ٨/٧ ی ئەیلولی -١٩٣٠ لە بەغداوە شێخ سەلامی شاعیرو مەحمود جودت ، حەمید جودت و کامیل حەسەن ، کە ئەم سیانەی دواییان ئەفسەر بوون لە سوپای عێراقدا ، بەغدایان جێ هێشت و خۆیان گەیاندە لای شێخ مەحمود لە گوندی (پیران)[١٥٥] .

لەنێو شاریشدا بارودۆخەکە یەکجار گرژ ببوو ، حکومەتی عێراق هێزێکی ڕەوانەی سلێمانی کرد بە فەرماندەیی (بەکر سدقی) . کە هەندێکیان لە چەند شوێنێکی ناو شارو دەوروبەری بنکەو ڕەبایەیان دروست کردبوو ، وەك (گۆڕە جولەکەکان و کارێزی دایکی پاشا) ، بارەگای فەوجەکەش لە کانێسکان بوو[١٥٦] لە هەریەك لەو بنکەو ڕەبایانەدا سی سەربازی (عەرەب و سیك) دانرابوون ، تەنانەت حکومەت لە ترسی جەماوەر ، سەربانی مزگەوت و تەکیەکانیشی کردبوو بە مۆڵگەی سەربازەکانی ، وەك مزگەوتی (تەکیە ڕووتە)

---

[١٥٣] ڕەشید کەریم : هەمان سەر چاوە ، ل ٢٤-٢٥ .

[١٥٤] میرزا ئەمین مەنگوڕی : هەمان سەرچاوە ، ل ١٩؛ ڕەسوڵ هاوار : شێخ مەحمودی قارەمان ، ب٢، ل ٧٢٥ ؛ چاو پێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد Med .TV .

[١٥٥] دیوانی شێخ سەلام ، ل ١٥ ؛ عبد الرزاق الحسنی : تأریخ الوزارات العراقیة ، ج٣ ، ل ٧٣.

[١٥٦] ڕەشید شەوقی : هەمان سەرچاوە ،ل٣٢.

لە گۆیژەو نزیك گەڕەكی گاوران ، سەربازەكانی حكومەت داوای ناسنامەیان لە خەڵكی دەكردو سوكایەتیشیان پێدەكردن ئەگەر پێیان نەبوایە[157].

كاتێك ڕەفتارو هەڵسوكەوتی حكومەت گەیشتە ئەو ئەندازەیە ، دووبارە چەندین بروسكەو سكاڵا ئاڕاستەی كۆمەڵەی گەلان كرا ، سەبارەت بەو دەست درێژییەی كراوەتە سەر دانیشتوانی سلێمانی [158].

بەڵام حكومەت وێڕای هەموو ناڕەزاییەك ، لە ١٥ی ئەیلولی ١٩٣٠ بەئارەزووی خۆی هەڵبژاردنی ئەنجام داو ، دەكەس لە كەسانی نزیكی خۆی بە ئەندامی دەستەی پشكنین، هەڵبژێردران [159]. ئەمانەش لەلایەن خۆیانەوە (ئەحمەد صاڵح و ئەحمەد موختار ، محەمەد صاڵح ، سەیفوڵا خەندان) یان بۆ ئەندام پەرلەمانی هەڵبژارد [160]، دواتریش ، نوێنەرەكانی سلێمانی هاوشانی نوێنەرانی هەولێرو كەركوك و موصڵ بەشداریان كرد لە ئاهەنگی كردنەوەی پەرلەماندا ، كە لە ڕێكەوتی ١٩٣٠/١١/١ دا ساز كرا [161].

دوای بڕانەوەی هەڵبژاردن ، حكومەتی عێراق بیری لەوە دەكردەوە كە دووبارە موتەسەڕیفێك بۆ سلێمانی دەستنیشان بكات ، بۆ ئەم مەبەستەش لە نێو چەند پاڵێوراوێكدا (ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ) دووبارە ، وەك موتەسەڕیفی سلێمانی دەست بەكار بوو [162].

پاش ئەوەی سلێمانی دووچاری ئەوكارەساتە بوو كە لە نێو خەڵكدا بە ڕۆژی ڕەشی ٦ ی ئەیلول ناسرا ، بەڵام حكومەتی عێراق بە پاڵپشتی بەریتانیا بەردەوام بوو لەسەر مامەڵەو هەڵسوكەوتی خۆی لەگەڵ خەڵكی ئەم شارەدا،

---

[157] عەباس مەلا ئیبراهیم حافز : سلێمانی لە بیرەوەریەكانمدا ، سلێمانی ١٩٩٥ ، ل٩٥ .

[158] درەخشان جەلال حەفید : هەمان سەرچاوە ، ل١١٥ ؛ میرزا ئەمین مەنگوڕی : هەمان سەرچاوە ، ل ١٩ .

[159] ژیان : ژمارە (٢٦٠) ، ١٩٣٠/٩/٢٢ .

[160] نەوشیروان مستەفا ئەمین : قەڵەم و موراجەعات ، ل٦٤ ؛ عبد الرزاق الحسني:تأريخ الوزارات العراقية ،ج٣،ل٧٢.

[161] سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٣ .

[162] ژیان : ژمارە (٢٦١) ، ١٩٣٠/١٠/٦ .

تەنانەت دەست و پێوەندەکانی خۆی وەفدێکیان* ڕێکخست بۆ ئەوەی بچن بۆ بەخێرهاتنەوەی (فەیسەڵ) کە لە (لەندەن) گەڕابۆوەو نیهاد پاکی و گوێڕایەڵی خۆیان بۆ حکومەتی عێراق نیشان بدەن ، کە زۆربەی پەرلەمانتارە کوردەکان لەم وەفدەدا بەشدار بوون [١٦٣].

حکومەتی عێراق و بەریتانیا مەترسی زۆریان هەبوو شێخ مەحمود دوای کارەساتی ٦ ی ئەیلول ، دەست بکاتەوە بە شۆڕش و ئاژاوە نانەوە ، هەربۆیە لە ١٠ ئەیلولی ١٩٣٠ وەزیری ناوخۆی عێراق (جەمیل مەدفەعی) نامەیەکی ئاڕاستەی شێخ مەحمود کردوو ، داوای ئەوەی لێکرد کەوا سەرپێچی ئەو پەیماننامەیە نەکات کەلەگەڵ حکومەتدا مۆریکردووە لە ڕێکەوتی ١٩٢٧/١/١٩ داو ئاسایشی و ئارامی نەشێوێنێت [١٦٤].

بەڵام شێخ مەحمود دوای ئەو ڕوداوە نەیدەتوانی دەستەوەستان دابنیشێت بەرلەوەی ساڵی ١٩٣٠ کۆتایی بێت نامەیەکی ئاڕاستەی نوێنەری باڵای ئینگلیز کرد و داوای جێ بەجێ کردنی داواکاریەکانی کوردو ئازاد کردنی گیراوەکانی کردبوو، ئینگلیزەکانیش مەترسیەکی زۆریان لێ نیشتبوو

---

* پیرەمێرد لە شیعرێکدا بەم وەفدە دەڵێت:

وەفدی کوردستان وەتەن فرۆشان
هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان
دەسکێ لەو گوڵەی باخەکەی سەرا
کە بە خوێناوی میللەت ئاودرا
بیبەنە پێشکەش عەرشی عیراقی
بڵێن یار باقی هەم سوحبەت باقی
تارای خوێنی سور بەرن بۆ ئەمیر
بڵێن: پاش کوشتار هێشتا تۆی دڵگیر؟

(دیوانی پیرەمێرد، بەرگی سێیەم، کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی لیژنەیەک، سلێمانی،٢٠٠١،ل٢٤)

[١٦٣] جەمال بابان : شارە گەشاوەکەم ، ب ٢ ، ل ١٣٢ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین : قەڵەم و موراجەعات ، ل ٦٤ .

[١٦٤] عبد الرزاق الحسني : تأريخ الوزارات العراقية ، ج٣ ، ل ٧٢ .

لەوەی نەبادا شێخ مەحمود و چەكدارانی كورد پەلاماری سلێمانی بدەن و ڕزگاری بكەن ، هەربۆیە نەخشەیەكی وردو تێرو پڕیان بۆ بەرگری كردن و پاراستنی سلێمانی دانابوو ، بەناوی (پرۆژەی بەرگری لە سلێمانی) و دەقی پرۆژەكەشیان بەسەر دام و دەزگا باڵاكانی حكومەتدا دابەش كردبوو ، كەتیایدا هێندە بە وردی لە لە ڕەوشی شارەكەیان كۆڵیبوۆوە ، تەنانەت ژمارەی چەكەكانی ناو شارەكەشیان لێكدابۆوە و بە (٥٠٠) پارچە چەكیان مەزەندە كردبوو .

سەرەتا پرۆژەكە باسی لە ناڕەزایی و بێزاری لە ئەندازە بەدەری سلێمانی دەكات و دەڵێت دوور نیە هەر ئەوەندەی دەرفەتیان بۆهەڵبكەوێت ڕاپەڕن ، دەشترسان كە ڕاپەڕینی سلێمانی هەرایەكی گەورەی لێبكەوێتەوە و چەند هەزار چەكدارێكی كورد ئابلۆقەی شارەكە بدەن ، بۆ ئەم مەبەستە پرۆژەی بەرگری لە سلێمانی هەموو ڕێوشوێنێكی داناوە هێزیان تەرخان كردووە و چەندین بنكەو هێڵی بەرگریان بۆ شارەكە دەست نیشان كرد بوو ، كە ژمارەی ئەو بنكانە دوانزە بنكە بوون ، هەندێكیان ماڵو مزگەوتەكانی شاریان بۆتەرخان كرابوو ، وەك ماڵی (عەزمی بەگی بابان) و زۆربەی گردەكانی دەورو بەری سلێمانی و مزگەوتەكانی ناو شاریش ، تەنانەت مزگوتی گەورەشیان خستبووە نێو پرۆژەكەیانەوە گرنگیەكی زۆریشیان دابوو بە پاراستنی ماڵی فەرمانبەرە ئینگلیزەكانی سلێمانی ، جگەلە دانان و پاشە كەوت كردنی سوتەمەنی پێویست بۆ كاتی ئابلۆقە [١٦٥] .

بەڵام وێڕای ئەم پرۆژە تۆكمەو بە هێزە هێشتا، دڵنیا نەبوون لە بارودۆخی سلێمانی و كاردانەوەی جەماوەرەكەی ، هەر بۆیە لە ڕێكەتی ١٩٣١/٣/٢٤ دا بەپاساوی نا ئارامی بارو دۆخ . ئەنجومەنی وە زیرانی عێراق بە پێی بڕیارێك ، حوكمی عورفی لە سلێمانیدا ڕاگەیاند و بڕیاریاندا كاروباری سەربازی مەدەنی بدەن بە فەرماندەیەكی سەربازی لێهاتوو ، تاوەكو باری نائارامی لە شارەكەدا نەهێڵێت و ڕەوشی لیواكە هێور بكاتەوە .

---

[١٦٥] د. كمال مەزهەر : چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی كورد ، ب ٢ ، ل ١٠١-١٠٢ ، ١٠٤ .

تەنانەت لە دەقی بڕیارەکەدا ئاماژە بەوە دەکات ، کەئەگەر بێتو نەتوانرا هێمنی و ئارامی بۆ شارەکە بگەڕێنرێتەوە ، بۆئەوەی ئەو هەموو پارەیە بە فیڕۆنەچێت و خەڵکیش بە خۆڕایی نەکوژرێت وا بەچاك دەزاندرێت ، کە ناوچەی سلێمانی چۆڵبکرێت و هەرچی هێزی حکومەت هەیە بە شێوەیەکی کاتی بکێشرێتەوە هەتا ئەو کاتەی دەتواندرێت ئارامی و ئاسایش لە لیواکەدا بەرقەرار بکرێت [١٦٦].

لەم حاڵتی ترس و گومانەشدا ، ناهەقیان نەبووە ، چونکە لەو کاتەدا شێخ مەحمود سەرقاڵی خۆئامادە کردن بووە بۆ هێرش کردنە سەر شاری (کەرکوك) و توانیویەتی ، تادەروبەری ئەو شارەش بکشێ و لە ڕۆژی ١٩٣١/٤/٥ دا لە دووری تەنها (٢٠) میل لە (دوزخورماتوو) . لەگوندی ئاوباریك شەڕێکی سەخت لەگەڵ حکومەتدا بقەومێنێ ، بەڵام فڕۆکەکانی ئینگلیز شێخ مەحمودیان ناچار کرد خۆی بدات بە دەستەوەو لە ئاکامدا دووریان خستەوە بۆ باشووری عێراق [١٦٧]، لە ١٣ ی مایسی ١٩٣١ دا ، برایە(سەماوە) دواتر گوازرایەوە بۆ (ناصریە) ، تا دوا جار ڕێگەیاندا لە (بەغدا) نیشتە جێ ببێت [١٦٨].

بێگومان شێخ مەحمود هێندە بە ئاسانی دەست بەسەرنەکرا ، دوای ٦ ی ئەیلول ماوەی هەشت مانگ لەگەڵ هەردوو حکومەتی عێراق و بەریتانیا لە ململانێدا بوو ، تا حکومەتی عێراق توانی بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی ئینگلیز ناچاری خۆ بەدەستەوەدانی بکات [١٦٩].

کاتێك حکومەت ترسی لە شێخ مەحمود نەما ، ئینجا بۆ ئەوەی وا پیشان بدات باری شارەکە ئاساییە ، لە ٧ ی مایسی ١٩٣١ دا ، وەزیری ناو خۆی عێراق ، (مەزاحم ئەمین پاچەچی) سەردانی سلێمانی کردو دوابەدوای ئەویش (فەیصەڵ)بە یاوەری وەزیری ناو خۆ لە ٣ ی حوزەیرانی ١٩٣١ دا

---

[١٦٦] عبد الرزاق الحسنی : تأریخ الوزارات العراقیة ، ج٣ ، ل ١٣٢ .

[١٦٧] د. کمال مەزهەر : چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد ، ب ٢ ، ل ١٠٢ .

[١٦٨] عبد الرزاق الحسنی : تأریخ الوزارات العراقیة ، ج٣ ، ل ١٣٢ .

[١٦٩] دریك کینان : هەمان سەرچاوە ، ل ٤٨ .

سەردانی سلێمانی کرد [170] ، هەرلەم سەردانەشدا نیشانی (الرافدین) ی کرد بە بەرۆکی (ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ) ی موتەسەرپیفی سلێمانیدا [171] .

سەبارەت بەمافەکانی کوردیش ، کاتێك لە مانگی مایسی ١٩٣٢ دا ئەنجومەنی (کۆمەڵەی گەلان) پێشنیازی بەریتانیای خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە بەمەبەستی سەربەخۆیی عێراق و وەرگرتنی بە ئەندام لە کۆمەڵی گەلاندا ، ئەو کاتە (پۆل پۆنکەر) وتی دەبێ کارێکی وا بکەین ، نیمچە ئۆتۆنۆمیەکیش بۆکورد دابمەزرێنین ، تاوەکو لە داهاتوودا گیروگرفتی سەقام گیر بوونی ئارامی لە کوردستاندا ئاسانتر بێ [172] .

بەم شێوەیە ئەنجومەنی کۆمەڵی گەلان ، دوای ئەوەی پەیمانی لە عێراق وەرگرت و ناچاری کرد بەیاننامەیەك دەربکات و دان بە شوێن و پێگەی تایبەتی گەلی کورددا بنیلەنێو عێراقدا، لە ٣ ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٢ دا عێراق بە ڕەسمی بوو بە ئەندام لە (کۆمەڵی گەلان) دا بەلام لەڕوانگەی بیرو بۆچوونی ڕوناکبیرانی کورد و سەرەك هۆزەکانیشەوە ئەو پەیمانەی عێراق جێبەجێ نەدەکرا [173] .

---

[170] عبد الرزاق الحسنی : تأریخ الوزارات العراقیة ، ج٣ ، ل ١٣٨ .

[171] نەوشیروان مستەفا ئەمین : قەڵەم و موراجەعات ، ل ٦٤ .

[172] واسیلی نیکتین : هەمان سەرچاوە ، ل ٥٨٢ .

[173] د. ابراهیم خلیل أحمد ؛ د. جعفر عباس حمیدی : تأریخ العراق المعاصر ، الموصل ، ١٩٨٩ ،ل ٧٢ ؛ دیرك کینان : هەمان سەرچاوە ، ل ٤٨ .

دەرئەنجام

گەلی کورد لە پێناوی بەدیهێنای مافەکانیدا سالآنێکی زۆر خەباتی کردووەو هەرسەردەمێك لە سەردەمەکانی مێژووی ئەم گەلە بەپێی هەل ومەرجی نێوچەکەو ئاستی پێشکەوتن و وشیارییان ڕۆڵی خۆیان بینیووە لە تێکۆشاندا ، شاری سلێمانی ماوەیەکی زۆر پێشەنگی بزافی نەتەوەیی و تێکۆشانی سیاسی بووە لە کوردستانی باشووردا ، بە تایبەتی لە ماوەی نێوان سالآنی (١٩١٨-١٩٣٢) ، لە هەموو کاتێك زیاتر ڕۆڵی پێشەنگانەی خۆی گێڕاوە، لەم سەردەمەدا جودا لە شارەکانی دیکە خاوەنی تێڕوانینی جیاواز بووەو، لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەمەوە جموجۆڵێکی بێئەندازەی بەخۆیەوە بینیووە، تەنانەت لەکاتی هاتنی ئینگلیزەکاندا بۆ سلێمانی خەڵکی شارەکە بەتایبەتی گەورە پیاوان و ڕووناکبیران خاوەن بەرنامە بوون و هەر زوو پێشنیازی هێنانی ئەو هێزەیان کردووە، بە مەبەستی بەدیهێنانی سەربەخۆیی و ڕزگار بوون لە دەسەلآتی داگیرکەری عوسمانی .

کاتێکیش ئینگلیزەکان گەیشتنە سلێمانی جیاواز لە شارەکانی دیکەی کوردستان ئەمان بوونە خاوەنی ئەزموونی یەکەم حکومەتی کوردی ، کە بەو پەڕی تواناوە هەوڵیان دەدا سنووری قەڵەم ڕەوی حکومەتەکە شارەکانی دیکەی کوردستانیش بگرێتەوە ، کە ئەم ویستەیان لە دووهەمین حکومەت و ئەزموونی سێیەم حکومەتی شێخ مەحمودیشدا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرا، بۆیە دەتوانین بڵێین سلێمانی وشیارییەکی سیاسی ئاشکرای تێدا بەدی دەکراو، دانیشتوانەکەی لەو سەردەمە چارەنووسسازەدا هەرگیز تەماشاکەر نەبوون لەئاست پێشهاتە سیاسیەکاندا، بەڵکو بەردەوام بەپێی هەلومەرج هەوڵیان داوە هاوشانی سیاسەتی ڕۆژگارەکە هەنگاو بنێن، ئەم مەسەلەیەش ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵی هەبووە و پەیوەست بووە بە پێشینەی سیاسیو کەلتورییەی شارەکە، هەرئەمەش وای کردووە زۆرترین جموجۆڵ و چالاکی سیاسی لە سلێمانیەوە سەرچاوە بگرێت و لەوێشەوە بتەنێتەوە بۆ نێوچەکانی دیکەی کوردستان ، بەلآم سیاسەتی داگیرکارانەی ئینگلیزەکان و

بێبەڵێنییان لە ئاست کورددا، ئاکامەکانی بە ئاراستەیەکی جیاواز لە ویستی گەلی کورد دەچووە پێش ، جگە لەوەش کەسایەتییەکی وەك شێخ مەحمود لەزۆر هەڵوێستی گرنگ و چارەنووسسازیی ئەو ڕۆژگارەدا نەیدەتوانی بڕیاری یەك لاکەرەوە بدات، ئەمەش زۆر جار سلێمانی تووشی نەهامەتی گەورە دەکرد و کاردانەوەی خراپی هەبوو بەسەر دانیشتوانەکەی ، جگە لەوەش بەردەوام ناکۆك و ناتەبا بوو لەگەڵ دەستەی ڕۆشنبیرانی سلێمانی و لەگەڵیان نەدەگونجا ، کە ئەوان وێڕای کەسێتی ئایینی و سیاسی شێخ مەحمود، ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەکارکردنە سەر خەڵکی و بەگوڕ کردنەوەی بزافی سیاسی لە سلێمانیدا، ئەو ڕاستیەش لە نووسین و وتارە سیاسییەکانییان بەڕوونی هەستی پێدەکرێت کە بەدرێژایی ئەو سالانە لە ڕۆژنامەکانی سلێمانیدا بلاویان کردۆتەوەو هەولی زیاتر وشیارکردنەوەی خەڵکیان داوە، بەئاراستەیەکی پێشکەوتن خوازانە ڕێنوێنییان کردوون.

ئەو تایبەت مەندییەی، سلێمانی وای کردبوو، بەردەوام هەردوو حکومەتی بەریتانی و دواتریش عێراقی بە چاوێکی جیاواز لە شاری سلێمانی و دانیشتوانەکەیان ڕوانیووەو هەولیان داوە بیرو باوەڕی سیاسی و ویستە نەتەوایەتیەکانیان لەقالب بدەن و لە شارەکانی دیکەی کوردستانی دابڕنن ، تاوەکو هیچ کاریگەریەکیان نەبێت بۆ سەریان و، سلێمانیان بە سەرچاوەی ئاژاوە سیاسیەکانی کوردستان زانیووە .

لیستی سەرچاوەکان

یەکەم / کتێبە کوردییەکان

أ ، م ، منتشاشفیلی :-

١. کورد ، کورتە پێوەندی کۆمەلایەتی ، ئابوری ، ڕۆشنبیری ، گوزەران ، وەرگێڕانی ، د. عزالدین مصطفی رسول ، سلێمانی ، ١٩٩٩ .

ئەحمەد تەقی :-

٢. بیرەوەریەکانی ئەحمەد تەقی دەربارەی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و سمکۆ ، جەلال تەقی ئامادەی کردووەو پەراوێزی بۆ نووسیوە ، سلێمانی ، ١٩٩٨ .

ئەحمەد خواجە :-

٣. چیم دی : بەرگی یەکەم ، بەغداد ، چاپخانەی شەفیق ، ١٩٦٨.

٤. چیم دی : بەرگی دووەم ، سلێمانی ، چاپخانەی کامەرانی، ١٩٦٩.

٥. چیم دی : بەرگی سێیەم ، سلێمانی ، چاپخانەی ڕاپەڕین، ١٩٧٠.

ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە :-

٦. شاری سلێمانی ، بەرگی دووەم ، بەغداد ، ١٩٨٧.

٧. شاری سلێمانی ، بەرگی یەکەم ، بەغداد ، ١٩٨٤ .

ئومێد ئاشنا :-

٨. یادداشتەکانی پیرەمێرد ، سلێمانی ، ١٩٩٦ .

بلەج شێرکۆ :-

٩. کێشەی مێژینەو ئێستای کورد ، وەرگێڕانی ، محەمەدی حەمە باقی ، چاپی سێیەم ، کوردستانی عێراق ، ١٩٩١ .

تۆفیق قەفتان :-

١٠. مێژووی حوکمدارانی بابان لە قەڵاچوالان تا دروست کردنی شاری سلێمانی ، بەغداد ، ١٩٦٩.

تۆما بوا :-

١١. ژیانی کوردەواری ، وەرگێڕانی حمە سەعید حمە کەریم ، هەولێر ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٠.

پاکیزە ڕەفیق حلمی :-

١٢. کوردو ژیانێکی پڕ ئەندێشە ، یادداشت ، هەولێر ، ٢٠٠٠.

پیرەمێرد :-

١٣. دیوانی پیرەمێرد ، پێداچونەوەو ساغ کردنەوەی لیژنەیەك، سلێمانی، چاپەمەنی خاك ، ٢٠٠٢ ،.

جەمال بابان :-

١٤. سلێمانی شارەگەشاوەکەم ، بەرگی دووەم، بەغداد، دار الحرية للطباعة.

١٥. ١٩٩٨ سلێمانی شارەگەشاوەکەم ، بەرگی یەکەم ، بەغداد ، ، دار الحرية للطباعة، ١٩٩٢.

جەمال خەزنەدار :-

١٦. بانگی کوردستان ، بەغداد ، ١٩٧٤ ، چاپخانەی دار الحريه .

١٧. ڕۆژی کوردستان ، ١٩٢٢ – ١٩٢٣ ، بەغداد ، ١٩٧٣ ، چاپخانەی دار الحريه .

جەمال نەبەز (دکتۆر) :-

١٨. کوردستان و شۆڕشەکەی ، وەرگێڕانی ، کوردۆ ، سوید ، ١٩٨٥.

جەمیل صائب :-

١٩. لەخەوما ، پێشکەش کردن و لێکۆڵینەوەی ، جەمال بابان ، بەغداد ، ١٩٧٥ ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد .

حەسەن ئەرفەع :-

٢٠. کوردەکان ، وەرگێڕانی ، سەردار محەمەد ، سلێمانی ، ٢٠٠١ ، دەزگای سەردەم.

حەسەن جاف (دکتۆر):-

٢١. ئەم قسانە بەم پێوانە باویان نەماوە ، بەغداد ، ١٩٩٦ ، چاپخانەی (الزمان)

حوسێنی مەدەنی :-

٢٢. کوردستان لە ئیستراتیژی نێودەوڵەتاندا ، بەرگی دووەم ، هەولێر ، ٢٠٠١ .

٢٣. کوردستان لە ئیستراتیژی نێودەوڵەتاندا ، بەرگی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠٠٠ .

درەخشان جەلال :-

٢٤. حەپسەخانی نەقیب ژیان و تێکۆشانی ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ١٩٩٩ ، چاپخانەی دیلان.

دیرك کینان :-

٢٥. کوردو کوردستان ، وەرگێڕانی، ئەبوبەکر خۆشناو ، سلێمانی ، ١٩٩٩.

ڕەشید کەریم :-

٢٦. بیرەوەری (سی و یەك ساڵ لە ژیانی مامۆستایەك)، سلێمانی، ١٩٦٠، چاپخانەی ڕاپەڕین.

ڕەفیق حلمی :-

٢٧. خلاسەی مسئلەی کورد ، موسل ، ١٩٣٤ .

٢٨. یادداشت ، کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم ، سلێمانی ، ١٩٨٨ ، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان.

٢٩. یادداشت ، کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود ، بەرگی دووەم ، چاپی دووەم ، سلێمانی ، ١٩٨٨، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان.

٣٠. یادداشت ، کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، بەغداد، ١٩٩٢، چاپخانەی (دار الحرية للطباعة).

رەفيق سابير :-

٣١. بەرەو ميَژوو ، سويد ، ١٩٩١ .

رەفيق سالَح :-

٣٢. سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر (١٩٢٣-١٩٢٤)، لێكۆڵینەوەی، د . كەمال فوئاد – سدیق سالَح ، چاپی یەكەم ، سلێمانی ، ٢٠٠١، چاپخانەی بەدرخان .

رمزی قەزاز :-

٣٣. بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری كورد ، لە كۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست ، سلێمانی، ١٩٧٠، چاپخانەی ژین .

شاكر خەسباك :-

٣٤. ئاراستەی گشتی پەرەسەندنی دانیشتوانی لیوای سلێمانی، وەرگێڕانی، عەتا قەرداخی ، سلێمانی، ١٩٩٨.

شێخ سەلام :-

٣٥. دیوانی شێخ سەلام ، بەغداد، ١٩٥٨.

شێخ لەتیفی حەفید :-

٣٦. یادداشتەكانی شێخ (لەتیف) ی حەفید لەسەر شۆڕشەكانی شێخ مەحمود ، ئامادەكرنی كەمال نوری مەعروف ، چاپی یەكەم ، دهۆك ، ١٩٩٥ .

صادقی شەرەفكەندی (دكتۆر) :-

٣٧. كورتە مێژووی بزوتنەوە نەتەوایەتیەكانی كورد، سوید، ١٩٩٥.

گۆتفرید یۆهانز میولەر :-

٣٨. لە ڕۆژهەلاتی گڕگرتوودا ، نێردەی بە مەترسی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، ١٩٤٣، وەرگێڕانی، بەدران ئەحمەد حبیب، هەولێر، ١٩٩٢.

طاهیر ئەحمەد حەوێزی :-

٣٩. مێژووی کۆیە ، بەشی یەکەم ، بەرگی دووەم ، بەغداد ، ١٩٨٤ .

عبدالرقیب یوسف ، سدیق ساڵح :-

٤٠. بیرەوەریەکانی ئەحمەدی حەمە ئاغای پشدەری ، سلێمانی ، ٢٠٠١ ، چاپخانەی ئازاد .

عبدالرقیب یوسف :-

٤١. بانگەوازێك بۆ ڕوناکبیرانی کورد لە پێناوی کۆکردنەوەو زیندو کردنەوەی کەلەپوری کوردیدا ، سلێمانی ، ١٩٨٥ . چاپخانەی کامەرانی .

عەباس مەلا ئیبراهیم حافظ :-

٤٢. سلێمانی لە بیرەوەریەکانمدا ، سلێمانی، ١٩٩٩ ، خاك .

عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری :-

٤٣. یادداشتەکانم ، بەغداد ، ١٩٩٢ .

عەبدوڵڵا زەنگەنە :-

٤٤. ژیانەوەو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ١٩٢٤-١٩٢٦ ، هەولێر ، ٢٠٠٠ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە .

عەبدوڵڵا غەفور :-

٤٥. جوگرافیای کوردستان ، سلێمانی ، ٢٠٠٠ ، دەزگای سەردەم .

عەلائەدین سجادی :-

٤٦. شۆڕشەکانی کوردو کوردو کۆماری عێراق ، بەغداد ، ١٩٥٩ ، چاپخانەی مەعاریف .

عەلی سەیدۆ گەورانی :-

٤٧. لەعەممانەوە بۆ ئامێدی ، گەشتێك بە کوردستانی باشووردا ، وەرگێڕانی تالیب بەرزنجی ، سلێمانی ، ٢٠٠٠ .

عەلی ناجی کاکە حەمە ئەمین عەتار – سیروان بەکر سامی :-

٤٨. پێشکەوتن یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی ، ١٩٢٠-١٩٢٢ ،هەولێر ، ١٩٩٨ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە .

عزیز شەمزینی (دکتۆر) :-

٤٩. جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان ، وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد ، چاپی سێیەم ، سلێمانی ، ١٩٩٨ .

عومەر مەعرف بەرزنجی :-

٥٠. مەحمود خانی دزڵی شۆرشگێری ڕۆژهەلاتی کوردستان ، چاپی دووەم، سلێمانی ، ٢٠٠٠ .

غەفوری میرزا کەریم :-

٥١. سەرەتاڵێ لە کلافەی مێژووی پڕ هەڵبەزوو دابەزی ژیانم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ١٩٩٨.

٥٢. کۆمەڵی زانستی لە سلێمانی ، بەغداد ، ١٩٨٥، چاپخانەی (دار الجاحظ) .

٥٣. کێوماڵێ بەنێو بیرەوەریەکانمدا ، سلێمانی، ٢٠٠٠.

فاضل حسین :-

٥٤. کێشەی ویلایەتی موسڵ، وەرگێڕانی ، محمد شاکەلی، سلێمانی، ١٩٩٩ ، چاپ و بلاوکردنەوەی خاك .

کاوس قەفتان(دکتۆر) :-

٥٥. بابان ، سۆران ، بۆتان ، بەغداد ، ١٩٨٥.

٥٦. وتاری مێژوویی ، سلێمانی، ٢٠٠١.

کەمال ڕەئووف محەمەد :-

٥٧. مستەفا صائب ئەستێرە گەشەی کورد، سلێمانی، ١٩٩٨.

کەمال مەزهەر (دکتۆر) :-

٥٨. تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامە نووسی کوردیدا، بەغداد، ١٩٧٨ ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

٥٩. چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، چاپخانەی (الادیب البغدادیه) .
٦٠. چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد ، بەشی دووەم ، ئامادەکردنی عەبدوڵلا زەنگەنە ، هەولێر ، ٢٠٠١ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە .

کریس کۆچێرا :-

٦١. مێژووی کورد لە سەدەی ٢٠ – ١٩دا ،وەرگێڕانی محمد ڕیانی ،١٣٩، تەهران.

کلۆدیۆس جیمس ریچ :-

٦٢. گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠ ، وەرگێڕانی محەمەدی حەمە باقی ، چاپی یەکەم ، تەورێز ، ١٩٩٢ .

م . س . لازاریف :-

٦٣. کێشەی کورد (١٨٩٦- ١٩١٧) وەرگێڕانی، د. کاوس قەفتان، بەرگی یەکەم ، بەغداد ١٩٨٩.
٦٤. کێشەی کورد (١٨٩٦- ١٩١٧) وەرگێڕانی، د. کاوس قەفتان، بەرگی دووەم ، بەغداد ١٩٨٩.

مارف ناسراو :-

٦٥. مێژووی کتێبخانەکانی سلێمانی (١٩٠٠-١٩٧٠)، سلێمانی، ٢٠٠٠.

مەلا عەبدوڵلای زێوەر :-

٦٦. گونجینە مەردان و یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری ، ئامادەکردنی، محەمەدی مەلا کەریم، بەغداد، ١٩٨٥، چاپخانەی (شرکة مطبعة الاداب البغدادیة).

محەمەد ئەمین زەکی :-

٦٧. تاریخی سلێمانی و وڵاتی، بەغداد ، ١٩٣٩، چاپخانەی (النجاح).
٦٨. خولاسەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠، چاپی نوێ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .
٦٩. محاسبەی نیابت ، بغداد ، ١٩٢٨ ، چاپخانەی دار السلام .

محەمەد ڕەسول هاوار :-

٧٠. سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شوکاك) و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ستۆکهۆڵم ، ١٩٩٥ ، چاپخانەی ئاپیك .

٧١. شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان ، بەرگی یەکەم ، لەندەن ، ساڵی ١٩٩٠ .

٧٢. شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان ، بەرگی دووەم ، لەندەن ، ساڵی ١٩٩١ .

محەمەد عەبدوڵڵا کاکە سوور :-

٧٣. ڕۆڵی سیاسی و کەلتوری ئەفسەرانی کورد لە بزافی کوردایەتی کوردستانی باشوردا ، ١٩٢١-١٩٤٥ ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠٠٠ .

محەمەدی مەلا کەریم :-

٧٤. یادداشتەکانی منالی و بەشێکی سەردەمی فەقێ یەتی مامۆستا مەلا محەمەدی چروستانی ، بەغداد ، ١٩٨٤، چاپخانەی (الحوادپ).

مینۆرسکی :-

٧٥. کورد ، وەرگێڕانی حمە سەعید حمە کەریم ، هەولێر، ١٩٨٤، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

نەوشیروان مستەفا ئەمین :-

٧٦. کوردستانی عێراق ، سەردەمی قەڵەم و موراجەعات ، ١٩٢٨-١٩٣١ ، سلێمانی ، ١٩٩٩ ، دەزگای سەردەم .

٧٧. میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا ، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٨ .

واسیلی نیکیتین :-

٧٨. کوردو کوردستان ، وەرگێڕانی ، هێدی ، هەولێر ، ١٩٩٨.

وەلید حمدی :-

٧٩. کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا ، وەرگێڕانی محمد نوری تۆفیق ، سلێمانی ، ١٩٩٩ ، چاپ و پەخشی سەردەم

٨٠. دووەم: کتێبە عەرەبیەکان

إبراهيم خليل أحمد (دكتور)، د. جعفر عباس الحميدى :-

٨١. تاريخ العراق المعاصر ، موصل ، ١٩٨٩ ، مطبعة جامعة الموصل .

إبراهيم خليل احمد (دكتور):-

٨٢. تطور التعليم الوطني في العراق ١٨٦٩-١٩٣٢ ، ط١ ، البصرة ، ١٩٨٢ ، مطبعة جامعة البصرة .

أى .آم . هاملتون :-

٨٣. طريق في كوردستان ، ترجمة ، جرجيس فتح الله ، ط٢ ، اربيل ١٩٩٩، مطبعة وزارة التربية.

احمد رفيق البرقاوي :-

٨٤. العلاقات السياسية بين العراق و بريطانيا ١٩٢٢- ١٩٣٢ ، بغداد، ١٩٨٠.

البرت . م . منتشاشفيلى :-

٨٥. العراق في سنوات الانتداب البريطاني ، ترجمة ، د. هاشم صالح التكريتي ، بغداد ، ١٩٧٨ ، مطبعة جامعة بغداد .

السيد عبدا لرزاق الحسنى :-

٨٦. العراق في ضل المعاهدات ، ط٤ ، صيدا ، لبنان ، ١٩٨٠ ، مطبعة العرفان .

٨٧. العراق قديما وحديثا ، ط٢ ، صيدا ، ١٩٥٦ ، مطبعة الزمان .

٨٨. تاريخ الأحزاب السياسية العراقية ، بيروت ، ١٩٨٣ .

٨٩. تاريخ العراق السياسي الحديث ، ج٢ ، ط٥ ، بيروت ، ١٩٨٢ ، مطبعة دار الكتب .

٩٠. تاريخ العراق السياسي الحديث ، ج٣، ط٧ ، بغداد ، ١٩٨٩، مطبعة دار الشؤون الثقافية .

٩١. تاريخ الوزارات العراقية ، ج ١ ، ط٧ ، بغداد ، ١٩٨٨.

٩٢. تاريخ الوزارات العراقية ، ج ٢ ، ط٧ ، بغداد ، ١٩٨٨ .

٩٣. تاريخ الوزارات العراقية ، ج ٣ ، ط٧ ، بغداد ، ١٩٨٨ .

پی رەش :-

٩٤. العراق دولة بالعنف ، المقاومة الكردية ضد إلحاق كردستان الجنوبي بالعراق على ضوء أرشيفات الحكومة البريطانية ، فيما بين أعوام ١٩١٨-١٩٣٧ ، مطبوعات كردولوجيا ، لندن ، ١٩٨٦ .

جلال الطالباني :-

٩٥. كردستان والحركة القومية الكردية ، ط٢ ، بيروت ، ١٩٧١ ، دار الطليعة .

جليلى جليل ، م . س . لازاريف ، م . أ . حسرتيان ، شاكرۆ محويان ، أولغا جيغالينا :-

٩٦. الحركة الكردية في عصر الحديث ، ترجمة ، د. عبدي حاجي، ط١، بيروت ، ١٩٩٢ ، مطبعة دار الرازي .

جمال بابان :-

٩٧. أصول أسماء المدن والمواقع العراقية ، ج١، بغداد ، ١٩٨٥ .

جمال رشيد أحمد(دكتور) ، د. فوزي رشيد :-

٩٨. تاريخ الكورد القديم، اربيل ، ١٩٩٠ ، مطبعة جامعة صلاح الدين .

حامد محمود عيسى(دكتور) :-

٩٩. المشكلة الكردية في الشرق الأوسط ، منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١، قاهرة ، ١٩٩٢ .

دانا ادمز شمدت :-

١٠٠. رحلة الى الرجال الشجعان ، ترجمة ، جرجيس فتح الله ، ط٢ ، اربيل ، ١٩٩٢ ، مطبعة وزارة الثقافة .

رجاء حسين حسني الخطاب :-

١٠١. عبد الرحمن النقيب ..حياته الخاصة وآراؤه السياسية وعلاقته بمعاصريه ، بغداد ، ١٩٨٤ ، دار العربية للطباعة .

زنار سلوپی :-

١٠٢. في سبيل كردستان ، ط ١ ، ترجمة ، ر . علي ، بيروت ، ١٩٨٧ ، رابطة كاوا للثقافة الكردية .

زنار سلوپی :-
١٠٢. في سبيل كردستان ، ط ١ ، ترجمة ، ر . علي ، بيروت ، ١٩٨٧ ، رابطة كاوا للثقافة الكردية .
س . ج . أدموندز :-
١٠٣. كرد و ترك و عرب ، ترجمة ، جرجيس فتح الله ، ط٢ ، أربيل ، ١٩٩٩ ، مطبعة وزارة التربية.
ستيفن همسلي لونكريك :-
١٠٤. اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث،ترجمة/جعفر الخياط، ط٣،بغداد، ١٩٦٢، مطبعة البرهان .
١٠٥. العراق الحديث ١٩٠٠-١٩٥٠ ،ج١ ، ط١ ، ترجمة ، سليم طه التكريتي ، بغداد ، ١٩٨٨ ، مطبعة الحسام .
سر ارنلد تي . ويلسون :-
١٠٦. بلاد ما بين النهرين بين ولاء ين، ترجمة ، فؤاد جميل ، ج٣ ، ط١ ، بغداد ، ١٩٩٢.
سندرسن باشا :-
١٠٧. مذكرات سندرسن باشا ، طبيب العائلة الملكية في العراق ١٩١٨ -١٩٤٦ ، ترجمة سليم طه التكريتي ، ط٢ ، بغداد ، ١٩٨٢ .
شاكر خصباك :-
١٠٨. الاكراد ،دراسة جغرافية اثنوغرافية، بغداد ، ١٩٧٢. مطبعة شفيق.
١٠٩. العراق الشمالي ، بغداد ، ١٩٧٣ ، مطبعة الشفيق .
شكري محمود نديم :-
١١٠. حرب العراق ١٩١٤- ١٩١٨ ، دراسة علمية ، بغداد ، ١٩٦٨ ، مطبعة العاني .
صديق الدملوجي :-
١١١. امارة بهدينان الكردية ، ط٢ ، اربيل ، ١٩٩٩ ، مطبعة وزارة التربية .
صلاح الخرسان :-
١١٢. التيارات السياسية في كردستان العراق ، قراة في ملفات الحركات والأحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦ -٢٠٠١ ، ط١، بيروت ، ٢٠٠١ .

عباس العزاوي :-

١١٣. شهرزور سليمانية اللواء والمدينة، مراجعة وتقديم، محمد علي قرداغي، ط١ ، بغداد ، ٢٠٠٠.

١١٤. عشائر العراق – ٢ – الكردية ، بغداد، ١٩٤٧، مطبعة المعارف.

عبد الرحمن البزاز :-

١١٥. العراق من الاحتلال حتى الاستقلال ، ط٣، بغداد ، ١٩٦٧، مطبعة العاني .

عبد الرحمن قاسملو (دكتور) :-

١١٦. كردستان والاكراد، دراسة سياسية واقتصادية ، ط١ ، بيروت، ١٩٧٠.

١١٧. اربعون عاما من الكفاح من اجل الحرية ، موجز تاريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني الإيراني ، ترجمة ، د . عز الدين مصطفى رسول ، اربيل ، مطبعة جامعة صلاح الدين .

عبد الرزاق الهلالي :-

١١٨. تاريخ التعليم في العراق في عهد الانتداب البريطاني ، ١٩٢١ – ١٩٣٢ ، ط١ ، بغداد ، ٢٠٠٠.

عبد العزيز سليمان نوار(دكتور) :-

١١٩. تاريخ العراق الحديث من نهاية حكم داود باشا إلى نهاية حكم مدحت باشا ، قاهرة ، ١٩٦٨ ، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر .

عبد العزيز يا ملكي :-

١٢٠. كشف القناع عن بعض الوقائع العراقية ، مذكرات ، بغداد، ١٩٥٧، مطبعة دار المعرفة .

عبد الغني الملاح :-

١٢١. تاريخ الحركة الديمقراطية في العراق ، ط٢ ، بيروت ، ١٩٨٠ .

عبد المنعم الغلامى :-

١٢٢. ثورتنا في شمال العراق ، ١٩١٩ – ١٩٢٠ ، ج١ ، بغداد ، ١٩٦٦، مطبعة الشفيق.

عبدا لستار طاهر شريف (دكتور) :-

١٢٣. الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨ – ١٩٥٨، بغداد ، ١٩٨٩ .

عبدا لمجيد فهمي حسن :-

١٢٤. مشاهير الألوية العراقية ، ج١ ، لواء السليمانية ، بغداد.

عبدالفتاح على يحيى البوتانى(دكتور) :-

١٢٥. وثائق عن الحركة القومية الكردية ، ملاحظات تاريخية و دراسات أولية ، اربيل ، ٢٠٠١ ، مطبعة وزارة التربية .

عزيز الحاج (دكتور):-

١٢٦. القضية الكردية في العشرينات ، بغداد، ١٩٨٥ ، مطبعة الانتصار.

فؤاد حمه خورشيد (دكتور):-

١٢٧. القضية الكردية في المؤتمرات الدولية ، ط١ ، اربيل ، ٢٠٠١، مطبعة وزارة الثقافة.

فواد القزا نجي :-

١٢٨. العراق في الوثائق البريطانية ١٩٠٥ – ١٩٣٠ ، بغداد ، ١٩٨٩، دار المأمون .

كمال مجيد :-

١٢٩. النفط والاكراد ، دراسة العلاقات العراقية – الإيرانية – الكويتية ، ط١، لندن ، ١٩٩٧ ، دار الحكمة .

كمال مظهر احمد (دكتور):-

١٣٠. دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر ، بغداد، ١٩٨٥.

١٣١. صفحات من تاريخ العراق المعاصر، دراسات تحليلية ، بغداد، ١٩٨٧ ، مطابع دار الشؤون الثقافية .

١٣٢. كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى ، ترجمة ، محمد الملا عبد الكريم، ط٢، بغداد ، ١٩٨٤ ، مطبعة دار أفاق العربية.

لطفي جعفر فرج عبد الله :-

١٣٣. عبد المحسن السعدون ودوره في تاريخ العراق السياسي المعاصر، ط٢، بغداد ، ١٩٨٠ ، دار الحرية للطباعة.

لوسيان رامبو :-

١٣٤. الكرد والحق ، ترجمة ، عزيز عبدالاحد نباتي، اربيل، ١٩٩٨، مطبعة الثقافة .

م . س . لازاريف :-

١٣٥. المسالة الكردية، ١٩١٧ – ١٩٢٣، ترجمة ، د. عبدي حاجى، بيروت، ١٩٩١، دار الرازى.

ميجرسون :-

١٣٦. رحلة متنكر إلى بلاد ما بين النهرين و كردستان ، ترجمة فؤاد جميل، ج١ ، ط١ ، بغداد، ١٩٧٠.

١٣٧. رحلة متنكر إلى بلاد ما بين النهرين و كردستان، ترجمة فؤاد جميل، ج٢ ، ط١ ، بغداد ، ١٩٧٢ .

محمد إحسان :-

١٣٨. كوردستان ودوامة الحرب ، اربيل ، ٢٠٠١ ، مطبعة وزارة التربية.

محمد هادى الدفتر :-

١٣٩. العراق الشمالي ، بغداد ، ١٩٥٠ .

مس بيل :-

١٤٠. فصول من تاريخ العراق القريب ، ترجمة ، جعفر الخياط ، بيروت، ١٩٤٩ ، مطبعة دار الكشاف .

معروف جياوك :-

١٤١. مأساة بارزان المظلومة ، ط٢ ، اربيل ، ٢٠٠١ ، دار اراس للطباعة والنشر .

مكرم الطالباني :-

١٤٢. إبراهيم خان ثائر من كردستان ، بغداد ، ١٩٧١،مطبعة اسعد.

منذر الموصلي :-

١٤٣. الحياة السياسية والحزبية في كردستان ، روية عربية للقضية الكردية، ط١ ، لندن ، ١٩٩١ .

١٤٤. عرب وأكراد ، رؤية عربية للقضية الكردية ، ط١، بيروت ، ١٩٨٦ ، دار الغصون .

مير بصري :-

١٤٥. أعلام الكرد ، ط١ ، لندن ، ١٩٩١ .

نجدة فتحي صفوة:-

١٤٦. العراق فى الوثائق البريطانية١٩٣٦،ترجمة وتحرير:مركز دراسات الخليج العربى ،جامعة البصرة،١٩٨٣.

نورى شاويس :-

١٤٧. من مذكراتي ، ط١ ، ١٩٨٥ .

هارفى موريس ، جون بلوخ :-

١٤٨. لا أصدقا سوى الجبال ، ترجمة ، راج آل محمد ، دمشق ، ١٩٩٦ .

هاشم جواد :-

١٤٩. مقدمة في كيان العراق الاجتماعي ، بغداد ، ١٩٤٦ ، مطبعة المعارف .

هنري فوستر :-

١٥٠. نشأة العراق الحديث ، ترجمة ، سليم طه التكريتي ، ج١، ط١ ، بغداد،١٩٨٩.

١٥١. نشأة العراق الحديث ، ترجمة ، سليم طه التكريتي ، ج٢ ، ط١، بغداد،١٩٨٩.

وميض جمال عمر نظمي(دكتور) ، د . شفيق عبد الرزاق ، د. غانم محمد صالح :-

١٥٢. التطور السياسي في العراق المعاصر ، بلا مكان وسنة الطبع .

سێ یەم / سەرچاوەی فارسی

مجتبى بروزي :

١٥١-أوضاع سياسى كردستان (أز سال ١٢٥٨ تا ١٣٣٥ هـ . ش) چاپ أول، تهران ، ١٣٧٨ .

چوارەم / نامەی ماستەر / کوردی

ئازاد محمد عبد الرحمن :-

١٥٢-ڕاپەڕینی شەشی ئەیلول و ڕەنگدانەوەی لە شیعری کوردیدا، پێشکەش کۆلێجی ئیبن رشدی زانکۆی بەغدا کراوە ، ساڵی ١٩٩٨، (بڵاونەکراوەتەوە) .

پێنجەم / نامەی ماستەر / عەرەبی

یاسین خالد حسن :-

١٥٣-کردستان الشرقیة ، دراسة في الحرکة القریة القومیة فیما بین الحربین . ١٩١٨-١٩٣٩، كلية الاداب ، جامعة صلاح الدين ، ١٩٩٥ (غير منشورة) .

فاروق علي عمر :-

١٥٤-الصحافة الكردية في العراق – البدايات- ١٩١٤-١٩٣٩ ، كلية الآداب، جامعة بغداد ، ١٩٩٩، (غير منشورة) .

سعدي عثمان حسين:-

١٥٥- كوردستان و الامبراطورية العثمانية، دراسة في تطورها السياسي، ١٥١٤-١٨٥١م،اطروحة مقدمة الى مجلس كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٥(غير منشورة).

شەشەم / نامەی دکتۆرا :-

إسماعيل شكر رسول :-

١٥٦-اربيل دراسه تاريخيه فى دورها الفكرى و السياسى (١٩٣٩-١٩٥٨) . كليه الآداب ، جامعه صلاح الدين ، ١٩٩٩ ، (غير منشوره) .

حەوتەم/ گۆڤارە کوردییەکان:-

١.١٥٧ .ب . هەوری : شاری سلێمانی لە سالانی ١٩٢٥-١٩٢٦ دا ، بەیان ، ژمارە (٢٨) ، ساڵی ، ١٩٧٥ .

١٥٨-ئارام : کۆمەڵەی زەردەشت لە مێژووی کورددا ، بەیان، ژمارە (١٩)، ساڵی، ١٩٧٤ .

١٥٩-ئەحمەد خواجە : چەند بیرەوەریەکی مێژوویی ، ڕۆژشنبیری نوێ . ژمارە (١١١) ، ساڵی ، ١٩٨٦ .

١٦٠-ئەحمەد خواجە : گۆشت بۆ تۆ ئێسقانی بۆ من ، دەفتەری کوردەواری ، ژمارە (٣) ، ساڵی ، ١٩٦٩ .
١٦١-ئەحمەد خواجە : مێژووی لام باش نیەی سلێمانی تا ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ، هیورا ، ژمارە (٦-٧) ، ساڵی ، ١٩٥٩ .
١٦٢-ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر (دکتۆر): کۆنگرەی قاهیرەو کارو باری ناوچەکانی کورد ، نوسەری کورد ، ژمارە (٢) ، خولی سێیەم ، ساڵی، ١٩٨٥.
١٦٣-ئیبراهیم حلمی : لیوای سلێمانی ، ڕوشنبیری نوێ ، ژمارە (١١٦)، ساڵی، ١٩٨٨.
١٦٤-بیرەوەریەکانی عەبدولعەزیز یا مولکی : ئامادەکردنی سدیق ساڵح، هەزارمێرد، ژمارە (٩) ، ساڵی، ٢٠٠٠.
١٦٥-جەمال بابان : بنەماڵەی عەلەکە لە سلێمانی، ڕەنگین، ژمارە (١٤٠)، ساڵی، ٢٠٠٠.
١٦٦جەمال بابان : ڕوشدیەی عەسکەری لە سلێمانی، ڕەنگین، ژمارە (١٤١)، ساڵی، ٢٠٠٠.
١٦٧-سدیق ساڵح : کامیل حەسەن لاپەڕەیەکی ون، گۆڤاری (هەزار مێرد)، ژمارە (٨)، ساڵی، ١٩٩٩.
١٦٨-سیامەند : ڕووناکبیرو سیاسەت مەداری کورد ، جەمال عیرفان، گۆڤاری ڕێبازی خوێندکاران ، ژمارە (٣٠) ، ساڵی ، ١٩٩٨.
١٦٩-صەباحی غالب : ئەمین زەکی ، دووتەقەلای بێ سوود ، هەزارمێرد، ژمارە (٤) ، ساڵی، ١٩٩٨ .
١٧٠-چەند وێستگەیەکی ژیانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە زمانی خۆیەوە ، خاك ، ژمارە (٤٦) ، ساڵی ، ٢٠٠١ .
١٧١-قادر شاڵی (دکتۆر): مێژووی تەندروستی و کاری پزیشکی لە سلێمانیدا ، گۆڤاری سلێمانی ، ژمارە (١٣) ، ساڵی ، ٢٠٠١ .
١٧٢-کەمال مەزهەر (دکتۆر): خێرو بێری ڕاپۆرنوسێکی کورد ، بەشی دووەم، ڕەنگین ، ژمارە (٩٠) ، ساڵی ، ١٩٩٦ .

١٧٣-کەمال مەزهەر (دکتۆر): خێرو بێری ڕاپۆرنوسێکی کورد ، بەشی سێیەم ، ڕەنگین ، ژمارە (٩١) ، ١٩٩٦ .
١٧٤-کەمال مەزهەر (دکتۆر): خێرو بێری ڕاپۆرنوسێکی کورد ، بەشی چوارەم ، ڕەنگین ، ژمارە (٩٢) ، ١٩٩٦ .
١٧٥-کەمال مەزهەر (دکتۆر): خێرو بێری ڕاپۆرنوسێکی کورد، بەشی یەکەم، ڕەنگین ، ژمارە (٨٨) ، ساڵی، ١٩٩٦.
١٧٦-کەمال مەزهەر(دکتۆر) : کورد لە دروشمی ڕژێمی پاشەیەتیدا، ڕەنگین، ژ ، (١١٠) ،ساڵی ،١٩٩٨.
١٧٧-کەمال مەزهەر(دکتۆر) : کوردو شەڕی شوعەیبە ، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٥) ، ساڵی ، ١٩٩٠ .
١٧٨-کەمال مەزهەر(دکتۆر) :کوردی سلێمانی و بەغدا لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا ، گۆڤاری پەیڤین ، ژمارە ، ٩ ، ساڵی ، ٢٠٠٠ .
١٧٩-هاوار : حاجی مستەفا پاشای یا مولکی و سمایل خانی شکاك (سمکۆ) ، مامۆستای کورد ، ژمارە (٨) ،سوید ، ساڵی ، ١٩٨٩ .
١٨٠-هەڵۆ : ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی هەندێ لە باسەکانی، چیم دی، بەیان، ژمارە (٥) ، ساڵی ، ١٩٧١ .

هەشتەم / گۆڤارە عەرەبیەکان :-

١٨١-د.احمد عثمان أبو بكر : مقترحات لإدارة مناطق كردية بعد الحرب العالية الاولى ، كاروان ، عدد(٤٨) ، سنة ، ١٩٨٦ .
١٨٢-د.احمد عثمان أبو بكر :كردستان في عهد السلام ، مجلة الثقافية، قسم (١٢) ، عدد(١١-١٢) ، سنه، ١٩٨٠.
١٨٣-د.احمد عثمان أبو بكر :كردستان في عهد السلام ، مجلة الثقافية، عدد (٧)، سنة، ١٩٨٠.
١٨٤-د.احمد عثمان أبو بكر: كردستان في عهد السلام، مجلة الثقافية، عدد (١)، سنة، ١٩٨٠.

١٨٥-كمال رؤوف محمد : مقابلة صحافية فريدة مع الشيخ محمود، مجلة كاروان ، عدد (٥٤) ، سنة ، ١٩٨٧ .
١٨٦-د.فؤاد حمه خورشيد : مدينة السليمانية دراسة في جغرافيتها التاريخية ، كاروان ، عدد (٥٤) ، سنة ، ١٩٨٧ .
١٨٧-د.عبد الفتاح علي بوتانى : معاهدة ١٩٣٠ والدعاية الدينية المناهضة لمطالب الكورد القومية ، مجلة ، عدد (١١٠)، سنة ، ٢٠٠١.
١٨٨-د. عبد الفتاح علي بوتانى : سالنامات الموصل العثمانية، مصدرا لدراسة تاريخ السليمانية، مجلة زانكويا دهوك، عدد (٢)، سنة، ٢٠٠٠.
١٨٩-د.عثمان علي : فترة الحكم المباشر ١٩١٩ -١٩٢٠ ، اداره ميجرسون في جنوب كردستان، مجلة (ئالاى ئيسلام)، عدد (٢-٣)، سنة، ١٩٩٩. (له ئەنتەرنێت وەرگیراوە)

نۆیەم / ڕۆژنامە کوردییەکان :-

(ڕۆژنامەی پێشکەوتن)
١٩٠-پێشکەوتن ، ژمارە (٣) ، ١٩٢٠/٥/١٣ .
١٩١-پێشکەوتن ، ژمارە (١٢) ، ١٩٢٠/٧/١٥ .
١٩٢-پێشکەوتن ، ژمارە (٤٦) ، ١٩٢١/٣/١٠ .
١٩٣-پێشکەوتن ، ژمارە (٤٧) ، ١٩٢١/٣/١٧ .
١٩٤-پێشکەوتن ، ژمارە (٦٥) ، ١٩٢١/٧/٢١ .
١٩٥-پێشکەوتن ، ژمارە (٧٦) ، ١٩٢١/١٠/٦ .
١٩٦-پێشکەوتن ، ژمارە (٩٦) ، ١٩٢٢/٢/٢٣ .
١٩٧-پێشکەوتن ، ژمارە (٩٧) ، ١٩٢٢/٣/٢.
١٩٨-پێشکەوتن ، ژمارە (٩٩) ، ١٩٢٢/٣/١٦.

ڕۆژنامەی (بانگ کردستان)

١٩٩-بانگ کردستان ، ژمارە (١) ، ١٩٢٢/٨/٢.

٢٠٠-بانگ کردستان ، ژمارە (٢)، ١٩٢٢/٨/١٤.

٢٠١-بانگ کردستان ، ژمارە (٥) ، ١٩٢٢/٩/٤ .

٢٠٢-بانگ کردستان ، ژمارە (٦) ،١٩٢٢/٩/١٨ .

٢٠٣-بانگ کردستان ، ژمارە (٧) ،١٩٢٢/٩/٢٢.

٢٠٤-بانگ کردستان ، ژمارە (٩) ،١٩٢٢/١٠/٨.

٢٠٥-بانگ کردستان ، ژمارە (١٠)،١٩٢٢/١٠/١٥.

٢٠٦-بانگ کردستان ، ژمارە (١٣) ،١٩٢٢/١١/٣.

٢٠٧-بانگ کردستان ، ژمارە (١٤) ،١٩٢٣/٦/٨.

ڕۆژنامەی (بانگ هەق)

٢٠٨-ڕۆژنامەی بانگ هەق ، ژمارە (١) ، ١٩٢٣/٣/٢٨ .

ڕۆژنامەی (امید استقلال)

٢٠٩-امید استقلال ، ژمارە (١) ،١٩٢٣/٩/٢٠.

٢١٠- امید استقلال ، ژمارە (٢) ، ١٩٢٣/٩/٢٨ .

٢١١- امید استقلال ، ژمارە (٣) ، ١٩٢٣/١٠/٤ .

٢١٢- امید استقلال ، ژمارە (١٠) ، ١٩٢٣/١١/٢٢ .

ڕۆژنامەی ژیانەوە :-

٢١٣-ژیانەوە ، ژمارە (٤) ، ١٩٢٤/٩/١٥ .

٢١٤-ژیانەوە ، ژمارە (٦) ، ١٩٢٤/١٠/٣.

٢١٥-ژیانەوە ، ژمارە (٩) ، ١٩٢٤/١١/٢١ .

٢١٦-ژیانەوە ، ژمارە (١٥) ، ١٩٢٥/٢/١٦ .

٢١٧-ژیانەوە ، ژمارە (١٦) ، ١٩٢٥/٢/١٩ .

٢١٨-ژیانەوە ، ژمارە (١٧) ، ١٩٢٥/٢/٢٣ .

٢١٩-ژیانەوە ، ژمارە (١٩) ، ١٩٢٥/٣/٣.

٢٢٠-ژیانەوە ، ژمارە (٢٠) ، ١٩٢٥/٣/٩ .

۲۲۱-ژیانەوە ، ژمارە (۲٤) ، ۱۹۲٥/٤/۱۹ .
۲۲۲-ژیانەوە ، ژمارە (۲٦) ، ۱۹۲٥۷/٥/۱٤.
۲۲۳-ژیانەوە ، ژمارە (۳۰) ، ۱۹۲٥/۷/۱۰ .
۲۲٤-ژیانەوە ، ژمارە (۳۱) ، ۱۹۲٥/۷/۱٦ .
۲۲٥-ژیانەوە ، ژمارە (٥۰) ، ۱۹۲٥/۱۱/۲٦ .
۲۲٦-ژیانەوە ، ژمارە (٥٤) ،۱۹۲٥/۱۲/۲٤ .

ڕۆژنامەی ژیان :-

۲۲۷-ژیان ، ژمارە (٥) ، ۱۹۲٦/۲/۱۸ .
۲۲۸-ژیان ، ژمارە (۸) ، ۱۹۲٦/۳/۱۱ .
۲۲۹-ژیان ، ژمارە (۹) ، ۱۹۲٦/۳/۱۸ .
۲۳۰-ژیان ، ژمارە (۱۰) ، ۱۹۲٦/۳/۲٥.
۲۳۱-ژیان ، ژمارە (۱۱) ، ۱۹۲٦/٤/۱ .
۲۳۲-ژیان ، ژمارە (۱۲) ،۱۹۲٦/٤/۱۲.
۲۳۳-ژیان ، ژمارە (۱۳) ، ۱۹۲٦/٤/۲۲ .
۲۳٤-ژیان ، ژمارە (۲٥۸) ، ۱۹۳۰/۸/۲۸.
۲۳٥-ژیان ، ژمارە (۲٦۰) ، ۱۹۳۰/۹/۲۲.
۲۳٦-ژیان ، ژمارە (۲٦۱) ، ۱۹۳۰/۱۰/٦.

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ :-

۲۳۷- کەمال ڕەئوف محەمەد : یەکەم حکومەتی کوردستان ، کوردستانی نوێ ، ژمارە(۱۱٦٦) ، ۱۹۹٥/۲/۱٥ .
۲۳۸-کەمال ڕەئوف محەمەد : جەمعیەتی ئیتحاد و تەرەقی عوسمانی – لقی سلێمانی ۱۹۰۸ ،کوردستانی نوێ ، ژمارە (۱٤۸٦) ، ۱۹۹۷/۱۰/۳۰.
۲۳۹-کەمال ڕەئوف محەمەد : جەمعیەتی ئیتحاد و تەرەقی عوسمانی – لقی سلێمانی ۱۹۰۸ ، کوردستانی نوێ ، ژمارە (۱٤۸۷) ، ۱۹۹۷/۱۱/۲ .
۲٤۰-کەمال ڕەئوف محەمەد : جەمعیەتی ئیتحاد و تەرەقی عوسمانی – لقی سلێمانی ۱۹۰۸ ، کوردستانی نوێ ، ژمارە (۱٦۰٦) ، ۱۹۹۸/٥/٥ .

٢٤١-كەمال رەئوف محەمەد : یەكەم قوتابخانەی كیژانی سلێمانی ساڵی ١٩١٥ ، كوردستانی نوێ ، ژمارە (١٣٠٧) ، ١٩٩٦/٦/١٢ .
٢٤٢-كەمال رەئوف محەمەد : یەكەم قوتابخانەی كیژانی سلێمانی ساڵی ١٩١٥ ، كوردستانی نوێ ، ژمارە (١٣٠٧) ، ١٩٩٦/٦/١٩ .
٢٤٣-كەمال رەئوف محەمەد : جەمعیەتی پێشكەوتنی كوردان ، سلێمانی ١٩٢٦ ،كوردستانی نوێ ، ژمارە (١٤٦٢) ، ١٩٩٧/٦/١٤ .
٢٤٤-كەمال رەئوف محەمەد : جەمعیەتی پێشكەوتنی كوردان ، سلێمانی ١٩٢٦ ،كوردستانی نوێ ، ژمارە (١٤٦٣) ، ١٩٩٧/٦/١٦.
٢٤٥-سدیق ساڵح : یەكەم حكومەتی كوردستانی جنوبی (١٩١٨/١١/١٧-١٩١٩/٦/١٨) ، بەشی یەكەم ، كوردستانی نوێ ، ژمارە (٢٣٥٦)، ٢٠٠١/١/١٨.
٢٤٦-سدیق ساڵح : یەكەم حكومەتی كوردستانی جنوبی (١٩١٨/١١/١٧-١٩١٩/٦/١٨) ، بەشی یەكەم ، كوردستانی نوێ ، ژمارە (٢٣٥٧)، ٢٠٠١/١/٢٠.
٢٤٧-سدیق ساڵح : یەكەم حكومەتی كوردستانی جنوبی (١٩١٨/١١/١٧-١٩١٩/٦/١٨) ، بەشی یەكەم ، كوردستانی نوێ ، ژمارە (٢٣٥٨)، ٢٠٠١/١/٢١.
٢٤٨-سدیق ساڵح : ڕەشید شەوقی یەكەمین یادداشت نووسی كوردی، كوردستانی نوێ ، ژمارە (٢٥٩٢) ، ٢٠٠١/١٠/٢٤.
٢٤٩-عەبدولڕەقیب یەسف : شێخ مەحمود لە دوازدەهەمین ڕۆژی حوكمداری خۆیدا زمانی كوردی لە دادگادا كردە زمانی ڕەسمی ، كەچی ئێستا لە دادگادا ڕەسمی نیە ، كوردستانی نوێ ، ژمارە (٢٥٠٨) ، ٢٠٠١/٧/١٨.
٢٥٠-حەمە بۆر : حاجی عەلی بەسێ ی قارەمان ، كوردستانی نوێ ، ژمارە (١٧١٩)، ١٩٩٨/١٠/١٤ .
٢٥١-نەوشیروان مستەفا ئەمین : كوردستانی عێراق و دیاردەی فرە حزبی، كوردستانی نوێ ، ژمارە (٢١٢٠) ، ٢٠٠٠/٦/١.

دەیەم / ڕۆژنامە عەرەبیەكان :-

٢٥٢-د.كمال مظهر احمد : وثائق و حقائق عن حركات الشیخ محمود، جریدة (التآخي) ، عدد (١٤٥٤) ، ١٩٧٣/١٠/٨.

٢٥٣-د.كمال مظهر احمد :الأستاذ إسماعيل حقي شاويس يروى صفحات من نضاله جريدة (التآخي) ، عدد (١٤٦٠)١٥ تشرين الاول ١٩٧٣.
٢٥٤- د.كمال مظهر احمد : صفحات يرويها الأستاذ فؤاد مستي، جريدة (التآخي)، عدد (١٥٨٢) ، ١٩٧٤/١٢/٢١.
٢٥٥-توفيق وهبي :اصل تسمية (قلا جوالان)، جريدة (التآخي)، عدد (١٤٥٤) ، ١٩٧٣/١٠/٨.
٢٥٦-يوسف أمين رسول : صفحات مشرقة من نضالات شعبنا الكردي، معركة باب السراي ، ذكريات طفل عاصر تلك الأحداث ، جريدة (الاتحاد)، عدد (٤٥٠) ، ٢٠٠١/١٢/٧.

يانزەهەم / دەستنووس :-

شێخ قادری حەفید :

٢٥٧-یادداشت :

میرزا ئەمین مەنگوڕی :

٢٥٨-حقائقی بەسەرهاتی شێخ محمود لەپەنای ئیستقلالی کورددا ، لە ١٩٥٢/١٠/١٨ نووسراوە .

ڕەشید شەوقی :

٢٥٩-بەسەرهاتووی کاکە ڕەشید شەوقی - سەرگوزشتە.

دوانزەهەم / چاوپێکەوتن :-

٢٦٠-چاوپێکەوتنی (توێژەر) لەگەڵ بەهەشتی (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی) لە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٢/١٧ ، بەغداد .
٢٦١-چاوپێکەوتنی (توێژەر) لەگەڵ (کەریم زەند) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/١١/٢١، سلێمانی.
٢٦٢-چاوپێکەوتنی (توێژەر) لەگەڵ (د.کاوس قەفتان) لە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/٢٥ ، سلێمانی .
٢٦٣-چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) ، حەمە ساڵح سەعید لە کۆمەڵەی کەلەپوری کورد لە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٢/١٣ ئەنجامی داوە .
٢٦٤-چاوپێکەوتنی کەناڵی تەلەفزیۆنی (Med. TV) لەگەڵ مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) .

د. فؤاد حمه خورشيد : مدينه السليمانيه ، كاروان ژماره ٥٤



د. فؤاد حمه خورشيد :- السليمانيه دراسه فى جغرافيتها التأريخيه ، كاروان ،
ژماره ٥٤

پێرست

* پێشەکی ٥

بەشی یەکەم

سلێمانی لە دوا ساڵەکانی حوکمڕانی دەوڵەتی عوسمانیدا (١٨٩٠-١٩١٨) ١٤

باسی یەکەم: شوێنی جوگرافی شاری سلێمانی ١٥

باسی دووەم: ڕەگ و ڕیشەی ناوی سلێمانی ١٧

باسی سێیەم: بارودۆخی کارگێڕی و ڕامیاری................ ٢٣

باسی چوارەم: بارودۆخی کۆمەڵایەتی وئابووری................ ٣٩

باسی پێنجەم: بارودۆخی خوێندن و خوێندەواری................ ٥٤

باسی شەشەم: بارودۆخی تەندروستی ٦٧

بەشی دووەم

سلێمانی لە ڕۆژگاری حوکمڕانی ئینگلیزدا (١٩١٨-١٩٢٢)......... ٧٦

باسی یەکەم: سلێمانی و هاتنی ئینگلیز ٧٧

باسی دووەم: سلێمانی لەسەردەمی یەکەمین حوکمداریەتی شێخ مەحمود دا ٩٦

باسی سێیەم:سەردەمی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز لە سلێمانیدا.. ١١٩

بەشی سێیەم

سلێمانی لەسەردەمی حوکمدرایەتی شێخ مەحمود دا............ ١٤٩

باسی یەکەم: بارودۆخی سلێمانی بەر لەهێنانەوەی شێخ مەحمود.. ١٥٠

١-هاتنەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی ١٥٦
٢-گەڕانەوەی ئینگلیز بۆ سلێمانی ١٦٩
٣-سێهەمین حوکمداریەتی شێخ مەحمود........................ ١٧٢
باسی دووەم: هاتنی سمکۆی شکاك بۆ سلێمانی ١٧٨
باسی سێیەم: بیروباوەری سیاسی لە سلێمانیدا ١٩٠

بەشی چوارەم

سلێمانی لە سالانی هەردوو حکومەتی بەریتانی وعێراقیدا (١٩٢٥-١٩٣٢)........................ ١٩٩
باسی یەکەم: سلێمانی وکێشەی ویلایەتی موسڵ
١-بارودۆخی سلێمانی دوای گەڕانەوەی ئیدارەی بەریتانیا....... ٢٠٠
٢-هاتنی لیژنەی (کۆمەڵەی گەلان) بۆ سلێمانی........................ ٢٠٧
باسی دووەم: کۆمەڵەو ڕێکخراوە سیاسیەکانی سلێمانی........................ ٢١٧
١- جەمعیەتی پێشکەوتنی کوردان........................ ٢٢٣
٢-جەمعیەتی زەردەشتی........................ ٢٢٤
٣-لقی کۆمەڵەی خۆیبوون لەسلێمانی........................ ٢٢٨
باسی سێیەم: ڕاپەرینی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ (بەردەرکی سەرا)
١- هۆکارەکانی ڕاپەرینەکە........................ ٢٣٠
٢-ڕاپەرینی بەردەرکی سەرا ٢٣٩
دەرئەنجام........................ ٢٥٠
لیستی سەرچاوەکان ٢٥٢
پاشکۆکان........................ ٢٧٥
پێڕست........................ ٢٧٧

سوپاس و پێزانین

-زۆر سوپاسی بەڕێز هەڤاڵ (مام جەلال) سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم که هاوکاری کردم بۆ لە چاپدانی ئەم بەرهەمە

-زۆر سوپاسی ڕاگرایەتی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان و سەرۆکایەتی بەشی مێژوو دەکەم کە دەرفەتی خوێندنی باڵایان بۆ رەخساندم.

-سوپاسی هەردوو سەرپەرشتیاری بەرێزم (د. کاوس قەفتان) و (د. دلێر ئەحمەد) دەکەم کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم ماستەر نامەیەیان گرتە ئەستۆ.

-سوپارسی بێپایانم بۆ مامۆستا بەڕێزەکانم (د.نەبەز مەجید ئەمین) و(د.کەمال عەلی) کە لەماوەی دوو ساڵی خوێندندا زۆر لەگەڵم ماندوو بوون

-زۆر سوپاسی مامۆستاو مێژوو نووسی گەورەی کورد (د. کەمال مەزهەر) دەکەم کە دڵسۆزانە هاوکاری و ڕێنوێنی زۆری کردم.

-سوپاسی بەرێز (نەوشیروان مستەفا) دەکەم کە بەسەرنج و تێبینیەکانی بابەتەکەی دەوڵەمەند تر کردم.

-زۆر سوپاسی بەرێزان (سدیق ساڵح و رەفیق ساڵح) دەکەم کە هاوکاری زۆریان کردم.

-زۆر سوپاسی بەرێز (صەمەد محەمەد) ی سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان دەکەم.

-سوپاسی بێ پایانیشم بۆ ئەم بەڕێزانە هەیە کە هەریەکەو بەپێی توانا دەستی یارمەتیان بۆ درێژ کردم (مامۆستا جەمال بابان ، عبدالرقیب یوسف ، غەفوری میرزا کەریم ، کەریم زەند ، مامۆستا سەروەر عبدالرحمن ، خەندە سەعید).

تێبینی

ئەم بەرهەمە لە بنەڕەتدا تێزی ماستەری نوسەرە کە لە ڕێکەوتی ۲۰۰۲/۳/۵ گفتوگۆ کراو بە پلەی زۆرباش پەسەند کراو لیژنەی گفتوگۆ لەم بەڕێزانەی لای خوارەوە پێك هاتبوو.

۱. پ.ی.د. نەبەز مەجید ئەمین	سەرۆك
۲. د. کەمال عەلی محمد	ئەندام
۳. د. خەسرەو عبدالرحیم نجم	ئەندام
٤. پ.د. کاوس قەفتان	ئەندام و سەرپەرشتیار
٥. د. دلێر ئەحمەد	ئەندام و سەرپەرشتیار